# ئەڵوەن



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان:

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی خانزاد، هەولێر

س. پ. ژمارە: ١

www.araspublisher.com

# ئەڵوەن

رۆمان

**ئەحلام مەنسور**



**پێشکەشە بە مامۆستام محەمەد موکری**

ناوی کتێب: ئەڵوەن- رۆمان
نووسینی: ئەحلام مەنسور
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ٣٠١
دەرهێنانی هونەری: بەدران ئەحمەد حەبیب
دەرهێنانی بەرگ: ئاراس ئەکرەم
هەڵەگری: هەندرێن شێرزاد
هەڵەگریی سەر کۆمپیوتەر: عەزیز عەبدولخالیق
سەرپەرشتیی چاپ: ئاوڕەحمانی حاجی مەحموود
چاپی یەکەم، هەولێر- ٢٠٠٤
لە کتێبخانەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی رۆشنبیری و هونەر لە هەولێر ژمارە (٢٩٣)ی ساڵی ٢٠٠٤ی دراوەتێ

نەمدەزانی بۆچی دەگەڕام، هەموو کتێب و دەفتەر و گۆڤارەکانم ئەم سەر و ئەو سەر پێدەکردن و تەپ و تۆزی چەند ساڵەیانم لێ دادەتەکاند.

لەپڕ وێنەیەک خۆی هاویشتە ناو بیلبیلەی چاوەکانم و بۆ چەند ساتێ تاسی پێبردمەوە و لە بێ ئاگاییەکی دەروێشانەدا ڕایگرتم.

دەشێ لەو چەند ساتەدا هەندێ جووڵە و ئەم سەر و ئەو سەرم کردبێ، بەڵام ئێستا نە دەزانم چیم کردووە و نە دەشکەوێتەوە یادم.

داخەکەم وێنەکە ئەوەندە کۆن بوو، ئەگەر بەوردی سەرنجی نەدرابا نەدەزاندرا وێنەی چییە... وێنەی دوو کەس بوو... چۆن دوو کەسێ؟...

مناڵێکی پێپەتی، چڵکن و قژ بژ، کراسێکی دڕاو و پینەکراوی لەبەردایە، دەستە بچکۆلانەکەی بەدەستی ئافرەتێکی قەڵەوەوە بوو کە ناوقەدی لە بەرمیل ئەچوو و دەم و چاوی ڕەش... لەوە ئەچوو قەرەجێکی کۆچەر مناڵێکی دزیبێ و پەلەی بێ لەبەرچاو بیشارێتەوە، ئەوها دەستی مناڵەکەی گرتبوو.

هەر چەندە بیری لێ دەکەمەوە نایەتەوە بیرم بزانم ئەم وێنەیە لە چ کات و ساتێک داو لە چ شوێنێکدا گیراوە، ئەگەر چی لە پشتی وێنەکەدا بەقەڵەمی ڕەش هەندێ (شەڕە پشیلە) نووسرابوو، هەرچەند هەوڵم دەدا بۆم نەدەخوێندرایەوە... هەر کە وێنەکەم دۆزییەوە خۆشی و هێمنییەکی سەیر دایگرتم، هەروەک ئەوەی شتێکی گەلێ بایەخدارم دەستکەوتبێ ئەوها لەسەریەک (ئۆخەی ئۆخەی)م بوو...

بەمەزنە تەمەنی ئەو وێنەیە (٢٣– ٢٤) ساڵ دەبوو، بەوردی سەیری مناڵیی خۆمم دەکرد. لەباتی ئەوەی بەم قەد و بەرگە کاریکاتۆرییە پێبکەنم، لەپڕ هەناسەیەکی ساردم هەڵکێشا و وێنەکەم نایە قەد سنگمەوە، کتێبەکانم بەپەرش و بڵاوی جێهێشت و وردە وردە چوومەوە ناو دنیای مناڵیمەوە... ئەو دنیایە کە ئێستاش لە ڕەفتاری ڕۆژانەمدا بەهەمان شێوەی ئەو سەردەمە، شتەکان دەبینم و!!...

***

ئامە ڕەش یا (ئامە ڕەشی دایەنم)، بەمیراتی لە باوکییەوە خووی تلیاک کێشانی بۆ مابووەوە... ڕەنگە تاقە میراتییەک لەباتی موڵک و ماڵ و.... ئەم خووەی بۆ جێهێشتبێ...

ئەوی ڕاستی بێ زۆری دەکێشا و تووشی جۆرە حاڵەتێکی سەیر دەبوو، بۆ نموونە گەلێ



جار بێدەنگ دەبوو ورتە لە دەمییەوە نەدەهاتە دەرێ و، گەلێ جاریش بەلەسە دەبوو، جگە لە جنێو و بۆڵەبۆڵ و ناڕەزایی دەربڕین شتێکی تری لێ نەدەبیسترا...

لەگەڵ هەژاری و بێدەربەستییەکەی، ئاگای لە دەوری خۆی هەبوو تا مەست و گێژتر ببێ و ڕەوشت و ئاکارە ناپەسەندەکانی شارەکەی ئەوەندەی تر برینەکانی نەکولێنێتەوە... هەر کە بەعەقڵی ئەو سەردەمە لە ئامەی دایەنم دەپرسی:

– ئەرا فیکارە بید؟،

وەڵامی دەدامەوە، دەیوت:

– بیلەم دوێتم توو جاری ملاڵید هیچ نێفامید.

تێ نەدەگەیشتم، دەرکم بەوە دەکرد کەچاوەکانی سوور هەڵدەگەڕان، لەتری دەدا، بەزەحمەت خۆی بەپێوە دەگرت، تانەیان لێدەدا و مناڵەکان بەتوێکڵە شووتی و تەماتەی ڕزیو دەکەوتنە دوای و دەیانقیژاند، بەمنیشیان دەووت.

– ئامەی دایەنت تلیاک کێشە و... و... و.

منیش وەکو کوچکووچە دەکەوتمە دوای کۆڵان بەکۆڵان لەگەڵیدا دەسووڕامەوە.

من و ئامە ڕەش و هەموو کۆڵانەکانی خانەقین، شتێکی سەیر و تایبەتی بووین بەڵام کام من؟ کام ئامە ڕەش؟ کام کۆڵان؟ کام خانەقی؟.

من؟... ئەمەیان جارێ نا... لێی نادوێم...

ئامە ڕەش:

بەرگێکی ڕەشی هەمیشەیی وەک پێست نووسابوو بەلەشییەوە، ملیۆنێ گۆڕان لە ساتێکی مەستیدا لە ڕووخساریدا دەردەکەوت...

ئەگەر بێت و زۆربەی زۆری وێنەکێشانی هونەرمەندی ئەم جیهانە کۆ ببنەوە باوەڕ ناکەم بتوانن ڕەنگێکی بەکەڵک بدۆزنەوە، کە بۆ ڕەنگی لێوە شین و مۆر و بۆر و ڕەش و قاوەییەکەی ئامە ڕەش بشێت.

هەرچەنێ گۆڕانی لۆچی دەموچاوی مرۆڤەکانی ئەم زەمینە هەیە کۆکەنەوە ناگاتە ئەو ساتە گۆڕانەی دەموچاوی ئامە کە مەست دەبوو، بەتایبەتی کاتێ هەواڵی مردنی یەکێکی دەبیست، یا مەرگی یەکێک دەکەوتەوە یادی، لە پڕ لە پێکەنینەوە بۆ گریان دەگۆڕا... کرژ

دەبووەوە، هەزاران هێڵی بەیەکاچوو لەناو چرچ و لۆچەکانی ڕووخساریدا دەبینرا.

گەر هەموو هونەرمەندان کۆببانەوە نەیاندەتوانی لە پۆرترێتی یا لە هەزاران پۆرترێت ڕەنگی دەموچاوی بدەنەوە...

ئەگەر ئەو هونەرمەندانەش بتوانن بەشێکی کەمی ئازارەکانی دەروونی ئامە بکەنە ڕەنگ و فلّچەکانیان تێکەڵ بەڕەنگی شانەکانی خوێنی بکەن، ئەوا لە ئاستی ئەو جووتە لێوەیدا فلّچەکانی خۆیان دەشکێنن، ناتوانن ڕەنگی کوێرەوەری یەک ڕۆژی ژیانی ئامە لەناو قەڵشی لێوەکانیا کۆکەنەوە. ئەشێ وێنەکێشە هونەرمەندەکان. پەیکەرتاشان بتوانن لە وێنەی ڤینۆس و نێڤەرتیتی و مۆنالیزا جوانتر بکێشن، بەڵام هەرگیز ناتوانم باوەڕ بەوە بکەم هونەرمەندێ، فەیلەسوفێ، نووسەرێ بتوانێ وێنەی وشەیەکی بێدەنگ و مەیوو لە نێوانی دوو لێوی بارگرتوودا دەربخات.

ئەگەر پەنا بەرمە بەر چاوەکانی خۆم وەکو کامێرایەک بیانخەمە کار ئەوا دەبێ بڵێم:

دەموچاوێکی خڕ، گۆشتن، دوو گلێنەی قاوەیی لەناو سپێنە زەرد هەڵگەڕاوەکانیا مەلەوانییان دەکرد، برژانگەکانی وەکو فلّچەیەکی زۆر بەکارهێنراو و سوواوی هونەرمەندێک، تەڵەکانی کورت کورت و هەڵوەریو بوون. لچ و لێوێکی ئەستوور شۆڕببووە قەد دەرگای دەمێکی هەشت نۆ ددانداردا... چەناگەیەکی پان، گۆنای خڕ، فۆتەیەکی ڕەش کە بەزەحمەت لە ڕەنگی پێستی ڕووخساری جیا دەکرایەوە، هەمیشە ئالابووە سەریەوە، هەموو سەری وەکو تۆپێ وا بوو وەک ئەوەی بەزۆری چەقێنرابێتە سەر شانی.

نازانم چۆن باسی ملی بکەم... ئەگەر بڵێم ملی نەبوو ئەوا!!. قەڵەو، دەنگ ناسک، سنگی کەمتر نەدەبوو لە سنگی مەریەم ماکیبا، سنگی بەرز و چوار شانە بوو، مەمکەکانی زۆر گەورە بوون، ئەگەر لەسەر خۆیش بڕۆیشتایە هەر دەلەرانەوە...

بە شیری ئامە ڕەش پەروەردە بووم، کاتێکیش تەمەنم گەیشتە هەشت ساڵ هەموو ڕۆژێ پێی دەوتم:

– بچوو ڕووڵە، ها بگر ئەیە دوو عانە، بچوو ئەرا بازاڕ بیژە حەسەن تووتنچی دوو عانە جغارە ئەرام بنیرد... زوی بچوو ئیسە دووکانەگەی وەسد و چدە ماڵ، ئارامی بڕیاس، ئەگەر قسەش کرد گووش مەتەکن زوی بەوە دویاوە.

هەموو ڕۆژێ سەر لە بەیانیان بەپێی پەتی ڕام دەکرد و دەچوومە لای حەسەن تووتنچی



ئەویش بێ ئەوەی هیچم لێ بپرسێت یەکسەر دە پانزە جگەرەیەکی بەکاغەزی سپی دەپێچایەوە و دەیدایە دەستم چۆن بەپەلە و ڕاکردن لەلای ئامە ڕەشەوە دەچووم بۆ بازاڕ، بەهەمان پەلە و ڕاکردن دەگەڕامەوە. پێپەتێیەکانم ببوونە ترومبێلی ئاگر کوژێنەوە، ئاغزە جگەرە فڕێ دراوەکان دەچزان بەپێمدا و دەکوژانەوە، ئەوەندە ئاغزە جگەرە چزا بوو بەپێمدا ڕاهاتبووم ڕانەچڵەکێم و نەڵێم: (ئووی).

گەلێ جاریش حەسەن تووتنچی بەبۆڵەبۆڵ دەیوت:

– هە تەواو نەوی جغارەگەی ئامە ڕەش، وەشەو تلیاک کیشد وەڕوژیش جغارەی کوردی... نێزانم ئەی ژنە تاکەی تلیاک کیشد، گوی وەڕوح ئەو باوگەی یاروو فیکارەی کردییە، بیژوە ئامە وەقەدەر دوو عانە جغارە نییە، ئەگەر جارێک تر هاتید وەباوگد ئیژم فامستی؟

جار جار حەسەن تووتنچی قسەکانی بەجۆرە تووڕەبوونێکەوە دەدا بەگوێما، وای دەزانی وشە بە وشە بۆ ئامەیان دەگێڕمەوە.

لە سەرەتادا جارێ دووان ویستم ئەم قسانە بۆ ئامە بگێڕمەوە کەچی ئامە قسەکەی پێ دەبڕیم:

– ژنی نییە قار دڵ خۆی وەکی بڕشند دۆیتەگانی نێهیڵن ژن بخوازد.

ئیتر لەسەر ئەم قسانە ئەڕۆیشت و باسی ئەوەی دەکرد کە حەسەن توتنچی هەر بۆ ئەوە ئازایە بۆڵەبۆڵ بکات و کچەکانی ناهێڵن ژن بێنێ، بەڵام ئەو گوێیان ناداتێ و چەند جارێ دووبارەی دەکردەوە:

– ئەگەر ژن ئەرای پەیا بکەم هەتا ڕوژ مردنم وەپەتی جغارە ئەرام نیرد... هەزار ڕەحمەت لە قەور ژنەگەی ژن خاسیگ بی و خاسیشی فرە ها لە بان سەرم، من چوین لە دڵم تێد ژن ئەرا حەسەن تووتنچی پەیا بکەم؟ بەیانی دوو بەیانی مرم و لەو دوونیا گلەیی لەلیم کەد و ئیژد:

– ئامە ڕوید ڕەش بوو ئەرا خاتر قورعان! لەیە زیاتر! ئەوەنە خاسی کردم ئەراد وەوەر چەود نەهات؟ زوی چید ژن ئەرای خوازید... خاسی یەگەم لە فکرد چی؟

پاش ئەوەی جگەرەکانم بۆ دەهێنا، پێی دەوتم کچم گوێی مەدەرێ و لۆکە بخە ناو گوێیەکانت و دەربەس مەیە ئیتر ئاخری شەڕ بووە... خەڵەفاوە... بۆ ژن شێت بووە... ئەگەر

بۆی بلوێ هەموو ژنەکانی ئەم شارە خوازبێنی دەکات. لەبەر ئەوەی ترسنۆک و بێ غیرەتە، عالەم وا دەزانن وەفادارە لە دڵی نایەت ژن بێنێت، هەموو ژیانی بۆ خزمەت کردنی کچەکانی تەرخان کردووە.

***

ئێستا زۆرم پێ سەیرە... ئەو سەردەمە ئامە بە وردی زۆر بە ودری قسەی لەگەڵ دەکردم وەک دڵنیابێت کە من لێی تێدەگەم و لە مەبەستی حاڵی دەبم.

گەلێ جار وا ڕێک دەکەوت چەند سەعاتێ لەسەریەک لە بارەی شتێکەوە قسەی بۆ دەکردم. ئەوی ڕاستی بێت نەک هەر تەنیا تێنەدەگەیشتم چی ئەڵێ و مەبەستی چییە... بەڵکو گەلێ جاریش لە کاتی قسەکردنی ئەودا هەندێ سەرخەویشم دەشکاند و دوور نەبوو خەویشم بدیبا بەڵام وەکو دەڵێن بیری منالیی تیژە، کەچی من تەنیا ئەو شتانەم دێتەوە یاد کە زیاتر لە چەند جارێک دووبارە دەبوونەوە... دەبوایە هەمان قەوانەی تووتنچی ببیستمەوە. ئامەیش هەروەک ئەوەی گوێیەکانی منی هەڵبژاردبێ بۆ ئارامگەی وشە ئاخدارەکانی:

– کچەکانی حەسەن تووتنچی کاتێ کە من دەبینن دەرگاکەیان لە ڕووم دادەخەن دەچنە ژوورەوە، من بەعزرائیل دەبینن. من ڕۆحی دایکیانم کێشاوە... گەلێ پیاوی چاکیش دێنە لام و داوای ئەوەم لێدەکەن بچمە خوازبێنیان... بەڵام ناوێرم لە قیژەیان دەترسم هاوار دەکەن.... کچەکانی قەیرەبوون.

بەهەر حاڵ بەفامی ئێستا و ئەوسایشم لەوە نەدەگەیشتم بۆ چ ئامە دەردی دڵی خۆی بەوردی بۆ من دەگێڕایەوە. بشێ کەسێکی ئەوتۆی دڵسۆزی نەبووبێ گوێی لێ بگرێ و ئەمیش پێویستی بەبادانی خەرمانی دەردی هەبووبێ. یا باوەڕی بەخونکی کردنی خەڵکی نەبووبێ... یا ئەو ڕاستییەی زانیبێ کە هەریەکە و دەردی دڵی خۆی هەیە و پێویستی بەگوێگر هەیە و منی وەک مناڵ و بێگەرد هەڵبژاردبێ ئەم قسانەی بۆ بکات، بەهەرحاڵ نازانم.

گەلێ جار دەمبینی بەکزییەکەوە دانیشتووە و دوو عانەکەیشی نییە هەر کە بەم شێوەیە دەمبینی لە سێ عانە لە خەرجییەکەی خۆم بێ ئەوەی پێم بلێ دەچووم جغارەکەم بۆ دەکڕی لە بنی باخەڵمدا دەمشاردەوە، هەرکە چاوی پێم دەکەوت دەیوت:



– پاد سوزیایە، دایگد نەکوشتەد؟ نەووت ئەرا وەپای پەتی چیدە سە دەشت؟.

منیش دەمووت:

– پێم تۆقڵەی کردووە عەزیەتم دەدات.

درۆم دەکرد، کەگەڕامەوە بۆ ماڵێ تێهەڵدانێکی چاک دەبووە پێش ژەمی خۆراکم، جگە لە دادگایەکی سەیریش و دایکم دەیوت:

– ئەرا پاد سوزیاس؟ ئەوە دوو کەوش نییە؟! سێ عانەگەد چەوە پیکردی؟ بیژ. ئەرا جواو نێدەی؟ هە... لە بەیانییەوە تا هەفتەییگ فلسیک نێدریەدە پید، تا تۆبە بکەید و نەچیدە بازاڕ و پاگەیلد بسووزیەن ئیسە وەدەرزی تۆقڵەگەی پاد دڕم و ئاوەگەی دەرکەم نەیژید ئووی.

بەهەر جۆر هەوڵی ئەوەم دەدا خۆم لە دەستی دایکم دەرباز بکەم و هەرچەندەیش پێم ژانی کردبا زۆرم لە خۆم دەکرد و دەمووت نایەشێ بۆئەوەی بەر دەستی نەکەوم بەرێکی هەنگاوم دەنا، دایکیشم دەیزانی و هەڕەشەی لێ دەکردم و دەیوت:

– باوگد نیوەروو تێدەو ئیژمە پی دی کەوش ئەراد نەسیند.

تووڕە دەبوو و لە زمانی خەڵکیش دەترسا و هاواری دەکرد.

– خوو باوگد بەدەدە نەفت خانەها! بەدەدە لای دختۆر دەرزی دەد لەلید. ئەگەر دی بچیدە بازاڕ دەم و چاود ڕەش بوود وەک بن قەزان وەک ڕوویی ئامە ڕەش.

ئەم هەڕەشەیەی دایکم ترسێکی زۆر سەیری لە دەروونمدا ڕواندبوو، ئەوەندە سڵم لە قسەکانی دەکردەوە وام دەزانی ئەگەر قسەی ئاساییش لەگەڵ باوکمدا بکات ئەوە جۆرە ئیشارەتێکە و شکاتە لە من دەکرێ...

بۆیە هەمیشە خۆم بەپەشۆکاوی دەبینی، مات دەبووم یا بەدانیشتنەوە خەوم لێدەکەوت یا بێ ئیرادە بەرەو لای ئامە ڕام دەکرد و خۆم لە باوەشیدا دەگرت. هەناسە بڕکێم پێدەکەوت و بەترس و بێدەنگییەکی سەیرەوە سەرنجی ڕووخساریم دەدا وامدەزانی ئەم دەموچاوە ڕەشەی بەڕەشی ژێر مەنجەڵ ڕەش کراوە، ئەمیش سەرپێچی قسەکانی دایکی کردووە و لە منالیدا کەوشی لە پێ نەکردووە و بەپێی پەتی سوڕاوەتەوە و بن پێیەکانی هەموو سووتاونەتەوە و تۆقڵەیان کردووە.

نازانم بۆچی ئەم ترسـەم ڕۆژ بەڕۆژ گـەورەتر دەبوو (دەروونی داگـیـر دەكـرم) سـەرەڕای ئەوەی کە خۆم لە باوەشی ئامـەدا دەبینی و هەناسە برکێ و ترس ڕێی قسـەیان نەدەدام و ئامە لەم بێدەنگی و شپرزەییەم تێدەگەیی و دەیوت:

– ڕوولە نەترسید.

بێسوود بوو هەولی ئەوەم دەدا بەئامە بلێیم:

– کـەی دەمـوچاوتـیـان بەبنی مـەنجـەڵ ڕەش کـردووە؟ ئەگـەر بەسابوون بیـشـۆیت سـپی دەبێتەوە؟.

کەچی ئەو ڕێی نەدەدامێ و قسـەکەی لە دەمم دەبڕی. بۆیە منیش وامدەزانی ئامە زیاتر لە جـارێ سزا دراوە. ڕەنگە دایـکی باوکی، برا گـەورەی، خوشکەکـەی، نەنکی هەمـوویان سزایان دابێ، ئیـتر منیـش هەرچی خزم و کـەس وکـارم هەبوو، هەرکە چاوم پێیان دەکەوت ئەو ڕۆژەم دەکەوتە بەرچاو کەدەست و پێم دەبەستنەوە و یەکە یەکە بەبنی مەنجەڵ ڕوخسارم ڕەش دەکەن، بۆیە لە دڵەوە حەزم لە بینینی کەسیان نەدەکرد.

دایکم بەهەڕەشەکردنیش دڵی دانەدەکەوت و هەموو ڕۆژێک دەیوت:

– هم. ئەی باوگ مردییە خوو جواویش نێدەد بکەفدە دەسی ماڵەگە چووڵ کەد و گشتی بەدەرای ئامە ڕەش و ئیمە خەدە بان ساج عەلی.

***

هەر لـەو سـەردەمـەدا فـێـری درۆکـردن بووم... درۆی ڕێک و نایاب و لەبار و نالەبارم دروست دەکـرد. هەر ئەو ڕۆژانەش فـێـری دزی بووم. دزییـەک نەک بۆ خـۆم... تەنیـا لەبەر خاتری پێکەنینێکی ئامە ئامادە بووم هەموو وردە شتەکانی ماڵ بگوازمەوە بۆی... هەموو ڕۆژێ دەیان چیـرۆکی سـووریالیم لە خـەیاڵدا دروست دەکـرد، ڕاهاتمە سـەر درۆ و دەلـەسـە هەڵبـەستن، هەموو ڕۆژێکیش بەدەیان درۆم لـێ سپی دەبوەوە بەڵام کەسیش لەو نهێنییانە نەدەگەیشت... دارکاری دەکرام، یاخی دەبووم، لەسەر بزمار و پەت و شتی کۆن دەخەوتم، هەر فرسەتم دەست کەوتبایە دەرگای سەربانم دەکردەوە و بازم دەدایە سەربانی مزگەوت و هاوسێکان، تا دەگەیشتمە ماڵی ئامە.

لە زستـاندا ناچار دەبووم گۆرەوییەکانی نەنکم دەدزی و بۆ ئامـەم دەبردن، هەرکە نەنکم بەوەی بزانیـایە ئەوا ئاشـوبێکی گـەورە لە مـاڵـمـاندا بەرپا دەبوو، هەر لەو کـاتانـەدا توانیم



چەند دەمامکێ بەپێی پێویستی سات و جۆری کێشە هەڵبژێرم و لە ڕووخساری خۆمی بنێم.

جا چی بلێیم پێویستی کەسانی کلۆڵ بۆ منی کلۆڵ تری ساوای بێ گوناە، فێری درۆ و دزی و سەد ڕوویی دەکات! من نالێیم ئەمە نەخۆشییە... نا... زادەی جۆری دابەشی ناجۆری کۆمەڵی بێ بەزەییـیە... هەرگـیز بەمـیراتیش بۆ کـەسان نامێنێتەوە. گلەیی لە کێ بکەم؟ قـوتابخانە، ماڵ نەیانتـوانی ڕەگی ئەم شتـانە لە مێشکم ڕیشەکێش بکەن... ئێستا چۆن دەتوانم داسی ڕاستگۆییم بە هەسانی ئێش تیژ بکەم و بەمشاری خەونەکانم سەرم شەق بکەم؟

دەستی لەرزۆکم چۆن دەتـوانێ داسەکە بگرێ و سەری ئەمانە بقرتێنێ؟ گلەیی لە کەس ناکەم.

پاش ئەوەی گـۆرەوییـەکـانم بۆ ئامـە دەبرد ناچار دەبوو نزیکی مـاڵـمـان نەبێـتـەوە تا گۆرەوییەکان نەبینن... گەر دایکم یان نەنکم بۆ ئیشێ بانگیان بکردایە ئەوا ناچار دەبوو هەر بەعـابا ڕەش و قاوەیی و بۆرەکـەیەوە دانیشێ تا پێیەکانی پێ بپۆشێ... نازانم گەر پێیان زانیبا چۆن پینەی دەکرد... من بوومە دزێکی چاک، یەخچاڵێکی تەختەمان هەبوو هەرچی تیـا بوایە ئەمـدزی و بەهەزار فرت و فـێڵ دەمبردە مـاڵی ئامە. ئەویش هەرچەندە هەڕەشـەی لـێ دەکـردم کـە بەدایکم و باوکم بلێ و لێـمی وەرنەگرێ، بێ سوود بوو، زیاتر بەردەوام دەبووم... هەر ئەوەندە لە دزییەکەدا سەرکەوتنم بەدەست بهێنایە، ئیتر وام دەزانی دنیا و سەر لەبەری هی خۆمە...

لە هاوینانـدا کـە بۆ بەفـر کـڕین دەچوومـە بازاڕ، لە ڕێگەدا پارچەیەکم لێ دەکـردەوە و دەمدایە ئەو، یا لەبەر دەرگاکەیاندا جێم دەهێشت، ئەوجا دەگەڕامەوە بۆ ماڵ و یەکسەر دایکم دەیوت:

– ئەیە کـەی بایی چوار عـانەس؟ فـلان هەڵس بچـووە خـوینیی. بکەفە گـیـانی شـەل و کووری بکە یە فرە بی عار بییە فایدەی نییە وەگەلێ.

لێدانێکی چاکم دەخوارد، هێشتـا فرمێسکەکانم وشک نەدەبوونەوە بیرم لەو دەکردەوە کـەچۆن بۆ سـبـەینێ بەفـرەکـەی بۆ جـێـبـەجێ بکەم... بەڵام ئەم بیـرکـردنەوەیەم ئەوەندەی نەدەخایاند و لە مێکشـما دەقرتا، چونکە ڕۆژانەم سێ عانە بوو. دەمـتوانی بە دوو عـانەی

رۆژانەکەم جگەرە و بەفری ئامە مسۆگەر بکەم، ئەویش رۆژانەم زوو خەرج نەدەکرد تا ئێوارە هەر بەدەستمەوە دەمایەوە... ئێوارەش بەرەو تاریکە بازاڕ دەکەوتمە ڕێ.

***

تاریکە بازاڕ گەورەترین بازاڕی شاربوو، دوکانی بەزازەکان لە ڕیزێک بوون بەرانبەر بەدوکانی عەتارەکان... بەقاڵ و وردە فرۆش، عەتار، تووتنچی و سەرتاشیش لە نێوان و لەو لاشەوە خەیات و چکەچکی مەکینەکانیان کەوتبوونە ئەو لای چاخانەکان.

دوو چایخانەی گەورە بەرانبەر یەکتری هەبوون، یەکێکیان هەر لە بەیانییەوە هەتا ئێوارە قەوان لەسەر گرامەفۆنەکەی لانەدەچوو. هەر لە گۆرانی (کەتان کەتانە) و (کراس زەردێ) و نەدەبڕایەوە.

چایخانەکەی تریش بە(قۆریات) (ئای هاوار دەگیرمانچی مەن خانچی سەن کاروانچی) بەرپەرچی دەدایەوە، جگە لە دەنگی دۆمینە و چەقەنە لێدانی دانیشتوانی و هاواری شاگردە مناڵەکانیان کە لە ڕقی یەکتری بەتوندی لە جامەکەیان دەکێشا بەدۆڵکە فافۆنەکەیان یەکێکیان دەیوت:

– سوو سوو سوو.

ئەویتر بۆی دەسەندەوە و دەیوت:

– ئاو ئاو ئاو.

جگە لەوەی کەهەندێ جاریش دانیشتوانی هەردوو چایخانەکە لەسەر کەڵەشێر دەبووە شەڕیان و بازاڕەکەش دەشێوا...

(عەبە چلـمنی میم سەکینە) دۆندرمەی لە بەردەم هەردوو چایخانەکەدا دەفرۆشت و هاواری دەکرد: دۆندرمە بووز. ئەزبەری بووز، دۆندرمە...

کەچی (حاجی الله ویردی) خاوەن چایخانەی دووەم بەگۆچانێکەوە بۆی دەچوو و دەیوت:

– قوزەڵقورت بووز کۆپەک ئۆغلو.

عەبە چلـمنیش جرتی بۆ دەکێشا. منیش زۆر حەزم لەوە دەکرد (حاجی الله وێردی) ببینم بەشەلە شەل و جنێو دەکەوتە دوای عەبە... دانیشتوانی هەردوو چایخانەکەش



چەپڵەیان بۆ ئەم دیمەنە لێدەدا و پێدەکەنین... خەڵکەکەش دەیانووت (عەلی ئەزغەر)ی خاوەن چایخانە فیتی عەبە دەدات وا بکات.

پاش ئەم شەڕ و پێکەنینەی (عەبە چلـمن و حاجی الله ویردی) بایی عانەیەک دۆندرمەم دەخوارد و بایی دوو عانەش بەفرم دەکڕی و بەدەست هەڵم دەگرت... دەستم بەرگەی ساردیی بەفرەکەی نەدەگرت و دەمنایە ناو کۆشم و بەڕاکردن بۆ ماڵی ئامە دەچووم. مناڵەکان گاڵتەیان پێدەکردم...

– هی هی هی قولی دیارە پای دیارە.

ئەو هەواڵە زوو دەگەیشتە ماڵەوە و دایکم یەکسەر دەیوت:

– وەختی دۆندرمە قوزەڵقورت کردید ئەرا شەوی یەگەد هەڵگردبید و پاد دیار بی؟. چەند جار وەتمە سە پید شەوی یەگەد هەڵنەگرید؟... نەوەتم عەیبە دۆیت ناود یەگ کەس پای بدویند؟...

–...

– توو، ڕۆژی هەزار کڵاو کڵاو کەید. دوێتم رسوا بووید عەیبە عەیب. جاریگ تر ئەگەر ژنەفتم شەوی یەگەد هەڵگردیدە هەردوو پاد سوزنم و هیلمەد لە ماڵ بنیشید دی نێچیدە دەشت فامستی؟.

ئەگەر بەڕاستی هەموو شتێکم بووتایە، ئەوا دەبوو پەرژینێکی بەرز و ئەستوور لە نێوان گەڕەکەکەمان و ماڵی ئامە ڕەشدا دروست بکرێ... ئیتر ئەو بێ من دەمایەوە و منیش دەبوایە ژیانم هەر بەگریان ببردایەتە سەر و هەر خۆمم بخواردایەتەوە... ڕاستیشم بووتایە دەمزانی پێم دەڵێن:

– ئیمە کار و کاسبی بکەین و تنیش گشت چشتەگان بۆیدە ئەرا ئامە ڕەش لەی ڕۆژەوە گەرەگ نیوەڕوو بچیدە بازاڕ و لە دوکان باباد بنیشید فامستی؟.

ماوەیەک نیوەڕوان دەچوومە دووکانی باپیرم... چونکە دەگەڕایەوە بۆ نوێژکردن و نان خواردن، منیش دەبومە پاسەوان، لادێییەکان دەهاتن و دەیانپرسی:

– کەتان دیرن؟

منیش لە خۆمەوە دەمووت:

– نه نییه... نیزانم... تا باپیرم تێد دوویاخر بەو...

– هەو من ئیسە چمە ئاوایی خودا زاند، کەی جاریگ تر تێمەو!...

– بیژمە پی ناود چەس؟

– خۆی ناسدەم.

ئەم جۆرە گفتوگۆیە هەموو ڕۆژێ بۆ چەند جارێک دووبارە دەبووەوە... نەمدەزانی ئەگەر باپیرم گەڕایەوە بۆ دوکان چی پێ بڵێم.

ئەگەر بڵێم پیاوێک هات و هەواڵی تۆی پرسی و وتی: خۆی دەمناسی و ئیشم پێیەتی دەڵێ: ناوی چەبی؟.

گەر بموتبا ناوی خۆی نەووت ئەوا لێی دەپرسیم:

– چوین ئەرا؟ چەلەوەری بی؟

نازانم بڵێم چی، ئەگەر بڵێم هەموویان وەکو یەک وابوون ئەوا باوەڕم پێ ناکات... بەڵام مەبەست نەبوو باوەڕ دەکات یان نە، منیش هەموو ڕۆژێ ئەم قەوانەم بۆ لێدەداوە (چوار شانەبی، کڵاش لە پای بی، کەوا و سەڵتەیەکی قاوەیی، مشکی و جەمەدانی، سیوڵی ڕەش و گەورابی).

پاش ئەو بروسکە و ڕاپۆرتانەی من، باپیریشم ئەم ڕستانەی دووبارە و چەندبارە دەکردەوە.

– ئێ ئێ... ئا ئا... ها... نێنا سمەی.

منیش پێدەکەنیم و بەرەو ماڵ ڕام دەکرد... یەک دوو هەفتە وەکو دەڵێن نانم کەوتبووە ڕۆنەوە بەوەی کەباپیرم دەگەڕایەوە و منیش لە دوکاندا دەمامەوە... تۆپی قوماشەکانم پاک دەکردەوە و دوکانەکەم گسک دەدا... ئێ بەڵکو لە دەخیلە یان لە قاسە یان لە گیرفانی باپیرم پەنجا فلسێ کەوتبێتە سەر زەوی. زۆرجار لە پەنجا فلس زیاترم دەست دەکەوت ئیتر ئەو ڕۆژە ئەوەندە بەختەوەر دەبووم وام دەزانی هەموو شار، بەبازاڕ و دوکان و چایخانەکانییەوە هی منە و هەر خەریکی حیسابات دەبووم و لێم تێک دەچوو و سەرلەنوێ دووبارەم دەکردەوە:

١– دوو عانە ئەرا جغارەی ئامە.

٢– دوو عانە ئەرا وەفر.



٣– یەگ عانە ئەرا ئەزبەری...

نا دەبێ بۆ دوو سێ ڕۆژ جغارەی بۆ پەیدا بکەم بەڵکو سبەینێ هیچم نەدۆزییەوە... ئیتر بایی هەشت نۆ عانە جغارەم دەکڕی بۆ ئامە. ئەو ڕۆژەی کەهیچم لە دوکانەکەدا نەدۆزیایەتەوە ئەوا دەتووت هەموو دنیام بەسەردا ڕووخاوە و ماتەمینی دایدەگرتم، وام دەزانی هەموو دنیا لە شین و شەپۆر دایە، باپیریشم جار نە جارێ کەدەیبینی دوکانەکەی خاوێن کراوەتەوە ماچی دەکردم و دەیوت:

– ها ئافەرین ئەیە دوو عانە ئەرا خۆد.

گەر کلیلی قاسە و دەخیلەم دەست کەوتبا ئەوا هەتا هەتایە دابینی پارەی بەفر و میوە و جگەرەی ئامەم دەکرد... کەچی داخەکەم ئەم کارەم هەر دوو سێ هەفتەی دەبرد وەک دەڵێن فنیش کرام ئەویش: دوکاندارەکانی بەرامبەر دوکانەکەی باپیرم مەزبەتەیەکیان لە سەرم دایە باپیرم... هەندێ لە دوکاندارەکان ماست و حەڵوا فرۆش بوون هەرکە گسکم دەدا لێم کۆ دەبوونەوە و دەیانووت:

– تۆز مەکە.

– ماسەگەم پیس بی.

– گزی مەدە.

– حەڵواگەم پیس بی.

– ئەی تەپ و تۆزە چاوم کوور کرد.

منیش بەجارێ وەڵامی هەموویانم دەدایەوە:

– من حەقم چەس... باپیرم وەتێسە پیم دوکانەگە پاک بکە وەئیوە چە؟ دوکان دوکان خۆمانە قابیلە بیلم پیس بوود ئەرا دوکان ئیمە وەک دوکان ئیوەس؟... تەماشا بکەن قوماشەگان بریقەدەن، ئیوەش هەر مەگەز تێدەبان حەڵوا و ماس و پەنیرەگەدان، خۆدان گەنیانە... بوومە قوربان خودا یاروو ئیوە کرد دێسە دوکاندار... دایگم ئیژد دوکانەگاندان هن ئیمەس، دەردان کەمن، دوکانەگان پیس کردنەس ئیسە خۆم وەبابام ئیژم قاودان بدەد.

ئیتر وەکو شارە زەردەواڵەم وروژاندبێ ئاوها دەورووژان ولێم کۆدەبوونەوە و خۆیان تووڕە دەکرد و سوور دەبوونەوە و هەریەکە شتێکی دەووت:

– دوێتەگە توو چاود دەرچییە و حەیاد نەمایە گەورا و بیچگ نێزانی... ئیسە باپیرد

تێد و ئیژمە پی فەلاقەد بکەد دی بزان ئیتر نیوەڕوان لەیرا مینید هەی ئارام بڕیای...

ئەوی تریان ئەیووت: شیر ئامە ڕەش خواردییە وەکی باد وە ئامە تێد.

– ئەدەب سز مەگەر ساچوو کێسەم ئکی گۆزوو چخاترەم[1].

ئیتر نەمدەزانی وەڵامی کامەیان بدەمەوە، ئەوەندە بەتووڕەییییەوە ڕوویان تێدەکردم نەمدەزانی ئەو کات نەمدەتوانی وەک ئێستا بڵێم:

– تۆ حاجی فتح الله هەتا ئەمساڵ کەچوویتە حەج وەک ئامە تلیاک کێش بوویت.

– تۆش ڕەحمانی فاتە قەرە هەی حیز هەی هەی خوێڕی خۆ هەموو شار دەتناسن.

– تۆ هەر... هەر ئازاید وەک ژنەیل بخەنید هەی چاو حیز.

کەچی ڕووم تەنیا لە یەکێکیان دەکرد و دەمووت:

– بیژە پی ئەرا من لەتوو ترسم؟ هە!.

– ئیژمە کوڕەگەم حەسەن بدەد لەلید.

– ئەرا چەس هەرکی ئەرا خۆیە خاڵو دی دریژی مەکە و بووڕەوەی. بچووە بان کار خۆد، ماسەگەد پیس بوود و نێود وەجیر و جەحەنم خوو ئاڵتووین نییە. شەو و ڕۆژ و ماسە تورشیا یەگەد مەگەز نیشدە بانی.

– خاس توو هەر زوان دریژی بکە هەی (گۆبەنی) و سەر لە ئیمە بشیون بزان چوین فتیل فتیل لە لویتد دەری کەیمن.

زۆر سەیرە ئەو حاجی و ماجییە درۆی وایان دەکرد بۆ باپیرم نەبێتەوە هەر باش بوو باپیرم نەیدەکوشتم، دەیانووت:

– ئەیە وەتە پیمان گەواد تەرەس بێجگە لە هەزار قسەی خەراو، تف لە لیمان کرد، خۆڵ خستە ناو ماسەگەمان، وەنەعل هات ئەرامان. وە کوچگ کوچگ وارانمان کرد... وەتەپیمان:

– گشدان بی شەرەفن...

ئیمەش لە وەر خاتر ڕیشە چەرمییەگەد دەممان نەکردینە و هەر یەکە و چییە بان دوکان

(١) بێ ئەدەب، مەگەر پرچت ببڕم، مەگەر هەردوو چاوت دەربکەم.



خۆی و دەم خۆی کلیل دا و هووسکووت بین. لە وەر خاتر جەنابد بەس وەها وەها ئەکردیمنە پی، بەس جەنابد خۆد لە ئیمە خاس تر زانید تەمەی بکەید... خوو ئەی دوێتە نێمیندە ئێوە، ئەیە ئەرا وەها هاتێسە پی، ئیوە گشتان، ئەلحەمدوللە مەردم خاسیگن... پیاون... بەس ئەی دوێتە فرە جەربەزەس، چە بیژین شیر ئامەڕەش خواردییە... دۆیتە هەی... ماخەر چوین وەئیمە ئیژید گەواد ها ؟

ئەوەندەم پێ سەیر بوو یەک پشتی ئەوی تری دەگرت و ناو بەناو سوێندێکی گەورەیان دەدایە پاڵ قسەکانیان، باپیریان وا هان دەدا هەر بمکوژێ... خۆمم پێ نەگیرا وتم:

– وە خوودا درووە کەن.

کەچی باپیرم گۆچانێکی کێشا بەپشتمدا و وتی:

– ئەیە نییە لە وەرچاو خۆم وەی ڕیش چەرمێیانە ئیژید درووە کەن هەی چاو دەرچی.

ئای لەو دارکارییە و لە سەگ و سەگبابی ئەوانیش پاش ئەوە دامیانە لێدان و یەکە یەکە دەهاتن و دەستی باپیرمیان دەگرت و دەیانووت:

– لە وەر خاتر ئیمە بیلەی وازبار لەلی نەکوژەی.

کەچی باپیرم زیاتر لێی دەدام، جنێوی پێدەدام و تفی لێدەکردم... خۆ من دەربەستی ئەو گۆچانە نەدەهاتم... ئەگەر بڵێم ئازارم نەگەیشت بەقەد ئەوەی دوو فاقی و دوو بەرەکی و درۆی ئەوانە ئەزیەتی دەدام و دەمزانی هەر یەکەیان لەژێر سمێڵەکانیاندا بزەیەکی پیسیان شاردووەتەوە و پاشان لەگەڵ یەک پێدەکەنن و بەیەکتر دەڵێن:

– کار وەها وەسیاسەت خاس بوود!.

ئیتر ئەوە دواجار بوو. دوکانی باپیرم نیوەڕوان بەجێهێشت. بەگریانەوە گەڕامەوە... لە ڕێگا بیرم لەوە دەکردەوە ئێستا بچمە ماڵەوە دایکم دوو ئەوەندەی تر دارکاریم دەکات جا هەتا ئێوارە باپیرم دێتەوە، باوکم، دایکم، مریشکەکانی ماڵمان، دار، بەرد، سەگ، قاپ و قاچاغم تێوەردەدەن. ئیتر هەر خوا دەزانێ چیم بەسەر دەهێنن و هەریەکە گەر هیچم لێنەکات و دڵی پێم بسوتێ ئەوا لە ڕێی خوا بە دوو سێ تفی خەست ناوچەوانم سواخ دەدات و چەند جنێوێکی پیسی ترم تێدەگرێ... لە ڕێگا بیرم لەمە دەکردەوە... بۆیە بڕیارم دا جارێ نەچمەوە بۆ ماڵ... بابچم بۆلای ئامە... ئیتر باقییەکەی خوا کەریمە... کەچی لەم حاڵ و وەزعەیشم هەر بیرم لە جگەرە و بەفری ئامە دەکردەوە... بەگریانەوە گەیشتمە ماڵی

ئامە... ئامە وەکو شێت ڕووبەڕووم هات:

– ها ڕوڵە چەوە؟

– ......

– ئەڕا گیرید؟

– ئهی ئهی ئهی.

– نەگیر چە بییە بیژە پیم؟

– دایە... ئهی ئهی... ئهی ئهی... هەڵس بۆرەمە ماڵ. مــ... من نا... نا... خێزانم نییە کوشنەم...دایگم. باوگم ئهی ئهی... دەنەلیم... حاجی فتح الله سەگ باوگ گوی بکەمە بان کەشیدەگەی ئهی... شکات لە لیم کرد... ڕەحمانە چڵمنیش بیە شەهاد... مەگەر دوێتەگەی بکوشم بابام وەگۆچان کوشتەم هی هی هی.

ئامە پشتی هەڵدامەوە، دەستی بەگریان کرد، بەپەڕۆیەکی پیس سەرو چاو و فرمێسک و برینەکانی پشتمی دەسڕییەوە و لەسەریەک دەیوت: ئەو کافرە بی ڕەحمە چوین دا لە لید؟!

منیش هەرچی ڕوویدابوو بەڕێکی بۆم دەگێڕایەوە ئەویش لە من زیاتر فرمێسکی دەڕشت، کەچی من بێدەنگ بووم ئەو دەستی بەگریان کرد و ئەوەندەی من هەناسەی هەڵکێشا... دەستی بەسەر سەرما هێنا...

هەستم دەکرد ئەگەر سەرم لەسەر سنگی ئامە بێت هیچ شتێک نییە ئازارم بدات، کەچی ئامە دەستی گرتم و پەلکێشی کردم و بەرەو ماڵ بردمی...

من نامەوێ بچمە ماڵ، کەچی ئەو بەزۆر بۆ ماڵم دەباتەوە... ئەی هاوار چی بکەم لە دەستی دایکم؟. خۆ هەر دەمکوژێ ئەگەر لەسەر هیچ نەبێ لەسەر ئەوە لێم دەدا بۆ پێم پەتییە و شووشەیش قاچی بریوم و پێم نەزانییوە... خوێن پێیەوە مەییوە... پێم دەڵێ:

– تووکەوش سەندید ئەرا سەرد؟!

ئای هاوار چی بکەم ئەگەر زانیبێتی بەناوی ئەو هەڕەشەم لە دووکاندارەکان کردووە!!

ئای هاوار چی بکەم.

***



ئەگەر بکرێ وێنەیەکی فۆتۆگرافی کونجەکەی ئامەم بۆ بکێشرێ و بتوانم نەخشەی ماڵەکەی دەست نیشان بکەم، وا دەزانم دەبێ گەڕەکێکی بچکۆلە دابەش کەمە چەند سەدەیێک، بەواتایەکی تر کونجەکەی (ئامە) و ئەو دوو سێ خانووەی لای چەپی کونجەکەی (ئامە) و خانە گەورەکەی لای ڕاستی و کەلاوە کۆنەکەی لای ژوورو و زبڵ دانەکەی لای خواروو ئەوا دەتوانم بڵێم ئەم هەڵەتە لە سەدەی سفر دان.

هەرچەن ماڵێک یا چارەکە کیلۆمەترێ بەولاوە ماڵی (ڕەشید بەگی موختار) بەهەموو باغ و دار و گوڵ و حەوز و مەڕ و ماڵات و پەلێ کارەکەر و دەستەیەک نانەوا و هەشت نۆ جل شۆر، دە دوانزە مامۆستای تایبەتی بۆ کچ و کوڕی گیرابوون جگە لە میوانە هەمیشەییەکانی کە باش چاوەش و قایمقام و پۆلیس و مودیر بەلەدییە، داودە کەچەڵی زەڕەنگەری دەوڵەمەندی سەلەم خۆر و مام ڕەحمانی (سەرۆکی قاچاغ چییەکان) و کاروانچی.

بەکورتی ماڵە گەورەکەی ڕەشید بەگی موختار... کەزیاتر لە سەد ژووری گەورەی تیا بوو، وڵاتێکی سەربەخۆ بوو و پەیوەندی دیپلوماسی و باڵوێز و خەزێنە و پیلان و دەعوەت و بەرتیل و سوڵح هەمیشە هەر بەردەوام بوون .

بەکورتی لەو گەڕەکەماندا کە ژمارەی خانووەکانی لە سێ سەد ماڵ زیاتر نەبوو هەموو سەدەکانی مێژووی کۆکردبووەوە هەر لە سەدەی سفرەوە تا یەک و دوو و سێ و دوانزە تا بیست... یانی بەئاسانی لە دەموچاوەکانی خەڵکی گەڕەکەکەماندا مێژوو بەجوانی دەخوێنرایەوە، هەموو ڕووداوەکانی مێژوو لە ڕەفتاریاندا دووبارە دەبووەوە، (ئامە) نەک لەبەرئەوەی کە لە بەشێکی بچووکی گەڕەکێکدا ڕەنگی دەرەوەی سەدەی سفری دەنواند، بیرکردنەوە و سۆز و ڕەوشتیشی وەک مرۆڤی ئەو سەدەیە بووبێ... بەپێچەوانەوە ئەوانەی جل و بەرگ و پاک و تەمیزی وەزیفەیانی لە مرۆڤی سەدەی بیستەم دەچوو بەتایبەتی کۆمەڵەکەی (ڕەشیدبەگی موختار) کەچی سۆز و بیر و ڕەوشت و جووڵانەوەیان لە مرۆڤەکانی تافی بەرد دەچوو زوربەیان لە سەربازەکانی هۆلاکۆ و تەیموری لەنگ و کاهین و ڕەبەنەکانی سەدەکانی ناوەڕاستی ئەوروپا دەچوون، ڕەشید بەگیش بۆ خۆی ڕاسپۆتینێک بوو، بەئیشارەتێکی گەورەترین کێشە دەبڕایەوە بەڕوو کرژ کردنیشی بچووکترین کێشەی دەکردە جەنگی جیهانی، شاعیری تایبەتی و ئەسپ و کەر و کاتب و مەلا و شەرعی تایبەتیشی هەبوو، ئەو گەڕەکە مێژووییەی ئێمە لە هەموو شەو و ڕۆژێک و لە دەیان

سولّح و دەعوای سەیر سەیردا دەژیا.

فلاّنە کچ لەگەڵ فلاّنە کوڕدا لە لادێوە ڕایانکردووە، ئێستا لە ماڵی ڕەشیدبەگدان... ئاغا و کوێخا و خاوەن کچ بەهەزار سوێند و تەلاّقەوە هاتوون بۆ کوشتنی کوڕ و کچەکە... جاری وا هەبوو لە گەرمەی ئەو گشت توندی و تووڕەییەدا ئاشت دەبوونەوە و بەشایی و زەماوەند سولّح دەکرا.

جاری واش هەبوو دەبووە شەڕە تفەنگ... خۆکاربەدەستانی میریش لەو هەرا و کێشەیەدا متەقیان نەدەکرد و هەر سەیری دەمی ڕەشیدبەگیان دەکرد، هەرچییەکی بووتایە ڕەت کردنەوەی نەبوو... جا ئەو جۆرە ڕووداوانەش لە ماڵێکەوە بۆ ماڵێکی تر ڕەنگی دەدایەوە. ئەگەر ماڵێ دوو ژووری هەبوایە لەگەڵ کونجێکی وەک ئامە دا، وا دەهاتە بەر چاو، دەبوایە وا بێ خاوەن دوو ژوورەکە بەنیسبەت خاوەن کونجەکە دەبووە ڕەشید بەگێ بۆ خۆی...

***

ئەو ژنە قەڵەوە سوور و سەلەم خۆرەی لای چەپی کونجەکەی (ئامە) کە بەدەگمەن دەبینرا بنێشتی لە دەمدا نەبێ و سێ چوار ژنی کۆ نەکردبێتەوە و لەبەر دەرگاکەدا کۆڕیان نەبەستبێ ناوی (تاووس خان) بوو... زۆر شانازیی بەناوەکەی خۆیەوە دەکرد، دەبوو هەموو ڕۆژێ لەگەڵ یەکێ لە ژنانی گەڕەک شەڕێ بکات و خەڵکی کۆکاتەوە بۆئەوەی چەند جارێ دووبارەی بکاتەوەو بڵێ:

– کچێ هەی کوسوو، هەی گاندەر تۆ لەگەڵ کێدا شەڕ دەکەی ها؟... هەی قەحپە ئەگەر نازانی من تاووس خانی کچی عەبدوڵلاّ خانی جوانڕۆم... تاووس خان نەبم گەر ڕسوات نەکەم، گەر تەرفتوێند نەکەم گەر تاووس خان بم دەبێ شەواڵەگەد بکەمە عەلەم... تاووس خان نەبم ئیلاّ کووسد دڕنم...

بەدەگمەن ڕۆژی وا دەبوو کە فەرتەنەیەکی ئاوای تێدا نەنێتەوە... ئەوەندەش ڕقی لە (ئامە) دەبووەوە وای دەزانی باوکی کوشتووە، هەرکە ئامەی دەبینی بەژنەکانی دەوروبەری دەووت:

– سەیرکەن. عەمرد نەمێنێ... من ناڵێم ئێوە بڵێن ئەمەش ژنە؟.

... ها، ها، ها... ئەم تلیاککێشە حەیای گەڕەکەکەمانی بردووە... بۆ مەزبەتەی لێ



نەکەین؟.

ئامەش هەندێ جار بێدەنگ دەبوو هەندێ جاریش لە سەرەخۆ دەیوت:

– ڕاسە من تلیاککیشم، بەس لە توو خاسترم... من سەلەمخۆر نیم و ناوم... دڵت خۆشە کەگوشخارەی حەسیبە لە گوشدە، ملد وە ملوانک فاتە ڕازانیدە... پەنجەگاند پڕە لە کلکوانەی سەعدییە ها... تاووس خان من لەتوو فرە خاسترم هە...

هێشتا ئامە قسەکانی تەواو نەدەکرد دەبووە شەڕ، ئیتر ئەوەی ناوبژیشی بکردایە هەر شتێکی بەر دەکەوت.

تاووس خان، لەوەتەی خەڵکەکە ناسیبوویان هەر بێوەژن بووە، نە کوڕی هەبووە نە کچ، نە خزم نەنە، هەر مەمکێکی هێندەی پێنج کیلۆ دەبوو، دەموچاوی مەگەر خوا بزانێ چەند لۆچی تیا بوو، هەموو ڕۆژێ چاوەکانی بەکل دەڕشت و سووراو و سپیاوی لە خۆی هەڵدەسووی و هەندێ سنگی خۆی ڕووت دەکرد بۆئەوەی موورو و ملوانکەکەی ملی دیاربێ، پاو و پووزیشی هەندێ هەڵدەکرد بۆئەوەی بازن و حجیلەکانی دەرکەون، مووررووی دەفرۆشت و دەیوت:

– ئەم مووررووە چەرمییە هن شوی کردنە.

– ئەی قرمزە هن شەوەس.

– ئەی قەحواییە هن ڕزقە... ئەی گەورەیە هن خۆشتواستنە...

جگە لە مووروو فرۆشتن داو و دەرمان و کل و سپیاو و شتی قاچاخیشی دەفرۆشت و هاوڕێی مەلا تۆفیق بوو کەپێیان دەووت (تۆفیق قەرە). ئەویش دەلاّڵی بۆ مەلا دەکرد، مەلایش دووعا و جادووی بۆ ئافرەتان دەنووسی. لەبەرئەوەی (تۆفیق قەرە) بەجادووگەری ناسرابوو، ژنان شەرمیان دەکرد ڕاستەوخۆ بچنە لای بەڵکو تاووس خان وەکو ئاوڕۆشنکەرە لە نێوانیاندا دەهات و دەچوو و بەیەکتری دەگەیاندن، ئەم دەلاّڵییە پارەی چاکی تیادا دەبوو... زۆر جاری وا دەبوو هەر بۆلای مەلاش نەدەچوو. چونکە ئەوەندە چووبوو خۆیشی فێرببوو چۆن کاغەز بپێچێتەوە و مۆم بتاوێنێتەوە و خام چەور کات و دووعا دروست بکات و هەندێ کاغەز و ئاو بێنێ و بڵێ:

ئەم پارچەیە هەموو نیوەڕوانی چوارشەممە لەگەڵ ڕۆژئاوابووندا بسووتێنە.

– ئەمە ئاوی دەباخانەیە... بیڕژێنە بەر دەرگاکەیان...

– ئەمە قەترانە... ئەمە... ئەمە...

جگە لەم کارە بەبارمتەش شتی وەردەگرت، بازن و ملوانکە و... و... کەسیش نەیدەوێرا لە مریشک و عەلەشیشەکانی نزیک بێتەوە... ئامە خۆیشی نەیدەزانی تاووس خان بۆ ئەم دوژمنایەتییەی لەگەڵدا دەکات، بەدەگمەن هەفتەیەک بەسەردەچوو بێ ئەوەی حەوت شەڕی تیا نەکەن... خەڵکەکە دەیانووت کەئامە تلیاک بکێشێ ناوی تاووس خانی لێ تێک دەچێ پێی دەڵێ سوڵتان خان، ئیتر بۆیە تاووس شەڕی پێدەفرۆشێ. زیاتر لەوە تووڕە دەبوو کەجارجارێ ئامە زۆر بەئەسپایی دەمی دەنایە لای گوێی تاووس خانەوە و پێی دەووت:

– بوومە قوربان خودا ها توو تەحنە وە من دەی ئابوومە قوربان خودا توو.

کەسیش گوێی لە ڕستەکانی پاش ئەم (تو)یە نەدەبوو کەزۆر بەچپەوە شتێکی پێ دەووت مەگەر خوا و ئامە و تاووس خان بزانن چی پێ ئەوت. هەروەها مەگەر خواش بزانێ ڕەنگی تاووس خان چۆن هەڵدەبزڕکا...

***

(ئامە) پاش هەموو شەڕێک دەگەڕایەوە کونجەکەی، هەناسەیەکی ساردی ئەوتۆی هەڵدەکێشا و بەجۆرێک خەمی دەخوارد و دەیکێشا بەئەژنۆی خۆیدا و، مەگەر هەر خۆی بزانێ لەناو چ دنیایەکی ئازار و غەمدا دەتلایەوە ئیتر بەناچاری تلیاکی دەکێشا... بەدەگمەن، دەیتوانی ڕووبەڕووی دوژمنەکانی بوەستێ جگە لە تاووس هەر کەسێکی تر توانجی تێ بگرتایە بێدەنگ دەبوو یا دووعای بۆ دەکرد و پێی دەوت (خودا خاس ئەراد بکەد)، پشتی بەکەس نەدەبەست. باسی ئەوتۆی بۆ دەگێڕامەوە نەک هەر تێنەدەگەیشتم، بەڵکو زۆر چاکیش دەیزانی ئەگەر دە ساڵی تریش بێتە سەر تەمەنم هێشتا تێی ناگەم بەڵام جارێکیان دیمەنێکی ئەوتۆم بینی نەک تەنیا هەر لەبیرم ناچێتەوە بەڵکو لە ناخی دەروونمدا برینێکی دروست کردووە هەرگیز هەرگیزاو سارێژ نابێتەوە.

لە نیوەڕۆیەکی گەرمدا لەسەر هیچ ئامەیان دایە بەر توێکڵە شووتی و بەردە بارانیان کرد تا بەپەندیان برد هەرچەند هەوڵم دەدا منداڵە ورتکەی لە کۆڵ بکەمەوە بێ سوود بوو، گوێیان نەدەدایە تکا و لالانەوەی بێ شمارم تا لەپەلوپۆیان خست وەکو کۆسەبەبە بەدەوریا هەلەکە سەمام بوو، ئەوانیش دەیانووت:

– بدەنە لی ئەی قەحپەیە دەسدان خۆش بوود تا تۆبە بکەد...



لەو کاتەدا (حاجییەک) ئەم وەزعەی بینیبوو، چوو بوو پۆلیسی هێنابوو، ئامەیان هەڵسان و هەندێ لە گەنجەکانیان گرت... کەچی ئامە لەم حاڵەتەیدا دەستی پۆلیسەکانی ماچ دەکرد تا گەنجەکان بەرەڵڵا بکەن، ئامە بەحاجی و پۆلیسەکانی وت:

– واز لەلی یان باری تاوان ئەیانە نییە.

حاجییەکە تووڕە بوو و وتی

– ئامە ئەی تاوان کییە؟.

ئامە هەردوو دەستی بۆ ئاسمان بەرز کردەوە و هاواری کرد و وتێ:

– تاوان خوداس.

حاجییەکە خۆی پێ نەگیرا وتی:

– هەی جندە هەیێ کوسوو!!

تفێکی کردە ڕووخساری ئامە و بەجێی هێشت، ئامەش کەوتە دوای و پێی وت: حاجی توو نماز کەید و لە خودا پاڕیدە و وەشورتە و کەلەپچە عالەمەگە خاس کەید؟ منیش ئیسە تلیاککیشم و لالکیەمە خودا ڕەحم وە عەقڵد بکەد!.

سەرباری ئەو دیمەنەش دادگایەک چاوەڕێی دەکردم کەهەزار درۆیش فایدە ناکات تیایدا و هەر لێم دەدەن...

نەمزانی چۆن لەناو ئەو خەڵکەدا توند دەستم گیرا و بەرەو ماڵ بردمیان... دایکم یەکسەر وتی:

– دروزن... ئیسە نێزانم قەپ لە کورەد بگرم... لە زواند لە پاد، لە دەسد؟ حایر مام! من دی لەدەرەقەت توو نایەم! بیلا باوگد باد ئەی کردەوەیلە گشتی ئیژمە پی. خەلاص دی لە دەس دەرچیدە و بی عار بیدە کوشتنیش فایدەی نییە مەگەر وە حەبل بخنکنمەد، مەگەر وەچەقوو سەرد بوڕم وەبان بەلوعە و بخەمەدە بان سیرکەوان تا سەگ و پشی بخۆنەد مەگەر داغد بکەم. مەگەر گیسد بوڕم مەگەر چاود دەربکەم... مەگەر... مەگەر...

دایکم وەکو قومسێر دۆسییەکەمی کردەوە و خراپەکانمی خستە بەر دەستی باوکم... ئیتر کوێت دێشێ.

***

ئامە هەر کە غەم دایدەگرت دەستمی دەگرت و بەرەو ئەڵوەن دەیبردم و غەمەکانی دەدا بەدەم ڕووباری ئەڵوەنەوە. بەیانی ئەو ڕۆژەی (فەیمە) لە خانەکەدا دۆزرایەوە کەزیاتر لە سێ ڕۆژ بوو مردبوو، بۆنی کردبوو، دەستمی گرت و بردمی. لە ڕێگادا هەر دەیوت:

– ئاخ، فەیمە کەساس... فەیمە.

هەر کە گەیشتینە زبڵدانەکەی چایلغ، ڕووبەڕووی (ئەکبەر) بووینەوە، ئامە پێی وت:

– ڕافزی سیوڵ فش... ئەرا ئەی سەگانە کوشید؟ گوناح نین؟

– بچوو ئاخر تو چەید... نەترپیگید دەنگد بادو نەتسیگید بوند باد؟

من وەپیم وەتریاس سەگ بکوژم توو حەقد چەس وەی بەیانییە وەلیم بیدەسە مەحامی سەگەگان؟

– مەحامی، هە... ئاخرد شەڕ بوود کەوەها شەڕ بییە ئەیە چوین لە دڵد تێد سەگ بکوژی و گوللە بخەیدە ناو تفەنگەگەد؟.

– گەر فرە قسە بکەید توش کوشم ها... بیژە پیم توو ئەرا چە خاسید ئەگەر توو ژن من بواتاید، ئیسە لە جیاتی سەگەکە وەگوو لەییگ ئەکوشتمەد...

– خوێڕی ناجەسەن من وەک دایگدم... واللە چەبیژم توو ئەگەر سەگ بکوژید ژن و دایگ و خوشک خۆدیش کوشید... لە دەسدو تێد منیش بکوشید... بەس گەرەگ بزانید – من لە مردن نێترسم مردن هەقە فامستی؟

– ئنجا توو لە چە ترسید هەتاکو لە مردن بترسید. ؟. ئامە ڕەش وڕم نەکە بیلا سەگەکە بکوشم... وەپیم وەتریاس هەرچەنی سەگ بدوینم بکوشمەی بیلا تو لە جیاتی سەگ نەکوشم! دبچوو دایە بچووە بان کارەگەی خۆد واز لە عاڵەم بار بیلا کاسبی خۆیان بکەن!.

– وەبان کوشتن هەر سەگیک چەنی پارە دەنە پید؟ عمرد نەمیند ئەرا خۆد و کار و کاسبید. هە!.

– هیچ هەر مەعاشەکەی خۆمە و بەس... کار ئەی مانگەم سەگ کوشتنە.

– ئەگەر بەقاڵی بکەید لەی کارە خاستر نییە؟

– ئەرا؟ تا باید گشت میوە جاتەگانم بدزید؟...

– ئووم ئاخر شەڕ. عەقڵد هەر ئەوەنە بڕ کەد. من وەگەل کی قسەکەم؟. سویچ خۆمە دەم



نەمە ناو دەمد؟ بەس سەگ نەکوش برامی.

– هە شیت بیمەس عەقڵ خۆم بدەمە دەسد؟ ئەرا خودا ئەرام خراو کردییە وەی وەی... عاڵەمەگان بان تەماشا بکەن ئامە ڕەش تەمەم کەد، ئەیە بکە و ئەوە مەکە، ئەیە خراوە و ئەوە خاسە، دایە گووشە بتەکن من عەقڵم نێدەمە دەس ژن... فامستی؟ وەها زانید ئەی عاڵەمە کار و کاسبییان نییە گووش لەتوو بتەکن... بچوو هەی ماڵ خراو بچوو لە ماڵ خۆد بنیش چەکەید لەسەر ئاو؟ تلیاک وەکارد تێد، عەیبە هەر ئەی قسانە مەکە... هە... ئامە هە!

– هیچ نێکەم. تەماشای سەگ کووش کەم، ئیس قەسابەگانیش دوینم سەر مانگا و بزن بڕن... چەند جار وەتمەسە پییان خوین مەڕژنن!!.

– ها ها ها... ئامە ڕەش!! ئەگەر مانگا و کاوڕ و بزن سەر نەوڕن مەگەر سەر توو بوڕن، تووە کار هیچ چشتیگ نایەید... ئا سەرد بووڕن و گووشتد فرە بدەنە بان سیرکەوان تا سەگەکان زیاتر هار بوون و ئنجا یەکیگ تر تێرن وەگەلم ئەرا سەگ کوشتن سەگەکان قیز لەلید کەن، باوەڕ نێکەم بخۆنەد، ناسنەد بیدەسە مەحامییان، بەس لە هویرد نەچد ئەوانیش لەلید ترسن، بخۆنەد. نە فیکارەی تلیاک بوون. ئەگەر بخۆنەد گیژ بوون و کەفن ئنجا کەم تلیاک کیش هەس لەی شارە، تاکو سەگەکانیش بوونە تلیاک کیش؟!! هە تلیاکییەگان لە سەگەکان زیاترن. ئەی شارە تویش چ بەدبەختییگ بییە! ئەی شارە ئەرا وەها هاتێسە سەری؟ ئەگەر عەرەق نەخۆن تلیاک کیشن، ئەگەر تلیاک نەکیشن قومار کەن، ئەگەر قومار نەکەن یەکتری خۆن، خاس نییە من سەگ کوشم پیاو ناکوشم... توو چاود وەچە کەفتیە ئەگەر بدوینیدەم پیاو کوشم چەکەیدە پیم؟ ئنجا خۆد کوشیدەم... ها ها... کورە دونیا فرە خۆشە و عەجاییبشە بنیادەم سەر لەلی دەرنێکەد...!!

– تووش پیاوی هەی ئاخر شەڕ، ئەو کەسە خۆی وە بنیادم حساب کەد ئەی کارەی توو نێکەد!.

– ئەرێ ئامەخان توو چە خواردیدە؟ ئیمڕو زواند فرە دریژە نێترسید بتوپنمەد؟ وەک سەگ توپنمەد، تا بزانم کی خاوەندە و کی لەسەر توو تێدە جواو، سەگەکانیش نایەنە جواو، ئەی عالەمەیش ئیژن: دەسد خۆش بوود خاس کردید توپانیدەی.

– هە، عاڵەم بیلا ئەرا خۆیان بیژن، عاڵەم؟ هە!، کی لە دەرد کیزاند؟ هەر لە خۆیانەوە

قسەکەن، کار و کاسبێیان چەس؟ هیچ بەس بوخت کردن یاغەیبەت و!! من بار خۆم ها لەسەرشان خۆم... ئەنجاغ بتوانم بار خۆم هەڵبگرم و کەس لەی روژە قەشمەری و عەیب وەکەس نەکەد... خودا زاند بنیادەم تا مرن چە تێدە سەری !

– ئامە بیدەسە موڵا وەعز دەی... ئەگەر موڵا ئەی قسانە لە دەمد بژنەفد خۆی کوشد.

– باوگ لە قنگ توو و موڵا بخۆد هەی ڕافزی توو زانی وەعز چەس؟...

– چوین نیزانم!.

– ڕوید سییە بوود، کوورە توو چەزانید خۆد وەچە حەساو کردیدە؟!

– ئامە! ئەیە چەدە؟... بزام قار دڵ خۆد وەمن ڕشنید؟! بچوو دایە بچوو ملد بشکن... واز لەلیم بار بیلا سەگەکان بکوشم. ئەگەر نەکوشمە یان حەپە حەپ کەن و بەیانی منیش فنیش کەن. وەڵڵاهی وەبیلاهی نیزانم وەچە قەسەم ئەرادو بخۆم، خو کەس باوەڕ وەپیم نێکەد ئەگەر بیژم لە بان ئەڵوەن دەمە تەقی وەگەل ئامە ڕەش کردم... دۆیتە وەشەق دەرم کەن قسەگاند ڕاسن بەس ئەوان دڵیان نییە... توو خاس زانید حکومەت وەک خوداس دڵی نییە بسوزیەد... ئەگەر بیژم سەگ نەدوینستم... هە... ئامە بیژم سەگ نەوی کی باوەڕ وەپیم کەد؟. ئیژنە پیم خۆد بیاتاید وەسەگ... ئامە واز لەلیم بار خاس زانید خاوەن بڕیگ ملاڵم کی ئیوەتیان کەد؟! توو... هە... ئەگەر بدوییننەم وەگەلد قسەکەم وەشیتدە نەمە قەڵەم و ئیژن: ئیمە ئەرا چە توو نار دیمنە سەدە بان سیرکەوان سەگ بکوشید یاگووش لە ئامە بتەکنید. ئامە گوش مەتەکن خودا کەریمە... ڕاس کەید لە ئیمڕو تا بەیانی نیزانین چە تێدە سەرمان... ئامە منیش دڵم پڕە وەک توو بەس چارە نییە...

– چارە هەس.

– جاری بیلا تەقە وە دروو بکەمە ئەی سەگە مردیە خودا کەریمە ئەرا چارە.

– بیلا من بچم ئنجا تەقەگەد بکە، لە دڵم نیتیەد تەماشای سەگ مردیش بکەم.

– خاس دایە، د بچوو دی بچوو.

ئامە ڕەش و ئەکبەری ڕافزی قسەی زۆریان کرد، ئەوەی کە لێی حاڵی بووم ئەو گفتوگۆیە بوو، زۆر شتیان لەسەر سەگ و مرۆڤ وت.

ئەکبەر ڕافزی لە سەرەتادا هەر گاڵتەی بەئامە دەکرد پاشان کەئامە دەستی گرتم و



پەلکێشی کردم من هەر ئاوڕم دەدایەوە، ئەم قسەیەش دەنگی دەدایەوە...

(– ئەگەر من سەگ نەکوشم یەکێک تر پەیا کەن ئەرا سەگ کوشتن، حکومەت دەسی دریژە).

خۆم ئامادە کردبوو دانەچڵەکێم کەئەکبەر تەقە بکات کەچی دەقیقەیەک، دووان، پێنج، هیچ دەنگێ نەهات، ناو بەناو هەر سەیری دواوەم دەکرد.

– ئەگەر پیاو نەوود نووری سەعید، نووری پاشا خۆی سەگ کوشد.

کەچی ئەکبەر ڕافزی دەستی بەسەر تفەنگەکەیەوە مەیبوو... وەکو ئەوەی خوا حافیزی لە خۆشەویستێکی خۆی بکات... ئاوها ڕەق ڕاوەستابوو.

لەبەرئەوەی سەد مەتر زیاتر لێی دووركەوتبووینەوە، نەمدەتوانی فرمێسکەکانی ئەکبەر بەدی بکەم... دەنگی تەقەم نەبیست... بۆ سبەی بیستم، ئەکبەر وازی لە پۆلیسی هێناوە و بووەتە گۆڕ هەڵکەن!.

***

هەموو پێنج شەممە و هەینییەک باوکم لە نەفت خانە دەهاتەوە بۆ ناو شار، هەموو ڕۆژانی شەممەیش دەبوایە سەعاتەکەمان لەسەر چوار دانابا، هەموومان بەزەنگەکەی هەڵدەساین و لەگەڵ باوکمان نانی بەیانیمان دەخوارد و بەڕێمان دەخست و یەکە یەکە ماچی دەکردین و دەڕۆیشت بۆ سەر کارەکەی. ئەو ڕۆژە شەممەیەی کە باوکمان بەڕێخست من لەبەر دەرگا مامەوە... دایکم هەرچەندە وتی:

– بەوە ماڵ.

خۆم ئاسایی گوێم نەدایە... نازانم بۆ نەدەگەڕامەوە... ژنێک بەپەلە بەبەر دەما تێپەڕی، عابا و پێچەی کردبوو، نەمناسییەوە...

منیش هەر سەرنجم دەدا لام سەیر بوو بەم بەیانێیە زووە ژنێک وا بەپەلە پەل دەڕوات... گەیشتەبەر دەرگای مزگەوتەکە کە هەر چەند مەترێ لە ماڵی ئێمەوە دوور بوو، هەندێ وەستا و سەیری ئەم لاو ئەو لای کرد... منیش وەکو شتێک هانم بدات هەر وا وردە وردە کەوتمە دوای ژنەکە... بوخچەیەکی لەسەر سەکووی مزگەوتەکە دانا و بە پەلە ڕۆیشت... هەر لەگەڵ دانانی بوخچەکەدا دەنگی گریانی منداڵێک بەرز بووەوە، ترسام بەپەلە بەرەو ماڵی ئامە ڕامکرد...

– ئامە مڵاڵێگ لەسەر سەکووی جامعەگە نریاس.

–.........

– دایە ئامە مڵاڵێک مڵاڵ.

–.........

– کوورە ئیژم مڵاڵێگ مڵاڵ لە وەردەم قاپی جامع ئنگا ئنگا کەد...

– وە چاو خۆد دوینستیدەی؟

– ئا وە هەردوو چاوم وە ئیمام.

لە ڕاستیدا جگە لە دەنگ منالْم نەبینی... بەڵام ئامە زانی درۆم کرد بۆیە دووبارەی کردەوە:

– وەچاو خۆد دوینستیدەی.

– ها، ئا. نە.

–.........

– بەس وەگوشم ژنەفتم گیرست، مڵاڵ بی، وەدەنگی ناسیمەی.

– ها... ئەوە...

– چەس؟

– زووڵە.

– دایە زووڵ یانی چە؟

– توو جاری نێفامید.

– یەعنی هین هین یانی یانی زووڵ.

– ئەوە لەورا نریاس تایەکی بۆدەی... توو وەچاو خۆد پیاوەگان دید؟.

– ئا چینە ناو جامع و تەماشاکردنە پێ و

ئامە هەر وەک ئەوەی برینەکانی کولابێتەوە بەو بەیانییە زووە دەستی بەقسەکردن کرد، هەر بەڕاستی قسەی دەکرد چاوەکانی دەچەقینە شوێنەکەیانەوە، سەیری ئەم لاو ئەو لای



دەکرد... هەروەکو ئەوەی لە ئاوێنەدا بەرامبەر بەخۆی وەستابێ لەگەڵ خۆیدا قسە بکات، ئاوها قسەی دەکرد، جا منیش یا خەو دەمبردەوە یا بەپێچەوانەوە تێدەگەیشتم یا بەپرسیار گیژم دەکرد. ئامەیش هەر کەدووبارە و سێ بارەی دەکردەوە... لە مەبەستی حاڵی نەدەبووم چەن، جارێ دووبارەی کردەوە و وتی:

– جار جار نیوەشەو تێنە شوینم، مڵاڵ دوێتەگانیان تێرم، زاینمەیان یان لەباریان بەمەی... بەس وەکەس نەیژیدها.

– ئەی چە لە مڵاڵەگانیان کەید؟

– خودا زاند، بەمەیان ئەرا پاشا کوپری ئەرا قەورسان و شوین گومیان کەم... چە بکەم؟ قار خۆم... بەس چارە نییە ڕووڵە.

– ها...

– ڕووڵە چارە نییە ئەگەر باوگ و دایگیان بزانن سەر دوێتەگانیان برن و حەیایان چد، توو جاری مڵاڵی چەدیدە؟.

– ئەی ئەیە نییە ئیژم مڵاڵێگ لە بان سەکووی جامعە گەس.

– ها ها ها

– ئەرا، خەنید؟

– من فرە چشت دیەس.

– بچم مڵاڵەگە بۆرمە ماڵ و بیژمە دایگم.

– نە حەقد نەوود.

– ئەرا؟

– ئیسە خۆم چم وەدزی هەڵیگرم.

– ئەرا خۆد تێریدەی؟

– نە.

– بەس ئەرا کی؟

– حەقد نەوود.

– توو خودا بیژە پیم.

– تەمینە مڵاڵی نێود. فر حەز لە مڵاڵ کەد... حەز کەد ئیوەتیان بکەد... لەژێر عەباگەم شارمەوەی و بەمەی ئەرای.

– بەیدەم وەگەل خۆد؟.

– نە بچوو ئەرا ماڵ ئیسە دایگد ئیژد وەی بەیانییە ئەرا کوورە چییە؟.

ئامە خۆی پێچایەوە. بەپەلە گەیشتە بەر دەرگای مزگەوت. وای نەکرد خەڵکی بیناسنەوە بەعابا و پەچە خۆی پۆشی و منداڵەکەی هەڵگرت و ڕۆیشت.

***

– وە و یگە هاوردن.

– کلڵڵڵڵلله...

ئەم هەلهەلەیە ئەگەر نەڵێم هەفتەی جارێک دەبیسترا ئەوا مانگی جارێ دووان دەبیسترا... بەڵام هەلهەلەی ئەم ئێوارەیە جیاوازە، هەزار ژن ڕکەبەری یەکتری دەکەن، بزانن کامیان نەفەسیان درێژترە!! کامیان دەنگیان خۆشترە، کامیان جلی جوانتریان لەبەردایە، شاییەکەی ئەم ئێوارەیەش بەرامبەری ماڵی ئێمەیە!

زاوا و چەند هاوڕێییەکی بە بەردەم ژناندا بەفیزەوە تێپەڕین، (شەفە) شەلی زاوا جەمەدانییەکەی نابووە سەرشانی و کڵاوەکەی بەقوتی بەسەر تەپڵی سەریەوە دەبریقایەوە. ئەوەندە زەنگیانەی ڕەنگاوڕەنگ و سورمەی پێوە بوو، دەتووت پەڵکە زێڕینەیە. دایکی شەفە شەل ناوی (سەی زادە) بوو، بەڵام هەرچی سیفەتی سەید هەیە لەو ژنەدا نەبوو: خۆ کەس نەیدەوێرا بەگەڕەکەکەماندا تێپەڕێ، ئەوەندە ئامۆزا و برازا و خاڵۆزای بۆ خۆی دەدۆزییەوە، ئەگەر کەسێ تاقەتی گوێگرتنی هەبوایە دەیبردەوە سەر ئادەم و حەوا.

مەگەر هەر خوا بزانێ چۆن باسی خەڵکی دەکرد. لە فەرهەنگی زمانیدا وشەی چاک و خێر نەبوو. هەوڵی دەدا هەرچی وشەی خێر هەیە هەمووی بقرتێنێ و کۆی کاتەوە بۆ شەفە شەلی تاقانەی کەتەنیا مانگێ زیاتر لەسەر هیچ ئیشێک بەردەوام نەدەبوو، هەر لە شاگرد فیتەری و چایچی و شاگردی چیشتخانە تا ناتر و کولخانچی و ڕیشۆڵە فرۆشتن و ئەزبەری بووز و کرێکاری و جامبازێ. ئەو ڕۆژەی ژنیان بۆ هێنا مانگێ بوو ئەرز و حاڵ نووس بوو.



شەفە شەل لەگەڵ هاوڕێکانیدا بەچەقەنە لێدان بەناو ژنەکاندا تێپەڕی و بەرەو چایلغ ڕۆیشتن... پاش دوو سێ سەعاتی تر بەلەتردان گەڕانەوە، یەکێ لەئا فرەتەکان بەچپە پێی وت:

– شەریف ئۆغلم چۆخ ئیچمیەسەن، سۆرە!!.[١]

کەس گوێی نەدایە، هەر زەلام بوو دەیوت:

– ڕۆژیگ ئەرا توو.

– مەمنون عومر درێژ بووید.

– نا... نا والله من ژن نێخوازم.

– ئەرا وەشەرت چەقوو نەوود ژن نێخوازید؟

– قسمەت و نسیب کی ئیژد جوان نێود؟

– نە من بەختم ڕەشە... بچمە بان ئەڵوەن وشکی کەم واز لەمن بارن!

ئەم گفتوگۆیەی نێوان پیاوان لە هەموو شاییەکدا شتێکی دووبارە کراوە و ئاسایی بوو. ئەگەرچی کەمتر ڕاستی لە دووعاکاندا هەبوو، هەر تەنیا خونکی بوو و بەس. دووریش نییە ئەو کوێرە شارانەی وەکو خانەقین وان لە یەک کات و سەردەمدا بووبنە کۆکەرەوەی هەموو سەدەکان. ڕا و عەقڵییەتی هەموو مێژووش کۆکەنەوە. هەر لە مرۆڤایەتییەکی پەتی سادەوە تا تاوانباری خەستی ڕەشی ڕەش... سپی سپیش لەناو چەند سەد ماڵێکدا بن.

هەفتەیەک پێش ئەوەی ئەم شایی و بەزم و ڕەشبەڵەکە بگێڕن، ژنان و منداڵان بەسەبەتە و حەماڵ بارگەی بووکیان هەڵدەگرت و کۆڵان بەکۆڵان هەر لە ماڵی زاواوە تا ماڵی بووک و بە بەرچاوی خەڵکیدا دەیانگێڕا. ئیتر هەر حەماڵ بوو برنج و بامیەو ڕۆن و وردە شتی دەگواستەوە، بۆ ماڵی بووک. شەوی (خەنە بەندان) بووکەیان دەڕازاندەوە و کراسێکی پەمەییان دەکردە بەری، دەست و پێیان لە خەنە دەگرت، دەموچاویان هەڵدەگرت بەکۆمەڵ!! لەگەڵ بەرزبوونەوەی دەنگی هەلهەلە و دابەشکردنی پارە بەسەر دەموچاو هەڵگرا... ژنان بۆ ئەم بەزمەش دەعوەت دەکران، ئەوەی زۆر دەوڵەمەند بووایە ڕوبعێکی دەدایە، بایی دەموچاو هەڵگرتنێ و بەخشیشی دەموچاو هەڵگرەکە، پاشان ئەمیش ماڵ

(١) شەریف کوڕم زۆر مەخۆرەوە، ئەگینا!!

بەماڵ هەواڵی ئەم شەوی دەگەیاندە ماڵان، پەنجا فلس و ڕوبعێکی لە هەر ماڵێک دەست دەکەوت و گیرفانی هەڵدەئاوسا. هەندێ جاریش ئافرەتان دەکەوتنە مەزاد و مەزاد بازی، بۆ ناو دەرکردن دینارێکیان دەخستە نێو مشتی دەموچاو هەڵگر، بۆ ئەوەش چاو بگێڕێ بۆ زاوایەکی چاک یان بووکێکی جوان بۆ کوڕو کچیان. بووکەیش دەبوایە هەروەکو بت لەسەر کورسی دانیشێ - مەمبەرێکیان - بۆ دادەنا، بەڵام نە بزەیەک نە قسەیەک نە چاو هەڵبڕینێک، مەرجیش وابوو کەهەردوو دەستی بنێتە سەر ڕانی... ئەگەر خوانەخواستە بووکەکە زاوای بەدڵ بووایە و ڕووی گەش کردبا و پێکەنیبا ئەوا یەکسەر دانیشتوانی ئەو حەوشە بەکچ و ژن و مناڵە وردکە و عازەب و پیری گەڕەکەوە یەکسەر دەیانووت:

- وی عەیب و شوورەیی ئادیدە و ئامین ئیمە نەدوینستیمنە وەوی بخەند!!

هەندێ ئافرەتی نیمچە خوێنەوار وەڵامیان دەدایەوە:

- ئەرا نەخەند! ئیمشەو شەو خنەس و بەیانی بەنەی ئەگەر ئیمشەو نەخەند کەی بخەند؟.

هەندێ ژنی عەیاری تریش وەڵامیان دەدایەوە:

- وەڵڵاهی من وەخت خۆی کەشوی کردم، ئیسە نەوود، و هاوردنەم ئەرا لای باوگ مناڵەکان و لە ماڵ باوگم دەرچیم ئەوەنە گیرستم ئەوەنە گیرستم چاوم بییە تەماتە!! تا دوو ڕۆژ چاوم پەنەمیا و تا مانگیگیش شەرم ئەکردم تەماشای شوی و خەسویرانم بکەم... تا دوو مالاڵیشم بی نەئەویرستم لە وەردەم باوگ و براگانم جمە بکەم... ئاخر زەمانە... وەوی ئەی زەمانەش وەک وەوی جاران نییە... ئیسە وەگەل دەزویران ڕەسم گرن، خەنن! هەر دۆیتەگەم نوود وەختی دەزویرانەگەی تێدە ماڵ و جمانەگەی ئەرای تێرد زوی خۆی شاردە و چدە حوجرە... چەنی چڕەدەی هەر نایەدە حەوش، ئەرا گشت ژنیگ توێند دۆیت ئیوەت بکەد!! دۆیتەگەم وەخۆم هاتیە!! گوی خواردنە وە زووان خۆم باس هۆم بکەم.

ئیتر هەر ئافرەت بو بەفرسەتی دەزانی شتێ بڵێ... هەندێکیان قسەیان نەدەکرد، پەنجە و شایەتیمانیان ڕەزامەندی یا نارەزایی خۆیان دەردەبڕی، هەندێ تریشیان بەچاو داگرتن و لێوگەزتن قسەیان دەکرد... جا بووکی بەستەزمانیش ئەوەندە سووراو و سپیاویان دەکرد بەدەم و چاوییەوە، ئەگەر سپی بوایە دەموچاوی دەبریقایەوە لەگەڵ بریقەی ملوانکە و گوارە و بازن تێکەڵ دەبوو... ئەگەر ڕەش با دەموچاوی بۆر دەبوو و لەژێر فۆتەکەیانەوە پێی پێ دەکەنین.



- بیژ خۆی ڕەشە وەک بادمجان دی قابیلە ئەی (ئنگلک کرشانە) چەرمیی کەد! چاو دایگی کوربی ئەیە ئەرای خوازی بەیانی دوو بەیانی بوودە خاوەن مالاڵ و زەعیف بوود خوو بوودە چەقەڵ... تەماشای بکە ئیژید دەرزی و مەچیرە... لویتیشی کفتەس، چاوی میتمیتەس وەک قنگ مامر... ئەی مل ڕویتە چەس؟ وەخزمەچی نایەرمەی ماڵ هە!!... دڵیان خۆشە ژن ئەرا گوڕەگەیان خوازینەس هەدوێت قەحەت بی. زاواش دڵی خۆشە وەخۆیەو نەختینەس، بەیانی دوو بەیانی تەلاق وەقنگی کەد...

لە زۆربەی شاییەکاندا ئەم زێڕ و مێڕانە دووبارە دەبوونەوە، چۆن دەست دەکەوت؟ لە دایکم!.

منیان دەنارد:

- بچوو بیژە دایگد حجیل و مەنتەشە و سلەحلغ و تەزبیح و کلکوانە و تکوکەگەی بنیرد ئەرامان، گوشخوارەگەشی... نە ئەو گووشخارەیە کەوەوییەگەی فەیمە کردەی گووشی . گوشخوارە تازەگەی یاروو کەس لە گووشی نەکردێسەی!.

دایکم قسووری نەدەکرد، هەر گوێی لە هەواڵێکی ژن هێنان بوایە خێرا گوارە و ئەنگوستێلەی تازەی دەکڕی یان کۆنەکەی دەدایە جارالله زەڕەنگەر و ڕوبعە دینارێکی دەدایە و گوارەیەکی تازەی لێدەکڕی.

جاراللەیش بەم بەزمەی دەزانی، بۆیە پارەی زۆری لێ وەرنەدەگرت و... ئەو خشڵ و زێڕانەی کە نە لە دەست و پێی کردبوو نە لە گەردەن نابوو، هەمیشە بەدەست و پێ و گەردەنی ئەم و ئەوەوە دەبریقایەوە، ئەگەر داوایان لێ بکردایە بەتەوازووعەوە دەیوت:

- عەزیزەگەم بچوو ها لە ناو مێز توالێتەگەم... نەوەڵڵا لەبان مێزەگەس. من کەی ئالتوین خەمە قەدم.؟. بچوو وە قوتییەگەی بۆرەی.

ئەوانیش نەیاندەزانی کەپێش نیو سەعات دانراوەتە سەر مێزەکە، ئەگینا لەنێو حەوت کوندا شاردرابوو کە گوایە بێ دەربەستە... لە کۆتاییشدا ئافرەتان دەیانچپانە گوێی یەکتری...

- ئەی خشڵە هن دایگ لەیلاس، پارەیان لە کوورە خشڵ بسینن؟.

- بەس گوشخوارەگە هن ئەو نییە.

- هە، دوێکە لە بازاڕ دیمەی لای - جارالله - بی.

– ها، مەعمیلی جاراللە زەڕەنگەرە، دایگ لەیلی خشڵ وەحوقە دیرد...

– دادایشی.

دایکیشم وا خۆی دەنواند کەگوێی لەم قسانە نییە و لەپڕ چەپۆکێکی دەکێشا بەسەرما بۆئەوەی دانیشم و بەرچاوی نەگرم. ئەگەر دانیشتبام چەپۆکێکی تری دەکێشا و دەیوت:

– شوین قەحەتە لکیایدەسە پیم... ئەرا نێچیدە لای لاملا لەیل لە بان پام نیشتیدەس. ئاخر پام تەزی.

بۆئەوەی موناسەبەیەک بێت و ئافرەتان نزیکی بنەوە و پێی بڵێن:

– ئەرا دەیدلەلی؟ شوین لە کوورە هەس؟ عالەم گشتی هاتنە ئەرا تەماشاکردن وە خشڵەگەد نەک وە وەوی، بەس، نێپوڕدە پی!.

سەیرێکی حجیلەکەی نەنکمیان دەکرد لە پێی دایکم و دەکەوتنە سەر باسی زێڕ و جاراللە – ی گرانجام و ساڵحی زەڕەنگەر وو و.

جگە لەوەش دایکم زۆر شانازیی بەوەوە دەکرد کەماڵەکەمان ببووە بارەگایەکی هەمیشەیی بۆ مارە بڕین!! هەندێ قەنەفەمان لە جوولەکە کڕیبوو لەگەڵ سەعاتێ چاڵمە... دەبوایە (حاکم) و مەلاو موختار و شایەت بهاتنایە ماڵێ نەختێ ڕێک و پێک بێ... دایکیشم بۆ ئەم مەبەستە ئەو ژوورەی ڕازاندبوو بەگوڵدان و گوڵابدان و زیوو و شووشە و بەگۆڕینی پەردە و چەرچەف و مافور و پانکە و ڕادیۆی گەورە و وێنەی باپیرم و ئاوێنە و قوتوی جگەرەی غازی و لۆکس و پەرداخی سورمەدار و سینێی وەرشە و سەماوەر و مەقەڵی وەرشە و چ ژوورێ؟ ژوورێکی شووم، ماڵی زۆر کەسی وێران کرد!!.

ئەم ئێوارەیەیش دیسان (سەعە دەوڵچی) بەکراسێکی زەرد و سوور و بریقەدارەوە گۆرانی دەچڕێ و سەما دەکات، هەمان چەقەنەکانی بەدەستەوەیە و نزیکی ئافرەتەکان دەبێتەوە، وەکو هەموو جارێ پێی دەڵێن:

– ئۆووی سەعە عمرد نەمیند چەنی ژنانید هی هی هی هی، کی کی کی، هاهاها، کاکاکاکا، ئەرا ئەوەنە خونکید؟! هەی جرتگە، هەی چاو حیز، هەی چاو پشی؟!.

هەر ژن بوو نزیکی بووکە دەبۆوە و دینارێک یا ربعە دینارێکی دەخستە نێو گیرفانی بووکە، گیرفانەکەیان دەکردە قاسە، پارە بەبووک دانیش ڕکەبەرییان لەگەڵ یەکتریدا دەکرد، منالانیش بەوردی سەیری بووکەیان دەکرد و دەیانوت:



– گیرفانی خاس لە پارە پڕ بییە، وەی پارەیە چەکەد؟ خۆزگەمان وەخۆی، خوو وەک ئیمە نادەدەی چنجگ و چوکلێت، کراس وەپی سیند.

– کوورە نە دایگم ئیژد شوێیەگەی دویاخر لەلی سیندەی ئەیە ئەرا خۆی نییە!.

هەندێ پیاوانیش ئەم فرسەتەیان لە دەس نەدەدا، وەک بڵێی چاوەڕێی شتێکی وابن... لە سەربانەکانەوە و لە کونی پەرژینەکانەوە سەیری قاچ و دەست و سنگی ژنانیان دەکرد... ئیتر بەیانی ئەو ڕۆژە یا هەر شەو، شەڕێ دووان دەقەوما... کەلەبەر چەند هۆیەک یەک بەوی تری دەوت:

– پای ژنەگەد چەرمییە، ئیژید خەیار ئاوییە.

– گەواد ژنەگەم لە قاپی دەرنێچدە دەشت وەعەبا نەوود توو لە کورە دیدەی؟ چوین چاوود کەفتە پی؟.

– خودا زاند.

– چوین؟

– ئیژم مەگەر خودا خۆی بزاند چوین چاوم کەفتە پی.

– ......

ئیتر هەر پیاو بوو لە هیچەوە تووشی گومان دەهات، ئەو ژنە قوڕ بەسەرەش ئەگەر نەکوژرابا، بەر تێهەڵدان دەکەوت، یان بەچەند منالێکەوە تەلاق دەدرا و تووشی مەحکەمە و مەحکەمەکاری دەبوون.

ڕاستە ئافرەتان بەپارەدان بە سەعە بەشاباشی شاییەکەیان گەرم دەکرد و سەعەیش بەزوڕناکەیەوە بەناو ئافرەتەکانا دەسووڕایەوە و گۆرانی دەچڕی بەپێکەنینی دەهێنان... بەڵام باجی ئەو پێکەنینە زۆر دەکەوتەوە، واتە پاش هەموو شاییێک بەلای کەمەوە یەک دوو ئافرەت تێهەڵدانێکی چاکیان دەخوارد و یەک دوو ئافرەتی تریش تەلاق دەدران... گەلێ جاریش نەک تێهەڵدان و تەلاقدان، بەڵکو کوشتنیش دەبووە باجی ئەو گومانە بێ مانا و پوچە.

بەهەرحاڵ نازانم ئافرەتەکان بۆ ئەوەندە حەزیان لەو دەنگە ناپەسەندەی سەعە دەوڵچی بوو، داوایان لێ دەکرد:

– سەعە گورانی ئامینێ نازەنینێ ئەرامان بچڕو بدەلەلی.

– وەبان چاو...

– سەعە گورانی کەوا لەسەر کەوایە بچڕ گورانی بەو بەو بەو بچڕ.

– سەعە گۆرانی قالی داخریای دۆشەگ لە بانی بیژ.

داواکەرەکان دەبوونە دوو بەرە، بەرەکەی تر بەکۆمەڵ و بەیەک دەنگ.

– سەعە عمرو قالّمەسن... نەچ ماو یەلەگ مۆر دووگمە چالمسەن؟[1]

– ئەی گۆزم ئستنە.

– وی سەعە کۆر ئۆلەسەن... ئای هاوار دەگیرمانچی یادودەن چختە[2].

– سەعە گێیە بورە... یاخونم ئۆل (بەچپەوە) بەیرام بەیرام[3] ز ئۆلّسن دوشمان قوربانمز ئۆلّسن بوونە چاغر!!.

سەعەش هەر شەش گۆرانییەکەی تێکەڵی یەکتری دەکرد و دەنگی خۆی دەگۆڕی و لەسەر دوو شەپۆلی سەیر بەدوو زمان گۆرانی دەچڕی و بەئارەزووی خۆی وەکو مەیمونێک خۆی دەخستە ژێر ئارەزووی ئافرەتانەوە، لێی تێک دەچوو، نەیدەزانی کامیان ڕازی بکات بەڵام ئەوەندەش زۆڵ بوو دەیزانی چی دەکات، زیاتر ئارەزووی ئافرەتە دەوڵەمەند و جوانەکانی بەجێ دەهێنا.

جار جارێکیش سەعە ئارەزووی دەستە خوشکی بووکەیان (سەعدوج) بەجێ دەهێنا، ئەوانیش لەسەر یەک هەناسەیان هەڵ دەکێشا، بووکەیش نەیدەوێرا قسە بکا و نەشی دەوێرا بجوولێ. ئەگەر میزەڵدانیشی بتەقیبایە لە ڕووی نەدەهات داوای چوونەوەی سەر ئاودەست بکات... تا زاوا لەگەڵ هاوڕێکانیان لە (چایلغ) بەنای و دومبەڵەک دەگەڕایەوە، دەنگی چەقەنە و قۆریات تێکەڵی ئاسمانی ئەو شەوە دەبوو، چ شەوێک؟ هەر قەیرە کچ بوو بەباتمانێک زیڕەوە ئاخی هەڵدەکێشا... هەر بێوەژن بوو یادەکانی خۆی دەبوونە سوژن و جەرگیان کون کون دەکرد، هەر پیرێژن بوو خۆزگەی بۆ کوڕەکەی دەخواست، هەر منداڵ بوو چاوەڕێی ڕەنگی خەنەکەی دەستی دەکرد... ئیتر ئەو شەوە گومان و ڕق و خۆشەویستی و

---

(١) سەعە کوێراییت دایە بۆچی گۆرانی ئای هاوار دەگیرمانچی لێ نادەی؟

(٢) سەعە عەمرت نەمێنێ، بۆچی گۆرانیی یەلەگی مۆر لەگەڵ قۆپچەی مۆردا ناچڕی؟



حەز تێکەڵ بەیەکتری دەبوون.

خەڵکەکەش یەکە یەکە ماڵی بووکەیان جێ دەهێشت تەنیا زاواو کەسوکاری زاوا و لەگەڵ (فەریدە) ی بەربووک نەبێ بۆ بەیانی زوو هەمـوو گەڕەگ لەبەر هەرا و هوریا بەخەبەر دەهاتن و دەیانپرسی:

– ها زاوا بی یان نە؟.

(سەید زادە) بەکزییەوە لچی شۆڕ کرد و وتی:

– نە.

– ئەرا؟

– خودا زاند.

– دوێتەگە نایلّد نزیکی بوود؟

– نێزانم.

– دیارە کوڕەگەدان بەسریاس، گریاس، دوعا ئەرای بکەن.

– نەباڵی، شەو هەزار جار لە قاپی ئەداین، جاریگ من و جاریگ پاخە سوی و هەر ئەو تین خەلاص کردید؟

شەریفیش لەناو حوجرەگەیەوە قیژە و هاوار هاواری بی هەر ئەووت:

– بچن بخەفن، حەقدان چەس لەمن، جاری بیلنەم خۆم خەوەر دەمە پیدان.

– دە پانزە جار دایمنە قاپی و هەر وەتیمنە یا (الله) تابەیانی نەخەفتیمنە، هەر لە قاپی داین و فایدەی نەوی بیژم چە گوناهی نەوود!!!.

– چە؟ بنی نیییە؟

–.......

– وەیرو نەیشن گیسد بورن، فاتە ئەرا خۆدو دۆیتە بێ بنەگەد. کی ڕوویی سەندییە... بسم الله الرحمن الرحیم... خودا دویرمان بخەد لەی پەت پەتییە لەی ڕیسواییییە خوو حەیایان چی. تارۆژ قیامەت دی نێوبرن سەریان لەناو عالّەم بەرز بکەن!!

– چە بیژم بەخت شەفەی کوڕمە توایدلە ژن بەختی بوود؟

تادوێنێ شەو شایی بوو... ئەوا ئەم بەیانییە ئەم هەواڵە درۆیە، ئەم بوختانەی (سەید زادە) بەساتێ بەهەموو شاردا بڵاوبووەوە...

شەفە شەل و سەید زادە چوونە ماڵی بووکە، باوک و برای بووکەیان هێنا... ئای کەوێنەیەکی سامناک بوو. بەستەزمانەیان لەت و پەت کرد...

کەسیشیان ئامادە نەبوو بیشۆن و بیبەن بۆ قەبرستان. نەمزانی ئامە لەو کاتەدا چۆن پەیدا بوو، خۆی لێ هەڵکرد. هەزار جنێوی بەشەفە و سەید زادە و باوک و برای بووکە دا... بەمەش نەوەستا، بەهەموو خانەقین... بەمەلا و شەرع و میری... نێرو مێ... ئەوەی بهاتایەتە نزیکی بەتف و جنێو تێی بەر دەبوو. نەیهێشت شارەوانی تەرمی بووکە بۆ قەبرستان ببەن... لە کونجەکەی خۆیدا لەگەڵ هەندێ خێرەومەند شۆردیان و بەرەو قەبرستان بردیان... شەوێ هەرچەندە دەمویست بەئامە بڵێم... ئەیە چەبی؟ ئەرا وەها هاتە پێ؟ هەر دەیوت دۆێتم توو نێفامید... زۆر بێزار بووم. گەلێ حەزم بەوە دەکرد لەم نهێنییە بگەم... کەچی ئامە ئەوەندە بێدەنگ بوو گەر نەختێ لە جێی خۆما جوڵەم بکردایە ڕادەچەڵکی تا تلیاکی کێشا و پاش هەندێ بێدەنگی وتێ:

– دۆێتم حەسەن ئاغا ئەمر کرد بکوژنەی.

– ئەرا؟

– توو جاری نێفامید.

هەر کە گەڕامەوە بۆ ماڵی خۆمان، ئەو شەوە تا بەیانی خەونی ئاڵۆز و بەیەکاچووم دەبینی، گەلێ جاریش لە سامناکی خەوێکا بەخەبەر دەهاتمەوە، نەمدەوێرا دایکم بەخەبەر کەمەوە. لە ترسانا چاوم دەنووقاندو خۆم هان دەدا خەوم لێ بکەوێتەوە. چ شەوێکی سەیر و لەبیرنەچوو بوو. هەر ئەم سەر و ئەو سەرم دەکرد، بەرەبەیان خەونێکم بینی تا ماوم لە بیرم ناچێتەوە:

لەپڕ دەنگی دەهۆڵ و زوڕناکە وەستا. مێشە پیسەکانی سەر زبڵ دانەکەی بەر ماڵی ئامە هەمموو بوونە قەلەڕەش. ئەوەندە زۆربوون بەردەم هەتاویان گرتبوو. ئەو ناوە تاریک هەڵگەڕابوو. سەعە دەوڵچی جلی پۆلیسی لەبەربوو... بەدەمانچە قەلە ڕەشەکانی دەکوشت. گوللەیەک بەر ئامە ڕەش کەوت. سەعە لە ترسا گوللەیەکی نا بەسەری خۆیەوە... بوو بەهەرا و قیژە، لەو دەنگە دەنگ و هەرا و قیژەیە ڕاپەڕیم... بەخەر هاتمەوە... ئارەقم



کردبوو... ئەوەندە ترسام ئاگام لە خۆم نەما. کوێرانە بەم لاو ئەولادا دەرۆیشتم، دایکم بەخەبەر هات.

لێم تووڕە بوو... بەزۆر خەواندمیەوە... خەوم لێنەدەکەوت ئەو شەوەم بەلاوە وەکو ساڵێ وابوو... بەیانی خۆمم گەیاندە باوەشی ئامە. خەوەکەم بۆ گێڕایەوە... وەختێ کەوشەکان لە دەمم دەردەچوون، فرمێسکیش لە چاومەوە دەهاتە خوارێ... ئامە زۆر دڵی پێم سوتا وتی:

– ئەو کەسە لە خەو بمرد یەعنی عومری لەی دونیایە درێژ بوود.

دووبارە ویستم لەم نهێنییە بگەم، کەچی ئامە حازر بەدەس بوو، زوو وتی: دۆێتم قسەی کیتاب و میتابە... توو جاری مڵاڵید نێفامید.

گەلێ نهێنی تر هەبوو نەمدەزانی چییە و مەبەست چییە... جارێکیان کچی پیاوێکی دەوڵەمەندیان دابوو بەمامۆستایەک، ماڵەکەی سەد مەترێ لە ژوور ماڵی ئێمەوە بوو... پاش ئەوەی گواستیانەوە... بەیانییەک چووم بۆ ماڵەکە... ئێستا لەبیرم نییە بۆچی چووم... ئەوەندە دەزانم بووکەکە بانگی کردم و وتی:

– بوومە قوربانت لە هویرد نەچد بچووە لای ئامە ڕەش بیژە پی جاری خۆم نەدامەسە دەس. چە بکەم؟

ئەگەر چی تێ نەدەگەیشتم ئەمە مانای چییە، بەڵام وەکو تووتی لەبەرم کرد و خۆم وا نواند کە تێ دەگەم... وەکو بێ تەل ئەم هەواڵەم گەیاندە (ئامە) ئەویش وتی:

– بچوو بیژە پی نەترسد، تا دوو ڕوژتریش خوی نەدەدە دەس خۆم چارەی کەم، هەقی نەوود... ئیسە مەردم ئیژن عادل بەسریاس.

منیش مەگەر هەر خوا بزانێ بە چ فرت و فێڵێ چوومەوە بۆ ماڵی بووکە و بەدزییەوە ئەم قسەیەم پێ وت. گیرفانەکانم پڕ کران لە چەرەس و چوکلێت.

لەبەر خاتری تۆ حەزم دەکرد هەموو بووکێ ئیشی نهێنی بە ئامە ڕەشی دایەنم هەبێ تا هەواڵ بگەیەنم و وەڵامیش بگەڕێنمەوە.

هەستم دەکرد کارێکی گەورە دەکەم... دەبێ کاری گەورەش بەنهێنی و وردی بکرێ و دوا نەخرێ... بۆیە جگە لە ئامە و بوکە، کەس هیچی لە دەمم نەدەبیست.

ئەگەر ڕایان سپاردمایە بۆ ئەم شتانە دونیا سەروژێر ببوایە دەربەست نەدەهاتم، خۆم دوا

نەدەخست و قسەکانم دەگەیاند بۆ دەمزانی چیبوو؟ نە... حەزم دەکرد بزانم، کەچی ئامە دەیوت:

– توو نێفامید.

پێم سەیر بوو. هەر پاش سێ چوار ڕۆژ بەسەر ئەم پۆستەچێیەی مندا دەنگێ گوێمی دەهەژان:

– کلێلێلێە. کلێلێە.

هەموو گەڕەگ بەجارێ دەیانپرسێ:

– ها چەبی؟

هەر بەدەنگی هەلهەلەوە چەند ئافرەتی لەسەر یەک دەیانووت:

– عادل افندی کریاوە...

چی کریاوە؟ نەم دەزانی! تەنیا ئەوە نەبێ پاش هەموو باسێکی وا خەڵکەکە ئامادە دەبوون بۆئەوەی بچن بۆ زیارەت –بۆ کەربەلا و نەجەف و کوفە– بۆ بەیانی ئافرەتان کۆبوونەوە، بەرەو ئێستگەی شەمەندەفەر کەوتنەڕێ، تا لە بەغداوە بووکە ببەن بۆ زیارەت . خزم و کەس وکار و هاوسێ ئەم جۆرە زیارەتەیان بەئەرکێکی پیرۆز و ئایینی دەزانی... دواکەوتن جۆرێ بوو لە ناحەزی... ناحەزی بۆ کرانەوەی بووکە!! قوربانی و نەزریشیان سەردەبڕی، دایکم و نەنکم لەم جۆرە زیارەتانەدا دەبوونە سەر قافڵە.

گەلێ جاریش بەبۆنەی زیارەتی ئاوهاوە هەرچی ناحەزی و ناخۆشی هەبوو هەموو دەتوایەوە و، ئاسوودەیی شوێنی دەگرتەوە.

گەیشتینە بەغدا. وەکو هەموو جارێکیش دەستم بەدەستی (ئامە)ی دایەنمەوە بوو. لەوێشەوە بەپاس قەمەرە بەرەو نەجەف کەوتینەڕێ، دایکم و نەنکم بۆ عەبا و پەچە وردەواڵە کڕین کەوتنە ناو بازاڕەوە و سەفریان دەکرد... هەستم بەسەربەستییەکی تەواو دەکرد. لەگەڵ ئامەدا دەسووڕامەوە، دایکم و نەنکم کە خەریکی شت کڕین بن خواشیان لەبیر دەچێتەوە... لەگەڵ ئامە بەرەو گۆڕستان چووین، دەیوت:

– بەو ڕووڵە، نەترس... گورگ نێخۆدەد.

– ئەرا کوورە؟.



– دایگد ئەوان چینەسە بازاڕ ئەرا چشت سەندن کەس وەکەس نییە منیش پارەم نییە، لە بازاڕ چە بکەم؟ بەو بیلا بچین ئەرا قەورسان.

بەو نیوەڕۆ گەرمە بردمییە گۆڕستانە گەورەکەی نەجەف، لەبەر پێخاوسیم زوو زوو هاوارم دەکرد.

– پام سوزیا نێتوانم ڕی بکەم.

ئامەیش هەمیشە ئەم قسەیەی دووبارە دەکردەوە:

– بەو بخەمەدە بان قەلەشانم.

یەکە یەکە دەستنیشانی مردووەکانی دەکرد، دەیوت:

– ئەیە خودا، ڕەحمی بکەد سەلەف خۆر بی. ئیژن ئەو کەسە سەلەف بخۆد لەو دونیا بوودە وەراز. هەروەها ئیژن مردییەگە لەناو قەورەگەیەوە وەشکڵ وەراز تێدە دەشت... فامستی خودا ڕەحمی بکەد بیلا فاتیحایەگ ئەرای بخۆنم.

منیش زوو زوو پرسیارم دەکرد. گەلێ پرسیاری وا هەبوو زیاتر لە سەد جار دووبارەم دەکردەوە و دەموت:

– دایە ئەی قەورانە چەنی فرەن ڕەسنە کوورە دایە؟

– بنیان نییە، ئەی زەوییە قوومە، مردییەگان، لەناوی گووم بوون.

– ئەرا کوورە چن؟

– ئەرا ئەو دونیا خودا زاند.

– چوین؟ ئەرا توو نێزانید؟

– هەم وەتید چوین... ئیژن.

– ئاخر توام بزانم.

– بەو بچینە ئەو دیم، تەماشا بکە لەیراوە وە پارچینە چنە خوار خاس تەماشا بکە.

ژێر زەمینەکە زۆر گەرم بوو. ناونیشانی مردووەکان وەک بۆکس فایلە یەک لە تەنیشتی یەکەوە ڕیزکرابوون. ئامە دەیوت:

– لەژێر پادیش مردی هەس.

چاوم بڕییه بنمیچی ژێر زەمینەکە، دووبارە پرسیارم دەکرد:

– ئەرا لەژێر زەوی نێنەنەیان؟ ئەرا وەک قەورەگان خۆمان هن پاشا کوپری نین؟ ئەرا لەقەی یەکترین؟

– ئەیانە گشتیان یەگ ماڵن... باوگ و باپیر و کوڕ و دۆیت و وەوی مەلاڵ، ئەی ژێر زەوییە سەنریاس.

– وەچەنی؟ ئەرا ماڵە؟.

– وە سەد وە دوو سەد دینار، خودا زاند.

– هەڵس بچیمنە دەشت بوون مردی کاسم کرد.

بەقاڵدرمەکەدا سەرکەوتینە سەر زەمین... بەرەو ئەو خانووە باغە کەوتینە ڕێ کە لە ناوەندی گۆڕستانەکەدا بوو... خانوویەک یەخچاڵ و تەلەفونی تیابوو. ئامە دەستی گرتم و بردمییە ژوورەوە و بەعەرەبی لە کابرای پاسەوانی پرسی:

– ئەیە قەورە هن کییە؟

– قەبری فرۆکەوانێکە لە دیجلەدا مەلەی کرد و خنکا.

– ئەی ئەو تەلەفونە چەس؟

– دایکی لێـــرە دایناوە... دایکی شـــێت بووە... دەڵێ بزانم ڕۆژی هەینی دڵی چ خواردنێکی دەوێ بابۆی لێنێم... تەلەفونی بۆ دەکات... من وەڵامی دەدەمەوە منیش درۆ دەکەم... جاری وا هەیە دەڵێم خەوتووە... دایکیشی دەڵێ تووخوا هەڵی مەسێنە دیارە هیلاکە با بۆ خۆی بخەوێ.

– ئەی ئەو بیبی مەتووە (تووتی)یە چەس؟

– ئەویش هەر دایکی لێرە دایناوە دەڵێ با دڵی کوڕەکەم تەنگ نەبێ.

بەکورتی ڤێللا بوو، هەموو شتێکی تیادا بوو، ئیتر ئامەش وەکو من لە پرسیارکردن نەدەکەوت، لە هەموو شتێکی دەپرسی... سەیری قەنەفە و کورسی و ژووری نان خواردن و هۆڵ و بخورد و جگەرەی دەکرد. ئامە بەکابرای وت:

– ئیمە ورسگمانە.

– دانیشن هەر ئێستا.



لە دە دەقیقە کەمتر هەموو شتێ حازر بوو... دەستم بۆ نان برد و هاوارم کرد:

– ئامە زوانم سوزیا.

– ئاو بخۆ.

کابرا زیاتر لە دوو سێ پاکەتە جگەرەی غازی و ترکی و لۆکسی دا بەئامە و ئامەیش بایی جگەرە و نان خواردنەکە فاتیحای خوێند.

هاتینە دەرەوە بەئامەم وت:

– میزم تێد لە کوورە میز بکەم؟

– لەورا.

پەنجەی بۆ لایەک ڕاکێشا، چوار قەبر بەتەنیشتی یەکترییەوە وەکو قەبرەکانی پاشا کۆپری وابوون وتم:

– گووناحە میز بکەم وەبان مردییەگان.

– میز بکە و حەقد نەوود.

– نێدوینی ئەوە دوو پیاو و ژنیگە لەوران لەورا نیشتنەس.

– یەکیگیان سەیدە مارەی ئەو ژن و پیاوە بڕد ئەرا سەعاتیگ و، دوان، یەگ ڕوژ دوو ڕوژ دویاخر تەڵاقی دەد.

– ئەرا؟

– ئووە... وڕ بیم ئەیە وەپی ئیژن سیخە.

– سیخە چەس؟

– نایژم فرە نەپرس.

– ئاخر دایە توام بزانم.

– ها... ئەی عالەمە لە گشت لاییگ ئەرا زیارەت تێنە ئەیرا ئنجا بیوە ژن و کرمنەگان تا مانگی لەیرا مینن و ئنجا شوی کەن.

– هەر لە قەورسان مارەیان بڕن؟ ئەرا حوجرەی قەنەفەیان نێیە؟!.

– نە، لە بازاڕ... لەناو ئیمام... لەسەر دووکان... لە گشت شوینیگ... بیلا بچینە ئەولا

میزەگەد بکە تامنیش دوو فاتیحا ئەرا (.........) بخۆنم.

– ئەیە قەور کییە؟!

– ئەیە قەور جدە (فەیمە)س... خودا ڕەحمی بکەد فرە پولەکی بی چەند ژن لەژیر دەسی مردن... مامانیگ خاس نەوی... ئا... ئەیە ئاخر یەسی... ئاخر شەڕ... ئەوەنە پارە جەم کرد... تا سەر لەلی شیویا پارە... پارە. وەها ئەزانست وەدادی ڕەسن... بەڵام چەند جار ئەوتمە پێ: خاسی بکە و فرەی بدە ناو ئەڵوەن... وەقسەم نەکرد!! عالەمەگەش لە وەخت تەنگانە ئەچینە شوینی و ئەووت:

– تاقەتم نییە وەی نیوە شەوە بام... سەرم ژان کەد.

ئەوتنە پێ: چەنی پارە تواید دەینە پیید.

ئەیییش ئەگەر بزانستاد دەوڵەمەنن زوی خۆی و چەقوو... و... و... تڕ و تەشقەڵەگەی وەرەو ئەو ماڵە دەوڵەمەنە ئەکەفتەڕی... ئەگەر بزانستاد فەقیرن نەئەچی... ئەگەر ئەو ژنە سێ ڕۆژ ژان بگرداد هەر نەئەچی... دی تا ئەمردن. یا وەهەزار ئەزیەت ئەو ژنە فەقیرە منالەگەی ئەوێ و فەیمەیش هەر گووش نەئەتەکان ئەگەر ئەو ماڵە فەقیرە فرە تەنگاو بیاتان ئەوە زوی ئەهاتنە شوین من (هە، من فاتە بەلاشم)...

ئنجا ڕووی لە گۆڕی فەیمە کرد:

– ئێ فەیمە ئاخر شەڕ، کوڕەگەد... پارەگەد... دۆیتەگاند ئێ وەفکرد تێد پارەگەد گولیلە ئەکردید و ئەخستیدەی ناو چاڵ... ئیسەگیاند لەناو چاڵە... بیلا ئەو پارەیە بتواند گیاند لەی چاڵە دەربکەد. بزانم تویند؟! چاود کوور بی قمشی نەکردید عەمەلیاتی بکەید، ئێکە زینگ بید، گووش لە کەس نەئەتەکانید ئنجا ئیسە!

ئەمویست تێم بگەیەنێ کەمەبەستی چییە... یا بەزمانێ باسی ئەم شتانەم بۆ بکات. کەمن تێی بگەم کەچی زوو وەڵامی دامەوە و وتی: کەی گەورا بید خۆد فامید.

لە دەستی گرتم و وتی:

– یاڵڵا بیلا بچین دویاخر حەیامان بەن، توو زوی میزەگەد بکە منیش فاتیحا خۆنمە بان ئەی قەورە.

لە قەبرێک نزیک بووەوە و ڕووی لە من کرد و وتێ:

– ئەیە قەور ژنیگە ناوی (نەنە ئەڵماسە) خودا عافی بکەد کاری خراو بی. چەند دوێت



و ژن لەوەر دەسی بێن لەو دیو کۆردەرە ماڵیگ گەورا داشت جیگەی قەچاخچی و هەرچیوپەرچی و هەرزە و مەرزەی خانەقی و ئەو ئاوایییانەی چوار دەوری (نەنە ئەڵماس) ئەناسین. ماڵ هەزار کەس ویران کرد دوێت و بیوەژن و فەقیر هەڵخەڵەتان. ئەگەر هەر ژنیگ جوان بیاتاد ئەوەڵ جار وەک دایگ خۆی نیشان ئەدا... دویاخر ئەرا خراو ترین کار ڕەوانەیان ئەکرد... لەو ماڵە چەند ژنیگ کوژریا، چەند کەسیگ زامدار بی... حکومەت دوای گشت شەڕیگ حەوشەگەی خشت کلیل ئەدا دویاخر حەسەن ئاغاوە واستە ماڵەگەی ئەکردەوە.

– ئەرا؟

– حەسەن ئاغا دۆست نەنە ئەڵماز بی... دویت جوانیش ئەرای ئەهاورد.

ئامە ڕەش ئنسکلۆپیدیای من بوو. تاگەیشتە لای دایکم و نەنکم و ئافرەتەکان، هەر قسەی بۆم دەکرد... هەر کەدایکم ئێمەی بینی هێرشی بردە سەرمان و وتی:

– ئامە گیس بڕیایێ! وەپەن کریای! لە کوورە بید؟ ئەیە دوو سەعاتە چاوەڕید کەیمن...

– چیمە قەورسان...

– ئەرا خوو باوگ و دایگد لەیرا گوڕ وەگوڕ نەکریانە ئەراچیدە قەورسان؟.

– تا دوو سێ فاتیحە بخۆنمە بان مردییەگان.

– ئیسە وەخت فاتیحەس؟ تلیاکەگەد لە کوو و فاتیحا لە کوو؟ ئەی ملاڵە ئەرا بردید؟ لەوورسگی نەمرد؟.

– نە نان خاس خواردیمن... فرە خۆش بی.

– لە قەورسان چوین نان خواردن، ئیمە لەیرا وە کەواو پیس خۆمان تیر کردین،، واللە باوە دی چەتوای؟. بەختد هەس خودا نیرد ئەراد... زیارەت کردید؟.

– ئیسە کەمەی.

منیش لەم گفتوگۆیەی دایکم و ئامە ڕۆحم چووبوو و چاوەڕێی ئەوەم دەکرد دایکم کەزیم بگرێ و بمدا بەعەرزەکەدا، هەرچی خەڵکی نەجەف هەیە نەتوانن لەژێر دەستی ڕزگارم بکەن... بەدزییەوە سەیری دەموچاوی دایکم دەکرد. ئەمزانی چۆن لەپڕ پەلامارم دەدات و دەستم لێ دەوەشێنێت... منیش وردە وردە هەر بەرەو دواوە دەچووم... ئەگەر نا پەلامارم

بدات دەستی پێم نەگات و ڕابکەم...

خوای دەکرد بەپێ لە نەجەفەوە بگەڕێمەوە بۆ خانەقی... بەلامەوە ئاسان تر بوو لەوەی بکەومە بەر دەستی دایکم، خۆ ئەوەندە بەکافرانە لێی دەدام دەربەستی ئەوە نەدەهات لەژێر دەسیتیشیدا بمرم...

هاوارم دەکرد بێ فایدە بوو... دەمقیژان کەس نەدەوێرا دەستی بگرێ... باش بوو، دیارە ئەم جارە لێم نادات یا لەبیری چوومەتەوە، ڕەنگە بەهەرزان بوخورد و عابا و پەچەی دەست کەوتبێ.

دایکم وە ئامەی وت:

– یاڵڵا دی بچوو وەچەمەری گیاند، زیارەتەگەد بکە.

ئامە دەستی گرتم، بەرەو ژووری چووین و بەدەوری ئیمامەکەدا سوڕاینەوە... هاتینە دەرێ و لە حەوشەکەدا وەستام و سەیری ئەو مردووانەم دەکرد کە لەسەر (قەفەس و بەئەرحەم) پۆشرابوون و بەچوار دەوری ئیمامدا دەیانسوڕانەوە... دوو دیمەنی زۆر سەیرم بەدی کرد.

هەرچییەکم کرد (ئامە) بۆم باس بکات بێ سوود بوو... لە ناوەندی حەوشەکەدا سەرم وەکو جۆلانە دەهات و دەچوو... ئەگەر بکرێ وێنەیەکی کاریکاتۆری بۆ سەرە بچکۆلەکەی ئەو سەردەمەم بکێشرێ وا دەزانم ئاوەها دەکەوێتە بەرچاو...

سەرم بووە دوو بەشەوە. بەشێکیان:

گوێیەک، چاوێک، کونە لووتێک. نیودەم... ئەو بەشەی تریشیان بەقەد ئەمەی تر بوو و لە سەرێکدا کۆببونەوە: دیمەنی یەکەم لە نزیکی ئاودەستخانەکەوە چەند خشتێکیان هەڵکەند و پانکەیەکی بچووکیان هێنا بەوایەری سەیار خستیانە کار، بۆئەوەی بۆنی ژێر زەمینەکە هەندێ دەرکاتە دەرێ و فێنکی کاتەوە... کوونە لووتێکم پڕ بوو لە بۆنی سەیر، بۆنێکی کوشندە لەناو کونە لووتێکما پاڵەپەستۆی مێشکمی ئەدا... کابرایەک دابەزییە ژێر زەمینەکە و مردووەکەیان بۆ شۆڕکردەوە خوارەوە، کابرا هاتە دەرەوە خشتەکانیان خستە جێی خۆی و بانی ژێر زەمینەکەیان داپۆشییەوە.

دیمەنی دووەم: لە حەوشەی ئیمامەکەدا پەنجا مەتر لە نزیک مەرقەدەوە باغچەیەکی جوان و چەند موحەجەرێک... زیاتر لە سەد کەس ژن و پیاو بەسیمای هەموویاندا دیار بوو



دەوڵەمەندن... بەدیار مردووەکەوە دانیشتبوون، بۆنی بوخورد و کافور وعەتر کونە لوتێکمی پڕکردبوو، چەند زەلامێک بەبەردی مەڕمەڕ مردووەکەیان لەناو باغچە داپۆشێ... ئەم دوو دیمەنە هەردووکی لە یەک کاتدا بوو... منیش لە نێوانی ئەم دوو دیمەنەدا سەرم وەکو بێشکە دەهەژا، جارێ بەلای چەپا... یەک دوو زەلام بەپەلە و بۆڵە بۆڵ، ئیش دەکەن، بۆنی ئاودەستخانە و بۆنێکی ناخۆشتر...

ئەمجا بەلای ڕاستدا... هەندێ دەموچاوی گەشاوە، بەهێمنییەوە کاریان دەکرد و لەژێر لێوەوە قسەی ستایشیان دەکرد و فرمێسکیان بۆ دەڕشت. گوێی چەپم دەیبیست:

– یاڵڵا دەی بڕۆن... ئیتر تەواو... ئەوا نێژرا... خوا عەفووی بکا... خۆی و کردەوەی خۆی... چی لە ناوچەوان نووسرابێ هەر ئەوەیە... خوا کەریمە حیسابی خۆی لەگەڵا ئەکات... دەی مەوەستن بڕۆن یاڵڵا بڕۆن، ئەوا ئیتر...

گوێی ڕاستیشم ئەمەی دەبیست:

– فەرموون ئەوە گەیشتە دار البقا و ئینشائەڵڵا لە بەهەشتە خوا خێری بنووسێ. زۆر پیاوی چاک بوو... ئێوەش خوا سەبووریتان بدات، مردووی هەموومانە، بەتەنیا هی ئێوە نییە.

گوێی چەپم: دەی قەرەباڵغی نەکەن... بڕۆن... مەوەستن... ئەرێ کوا خاوەنەکەی؟ دینار و نیوێک پارەی... کوا لە کوێیە؟... پارە... ئەی بێ شەرەفانە خۆ... دەک عەمرتان نەمێنێ...

گوێی ڕاستم : زۆر مەمنوونتانین... عەمرتان درێژ بێ.

گوێی چەپ: تف لەعنەت لە گۆڕت.

گوێی ڕاست: هەزار ڕەحمەت لە قەبری بێ.

چاوی چەپ: یەک دوو زەلام بەپەشۆکاوی بەدوای خاوەن مردوودا دەگەڕێن!!.

چاوی ڕاست: هەموو بەهێمنییەوە دانیشتوون و هەندێکیان بەدەستەسڕ فرمێسکی چاویان دەسڕنەوە. ڕاست چەپ... ڕاست... چەپ، سەرم هەروەکو جۆلانە دەهەژا...

وەستان لە نێوان دوو دیمەنی دژ بەیەک، لە یەک کاتدا دەبێتە هۆی ئەوەی مرۆڤ دابەش کات و بەپێی کاریگەری یەکێک لە دیمەنەکان سۆزی هەڵچێ و بەلایەکا خۆی ببینێ، واتە پشتگیری کردنی هەر لایەک بەستراوە بەجۆر و شێوەی دەرکەوتنی و ڕادەی کاریگەری جا

نەمزانی بۆ کەم کەس سەرنجی بۆ دیمەنی (چەپ) دەچوو و زیاتر سەیری دیمەنی ڕاستیان دەکرد... ئەشێ دیمەنی لای چەپم یەکێک بووبێ لەو دیمەنە دووبارەکراوانەوەی کە لە ڕۆژێکا دەیان جار دووبارە دەبنەوە و دیمەنی لای ڕاستیش یەکێک لەو دیمەنانەی کە ڕەنگە لەمانگێکدا یەک جار کەسێکی دەوڵەمەند نەمرێ... مردنی هەژار هەر ماڵ وێرانی نێیە... نەفرەت و تف و جنێوە... هەژار لە مردنیشا کەس دانی خێری پێدانانێت... سەیر ئەوەیە... ئەوە جنێو بەمردووە هەژارەکە دەدات هەر سەر بەهەمان چینە و ئەشێ هەژاری تریش بێ... ڕەنگە لە کاتی ئەوهادا جنێو مانای جنێوی نەبێ، جۆرێ بێ لە دڵدانەوەی خودی، ڕەنگە لە ڕێی ئەو جنێوەوە ئەو ڕۆژەی بکەوێتە یاد کەدەمرێ و نییەتی و خەڵک دەخاتە ئازارەوە...

وەکو خول خولە بەدەوری خۆما سوڕم دەخوارد هەتا ئامە ڕەش دەستی گرتم وتی:

– دوێتم بەو بچین.

– نایەم.

– ئەرا؟

– توام بزانم.

– چە بزانید؟

– ئەی دوو مردییە.

– کامانە؟

بەوردی باسی چاوی چەپ و چاوی ڕاست و گوێ و کوونە لووتی چەپ و ڕاستم بۆ دەکرد... کەچی دووبارە گوێم لە وەڵامە ئاسایی و کوت وپڕییەکەی بووەوە.

– توو ملاڵید... نێفامید گەورا بووید خۆد فامید... نەوەتم فرە مەپرس!!

بەتووڕەییەوە وتم:

– د نە... تنیش !! گەورا بووید گەورا بووید!! کەی گەورا بووم؟

– چەندساڵکی تر...

– هەو چەند ساڵێگ تر... من ئیسە توام گەورا بووم ئەرای چەمە دوای چەند ساڵێگ تر...



کەحەزم دەکرد گەورە بم نەک بۆ ئەوەی وەکو دایکم و نەنکم و هەموو ئافرەتانی گەڕەکەکەمان عابا و پەچە بەخۆمدا بدەم و بەچەرغەت و بۆیەمە سەرم بپۆشم و تا بەگەورەم بزانن و گوێ لە قسەکانم بگرن... مەبەستم ئەوە نەبوو بەڵکو نیازم ئەوەبوو کە جارێکی تر لە پرسیارێکما پێم نەڵێ هێشتا منالّی کەی گەورە بیت خۆت دەزانی... نازانم بۆ ئەوەندە ڕقم لەم وەڵامە دەبووەوە...

خەریک بوو پێی بڵێم: – ئەی ئەو گۆڕ هەڵکەنانە گەورەن، بۆ نافامن بەو مردووە ئیژن گوڕ وەگوڕ... بۆ نازانن مردوو گوێی لێ نییە و گوناهی نییە...

نەیهێشت قسەکانم تەواو بکەم و بێ ئەوەیش لە مەبەستم تێبگات وتی: بەو بچین... ئیسە هیلنەمانە جی.

دەستی گرتم بەناو حەوشەی ئیمامدا وەکو کوچکووچە ڕایکێشام. زیاتر لە چەند جارێک پێم هەڵ ئەنگووت و خەریک بوو بەدەما بکەوم...ڕایدەکێشام... سەرم هەر ڕاست و چەپی دەکرد... تا چووینە دەرێ هەر ئاوڕم لە ڕاست و چەپ دەدایەوە... ئەو دوو دیمەنە بووە مایەی ئەوەی زیاتر لە وەخت و ناوەختدا بپرسم ئەگەرچی ئەمزانی ئامە پێم دەڵێ زۆر مەپرسە گەورە بیت خۆت تێ ئەگەیت، کەچی زیاتر لە جاران دەمپرسی و گوێم لە وەڵامی ئەو نەدەگرت. ئەو شتانەی کەئامە بەوردی نەیزانیبا دەیوت نازانم... ئەوەی مەبەستی بووایە لێی نەدوێ... دەیوت گەورە بیت خۆت تێ ئەگەیت... من دەمزانی هەرکاتێ تلیاک بکێشێ خۆی وەڵامی ئەوانە دەداتەوە کەپێی دەوتم گەورە بیت... بۆیە حەزم کرد بەپەلە بگەڕێینەوە بۆ خانەقی تا تلیاک بکێشێ و لە خۆیەوە دەس بەباس کردن بکا.

سواری پاس قەمەرە بووین... بەهەر جۆرێ بوو لەناو پاسەکەدا بووکەکە خۆی گەیاندە ئامە، هەموو ڕوخساری بووکەکە دەبریسکایەوە. لە دڵەوە دەیوت زۆر زۆر مەمنونم ئامە... هەفتەیەکی تر جەژنە، جەژنانەیەکی باشت دەدەمێ... ئامەش سەری بادا و بەئەسپایی پێی وت:

– هەیهو کاکەی هو گووش مەتەکن... ئەوەنە پینەی وەها کردمە مەگە هەر خودا بزاند... گوش مەتەکن.

ئەمەش نهێنییەکی تر... دەمزانی شتێکی نهێنی هەیە و پینەی دەکەن... نەم دەزانی چییە!.

***

ڕەنگە نەتوانرێت بەچەند ڕستە و لاپەڕەیەک باسی ڕۆژێک بکرێت... بەتایبەتی لەخانەقیدا، ئەو ڕۆژەی کەمانگێ لەوەبەر هەموو خەڵکی خۆیان بۆ ئامادە دەکەن، ڕاستە لە هەموو شاراندا وایە چەند ڕۆژێ پێش جەژن خەڵک خۆیان ئامادە دەکەن، بەڵام خانەقی نەک تەنیا جیاوازە بەڵکو ئەوەندە جیاوازە، ئەو جیاوازییە بووەتە دەستوور.

ئێوارەی عەرەفات (کوشتار)، سەر قەبران دەبێتە ڕۆژی حەشر. هەر مەلا و حافزە هەریەکە قورئانێکیان بەدەستەوەیە، بەپەنجا فلس (یاسین)ێک دەخوێنن... لەسەر قەبری دەوڵەمەندەکان بەجارێ لە یەک کاتدا دەنگی دە مەلا تێکەڵ دەبوو و هەریەکە بەئاوازێ دەنگی بەرز دەکردەوە. ژنانیش بەهەیوە شێرە و هەی ڕۆ و هەی ڕۆ و واوەیلا و شین و لاوانەوە دەبوونە کۆرسی ئەو (قورئان خوێنانە)... ئنجا ئەگەر کەسێ مردووەکەی (یەکەم جەژنی بووایە، ئەوا لەبەر قەرەباڵغی کەس بەکەسەوە نەدەبوو... هەر یەکە و بەپێی توانای لە موجامەلەدا سەر قەبرستانی دەکردە مێزی (مفاوضات)، بەدیپلۆماسییەتەوە دەهاتە مەیدان... گەلێ وێنەی جەرگ بڕ لەو ئێوارەیەدا دەبووە سوژن و جەرگی زۆر کەسی کون کون دەکرد... ئەو وێنانەش لە ڕوخساری ئامەی دایەمدا ڕەنگیان دەدایەوە... ئەویش، ئامە، هەر لە نیوەڕۆوە دەکەوتە ڕێ... منیش هەروەکو ئەوەی کەئەرکی سەرشانم بێ وەکو سێبەری خۆی لێی جیا نەبمەوە دەکەوتمە دوای... ئامە نەک هەر لەسەر ئەو قەبرە تەنیا و غەریبانە دەوەستا کەکەسیان بۆ نەدەهات، بەڵکو دڵی ئەو کەسانەشی دەدایەوە کەتەنیایی و بێ کەسی ببووە سەرباری هەموو برسییەتی و غەم و دەربەدەرییان. ئەو قەبرە هەڵنەگیراوە خەریکە لەگەڵ زەویەکەدا تەخت دەبێ... کەسی بەسەرەوە نییە تەنیا (علی اکبر) و دوو سێ مناڵ نەبێ.

– ئامە چە بکەم... ئەی ملاڵە یلمە کی ئیوەتیان بکەد؟ کەسیان نییە ؟!.

– خودا کەریمە.

– بەیانی عەیدە و جاری گەنیانەس.

– شەو بنیرەیان خۆم بەمەیانە حەمام...

– خاس ئامە خودا خێرد بنویسند.

ئەم وشانە ئەو ڕۆژە زۆر دووبارە دەبوونەوە... لەسەر قەبرێکی تر تەنیا (فەوزیە) و کچە بچکۆلەکەی نەبێ کەس نزیکی قەبرەکە نەبوو.



فەوزیە بە ئامەی وت:

– ئامە من گوناحم چەس ئەیە سێ مانگە عالەمەگە وەبوونەی (دەستی بۆ قەبرەکەی درێژ کرد) ئەی جوانەمەرگە شمارنە پییم و نەفرەت لەلیم کەن... من گوناحم چەس ڕەحمەتی پیاو کوژبێ. ئاخر دایە من چە بکەم ئەیە کوشتن، منیش ڕاسی تواید ڕوژی باد دۆیتەگەم بکوشن یا خراوی بکەن... ئامە چە بکەم؟ خۆم و ئەی دۆیتە ڕوی وە کوورە بکەین؟

– ڕووڵە قار مەخۆ خودا کەریمە.

– ئاخر خودای چە، ماڵم کاوڵ بییە ؟!

– زانم گووش مەتەکن. ئیوارە بەوە ماڵمان... نەترسید...

– ئاخر.

– من ئیژم نەترس.

– کەس وکارم قەبوڵ نێکەن.

– د بیلا بڕەسنە دادد... ئەرا ئەوە گوزەران بکەید.

– ئاخر.

– نەترس دی... ژنەگەی مردییە و کوڕ خاسیگە شوی بکە پی.

–...

– دوێتم جاری جاهڵ و جوانید... خودا قەبووڵ نێکەد وە بیوەژنی بمینید. عالەمیش لە خودا نێترسن خراو ئیژن... دویاخرکی ئیوەت دوێتەگەد کەد؟ کی بوودە خاوەنی؟ سوو دسوو عازەو بوود... باوگد هە، براگەد؟ تڕحەو ئەرا ئیباو هە ئیباو دۆیتەگەد گەورا کەد هەی هەێ... چەکردنەس ئەراد؟.

– وە خودا میم ئامینە _ قسەی خۆمان بوود _ هیچ ئەیە دوو مانگە کرای حوجرەگەم نەدامەس، خاوەن ماڵەگە دوێکە ڕسوام کرد لە وەردەم عاڵەم گسەعاتی تێدە گیانم و قاب و قەزانەگەم فرە دەدە دەشت و عالەم جەم کەد وەبانم، ئیژد دەربچوو، ئاخر کورەم هەس، وەکورە بچم؟ باوگ ئەرا خۆی خاسە! برا ئەرا ژن خۆی خاسە کی؟ ئیباو ئەرا کار ماڵ خۆی وەڕی خەد؟ ئەیە دوو مانگە ژنەگەی فرە دایەسە بان باوگم، باوگمیش ئیژد عەیبە، دۆیت عالەمە، ئەگەر ئیوەتی نەکەم حەیام چد. بەس وەبان حەیای دوێت خۆی نێترسد، لە قسەی

عاڵەم ترسد؟ نەوەک تانە بدەن لەلی. پیرەکە ئەرا ماڵ ڕەشید ئاغا نان کردم دەسم ها (تەماشای بکە) گشتی سوزیا، (خوو تۆقڵەگان دوینید) پارەگەش هەر نیزانم دامەی چە بەش هیچ چشتیگ نەکرد، بەرەکەتی نەوی، چونکە چاویان وەشوینی بی، مچەش لەو ڕۆژەوە شوی کردمەس، قسە وەگەلم نیکەد ئاخر مچە ئەرا؟ ترسم دایگمیش تەماشای دەمی کەدو ئەگەر قسە بکەم وەگەلی ئیژد (د بخۆرەی وەتیمن شوی وەی (پیاوکوژە) مەکە – دەست بۆ قەبرەکە دەبات– عارەق خۆر و شلاتیەنەکەی بەیانی دوو بەیانی خەدەدە بان ساج عەلی؟!...) ئامە بیژ چە بکەم بوومە قورباند خۆد خاس زانید. شەرم کەم دەس ئەرا عاڵەم دریژ بکەم و دوو برا و باوگ مل قەوی دیرم.

– شوی بکە ئەرا خۆد.

– واللهی لە ڕویم نیتیەد دوو شوی بکەم جاری...

– ئەرا دزی کردیدە؟ حیزی کردیدە؟ من ئیژم کوڕ خاسیگە کەسی نییە بەس دو مڵاڵ دیرد و کاسب کارە.

ئەو دیمەنە جەرگ بڕەی (عەلی ئەکبر و فەوزیە) لە ئێوارەی جەژندا، هەرکەسێ لە کونجەکەی ئامەدا ئەو دوو زەردەخەنەیەی بدیبا هەستی دەکرد کەمرۆڤ لە هەموو کات و سەردەمێکدا و پاش هەموو کارەساتێک هێشتا ژیان ئەوەندەی بەبەرەوە ماوە کەتەنیا ساتێکی حەقیقەتی هەموو ئەشکەنجە و ئازارەکان بتوێنێتەوە لەناو کارێکی مرۆڤایەتیدا کەکێشەی دوو کەس لە بۆتەی چارەسەرکردنی ئاوارەیی منالانی بێگوناەدا دەست نیشانی ژیانی ڕۆژانی داهاتوو بکات...

(علی اکبر) منالەکانی بۆ لای ئامە هێنا بوو بۆ ئەوە ئامە بیانشوات... فەوزیەیش هاتبوو بۆ...

منالەکان چەندێ چلکن بوون... دەستە زبرەکەی ئامە خاوێنی کردنەوە... کێشەی فەوزیە و علی اکبر چەند دژواریش بوو قسە ناسکەکانی ئامە خاوی کردەوە... جەژن بووە دوو جەژن.

فەوزیە شوی بە علی اکبر کرد... ئامە لە هەردووکیان بەختەوەرتر بوو... منیش ئەگەر چی لە کاکڵەی ئەم بەختەوەرییە تێ نەدەگەیشتم، بەڵام ئەگەر بڵێم لە هەموویان بەختەوەرتر بووم ئەوا زۆرم بەسەرەوە نەناوە، بەختەوەری بەلای منەوە تەنیا بەختەوەری ئامە بوو،



هەروەها ئازار و غەمیشم هەر هی ئەو بوو.

لەبەرئەوەی ماڵەکەمان لە تەنیشتی مزگەوتەکەوە بوو... بەیانیانی جەژن زوو لەگەڵ شەفەق لە خەو هەڵدەسام، بەو دەنگە خۆشەی مەلا ڕەفعەت کەسورەتی یوسفی دەخوێند، هەزار خەیاڵی سەیر سەیر لە مێشکما دروست دەبوو. لەگەڵ دەنگدانەوەی (الله اکبر الله اکبر لااله الا الله... الله اکبر ولله الحمد)ی سەماعەی مزگەوت، لەبەردەم دەرگای مزگەوتا نەجیبە عەرەب وەکو هەموو ڕۆژانی هەینی بەرماڵێکی دادەخست و دەپاڕایەوە، بەڵام جەژن ئەوەندە پارەی بۆ دەهات سەر بەرماڵەکەی پڕ دەبوو... زۆر حەزم لەوە بوو لەبەردەم مزگەوتدا ئەو خەڵکە ببینم یەکتری ماچ دەکەن و بەیەکتری دەڵێن:

– عەیدد موبارەک، عەید شەریفد موبارەک، وەبان خۆد وەبان کوڕەگاند. ئینشەڵڵا ساڵێک تر لە ماڵ خودا حەج کەید. گەردنم ئازا بکە. گەردند ئازا بوود ئەرا ڕۆژ قیامەت...

باوکم لە نوێژ دەگەڕایەوە یەکە یەکە هەموومانی ماچ دەکرد... نانی جەژنمان دەخوارد و دایکم یەکە یەکە ئەی گۆڕین. گوڵاوی نەجەف (مسقطی) ئەکرد بەسەرماندا و جەژنانەمان وەردەگرت بۆ جۆلانە.

کراسی تازە زەرد و سوور دەبریسکایەوە... لەگەڵ منالاندا بەرەو (چایلغ) بۆ سواری جۆلانە و گۆرانی چڕین... ئیتر چایلغ لەو ڕۆژەدا نەک تەنیا نموونەی هەموو جیهان بوو بەهەموو دژایەتییەکییەوە، بەڵکو مێژووی هەموو مرۆڤایەتی لە ڕوخساری ئەو چەند سەد منالەدا بەوردی دیار بوو. دەستەیەک لە منالان دەستیان بەدەستی باوک یا برا گەورەوە بوو و بەرەو جۆلانە و یاری منالان دەچوون، هەموو جل و بەرگی نوێ و پێڵاوی تازە و گیرفانی پڕ لە تۆو کوولیچە و... و... و دەستەیەکی تر لەناو خۆیانا دەستی یەکتریان گرتبوو.

لەم لاشەوە منالێکی شڕ، دەموچاو چلکن، بەسەرنجێکی زۆر سەیر، سەیری منالە خوا پێداوەکانی دەکرد و بەملیار پرسیاری بێدەنگی تێکەڵ بەسەرنجەکانی دەبوو... منالێکی چلکنی تر تەبەقێک شەکەراتی پێیە (جا کێ لە ڕۆژی وادا شەکەرات دەکڕێ؟) منالێکی تر چاوساغی کوێرێکە بەناو خەڵکەکەیا گڕی دەدا و سواڵیان دەکرد. یەکێکی تر قوماری لگاوی داناوە... یەکێ ئاو دەفرۆشێ. یەکێ هەر هاوار دەکات:

– باقله باقله بان لەدەسدان چد باقلەی خاس.

– چنجگ چنجگ قەسقەوان، قەسقەوان ن ن، چنجگ شامی چنجگ کاڵک چن جگ.

– وەی وەی بەقلاوە. زلابیە، حەڵوا شەکەری، شرووب حار وطیب شروب ب.

یەکێ تر: لەبلەبی، هۆ، لەبلەبی، لەکیسدان چد هۆ...

یەکێ تر: گوی موویش، نوقڵ، چکلێت گیەلن بەرماغی نوقڵ و نەواد...

ئەوی تر بەتورکمانییەوە:

– یاڵڵا، بادەم، فستق، میوە، ڕوح دنیا، شەکەر لەمە یاڵڵا

– عەرەبانە و سینی و دەنگی جیکە جیکی جۆلانە و هاواری مام عومەری حەفتا ساڵان کەپاڵ بەجۆلانەوە دەنێ... سەد کەسی وەکو مام عومەر عارەبانەیان پێیە و بەعانەیەک مناڵەکان سوار دەکەن.

مناڵێک دەگری، لە مناڵانی هاوسێ گووم بووە. چڵمەکەی تێکەڵی فرمێسکی ڕوومەتی بووە، یەکێ تر لە برسا دەگری و مناڵان هێدیی دەکەنەوە و بەجۆلانە هەڵی دەخەڵەتێنن، دەی تر لە شەرمانا لەبەر بێ پارەیی و شڕیی جل و بەرگیان نەدەهاتن بۆ سەیران... هەر لە کۆڵان پاڵیان دابووە دیوارەکان و خەونیان بەجۆلانەوە دەدی و لەپڕ گێژ دەبوون و دەخەوتن... قوڕ بەسەر ئەو مناڵانەی کە بەر لە جەژن ڕووداوێک لە ماڵیاندا ڕووی دابێ... چییان بەسەر دەهات، کۆمەڵە مناڵیان لێ کۆ دەبوونەوە:

– ها... ئەیە فەتاحە... دایگی تەڵاق دریاس.

– .........

– ئەوە قادرە نەنگی سواڵ کەد...

– ......

– ئەیە فلانە... دایگی لەبان... حەپس کریاس لە ماڵ موختارە...

– .........

– ئەوە فلانە باوگی عەرەق خۆرە... دایگم ئیژ قومار بازیشە...

باوگم وەت کەلپەل عەید مەلاڵەگانی دایەسە قومار! جەژنانەی نییە، گوناحە، بیلا



وەچەفکە بچێن پارە بدەینە پێ

– نە وە ئیمە چە؟ خو باوگ دیرد ئەرا یەتیمە؟!... دایگم ئیژد بەس وەیەتیم ڕەحم بکەن گوناحن خێردان ڕەسدە ئاسمان.

– ئەوە عەبە شیتە بیلا وەجەفکە بچێن و بدەین لەلی.

– نە، گوناحە، حەرامە، ڕوژ عەیدە ناود شەڕ بکەین دایگم ئیژد خودا لەو دوونیا نیردەمان ئەرا جەحەنم.

ئەم قسە و تانانە، تەنیا قسەی ئەم مناڵانە نەبوون، بێ شک ئەم قسانەیان لە دەمی دایک و باوک و کەس و کاریانەوە بیستبوو و گوێیان لێ ببوو، کەچۆن باسی خەڵکی دەکەن، بەهەر جۆر بێ هێشتا ئەم مناڵانە بەجەرگ و بەجورئەت ترن... یەکسەر ڕووبەڕوو قسە دەکەن، وەکو دایک و باوکیان نین لە پاشملە قسە بکەن و نەوێرن ڕووبەڕوو دەم بکەنەوە... زۆربەی مناڵان، بەرەو ڕوو و بێ شەرمانە تانەیان لە ئامە دەدا و قسەی سووکیان پێ دەوت.

(ئامە) هەر بێدەنگ دەبوو هەر کە بتوتایە بۆ قەبوڵ دەکەی؟ دەیوت.

– توو نێزانید... ئەیانە گوناحیان نییە و ئەی قسانەیش قسەی خۆیان نییە، قسەی دایگ و باوگیانە... شەوان ژن ئەرا شوی خۆی یا پیاو ئەرا ژن خۆی ئەی باسەیلە کەدو ئەی مناڵانەش گووش تەکنن و لەلی یان فیکارە بوون.

منیش دەمووت:

– خاس ئەرا. دایگ و باوگ (ڕەحمانە سەر گەورا) کەتوو دوینن دەس و پاد ماچ کەن، بزانم هیچ نایژن.

ئامەش دەیوت:

– نەدوێتم... تەربیەت، تەربیەت.

سەرەڕای جۆلانە و گۆرانی چڕین و یاری کردنی (خەت خەتان) لە گۆڕەپانی چایلغ، دەبوایە مناڵە ون بووەکان بەکۆمەڵ کۆبکەمەوە کۆڵان بەکۆڵان بیانگێڕم و بیاندەمەوە دەستی دایک و باوکیان... هەر لە مەزرەعە و پاشا کۆپری و تێل خانە و ئەسکی خان و کۆردەرە تا عەبدوڵڵا بەگ و سەعید بەگ و مەحەتە و تۆڵە فرووش و ئاغا و خەلیفە،

یەک یەک لە دەرگای ماڵەکانم دەدا.

– میمی، ئەی مەلاڵە گوم بییە و هاوردمەی، هەر ئەگیرست وتوو ئەتواست، منیش ئەوەنە پرسیم تا وە مردن ڕەسیمە ماڵدان.

– وی عەزیزەگەم خودا ناجحد بکەد... توو دوێت کید؟

دەمویست بڵێم: ئامە ڕەش.

بەڵام دەترسام نەوەک خێرا دەرگاکەم بەڕوودا داخات. بۆیە ناوی باوکمم ئەدایە دەست.

– وی باوگد پیاو خاسیگە، ها بگر ئەیە پەنجا فلس عەیدانە

– نەمیمی نێتوام پارەم فرەس.

– دبگر ڕووڵە... عەیدانە نێود بادە دویا.

هەرکە بەڕێکەوت ئەو ئافرەتە دایکمی بدیبا و پێی بووتبا ئەوا بەردەبووە گیانم.

– چەس، بیدەسە موختار، گوم بوون نێون وەجیر و جەهەنم، ملد شکنید ئەرا چایلغ، ئەرا موختارید؟ سوار هەلووگ بەو بەس... فامستی؟... دی منالْ کەس نیێڕەسنیدە ماڵ، خاوەن خۆیان هەس. شورتە هەس.

کەم جەژنی وا هەبوو بەبێ کێشە بەسەر بچێت، ئەگەر لەسەر شەڕی دوو منالْ، پیاوێک و یەک دوو گەنج نەکوژرابێت ئەوا لەسەر قومار، چەقۆ، بەریەک دوو کەس هەر دەکەوت.

ئەمە جگە لەو شەڕانەی کە لە هەر چوار سینەماکەی خانەقیدا ڕووی دەدا.

هەر منالّە و سەری شکاوە، دەستی لە ملی هەڵبەسراوە، دەشەلێ و دەم و ددانی شکاوە!!.

ڕۆژی جەژن، ئەو ڕۆژە تایبەتێیە کە ئەم سەر و ئەو سەری هەموو دژایەتییەکان یەکیان تیا دەگرت، دۆست و دوژمن دەست لە دەست یەکترن، دوو دۆست دەبن بەدوژمن... ماڵی پرسەدار بەسەرەخۆشی هاوسێکان و بەسەرکردنیان ئازاریان کەم دەکرایەوە...

جەژن ڕۆژێ بوو بۆ هەژاران دەبووە هەزار سەعات. ئەو ڕۆژە هەژار و هەتیو و بێ کەس زیاتر لە هەموو ڕۆژانی تر هەستیان بەهەژاری و کەساسی خۆیان دەکرد. ئەو ڕۆژە کەپێکەنینی خوا پێداوەکان دەبووە خوێ و دەرژایە ناو برینی هەژارەکان. ئای لەو ڕۆژە!! چەند پێکەنین بۆ ئاسمان دەفڕی و چەند فرمێسکی گەرمیش بۆ زەوی دادەچۆڕا... ئەم



بەرزبوون و نزم بوونەوەیە... ئەم جۆلانە و چەرخ و فەلەک و سەیرانە... ئەم گشت بەرگە زەرد و سوور و سەوزە... ئەم گشت باوک مردوو و هەژار و بێدەرەتانانە لە بازنەی ئەو ڕۆژەدا و لە دڵی ئامەی دایەمدا کۆدەبوونەوە... هەر ئامە دەیتوانی بزانێ جەژن یانی چێ...
ئای کەئامە ئەو ڕۆژە دەگریا وەک ئەوەی هەرچی فرمێسکی ئەو چەند مانگەی لەوە بەری هەبووە و پەنگاوەتەوە، بەجارێ لەو ڕۆژەدا هەمووی بەردەدا، بەفرمێسک، ئای لەو فرمێسکە بێدەنگانەی چۆن دەکردە وشە... وشەی بێ دەنگ، ڕەنگە هەر لەبەر دیمەنی (ئامە) ی دایەنم بووبێ، وا حەزم لە ئێوارانی جەژن نەدەکرد. نەمدەوێرا بڵێم حەزم لە جەژن نییە، ترسام دایکم بڵێ:

– هەی ( قەشمەر ) لە عەید ئەرا وەها کەی؟ کید مردییە؟ هەی سەرەخۆر! ئەی جارە توایدکی بکوژید؟ یاڵڵا هەڵس شەوی موغازەگەد بکە وە وەرد پیسی نەکەی، چڵم هیچ ملاڵی وەپی نەسڕی، هەڵی بگر ئەرا عەید قوربان، کەس نەڕەسنیدە ماڵ، حەقد لەملاڵە وردکە نەوود، شەڕ وەگەل کەس نەکەید، مەقەیەت گیرفاندبە، پارەی فرە نەدەیدە حەڵوا شەکەری، مەگەز لەبانی نیشد. فرە بەرز نەچووە عاسمان لەناو هەلووگەگە پاوپلد دیار نەوون ڕاند نەکەفدە دەشت زوی بەورەو برنج و قوبڵی کشمیش و مامر دیریمن...

ئیتر منیش بە نا دڵییەوە و بەبارێ ترس و لەرزەوە لەگەڵ منالاّن بەرەو چایلغ دەکەوتینە ڕێ... یەک یەک دەمزانی منالاّن چێیان لەبەردایە، کامەیان کراسی ئیمساڵیان لەبەردایە و کامەیان هی پار... هەمیشە کە گوم دەبوون دایک و باوکیان دەهاتنە گیانم و دەیانپرسی:

– سوعاد نەدوینستیدە؟.

– بەلی، شەوی قرمز لەوەری بی. قردێلەش بەسابییە سەری، بەس ئەوەنە سوار هەلووگ بی قردێلەگەی گووم کرد، فرە گیرست و لە ترس دایگ و باوگی نەچیە ماڵ، چی وەو دەربوونەیە و خۆی حەشار کرد.

– وەی ڕووڵە، دایگد بوودە قورباند، قردێلەگەی گوم بییە و ترسیاس نەوەک فەلاقەی بکەم و بچمە خوینێی. ئیسە لە کورەس؟.

– نیێزانم. بەس کەمیگ تر دوینستمەی لەلای عەرەبانگەی خاڵو ئەمین وەسیابی و مینەی قردێلەگەی ئەکرد... جەنتەگەیشی بەتاڵە فلسیگ لەناوی نەمابی... من عانەییگ دامەپی و دوو کولیچەش!

– وی ڕووڵە! دایگم بودە قورباند. بەیانی یەک تەنویر کولیچە ئەراد کەم...

کەچی درۆیشیان دەکرد، هەرکە سوعادیان دۆزییەوە لە چایلغ بەهەڕەشە و پەلەکێش دەیانبردەوە ماڵێ... سوعادیش هەر لە چایلەغەوە تا ماڵ هەر دەیزیڕاند:

– وە خودا من گومی نەکردمە، قردێلەگەم لە خۆیەوە گووم بی چایلغ قەڵەباڵغ بی. دزینەی لە سەرم دی نایەمە چایلغ[1] تۆبە!!

تا ئێوارە دەماینەوە سەیری ئاوابونی هەتاومان لە ناو ئەڵوەندا دەکرد...

ئامەش دەیوت: نەدوێتم خۆر چدە ناو چاڵێگەوە.

– ئەی ئەوە نیێیە لەناو دارەگانە؟

– نە، توو نێفامید.

– هەم وەت نێفامید... نەییژ نێفامید... بەیانیان لەناو ئەڵوەن دیارە ئەیە چوین ماسییەگان خۆر نێخۆن؟.

– ها ها ها.

– ئەرا خەنید؟

– ئەوە عەکس خۆرە.

– عەکس چەس؟

– نێزانم چە بیشمە پید... عەکس یانی وەک گوزگی.

لەپڕ وەکو ئەوەی شتێکی تازەم دۆزیبێتەوە دەموت:

– دایە ئەڵوەن گوزگییە.

ئامەیش دەیوت: ئا گوزگییە.

لە تەنیشتی ماڵە دەرەبەگەکاندا، خانووە قوڕەکانی هەژارەکان بەکزییەوە مات ببوون، گەڕەکەکەیش پێی دەوترا (جەلەوە)!! پردی خانەقین ئەمبەرو ئەوبەرێکی سەیری دروست کردبوو، جەلەوە کورد بوون ئەم بەریش تورکمان... لە چایلغدا سیرکەوانێ هەبوو بۆ خۆی پڕ بوو لە قووتوو و شووشەی شکاو، تەپاڵە و جل و بەرگی کۆن، جار نەجارێ بەکۆمەڵ

(١) چایلغ: گۆڕەپانێکە لە قەراغی ئەلوەن.



دەچووین و مووروو و قۆپچەمان لە جلە کۆنەکان دەکردەوە و یاری (مووروو) مان پێدەکرد. خانێکی گەورەش لە پشتی چایلغ و لە بەرانبەری مزگەوتەکە بوو، مەڕ و بزن و مانگای زۆری تیا بوو. (ڕەحمانە کوێر) بەکرێی گرتبوو، پوورە فاتە مانگایەکی جوانی هەبوو ملی پڕکردبوو لە مووررووی شین و نووشتە. ئێواران دەهات بۆ دۆشینی و گۆرانی بۆ دەوت:

توێ توێ توێ توێ

مانگای خۆمە و خۆم دووشمەی

قمشی نێکەم بفروشمەی

توێ توێ توێ توێ

ئیتر ڕۆژی پێش جەژن قڕ دەکەوتە ناو ئەو مەڕ و بزنانە، مانگا، گا، هەرچییەکی تیا بووایە دەفرۆشرا و هەر لەوێ سەریان دەبڕا... ئیتر ناو ئەو خانە پڕ دەبوو لە خوێن و خانەکەیش دەبووە قەساب خانە... تەنیا مانگا جوانەکەی پوورە فاتە نەبێ کەبەر چەقۆی ئەحمەد شوان نەدەکەوت... هەرچی ئاژەڵ لەو ناوە هەبوو سەر دەبڕان... ئای کەڕۆژانی پێش جەژن بەلای منەوە ناخۆش بوو... ناخۆش تر لە ڕۆژی جەژن...

جارێ ڕۆژی یەکەمی بەر لە جەژن یەکێکە لەو ڕۆژانەی کەهەرگیز لەبیرم ناچنەوە. وا باو بوو هەموو کەسێ پێش جەژن خۆی بشوات... خانەقیش چوار حەمامی تیا بوو، دووان بۆ پیاوان و دووان بۆ ژنان...ئەشێ نەفرەتی من بۆ جەژن بگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕۆژەی پێش جەژن کەدایکم وەکو گیسک بەزۆر ڕایدەکێشامە حەمامەوە، حەمام، چ حەمامێ... چ بۆنێ؟! چ هەرا و هورایەک؟! چ جیهانێکی سەیر و پڕ لە هەموو شتێ... لە دوری سەد مەترەوە بۆنی حەمامەکە خەڵکی گێژ دەکرد... دەرگایەکی دارین، بەهەزار ڕەنگی جۆراوجۆر و بزماری زل زل نەخشاو بوو...زنجیر و ئەڵقە ڕیزێکی ژەنگاوی بەقەد دەرگاکەوە هەڵواسرابوو و هەندێ کونی گەورە و بچووکیشی پێوە بوو، لە ژوور دەرگاکەدا بەخەتێکی سەوزی تۆخ و ناشیرین نووسرابوو (ماشاء الله) هەر بەهەمان ڕەنگ وێنەی منارەی مزگەوتێک و گومەتێکی ناشیرینیان کێشابوو... لە دە دوانزە شوێنی دیواری لای دەرگاکە نووسرابوو (حەمامی عەلی بەگ) هن ژنەگان.

ئەگەر لە دیوی دەرەوە سەیری حەمامەکەت بکردایە، دەتبینی سێ چوار گومەتی قوڕینی سوور و خانوویەکی نزم و کولخانێکی ڕەش و جۆگەیەکی پانی یەک مەتری، کەفی بۆری

خەست و پیسی و بۆنێکی سەیر... هەمیشە دوکەڵێکی ڕەش بەئاسمانی گومەتەکانەوە بوو... هەندێ شووشەی ڕەنگاوڕەنگ لە جیاتی پەنجەرە بەم لاو بەو لای گومەتەکانەوە بوو...

هەرکە لە دەرگای حەمامەکەوە بچوویتایەتە ژوورێ، یەکسەر دەتدی پوورە ڕەعنەی بێوەژن وەکو بووکە شووشە لەسەر ئەسکەملێکەوە قیت دانیشتووە، ئەم لاو ئەولای بەسابوونی ڕەقی و جۆرەها دەرمان و بەردە پێ و لفکە و کیسە و پەشتەماڵ هەڵچنراوە...

تەسبیحێکی سەد و یەک دەنکی بەدەستیەوە (الله اکبر)ی بەدەنگی بەرز دەژمارد، بەلا لێوەوە بەخێرهاتنی خەڵکی دەکرد و ئیتر بێدەنگ دەبوو... هیچی نەدەوت تا لەپڕ بەدەنگێکی کەرخەوە و بەدەم کۆکینەوە دەیوت:

– دوێتم تەمین... بەو خزمەت دایگ لەیلا بکە! قەوم خۆمانە.

تەمینی کچی پوورە ڕەعنای حەمامچی مەگەر هەر کامێرا بتوانێ وێنەی بگرێ، پیرە کچێکی ڕەش و سەری کەچەڵ، دوو مەمکی نائاسایی لە سنگییەوە شۆڕ ببونەوە، ئەگەر بلێیم ملی نەبوو، ڕەنگە بپرسن ئەی سەری بەچییەوە گیر ببوو؟... سەری وەکو دوومەڵێ وابوو لەسەر شانی دەرچووبێ، چاوێکی کوێر و ئەوی تریان هەمیشە سوور و خوێناوی بوو، قەڵشی پاژنەی پێی ئەوەندەی دەمێ دەبوو، هەر کە لە جێگەکەی خۆی دەجولایەوە، گۆشتی لەشی وەکو مەمکەکانی دەلەرایەوە و بەهەزار یا الله هەڵدەسایە سەرپێ... تەمین لە باتی ئەوەی خزمەتی دایکم بکات، دایکم بەسەد یا الله وە دەستی دەگرت و لە جێیەکەی خۆی بەرزی دەکردەوە. ئەوەندە قورس بوو وەک ماسی لە دەستی دایکم دەخزا و بەردەبووەوە... خزمەتی چی هەر ئەوەندە جێیەکی لەلای بوخچەکاندا بۆ بوخچەکەی دایکم دەکردەوە، ئەمە هەموو خزمەتێکی تەمین بوو، بۆ ئەوەیش ئەمەی دەکرد تا سێ عانەکەی حەلاڵ بکات. ئیتر بەهەزار نکە نک و یا الله خۆمان ڕووت دەکردەوە و قاپقاپە زلەکانمان لەپێ دەکرد و دەرگای ناوەوەی حەمامان دەکردەوە... هەڵمێکی گەرم و بۆگەن هالاوی بۆ دەهێناین و هەر سێ چوار ئافرەتە و چواردەوری حەوزێکی گەورە دانیشتبوون. ئیتر هەر لە باسی پار و پێرار و گەنم و ڕۆن و سپیاو سووراو و چێشت و مەڕ و بزن تا تووکی سنگی مێردەکانیان و خەتەنکردنی کوڕەکانیان دەکرا.

تا بەناویش بەبۆڵە بۆڵ ئەیانقیژانە سەر (میم شەمسە)ی ناتر و گوڵعوزاری کچی، کەئاویان بۆ بێنن. حەمام بۆ من تەڵەیەک بوو... دایکم دەبووە ڕاوچی و منیش نێچیر... لە



ئاوی گەرم دەترسام و لفکەکە زبر بوو، لەبەردەستی دایکما خۆمم بۆ نەدەگیرا... ئەویش زیاتر دەستی دادەگرت و دەیوت:

– ئا... ئاوها... دوێکە وەتمە پید شەوی عەیدەگەد نەکە وەوەرد، چاو قایم شەوییە گەد پیس کردید و عەیدەگە گوی کردە بانی... منیش ئاوها کەم لەلید... پیرەکە لەنان خواردن توریاید – استغفرالله – گوی کردیدە ناو ئاشەگە وەتید... حەز لەقەیسی نێکەم نێخۆمەی، گەرەک کوچگ بنریەدە وەرد بخۆیدەی وەئیللاا.

هەرکە وشەی (ئاوها کەمە پید) لە دەمییەوە دەردەچوو بەهەردوو دەست چەپۆکێکی دەکێشا بەسەرما و دەیوت:

– ئەگەر جاریگ تر داوان شەوییەگەد هەڵگردید، ئاوها کەمە پید. ئەگەر میوان هات و زوی دەس بردید ئەرا چنجگ، وەها کەمە پید. ئەگەر قسەی ماڵ بردیدە دەشت و فیتنە چێتی کردید، ئاوها وەپیدکەم.

لەسەر ئەم چەپۆکانە و دووبارەکردنی (ئاوها دەم لەلید) دەمقیژاند و دەگریام... ئەوا ئیتر ئەوەندەی تری لێ دەدام ئەمجارەیان لەسەر ئەوەی بۆ دەگریم. خەڵکەکە بەزۆر لەژێر چنگی دەریان دەهێنام و گلەییان لێ دەکرد. گشت گیانم سوور و شین دەبووەوە. هەڵم و بۆن و گەرما هەراسانیان دەکردم. لەپڕ بەدەنگی قیژەی ئافرەتێک ڕادەپەڕیم کەپەنجەی ڕادەوەشان و بەدەنگی بەرزەوە دەیوت:

– ها ژنەگە هەی (قەحپە) ئەوە باس کی کەید؟ ها؟...دڕنمەد وەک پاتسقە، دوێتە هەی (گاندەر) قەڵەت نەکەی باس من بکەێ!

ئافرەتێکی بەستەزمانیش لەولاوە بەپاڕانەوە دەیوت:

– وەخودا باس تو نەکردەمەس.

– خۆم ژنەفتم.

– وەڵڵاهی باس توو نەوی، باس (خەجەی میم لەیلێ) ئەکردین.

– ئنجا توو خودا عەیب نییە باسی کەن، نەخەڵەتیەن. باسی بکەن کوسدان دڕنم قەومە قەوم.

– ئاخر وەخراوی باسی نەکردین.

– قەبووڵ نێکەم هەر باسی بکەن.

– خاس.

لەولاوە ئافرەتێکی تر دەیوت:

– قیژە قیژ مەکەن ئەی هاوار هاوارە چەس، وەبان کییە؟ وەبان منە؟!.

ئافرەتێ تر:

– خەجەی لەیلێ ها ها ها.

یەکێ تر لە یەک دوو دەقیقەدا ئەوەی ئازایە خۆی بپێچێتەوە و ڕابکات. گەر پرچی بەسەرەوە نەهێڵن و بەجام شین و مۆری نەکەنەوە، ئەوا لەژێر دەست و پێدا ڕۆحی دەردەچێت. دەبوە ڕۆژی حەشر... پاش دە دەقیقە هەموو خانەقی بەم هەرایەی دەزانی.

ئیتر هەر مێرد و برا و ئامۆزا و کوڕەزای هەرچی ئەو ئافرەتانە هەیە لە دەوروبەری حەمام کۆدەبوونەوە. هەرکە ئافرەتان لە حەمام دەردەچوون چاویان بەڕۆژێکی تری حەشری (نێرەکەر) دەکەوت. دار و چەقۆ و قامە... پشتوێن و بەرد و جنێو و هەڕەشە دەبووە ئیفادەی پۆلیسخانە. هەر زەلام بوو بەدوای کەفیلدا دەگەڕا... هەر زەلام بوو تاوی ئەدایە خۆی بۆ مواجەهەی برا... یا برازای حەپس بووی... لە لایەکی ترەوە هەر ژن و مناڵ و زەلام بوو لەبەر دەرگای نەخۆشخانە لە پۆلیسەکان دەپاڕانەوە بچن بریندارەکان ببینن...

ئەمە هێشتا ئازاری ئەوە نییە کە لە حەمامەکەدا هەژار و دەوڵەمەند بەئاشکرا دیار دەبوون و لە یەکتری جیادەکرانەوە. جارێ هەرچی ژنە دەوڵەمەند هەبوو کەدەهاتە حەمام مێردەکەی پاش یەک دوو سەعات سینیە کەباب و پرتەقاڵ و شتی تریان بۆ دەناردن. ئیتر هەر لیکاوی منالە هەژارەکان بوو بەلێویانەوە دەهاتە خوارێ و دەوڵەمەندەکانیش بەم دیمەنە دەگەشانەوە و زیاتر لە جیاوازی نێوان خۆیان و هەژارەکان دڵنیا دەبوون... من خۆم نەمدەزانی سەر بەکامیانم!!.

لە ڕاستیدا لە دووباری سەیردا دەژیام... هەژارێکی تەواو و نیمچە دەوڵەمەندێ... ئەویش ئەگەر لەگەڵ ئامەی دایەنمدا بوومایە ئەوا ڕەوشتی هەژار و بەرگ و بێ دەنگی و دڵ پاکی هەژاران دەلکا بەگیانمدا و هەرکە دەکەوتمە ژێر چەپۆکی دایکم ئیتر بەسەر کوێرێ و بەزۆر دەبوایە جلەکانم پاک بێ، پێم پەتی نەبێ و قژم شانەکەم بەئیشارەت هەڵسم و دانیشم. جا لە حەمام بۆنی پیاز و کەباب و پرتەقاڵ تێکەڵی هەڵمەکە دەبوو. هەندێ



ئافرەت تا یەک دوو سەعاتێ بەبۆڵە بۆڵەوە باسی خراپی کەبابەکەیان دەکرد و دەیانوت ئاردی زۆر تیایە چاک نەبرژاوە.

ئامەی دایەنیشم جەژناوجەژن وەکو فریشتە لەپڕ حەمامی دەبینی، دڵی بەمن دەسووتا کەدەیبینی دایکم لێم دەدا و لەژێر چەپۆکی دام، نەمدوێرا هانای ببەمە بەر چونکە ئەمە دایکمی زیاتر لێ توڕە دەکردم.

کە ئامە خۆی ڕووت دەکردەوە زۆربەی ئافرەتەکان سەیری لەشیان دەکرد. ئامەیش زۆر بێدەربەستانە سەرنجی ئافرەتەکانی دەدا و جگەرەکەیش بەلێویەوە بوو... تاقەتی نەبوو خۆی بشۆرێ و دەیوت:

– دایگ گوڵزار تاقەتم نییە سەرم بشوور.

– چە تو ساڵی جارێگ تێید ئەرا حەمام، توایدە ئەی عالەمە وەجی بیلم و بام بشورمەد. ئنجا لە ئیسەوە تا ساڵێگ تر وە کیسە و لیفە و دیمە شوورە بشورمەد و پاد وە کوچگ حەمام بساوم، چرکد دەرنێچد... دایگ ڕەشە خەنەگەی لەناو جامەگەس، گەرەگ بچم بگرمەی سەری... دایگ ئەحمەد تازە ملاڵی بیە گەرەگ شانەگەی ئەرای بخەمە ناو ئاو...

بەوردی گوێم بۆ ئەم قسانە شل دەکرد وەکو ئەوەی لە نهێنییەک بدوێن ئاوها دەکەوتە بەر گوێم ئەگەر چی چەند جارێ بەئامەم دەوت:

– شانە خستنە ناو ئاو یەعنی چە دایە؟.

ئەویش هەر وەڵامە حازر بەدەستەکەی جارانی دووبارە دەکردەوە:

– گەورا بووید خۆد فامید. توو جاری ملاڵی و نێفامید فرە مەپرس!!

***

یەکەم ڕۆژی جەژن هەرچی دژایەتی و ناکۆکی لە نێوان خەڵکەکەدا هەبوو بۆ یەک دوو ڕۆژ نەدەما... هەر لەبەرە بەیانەوە (سەعە دەوڵچی) بەکۆڵانەکاندا بەخۆی و دوومەڵەگەکەیەوە دەسوڕایەوە.

دم دم دم دم

دمتک دمتک دمتک دمتک

تک تک تک تک

دم دم

سەعە زەلامێکی دەدایە پێشی خۆی بەتەختەیەکەوە فیلم و ناونیشانی فیلمەکەی لەسەر نووسرابوو (سەعە بەدوومەلەک) بەکوردی و تورکمانی و جار جارەیش بەعەرەبی باسی فیلمەکەی دەکرد و دەیقیژاند.

من هیچی لێ حاڵی نەدەبووم. بۆیە نازانم عەرەبییەکەی چۆن بوو بەڵام لەوەدا کە کوردی و تورکمانییەکەی ڕێک و ڕەوان نەبوو و هەردووکیانی تێکەڵ بەیەکتری دەکرد، دەبێ عەرەبییەکەشی هەر تێکەڵ و پێکەڵ بووبێ، ئیتر هەر مناڵی گەڕەگ بوو دەکەوتنە دوای (سەعە)، سەعەیش هەر سەیری جەمهوری خۆی دەکرد زیاتر بەزەوق تر دەبوو و توندتر دەیقیژاند... پاش هەموو فیلمێکیش سەعە لاسایی قارەمانی فیلمەکانی دەکردەوە و وەکو ئەوان قسەی دەکرد و بەدەم تەقەی دەکرد... سەعە دەهۆڵ کوت گەنجێکی باریک و دەموچاو قوپاو بوو، کەس نەیدەزانی کوڕی کێیە، تاقە دشداشەیەکی هەبوو وەکو نەژادی خۆی وا بوو، کەس نەیدەتوانی بزانێ چ ڕەنگە... لە هەموو ڕەنگێکا بوو واتە (سکۆب ملوّن) بوو.

هەر لە ڕەنگی ڕۆن و گریس و چەوری خواردن تا بۆیاغی سەیارە و پێڵاو، سەردەستەکانی چەقۆی بەرکەوتبا لەبەر چڵمی وشکەوە بوو نەیدەبڕی. دامێنی دشداشەکەی وەکو زنجیرە چیاکانی هەمەلایا بوو... یەخەی هەتا ناوکی دڕابوو. یەخەکەی بستێ چڵکی ڕەنگاوڕەنگی بەسەرەوە بوو. پشتوێنێکی چەرمی لە پشتدا بوو. جار جارێ کڵاوێکی دەنایە سەری ڕەنگ و ڕووی کڵاوەکەشی لە دشداشەکەی جوانتر نەبوو. باوەڕ ناکەم ڕۆژێ پێڵاوی لەپێ کردبێ، هاوین و زستان هەر پێ خاووس بوو. زمانیشی دەیگرت و بەزەحمەت قسەی بۆ دەهات... لە هەر چوار وەرزی ساڵ هەڵامەتی دەگرت، هەردوو کونە لووتەکانی وەکو هێلانەی چڵم پێدا دەهاتە خوارێ، ملی دەتووت حاجی لەقلەقە، سەرێکی بچکۆلانەی خڕ، ناوقەدێکی باریک، ببووە مایکرۆفۆنی شار. جگە لەوە لە شایی و زەماوەندەکانیشدا سەعە پاسپۆرتێکی تایبەتی هەبوو ئەویش کەسێ نەبوو ڕێی لێ بگرێ و یەکسەر دەچووە ناو ئافرەتانەوە سەمای دەکرد و دەهۆڵی لێدەدا و خەڵکیش گاڵتەیان پێ دەکرد: جوانترین کچ پێی دەوت: سەعە من شوو بەتۆ دەکەم. ئیتر هەر ئافرەت بوو بەپێکەنینەوە دەیوت:



بەخوا سەعە تا تۆ وەستابی من شوو بەکەس ناکەم... تۆ دەزگیرانی منی...

سەعەی بەستەزمانیش باوەڕی دەکرد. کەدۆن جوانی خانەقییە و زیاتر لە سەد ئافرەتی جوان دڵدارییەتی، بۆیە سەعە لە چایخانە و بازاڕدا خۆی گیڤ دەکردەوە و گاڵتەی بەگەنجەکان دەکرد و پێیانی دەوت:

– بچوو ئەیە وەتەوالێت و گود لە نییە... وەکەلپەل جوان نییە ئەی کارە وەفەننە!!.

سەعە ئەوەندە لە خۆی ڕازی بوو، وای دەزانی هەموو شتێک دەزانێ هەر لە عەرەبانچییەتی و چایچێتی و مریشک و هێلکە و نەوت فرۆشتنەوە تا تەختەی سینەما هەڵگرتن، بۆیە هەر ڕۆژە یەکێ لەم کارانەی دەکرد.

لە ڕاستیدا هیچی نەدەزانی جگە لە سەماکردن و دوومەلەگ لێدان. ئێمەی مناڵ سەعەمان زۆر خۆش دەویست.

کەسمانی عاجز نەدەکرد. یەکەم ڕۆژی جەژن بەچەپڵەڕیزان و گۆرانی چڕین لەسەر ئاوازی دومبەلەگەکەی دەبووینە دیعایەچی بۆ فیلمەکەی، جار جارێکیش کەئاوڕی دەدایەوە و سەیری زۆری مناڵانی دەکرد پێدەکەنی و هەڵوێستەیەکی بۆ دەکرد و چەند جارێ شانی بۆ بادەدا. لەوکاتانەدا ئامەم لەبیر دەچووەوە بەمناڵەکانم دەوت:

– یاڵڵا بکەفنە شوینم.

هەندێ مناڵ دەترسان و دەیانوت:

– دویاخر دایگ و باوگمان مینەمان کەن.

– وەجیر و وەجەحەنم.

قسەیەکی ئامە ڕەشم بۆ مناڵەکان دووبارە دەکردەوە:

– ئیمە لە فەلاقەکردن زیاتر چە دوینین، گشت ڕوژی لەلیمان نێدریەد؟ بیلا ئیمرۆ وەبان وازیکردن بدەنە لیمان، ئیمرو عەیدە، کەس نادەدە لیمان... یاڵڵا حەقدان نەوود چەبوود بیلا بوود.

مناڵێ دەیوت:

– واللە من لە دایگم ترسم، قەب لەلیم گرد نایەم... نە خۆشکم نێتیەم ترسم قەب لەلیم گرد.

– ئووم هەی ئاخر شەڕ! ترسنۆک! عەیب لە خۆد نێکەید ترسید توو کوڕی کوڕ.

– ئەگەر دایگم داغم کرد؟...

– کەگەورا بید لەهویرد چد.

ئیتر بەدوای سەعەوە هەموو کۆڵانەکان دەگەڕاین. تا درەنگێ هەر دەسووڕاینەوە. دایک و باوکی منالەکان بەدوایاندا وێڵ دەبوون، کە دەگەڕاینەوە دەچوومە ماڵێ، پاش دە دوانزە دەقیقە هەر ئافرەت بوو بۆ بۆ لای دایکم دەهات بۆ شکات کردن.

– ئەیە گشتی سویچ دۆیتەگەدانە، منالەگمانمان لەڕی دەرکردێیە. گشتیان بێ ئەدەب کردییە، نێزانین چە خۆندە گووشیان وا زوی هەڵیان خەڵەتند. ئەیە وەکی هاتیە؟

دایکیشم لەسەرخۆ دەیوت:

– دایگم دوێتەگەم حەقی چەس؟؟ وەک ئەی مڵاڵەیڵە کەفتێسە شوین سەعە دەوڵچێ.

– توو زانید ئیمڕو چەهاتە سەرمان. چیمنەسە شوورتە خانە، وەخۆمانەو خنکیانەو کەفتنەسە ناو کۆردەرە. باوگیان کەفتێسە لاییگ، برایان کەفتنەسە لاییک. چیمن هەتا ئەرا قەورسان (پاشاکۆپرێ) ئەی بەرو ئەو بەر مینە کردینە. قەوم و ناسیاو نەهیشتین تووش خانم خانم لە ماڵ خۆد نیشتیدەس، نێزانی دونیا چەهاتێسە سەرێ... حەقدە لە جیاتی ئەوە بیژی حەقیانە پشت دۆیتەگەد گرید... وەخودا من هەر ئەی قسەیە کردمەس و ئویشمەوەی:

– ئەگەر دۆیتەگەد گەورابی سێ حکومەت دەدە یەکتری!!

ڕوویان لەمن دەکرد و دەیانوت: ئیسە وەی مڵاڵێدەوە ئەی بنجگە باڵا وەها مڵاڵ ئەی مەحەلە و شارە خەڵەتانیدە، بەیانی دوو بەیانی گەورا بووید چەکەید!

ئنجا ڕوویان لە دایکم دەکرد: دڵد خۆشە دوێت ئیوەت کردیدە... د بچوو دایە بچوو... بزان چوین عەدەب دۆیتەگەد بدەید. هاوار نەکە بانمان وەڵڵاهی ئەگەر ئەیە دۆیتم بوود وەلەقە چمە بان دەمی و خنکنمەی ئا... !!

ئنجا دایکم سەری گەرم دەبوو و دەیوت:

– ئەری ژنەگە توو کید؟ دوێت کید؟ ژن کید؟ وەها قیڕە قیڕ و تڕەتڕ کەیدە بانم... یاڵڵا دی سکتربە... ئەرا دۆیتەگەم چەیەسی؟ کام ڕۆژ هاتە بان سینییەگەدان؟ کام ڕژو



قاپیەگەدان وەکو چگ گرد؟! وەی وەی... توو ئیسە ئەگەر بکەفدە دەسد پانزە حکومەت دەیدە یەک، نەک دۆیتگەم، ئەرا کار وەحەیاسزی بوود هەی ئازاڵە.

لە ئەوان قسەیەک و لە دایکم دووان، دەبووە هەرا و فەرتەنە لە نێوان پایانەوە بەرەو لای کونجەکەی ئامە ڕام کرد... دەیگرتم و دەیزانی هەر شتێکم کردووە. دەپاڕامەوە... ئامە وای دەزانی لە ترسانا دەپاڕێمەوە، کەچی نەیدەزانی داوای ئەوەم دەکرد ئێوارە بمبات بۆ سینەما!! بەڵێ سینەما!! ئەی لە بەیانییەکەوە سەعە چی ئەکات... ئەی ئەوە نییە هەموو خانەقین دەزانن تەڕەزان ئیش دەکات.

سینەماکەش هەر لە بەیانییەوە تا ئێوارە و نیوەشەو ئیشی دەکرد. باوک و دایک دەستی منالەکانیان دەگرت و دەیانکردنە هۆڵە تاریکەکەوە، منیش لەگەڵ ئامە و لە باوەشی ئامەدا دادەنیشتم... ئەوانیش خێسەیان لێ دەکردم، وەک بڵێی ئامەش ئاگای لە هەموو شتێک بووبێ...

بەسۆزەوە دەیگوشیم بەسنگیەوە... ئەگەرچی حەزم بەبینینی سینەما زۆر دەکرد، بەڵام ئەو سۆز و لە ئامێز گرتنە هەزار جار ئەوەندەی سینەماکە خۆش بوو... هەر لە باوەشیدا خەوم لێ دەکەوت... ئامەی بەستەزمانیش بەباوەشی دەیهێنامەوە ماڵێ، سەد قسەی سووکیشی لە دایکم دەبیست.

سەرباری ئەوەی ئەو کەسەی ئەوی بدیبا، وەک بڵێی شەیتانی بینیوە تفی لە زەوی دەکرد و دەیوت:

(اعوذ بالله من الشیطان الرجیم)

خوا نەخواستە ئەگەر لە شەوانی هەینیدا بەبەردەم مزگەوتەکەی تەنیشتی ماڵمان تێپەڕیبا، ئەوا جگە لە اعوذ بالله هەزار قسەی سووک و جنێویشی دەبیست... ڕەنگە بڵێین بۆ شەوانی هەینی؟ لەبەرئەوەی تەنیا لە شەوانی هەینیدا ژنان ئەویش پاش ئەوەی خۆیان بە عەبا و پێچە بەجۆرێک لوول دەدا تەنیا کونی چاویان دیاربوو کەس کەسی نەدەناسییەوە. لەبەر دەرگای مزگەوتا دادەنیشتن. حەوت بەردی بچووکیان بەهەر چوار لادا دەهاویشت، لە کاتی بانگی شێوان کەپیاوە نوێژکەرەکان بەکۆمەڵ بەرەو مزگەوت دەچوون و لەگەڵ یەکتریدا دەدوان، ژنەکان بەوردی هەستیان لێ ڕادەگرتن بەڵکو قسەیەکی وا لە دەمی یەکێکیان دەربچێ کە بەلێکدانەوەی ئەوان مانایەکی مژدەی خۆش و بەئاوات

گەیشتن بدابایە... بۆیە حەزیان نەدەکرد پیاوێ بەتەنیا تێپەڕێ چونکە پیاوێک بەتەنیا قسە ناکات چاوەڕێی تێپەڕینی چەند پیاوێکیان دەکرد. بۆ نموونە ئافرەتە نەزۆکەکان زۆربەیان پاش ئەوەی زیاتر لە سەد شەوی هەینی ئەم شەبەخوونییەیان کردبوو، دەهاتن دادەنیشتن. ئەو پیاوانە بەبەردەم مزگەوتا تێدەپەڕین بەرێککەوت یان بەمەبەست یەکێکیان دەیوت:

– ئەم دارەی من چەند ساڵێکە بەر ناگرێ و باوەڕیش ناکەم بێتەبەر.

ئەم ڕستەیە بەس بوو بۆ ئەوەی ئەو ئافرەتە نەزۆکەی گوێی لێبووە، ئەو شەوە هەتا بەیانی نەخەوێ و بگریت و بەیانیش لە داخی ئەم قسەیە لەگەڵ دراوسێکاندا فەرتەنەیەک ساز بکات... بۆیە هەموو ڕۆژانی هەینی هەر لە بەیانییەوە تا نیوە شەو گەڕەکەکەی ئێمە لە جەنگدا دەژیا...

هەروەها ئافرەتێکی تر کەکچەکەی قەیرەیە و کەس نایەت بۆ خوازبێنی کردنی، ئەگەر ئەو شەوە گوێی لە قسەی دوو زەلام بووایە قسەکە هەرچیەک بێت و ئەم ڕستەیەی تیادا بووایە (بمرێت بەچاوی خۆی نایبینێت).

ئەگەر ئامە تێپەڕی بایە ئەوا هەموویان هێرشیان دەبردە سەری.

– دەم وچاوود شوومە، وەی شەوە چە هاوردەدە ئەیرا. ڕێگە قەحەت بی؟

ئامەیش دەیوت:

– ئەرێ ئەی ئاین و ئووینە چەس؟... دایگم من وەڕیی خۆم تێم و وەڕیی خۆم چم. گوی وەڕوح باوگ ئەو کەسە گومان لەمن کەد.

ئیتر هەر جنێو و تف و قسەی سارد و سووک بەر ئامە دەکەوت و ئەو شەوە دەبووە هەرا و قیژە قیژ و لە یەکتری ئاشکرا دەبوون و درۆکانیان دەردەکەوت. ئیتر ئامە لەبیر دەچووەوە و بەم شێوەیە هەرا لە نێوانیاندا بەرپا دەبوو...

– ئەرا وە دروو ئیژی ڕوژی پانزە جار تێنە خوازوەنیی دۆیتەگەم؟ ئەگەر دروو نێکەی ئەرا ئیمشەو کوجگ جومعە فرەداید؟!.

– ئەی توو ئەرا ئیژید شویەگەم وەت: ژنەگە گوش مەتەکن، مەلاڵد بوود نێود وەجیر و جەحەنم ژن ناخوازمە باند.



ئەم شەڕ و هەرا و شەڕە جنێوەیان وای لەمن کرد لە ڕقی دووبەرەکی و درۆیان لەسەر بانەوە ئاو بکەم بەسەریانا و دایکم بەم کارەی دەزانی و ژەمە تێهەڵدانەکەی خۆمم دەخوارد و جار جارەیش پینەم دەکرد: کاتێ کەدایکم دەیپرسی:

– ئەرا ئاو کەیدە بان ژنەکان؟

منیش بەهەموو باوەڕێکمەوە وام دەزانی مزگەوت هی خۆمانە و بۆیە پێیم دەوت:

– جامع جامع خۆمانە... دی جامع قەحەتە بنیشن لە وەردەمی بیلا ملیان بشکێن ئەرا جامعیگ تر، گشتیان ئۆین بازن.

ئەم قسەیەم بەس بوو بۆئەوەی دایکم بەهەموو سەنگێکی خۆیەوە خۆی لێ هەڵماڵێ و بچێتە ناو شەڕەوە، چونکە یەکسەر ئافرەتان وەڵامی منیان دەدایەوە و قسەکەشیان لە دایکم دەگرت:

– یەتیمچە بەچە... گۆرمەمیش گۆردە گومیش، ئیژید ماڵەگەیان قصر الزهورە... هە... ئیمە لە وەردەم قاپی ماڵ خودا نیشتیمنەس. جامع ماڵ خوداس، ئیوە چەن؟. باوگ لە قنگدان بخۆد، ئەرا ئەوەنە نەدی بدین؟ کەس ماڵی نییە؟ کاوڵی نییە؟ دیوارەگەدان تەلاس... ئەگەر قەسریگ گەورادان بیاتاد وەک قەسرەگەی چەلەبی چە ئەکردن؟ خودا دوینستێسە دان ئەرا ئەوە...

دایکم نەیدەهێشت تەواوی بکەن خێرا قسەکەی لە دەمیانەوە دەسەند:

– ژنەگە ئەی قسەیە وەکی وەشنید هەی فلّقۆش، هەی قاش قونجی!!.

– ئای لەو شەوانە کەهەر کەسێکیش بهاتایەتە ناوبژی کردن... ڕەنگە لە شەڕکەرەکان زیارت قسەی سوکی بەرکەوتایە... پیاوانیش بەفرسەتیان دەزانی و حەزیان دەکرد شەڕەکە گەرم تر بێ، بۆئەوەی ئەگەر دوانیان لەسەر دۆمینە ناخۆشییەکیان بوویێ فرسەت لەدەس نەدەن و ئەمیان بەویان بڵێ:

– خۆدیش وەک ژنە گەد حەیاسزید!!.

یا ئەگەر پیاوێک نیازی خواستنی کەسێکی هەبوایە ئەو لەوجۆرە شەڕانەدا سەر و سەربردە نهێنییەکەی ئەو کچە بەستەزمانە بەدەنگی بەرز دەخوێنرایەوە و خۆئەگەر یەکێ لە شەڕکەرەکان هەستی بکردایە – فلانە کەس نیازی وایە، کچی ئەو کەسە بخوازێ وا ئێستا شەڕی لەگەڵ دەکرد، ئای هاوار چی دەقەوما!! ئەگەر یەک دووانی بریندار و سەر

شکاو و قاچ شکاو نەبن ئەوا یەکسەر کوڕە پەشیمان دەبووەو،ە ئەگەر مارە بڕیش بووایە ئەوا تەڵاقی دەدا و باوک و برای کچەش ئیتر تا دنیا دنیایە لەگەڵ کابرای بەناو زاوایان دوژمنایەتیان دەکردو کچە بەستەزمانیش ئیتر کەس خوازبێنی نەدەکرد و لە ماڵی باوکیدا هەروەکو کۆیلەیەک ژیانی بەسەر دەبرد، تا ئامە فریای دەکەوت وەک ئەڵێن خەریک ئەبوو پێستی ببەن بۆ دەباخانە... ئامە چۆن فریای دەکەوت... ئەمەیان نهێنییەکە و پەردە لەسەر هەڵماڵینی هەمان فەرتەنە و شەڕ دروست دەکات. ئەمجارە نەک کچە تەڵاق دەدرا، بەڵکو بەچەقۆی کول و بەهەزار جۆری هونەری لەناودەبرا...

بەبۆنەی ئەوەوە کەئەو مزگەوتە لە تەنیشت ماڵی ئێمەوە بوو، لەهەفتەیەکدا هەزار و یەک گۆڕان بەسەر گەڕەکەکەماندا دەهات... مزگەوتیش چ مزگەوتێ خۆزیا جێی خواپەرستی بووایە... جارێ هەر کە لە دالآنە گەورەکەی مزگەوتەکە بچوویتایەتە ناو حەوشەکەوە یەکسەر چەند نیگایەکی دژ بەیەک بەرچاوتی لێڵ دەکرد. لە دەستی چەپی حەوشەی مزگەوتەوە، چاوت بەچەند تاتە شۆڕێ دەکەوت کە لە داری ساج و بەئەسپیرتۆ بۆیاغ کرابوون و ئایەتی قورئانیان لەسەر نووسرابوو، بەرانبەر بەدوو تاتە شۆڕی ڕزیوو و شەق و لەق دانرابوون کەبەهەزار بسم الله بەرزیان دەکردەوە... ئاشکرا بوو تاتەشۆڕە ساجەکان بۆ دەوڵەمەند و تاجر و پیاوە گەورەکان بوو... ئەوانی تریش هی ڕەش و ڕووتە هەژارەکان بوون. ئەگەر هەژارێکی نەختێ قەڵەو بمردایە، مەلای مزگەوت و فەقێیەکان پاش ئەوەی دەیانبرد بۆ قەبرسان و تابووتەکانیان دەهێنایەوە، ئەو مردووە بەستەزمانە هەزار لەعنەتی بۆ دەچوو، چونکە هەندێ لە تاتەشۆڕ و تابووتە شەق و شڕەکان تەختەکانیان دەشکاو بزمارە ژەنگاوییە ڕزیوەکانیان لەتەختەکان دەترازان... لەمانەش سەیرتر لەمزگەوتەکەدا ژوورێکی تایبەتی هەبوو، دەوڵەمەندەکان بەرماڵەکانیان تیا دادەنا... بەرماڵەکانیشیان نیوە قاڵییەک بوون... هەژارەکانیش لە هاوین و زستاندا لەسەر حەسیر نوێژ و ئیتاعەتی خوایان دەکرد... کابرایەکی شەست ساڵان بانگی دەدا، دەنگی زۆر ناخۆش بوو، پێیان دەوت (مەلا دەنگ گەورە). زۆر ڕقی لە عەمی عەباس بوو... عەمی عەباس یەکێک بوو لە هەژارە دیعایەچێیەکانی شار، دەوڵەمەندەکان چاک دەیانناسی. لە چایخانە و بازاڕدا بەدەنگی بەرز هاواری دەکرد فلآنە حاجی فرە مسوڵمانە ئەم ساڵ زەکاتی دا بەمن. فلآنە دوکاندار لە ڕێی خوا جل و بەرگی بۆ کردووم... ئامۆژنیشم زۆر حەزی دەکرد وەکو خێرەومەندێ بناسرێ. چاکیشی دەزانی عەمی عەباس خێری پێناشێ و لەو زۆر هەژارتر هەن، بەڵام هەمیشە دەیناردم بۆ مزگەوت...



کە دەچوومە مزگەوت کابرای (دەنگ گەورە) دەیوت:

– ها هەم هاتی... وەی نیوەڕۆوییە چەکەی لەیرا؟ هاتیدە خورما و عەنگوێر مزگەوتەگە بخۆید؟.چاو بەل!

– نە... ئامۆژنم وەتە پیم بچو بزان عەمی عەباس لەوراس؟

-چەتوای لە عەمی عەباس؟

– ئاش ئەرای تێرم...

– لە یرا نییە.

نموونەی وەک عەمی عەباس زۆر بوون... زۆربەی خەڵکەکە ئەوانەی مەبەستیان بوو دەمامک لە ڕوو بکەن و حەقیقەتی خۆیان لەپێستی خواپەرستی و خێرۆمەندیدا بشارنەوە، بۆ ئەم مەبەستەیان بەلایانەوە گرنگ نەبوو چەند سەد دینارێک لە پێناوی کەشیدەیەکدا خەرج کەن و بەو چەند سەد دینارە بایی چەند هەزار دینارێک باوەڕی ساکار و ساویلکەیەتی خەڵکی لادێ بکڕن کە لە مانگێکدا چەند جارێک دەهاتنە شار و کوتاڵ و پێویستییان دەکڕی و دەگەڕانەوە – حاجی ئەمین – یش یەکێک بوو لەو دوکاندارە دەمامک لە ڕووانەی کە لە پێناوی کەشیدەیەکدا چەند سەد دینارێک و یەک دوو مەڕ و مەولودێک و چەند مایکرۆفۆنێکی وەک عەمی عەباس و یەک دوو بێوەژنی هەتیو باری دەمەوەری ڕازی دەکرد، تا باوەڕی خەڵکەکە بەم هەرزانییە بەدەست بێنێ... باش بەبیرم دێ، کەلادێییەکان دەهاتنە شار. یەکسەر ڕویان لە حاجی ئەمین دەکرد و دەیانوت بەویژدانە و پیاوی خوایە و قەرزی سووکە. حاجی ئەمینیش دەفتەرێکی قەرزی گەورەی هەبوو بەم شێوەیە قەرزەکانی تۆمار دەکرد:

١– سۆفی وەیسی قۆرەتوویی – دە گەز جاو + تەنەگەیەک ڕۆنی حر + دوو کیلۆ شەکر + دوو کیلۆ چایی + فەردەیەک برنج + جووتێ کلاشی هەرسینی و سێ کیلۆ خورما و پێنج کیلۆ ساوەر و نیو کیلۆ لەیموون دووزی و تۆپێ قامیش و مانگایەکی زەرد.

سۆفی بەم حیسابە گەلێ ڕازی دەبوو، پاش سێ چوار مانگ ئەگەر دوا کەوتبا حاجی ئەمین بەمنطق تێی دەگەیاند حیسابەکە غەڵەتە، مانگایەک و گوێرەکەیەکە... ڕەنگە پێتان سەیربێ...

حاجی ئەمین دەیوت:

– سۆفی وەیس وەو حەجەرولئەسوەدە، کەئەی دەستانەم وەبانی هاوردەمە، وەقەوری سەیدەلمورسەلین محمد (ص)، وەو ئاو زەمزەمە کەگشت تاوانیک شورد، فەرموو ئەیە قووتوویيگ ئاو زەمزەم.

– ئەی خودا لەلیمان نەسیندەد.

– سۆفی وە واحیدە لقەهار قەد فەرقد نییە وەگەل براگانم...

– خودا لەلید ڕازی بوود.

– سۆفی، دونیا دونیاس و قیامەت قیامەتە...

– ئەشهەدوو مابیللا.

– سۆفی ماڵ ماڵ خۆدە. دووکان دووکان خۆدە... نەک هەر ئیسە، هەر وەختیگ هەر چشتیگ تواستید لە ئۆغردە.

– ئەی غەوس دەسی وە عومردەوە بوود...

– سۆفی نەک تەنیا تور، بەشکەم گشت خەڵق قۆرەتوی: وەشەرتیگ توو بیژید پیاو خاسیگن، من لە روویاندا خاوەن ماڵ نیم.

سۆفی بەهەموو عەقڵێکییەوە خۆی بەگەورەی قۆرەتوو و دەم سپییان دەزانی و دووریش نییە لەناو ئەو خەڵکە بەستەزمانەدا شانازی بەمەوە کردبێ، دەستێکی بەسەر و ڕیشی خۆیدا دەهێنا و زیاد لە پێویست باوەڕی بەخۆی پەیدا دەکرد و دەیوت:

– مامە حاجی، وەو ماڵ خودایە کەتو زیارەتی کردیدە و تائیسە وەنسیب من نەوییە، وە غەوس گەیلانی، وەو قورحانە گەورەیە، مامە حاجی من گجاری ئیژمە پیبیان بچنە لای مام حاجی، ئەگەر پارەدان بوود یا نەوود... هەرچە تواستن بەس ناو من بارن لەلای، حەقدان نەوود.

– دیارە والله دیارە.

– ئەی چوین مامە حاجی.

– بیلا باینە بان قسەکەی خۆمان.

– بەڵێ.

– ئیشم سێ مانگ وەرج لە ئیسە مانگا زەردەگەد ئەگەر بهاوردایدەوەی



– ڕاس کەید.

– نەهاوردیدەوەی؟

– بەڵێ بەڵێ بەڵام...

بەزۆری قسەکەی لە دەم دەبڕی و دەیوت:

– مانگە زەردەگە شیردارە وەها نییە؟ قەوڵمان وابی...

– بەڵێ.

– بیلا بیژین هەر ڕۆژیگ سەتڵیگ شیر دەد.

– مامە حاجی زیاتر، سەتڵی چەس!.

سۆفی بەستەزمان تێ نەدەگەیشت وای دەزانی حاجی بەدرۆزنی دەزانی کەکاتی خۆی وەختی قەرز و قۆڵە... مقاوەلەیان وا بووە کەمانگا زەردە شیری زۆرە، بۆیە لەسەریەک دەیوت:

– مامە حاجی بێ قەزابی سەتڵی چەس، توو بیژ سییان.

– ئادەم خۆش... نەک سییان بیلا بیژین دووان.

– نەوەڵڵا مامە حاجی خوو دروو وەگەلد نێکەم، ئیژم وەلای کەمەوە سییان، خوو زیاتریشە، باشە بیژین سییان.

– بەڵێ زیاتریش.

– سەتڵی شیر لەقۆرەتوی وەچەنە؟

– بەلای کەمییەوە دوو ڕوپیە... یانی پەنجاییگ.

– ئەی لەیرا؟.

– ئەوە خودا زاند.

– توو بیژ ڕوعبێک.

– زیاتریش.

– یانی لە ڕۆژیگ سێ ڕوعب.

– ئەرێ والله.

– لەمانگیگ زیاتر لەبیس.

– .........

– لە سێ مانگ شەس دینار.

– .........

– من بێوژدان نیم...

– نەوەڵڵا خودا قەبووڵ نێکەد.

– بەس ئیژم مانگا زەردە زاوە؟

– ها! چە بیژم... ئا...

– کوێرەگەییگ وەچەنە؟

– هەر وەپەنج دینارە.

– خاس، لەباتی ئەو شەس دینارەکە.

سۆفی سەری لێ تێک دەچوو بێ ئەوەی بیر بکاتەوە بەسەر ڕاوەشاندن ڕەزامەندی خۆی دەنواند و دەیوت:

– مامە حاجی نەک مانگا زەردەگە و گوێرەکەگە، بەشکەم، خاوەنەگەیانیش لە ئۆغردە.

– نەنە... سۆفی ئەیە حساب زەگاتە... حسابیان کەم و دەیانکەمە پارە و زەکاتەگەیان دەرکەم.

– دەک خودا ئەرا ئیمە بهیڵدەد!.

بەکورتی نەک سۆفی بەڵکو وهەرچی لادێیی، دەوروبەری خانەقین هەیە مەعمیلی حاجی ئەمین بوون. حاجی ئەمینیش لە مەسەلەکە بەجوانی گەیشتبوو بۆیە سنووقەکە سیفۆنێکی لە دووکانەکەی دانابوو و دەیوت بەهەر یەک لەو مەعمیلانەی:

– فەرموو ئەیە هەر قابیلی تۆیە.

پارچە سەوزێکیشی لە تۆپی قوماشی دەکردەوە و دەیوت:

– موفەڕەکە.

بەهەزار مەمنوونێیەوە لەدەستیان وەردەگرت. نەک سۆفی، هەزاری وەک سۆفی هەبوو...



پارەی لە کەسیان وەرنەدەگرت تا گا و مانگا و مەڕ و بزن و خورێ و کەرە و پەنییر هەبوایە.

ئەگەر یەکێکیان بیویستایە پارەی بدابا یەکسەر پێی دەوت:

– ئەرێ خزمە خۆ دووکانەگەی من گشت شتی لەناو نییە.

وەی پارەیە بچوو ئەرا حەمام و کەباب خانە و حەڵوا ئەرا منالەگان بسیین... بێ قەزابی خوو ئیمەیل غەریب نین.

– ئەی مامە حاجی خودا...

جا مامە حاجیش وەکو زۆربەی حاجی و تانجی توجار و نەجار و عەتار و... و... و پێویستی بەعەمی عەباسێک هەبوو... خوا نەیبڕێ، ئەگەر نەڵێم بۆ پەنجا فلس ئەوا دەڵێم بۆ ڕوبعەیێک هەزار عەمی عەباسی دەست دەکەوت... جا (ئامۆژنم) چی بکات... دوکاندار نییە دەفتەری قەرزی هەبێ. حاجی نییە کەس باوەڕی پێ بکات... دەموچاو هەڵگر و بەربووک نییە باوەڕی پێ بکەن... ئەمانە نییە، بەڵام مەبەستێکی سەیری هەبوو... ئەگەرچی مایەی پێکەنینە بەڵام دەرخستنەکەی بەجێیە... ئەویش بۆئەوەی عەمی عەباس یا عەمی عەباس ئاساکان بڵێن:

– دۆیتەگەی – وە ڕەحمەت بوود حاجی جەمشیدی سنجاوی – فرە دۆیت خاسیگە.

بێ شک یەکێ هەر دەیپرسی کام حاجی جەمشید؟.

ئیتر هەر لە بنەڕەتەوە تا پۆپەی بەناوی دەستکرد دەیانبرد.

جەمشیدی کوڕی ڕەزا قولی کوڕی نادری کوڕەزای عەلی خان – ی کەمەر شەل و کوڕی ئیمام زین العابدین – ی کوڕی... کوڕی... کوڕی... تا ئەیانگەیاندە حەزرەتی ئیبراهیم... ئەمە سەیر نییە... بەقەد ئەوەی کەدایکم باوەڕی بەم لیستەیە پەیدا کردبوو و بەهەموو عەقڵێکییەوە، وای دەزانی ئامۆژنم کچی فلانە و فلانە کەس کوڕی فلانە کەسە و باپیرە گەرەوشیان حەزرەتی ئیبراهیمە، بۆیە ئامۆژنیشم گەلێکی مەبەست بوو زۆربەی ڕۆژانی هەفتە چێشت بۆ عەمی عەباس بنێرێ، تا عەمی عەباسیش ئەمە باس بکات و ئامۆژنیشم لەناو ژناندا لەگەڵ بنێشت جووینا بەخەڵکەکە بڵێ (بەجەددم) قەسەم – مەبەستی حەزرەتی ئیبراهیم بوو– ئەمە وا نییە و وەهایە!!.

ئامەی دایەنم لەم جەد و قەسەم و مەسەمە باش تێدەگەیشت بۆیە هەرکە ئامۆژنم

سوێندێکی بخواردایە یەکسەر ئامە دەیوت:

– گوی وەڕوح باوگ عەمی عەباس.

ئامۆژنم ڕەنگی زەرد هەڵدەگەڕا... ئامە زیاتر دەنگی بەرز دەکردەوە: عەمی عەباس چاو حیز درووزن، گەواد، بی شەرەف.

ئامۆژنم ڕەنگێکی دەهێنا و دەبرد و هیچی پێ نەدەوترا. ئامەیش دەیوت: ئەی گەوادە مەگەر من بناسمەی.

ئامۆژنم وڕ و کاس دەبوو، ئامە دەیوت:

– ئەی کەران باوگە وەگشت بێوەژنەگان وەتیە خوازمەدان.

تا ئامە ئەو ناوەی بەجێدەهێشت، ئامۆژنم وڕ و کاس دەبوو... ئەوجا دەیوت:

– گوێ وەڕوح باوگە گەوادەگەد ئامە تلیاک کیش، تفوو لە دایگە حیز و دزەگەد... ئامە قەرەج، کاولی بەچە سەگ جنس، کەس نێزاند جنسد چەس، وەها تەرفتوین کریان... مەگەر منیش ڕوژیگ باد... تەرفتویند بکەم، ڕسواد بکەم، گوی بڕشنمە قاپییەگەد. خۆڵە دوود بکەم، سوارد بکەمە بان خەر، سەرد بتاشن، گیسد بوڕن، ئەو وەختە دڵم ئسراحەت کەد، خودا کەی ئەو ڕوژە تێد.

من چاک دەمزانی ئامە وەکو ئامۆژنم نیێە، هەر هیچ نەبێ ئەو کەسەیە لە ڕوو قسە دەکات!!! بەهیچ کەسێ لە پاشملە قسەی سووک ناکات!! لە ترسی دارکاری نەمدەوێرا بەئامۆژنم بڵێم:

– درووە کەید.

ئەمیش ئیتر هەزار جنێو و قسەی سووکی پێ دەکرد.

عەمی عەباسیش چاک دەیزانی بۆچی بەم چەشنە خێری پێدەکرێ. وەک دەڵێن لە کارەکەی خۆی گەیشتبوو، بۆیە پاش هەموو خێرێ حاجییەک دەچووە بن دەستی هەموو کەس و کارەکانی حاجییەوە هەڵیدەدا و ئەگەر دینارێکیان پێ بدابا بەدرۆ دەیوت:

– دە دینار دایە سە پیم!!.

کە ئامە پێی دەوت: عەمی عەباس گەواد و چاو حیزە ڕاستی دەکرد...

جارێ عەمی عەباس کابرایەکی شەست ساڵان بوو، تەنیا خوا نەبێ هەموو شتێکی



دەناسی، دەم وچاوێکی قوپاو و ڕەش، جەستەیەکی باریکەڵەی ڕەق و هەموو ئێسقانەکانی پەراسووی لەژێر دشداشە کۆنەکەیدا دەرپەڕیبوون، خەنەی دەگرتە سمێڵ و سەری، ئەگەر ڕەنگی خەنەی سمێڵی کاڵ بووایەتەوە ئەوا ڕەنگێکی زۆر سەیر بەسمێڵییەوە لە ڕەنگی قوڕاوێکی هەندێ قاوەیی دەچوو... هەرچەندە خێریان پێ بکردایە زیاتر تلیاکی دەکێشا... هەموو قاچاخ چییەکانی دەناسی ئەوانیش بۆ ئەوەی خەبەریان لێ نەدا یارمەتیان دەدا...

گەلێ کەسیش باوەڕی وابوو کەدەستی لەگەڵ پۆلیس تێکەڵە، پێش ئەوەی وا لێ بکەوێ دەستی گەوادیشی هەبوو. ناو بەناو بۆ چەند ڕۆژێ ون دەبوو، خەڵکەکە دەیانوت: ئەوە چێیە ئەرا سەردان لای دوێتەگەی لە بەسرە... مەگەر خوا خۆی بزانێ کچەکەی چی دەکرد... ئامە زۆر ڕقی لێ بوو... شەرمی لێ نەدەکرد... ڕووبەڕوو هەزار جنێوی پێ دەدا و تفی لێدەکرد... ئەویش زۆر لە ئامە دەترسا، بەڕادەیەک تەنیا ناوی ئامە بەس بوو بۆئەوەی ڕەنگی زەرد هەڵگەڕێ و ئەو ناوە بەجێ بێڵێ...

لە ناوەندی حەوشەی مزگەوتەکەدا بیرێک هەبوو لە ڕۆژانی لافاودا کە ئەڵوەن لێخن دەبوو و ئاو دەبڕا هەموو خەڵکەکە ڕوویان لە مزگەوتەکە دەکرد و ئاوی بیرەکەیان هەڵدەهێنجا.

لەوکاتانەدا عەمی عەباس مزگەوتی جێنەدەهێشت و بەرانبەر بەو ژن و ژاڵە دەوەستا و سمێڵەکەی بادەدا، جار جارێکیش چاوێکی لە ئافرەتێ یا کچێ هەڵدەتەکان، سمێڵە خەناوییەکەی لەگەڵ خوێنی دەموچاویدا سوور دەبوو قاپقاپی ئافرەتی بەر دەکەوت... لەبەرئەوەی من وام دەزانی مزگەوتەکە هی خۆمانە وەکو چاودێرێ لەسەر بیرەکە دەوەستام بەم و بەوم دەوت:

– توو بیس جار هاتید ئاو بردید... بیرەگە خاڵی کردید، جاریگ تر ئاو نایەمە پید!.

– چە جامع ماڵ خوداس...،. ئاویش ئاو خوداس. ئەرا توو خاوەنیید؟.

– جامع... جامع خۆمانە من وەکەیف خۆم ئاو بەش کەمە باندان.

– خاس ئەرا وە ئامە ڕەش دوو تەشت داید؟.

– حەقد نەوود، ناوی نەیەر، توو لەی کارەیلە نێفامید، لە تینگی بمرید، قەترەییگ ئاو نێدەمە پید... خاس د بچوو دی و ناو ئامە نەیەر!

هەموو ئافرەتەکان دەوروژان، پەتی سەتڵی بیرەکە لەژێر دەستی من دا بوو، منیش بۆ ئامە بێ قسوور بووم، ئەوانیش تووڕە دەبوون و بەخێسەوە سەیریان دەکردم، ئنجا دەیانویست دڵم نەرم کەن یەکێکیان دەیوت:

– ئا ڕووڵە عەزیزەگەم، توو دێت خاسیگید وەک نەنگد نید ئەی تەشتە ئەرام بڕ بکە لە ئاو.

– خاس میمی بەس ئەرا توو پڕی کەم...

هاواری ئافرەتان بەرز دەبووەوە:

– ئەرا جامع ماڵ باوگدە؟ دۆیتەگە ئەرا ئەوەنە چاو دەرچید؟ ئیسە تێم و لە پەلد گرم و فڕەد دەمە ناو بیرەگە هەی بێ خاوەن!!

– هە... ئەرا توو جامعەگە سبوغ کەید؟ توو حەسیر ئەرای سینید.؟ توو گزی دەیدەلی ؟ توو گلۆپ ئەرای سینی؟ تن پەنکە ئەرای سینید؟ من بابام ئەیانە گشتی ئەرای سیند... دی ئەرا نەووده جامع خۆمان. توو پارە دەیدە کارەباچی؟ توو قاپییەگەی سبووغ کەی؟

– وەی وەی وەی وەی – دایگە قەڵەوەگەد چوین دۆیتیگ خستیەسە زەوی وەها عالەم بسوزند، کەسیگ نییە بچدە بانی و باردەی و لە پەلی بگرد و زوانی داغ بکەد.

ڕووی دەکردە ئافرەتەکان و منیش یەکسەر دەموت:

– هاوار مەکە چەنی حەیاسزید؟ عەیب لە خۆد نێکەید ژن گت گەوراییگید، خۆد قەڵەوید تەماشای قنگ خۆد بکە باتمانیگە.

– هی هی هی هی.

– هە ئەگەر فرە قسە بکەید ئیسە سەگیگ تێرم و خەمەی ناو بیرەگە، توید، ژن توام باد لە بیرەگە ئاو بکیشد. ئەویش بەهەڕەشە مزگەوتەکەی جێهێشت و وتی:

– خاس خۆم زانم کەی لە حەقد تێم.

ڕاستیشی کرد... ڕۆژێکیان تازە لە سەرتاش خانە گەڕابوومەوە، کابرای سەرتاش هەردوو کەزییە بەقردێلەکەمی نەشێواند تەنانەت پەرچەمی بۆ بڕیم. منیش لە سەرەخۆ دەگەڕامەوە بۆ ماڵێ بۆئەوەی لەگەڵ دایکم بچینە میوانی. پاڵتۆیەکی سوری تازەم لەبەردا بوو، جووتێ پێڵاوی تازەی (باتا)، لەسەر پەنجە دەڕۆیشتم نەوەک قوڕاوی ڕێگای



بەرکەوێ و بریقەی ڕەشێیەکەی تێک بچێ، لەپڕ لە پەنجەرەی ژووری سەربانەکەیانەوە سەتڵێک ئاوی چڵکاوی کرد بەسەرما، کەزی و پەرچەم و بۆن و قردێلە و پێڵاو و گۆرەوی سپی هەموو بەپیسیایی و تۆکڵە باینجان و خەیار و تەماتە بۆیاغ کران.

هاوارم کرد، سەری لە پەنجەرەکەیەوە دەرهێنا و پێکەنی و وتی:

– هی هی هی هەی بنجگە باڵا نەوتم حەق خۆم لە لید سینم؟!! دەبچووە لای دایگد ئیسە فەلاقەد کەد و ئەویش خاس لە حەقد تێد، ئوخەی دڵم ئسراحەت کرد... ئەیە حەق ئەو سەتڵە ئاوەس کەئەلالکیامە پید و نەئەدایدە پیم.

ئنجا ئافرەتەکان ناچار دەبوون و دەستیان دەرکردە پاڕانەوە و دەیانوت:

– هەی دایگەکەم. بوومە قووربان ئەی چاوەیلە، ئەی سەتلە ئەرام پڕ بکە، ئاش بکەم وەپی ئەرا مالاڵەگان، لە ورسگی مرن.

– یالڵا قەی نێکەد، بچوو ئەی سەتڵە بووە و سەتڵی تر بار دووجار دەمە پید.

– باوگمید، خۆم زانم عاقڵید و دڵد ڕەحم دارە وەک باوگد ئەرا نێزانم، لە سویرەگەد گەرەگ ئەوەنە هەڵهەڵە بدەم ئەراد تا قوڕگم وشک بوود.

ئافرەتێکی تر هەر بەهەمان مەراییەوە دەیوت:

– منیش ئەوەنە گۆرانی ئەراد چڕم... تاخودا بیژد بەس.

ئەیلان و ئەو لاند کەم    ڕوحم وەقورباند کەم.

یەکسەر ئەو خەڵکە منال و ئافرەت لە جام و سەتڵ و تەشتەکانیان دەدا و بەچەپڵە لێدانەوە لەسەر ئاوازی ئەم گۆرانییە کردیانە هەڵڵا.

ئەی لان و ئەو لاند کەم    پشیلە وەقورباند کەم
ئەی لان و ئەو لاند کەم    سەگەکەم وەقورباند کەم
ئەی لان و ئەو لاند کەم    حوشتر وەقورباند کەم
ئەی لان و ئەو لاند کەم    مانگە حویلە وەقورباند کەم
ئەی لان و ئەو لاند کەم    قولەیبانی وەقورباند کەم
ئەی لان و ئەو لاند کەم    خەرەگەم وەقورباند کەم

هەرکە کاتی بانگدان دەهات و مەلا دەنگ گەورە ئەمەی دەبینی یەکسەر دەیوت:

– وەی وەی، ئەیە ماڵ خوداس یا تیاترو خانەس... ئەیە چەکەن لەیرا؟ یاڵڵا دەی گوی وەڕوح باوگ و دایگ و خاوەندان...؟ دەی ئیسە وەی دارە سەر گشتان شکنم... دەی بچنە دەشت. ئاو نییە... ئاو بیرەگە وشک بییە. بەس بەش پیاوەگان و فەقیەگان کەد... دەی سکتر بوون ئیسە قاپی جامع بەسم.

هەمو لە ترسی مەلا دەنگ گەورە دەگەڕاینەوە ماڵێ... دایک و باوکی ئەو منالآنەی کەچاوەڕێی ئاویان دەکرد، تورە دەبوون، منالەکانیش خەتایان دەخستە سەر مەلا دەنگ گەورە، ئەویش ئەوەندە تورە دەبوو لەباتی (بانگ دان) بەو دەنگە گەورەیە جنێوی بەدایک و باوکەکان دەدا و دەیوت:

– منالەگاندان بی تەربیەتن... خۆدان بێ شەرەفن!! یەک شەممە منالی تێرن، دوو شەممە زگدان پڕبوود!! حیز باوگینە، بزانن چوین تەربیەت منال دریەد. خوو هەر ئەوە نییە منالدان بوود وەک پشی و فڕەی بدەنە مەحەلە... خودا بگردەدان.

عەمی عەباسیش لەبەر مەبەستی تایبەتی خۆی هەموو خەتایەکی دەخستە سەر مەلا دەنگ گەورە و بەچپەوە هەموویانی حالی دەکرد کەمەلا دەنگ گەورە لەو ڕۆژەوە ژنەکە تەلاق داوە شێتی ژنە...بۆیە سەری لێ تێکچوە... ئەگینا حەقی بەسەر ئەم خەڵکەوە چییە... ئاو ئاوی خوایە... سەیر لەوەدا بوو خەڵکەکە باوەڕیان بەعەمی عەباس دەکرد، ئەگەر چی زۆربەیان دەیانزانی نەک عەمی عەباس تەنیا درۆزنە و فێڵبازیشە، بەلام هەر باوەڕیان زیاتر بەعەمی عەباس دەکرد و کەمتر بەمەلا دەنگ گەورە باوەڕیان دەهێنا.

***

ئامۆژنم بەدەنگی نزمەوە بەمامی دەوت:

– ئەی ئامە تلیاک کیشە حەیای مەحەلەگە بردییە!! خۆ کەس نێویرد وەگەلی قسە بکەد، حەقە مەزبەتە وەبانی بنوسریەد، شار وەدەر بکریەد.

مامم نەک تەنیا ولامی نەدەدایەوە، بەلکو بەجوانیش گوێی لە قسەکانی نەدەگرت، بەتایبەتی ئەگەر قسە لەسەر ئامە بووایە وردە وردە ئامۆژنم دەنگی بەرز دەکردەوە.

– ئیژم مەزبەتە وەبانی بنویسنین.

–........



– تا شار وەدەر بکریەد و پەن بوود، حەیای دونیا بردییە!

–.........

– تلیاک کیشد... گشت قەچاغچییەگان چنە ماڵەگەی دۆیتەگانی بینەسە...!

– هووس.

– ها؟ وەتەمای چەید... توای چاو ئەراد گڕ بدە و ژن ئەراد پەیا بکەد؟ ئەرا نێزانم ئەرا ناتواید مەزبەتە لەسەری بنوسنید؟... ئەرا نێزانم ئەرا ژن سەری مانگ شەکەر و چای و ڕوین و ئارد ئەرای سینیدو بەیدەی ماڵەگەی، هەرچە دیرین و نەیرین چدە قوڕگ ئامە... جاری برازاگەد گشت ڕوژیگ لە ماڵمان چشتیگ دزد و ئەرای بەد و، تنیش پارە و شەکەر و چای ئەرای نیرید. ئەویش دەسی کەفتیسە ناو ڕوین وەی پارەیە تلیاک سیند و مەست بوود و چە بادە سەر زوانی ئیژدەی... گەورا و بیچگ نێزاند، فرە بی حەیاس... گەرەگ بەیانی مەزبەتە بنوبسنید و بچنە شورتەخانە و بیژنە پیبیان شاروەدەری بکەن.

– ئەرا چە کردییە؟.

– ها... چەکردییە؟ خاس! توان دی چە بکەد؟ ها؟ هەر ئەیەما یە کارخانە لەیرا بکەدەو... ئەرا نێزانم ئەراد وەشوین ژن گەردد؟

– ئەی قسەیە چەس؟

ئامۆژنم زیاتر دەنگی بەرز دەکردەوە.

– ها. ئەی قسەیە چەس؟ خۆد وەنەزان کەید!! ئەرا نێزانم ئامە ئەرا چدە لای (مەلا ئەڵڵا وێردی)؟ ئەرا نێزانم خەریکە جادوو ئەراد کەن؟ ئەرا نێزانم وەتەمای دوێتەگەی فلانید؟! حەی تڕ...! تەماشای خۆد کردیدە؟ عەینەن مینیدە مەیمون، وەقەد لەعاف خۆد پاد دریژ بکە...

– ژنەگە توو.

– هوس هوس عەیبە... گچشتیگ زانم. گچشتیگ وەتنەسە پیم.

– درو کەید.

– ها.

– جاری توو ئیژید وەها نییە، گشت عالەم وەیە زاند، چوین وا نییە؟... وەهاس و

زیادیش!. کی خەڵەتنید... من؟ هەی ترِ ئەراد.

ئامۆژنم مامی تەنگاو دەکرد. سەری لێ دەشێواند. مامم هەرکە دەیویست پێی بڵێ وا نییە ئەو ئەوەندەی تری دەخستە سەری، تا ڕادەیەک تاوانی تلیاک کێشانیشی دەخستە پاڵی و پێی دەوت:

– ئا تلیاک کیشیگ ئەراد پەیا بکەد!

– دۆیتە من جگارەیش نێکیشم.

– حەقم نییە... گەرەگ وەبان ئامە مەزبەتەیەک بنویسریەد.

جاری وا هەبوو توورِە بوونی مامم دەگەیشتە ڕادەیەگ ڕوخساری سوور هەڵدەگەڕا و مووەکانی سمێڵی گیڤ دەبوونەوە و بەجۆرێک چاوی دادەبزرگان کەبنیادەم لێی دەترسا. ئامۆژنم وای دەزانی ئەم شڵەژانەی مامم مانای ئەوەیە هەرچییەکی بیستووە یانی ڕاستە. بۆیە وا مامم ڕەنگی تێک دەچێ و قسەی بۆ ناکرێ... مامم ناچار دەبوو هەر کاتێ بوایە لەبەر ئەم هەرایە ماڵی بەجێ بهێشتایە بۆ دەرەوە بچوایە و ئەمیش ماوەیەکی چاکی بۆ قسەیەکی ئامۆژنم دەدا و پێی دەوت:

– ها... قسەگانم تاڵە... حەقە چونکە ڕِەقە... ئەرا ماڵ ئامە چید؟ بفەرموو...

وەک بڵێی ئەم کار و ڕووداوەی ماڵی مامم شتێکی ئاسایی بوو و توورِەبوونەکەشی ساتێک بوو و لەپاشان هەموو شتێ وەکو خۆی لێدەهاتەوە... توومەز هەموو ژنانی گەڕەگ ئەوانەی شەوانی هەینی بەردی جومعەیان دەهاویشت، ئەو ئافرەتانەی کەئامە چاکیان دەناسی هەمــوو کــۆبوونەتەوە و بڕیاری ئەوەیان داوە بەهەر جــۆرێ بێ ئامــە شــار بەدەر بکەن... جا بۆ ئەم مەبەستەیان دەبێ هەر ئافرەتە و مێردی یا باوکی یا برای و ئامۆزا و کەسوکاری قەناعەت پێ بێنێ و بەهەموویانەوە کاربکەنە سەر موختار. موختاریش ئیمزای مەزبەتەکە بکات. ئەگەر ئەمە یەکەم جار و دووهەم جار نییە ئەم ئافرەتە (عاقڵ و سەنگین و موحتەرەم گران و بەئەدەبان)ە. ئەم جۆرە بڕیارە دەدەن و هیچ کاتێکیش نەیانتوایوە شتێک بکەن!!!! ئامە زۆر بێ باک بوو... هەر بیریشی لەم مەسەلەیە نەدەکردەوە، چونکە پێشەکی دەیزانی پێی ناوێرن، بۆیە ببووە لکی سەر دڵی زۆربەی ئافرەتانی گەڕەگ!!

نموونەیەکی زۆر سەیر بوو! لە ماڵێکدا پیاو و کچەکان ئامەیان خۆش دەویست و



ژنەکانیش ڕقیان لێ دەبووەوە. پیاوان کەپشتگیریی ئامەیان دەکرد لەبەر ئەوە بوو قسەی لە کەس نەدەخواردەوە. لەسەر ڕوی خۆی و بەجورئەت و ڕاستگۆ و نەترس بوو. کچانیش بۆ مەبەستی تایبەتی خۆیان. ژنان کە ڕقیان لێ دەبووەوە دەترسان ژن بۆ مێردەکانیان بدۆزێتەوە، ئەوەندە بە هانای بێوەژن و پیاوی ژن مردووی خاوەن هەتیو هاتبوو، لایەنگرێکی زۆری لەوجۆرە کەسانە بۆ خۆی پەیدا کردبوو... جارێ ئافرەتە نەزۆکەکان، حەزیان دەکرد شەیتان ببینن نەک ئامە... مەرگی ئەو بەلایانەوە ئەوەندەی مناڵ بونیان خۆشی و دڵ نەوایی پێ دەبەخشین. ڕقیان لە ئامە بەجۆرێ دەگەشایەوە و پەرەی دەسەند ئەگەر بیانزانیبا بووەتە هۆی شوکردنی فلانە بێوەژنی کلۆڵ... ئیتر ئەو ئافرەتانە لەناو خۆیاندا بەم جۆرە باسیان دەکرد و دەیانوت:

– دەک ئامە کوور بید... وەپەن بید... فلانە کەسیش دایدەشوی. ئەی کی کەلپەلەگەمان بشورد. ئەی کی نان ئەرامان بکەد؟... دەک وەپەن بکریەید، گیسد بوڕن. ئیتر خو مناڵەگانی فلانە کەس نیچنە بازاڕ ئەرامان. باقلە نافروشن... ئامە بێسە دەڵاڵ، شویەگانمان لە ڕِی دەرکەد و ژن ئەرایان خوازد.

ئەم قسانە وەنەبێ لە پاشملە پێیان بووتایە، لە ڕووی خۆیدا پێیان دەوت، کەچی ئەو هێندە بێباک بوو، ئەوەندە باوەڕی بەخۆی هەبوو، گەلێ جار هەر گوێی نەدەگرت و خۆی بەسەرەوە نەئەبرد... بەڕێی خۆیدا ڕاست دەڕۆیشت... ئەم بێدەنگی و بێ باکییەی زیاتر ئافرەتەکانی دەورووژان و تەقی پێدەکردن. زۆر حەزیان دەکرد وەڵامیان بداتەوە. کەچی ئەو جوانترین وەڵامی بەبێدەنگی دەدایەوە.

***

دوو هاوسێی سەیر ماڵەکانیان بەقەد ماڵەکەمانەوە بوو، ئەگەر هەرا و فەرتەنە لە گەڕەکەکەمان دا نەبوایە ئەوا قیرە قیرِ و هەرای ئەو دوو هاوسێیەمان ئەو بۆشاییەی پڕ دەکردەوە. لە هەمووی سەیرتر ئەوەبوو پاش هەموو هەرایەکیان هەرچی زەلامی مزگەوت هەبوو گوێیان لێ دەبوو و بۆ ژنەکانیان دەگێڕایەوە، واتە زۆربەی گەڕەکەکە بچووکترین هەرای ئەو دوو هاوسێیەمانییان دەزانی و دەیانزانی بۆ، وە لەسەرچی بووە و بەچی گەیشتووە!!، دوو هاوسێی کاریکاتێری: یەکەمیان : هەڵاج بوو... گوێیەکانی قورس بوون تا ژنەکەی هاواری نەکردبا تێی نەدەگەیشت، دووەمیان فیتەر بوو و ژنەکەی کەڕ بوو، ئەگەر داوای جامێ ئاوی لە ژنەکەی بکردایە ئەوا هەموو نوێژکەرەکانی مزگەوت گوێیان

لێ دەبوو... پاش هەموو شەڕ و هەرایەکیان (ئامە) بۆ ئاشتکردنەوە سەردانی هەردوو لایەنی دەکرد. دوا شەوی ڕەمەزان بوو... هەموو لە سەربان دەنووستین کابرای فیتەری هاوسێمان هەموو ساڵێ بەڕۆژوو دەبوو و لە جەژنا بەعەرەق ڕۆژووەکەی دەشکاند، ئەو شەوە لەتێ شووتی نابووە سەر ستارەی سەربانەکەیان کەلەگەڵ سەربانی مزگەوتەکە یەک ستارەیان هەبوو، هاواری دەکرد:

– فاتە... فاتە قەیچی ئەرام بار، کوللەگە، کەمی دریژە ڕەسێسە زەوی پیس بییە!!.

– .........

– فاتە چەقۆگە بار ئەی شامییە بشکنم.

– .........

– فاتە... فاتە فاتگ ماستاوەگە بارکەمی خوای کەمە... خوا بنەمە ناوی بەیانی عەیدە تینگم ناود.

– ...........

– فاتە بەو ئەی قەحپە.

تا فاتە تێدەگەیشت کابرای فیتەر ئەوەندەی دەقیژاند زۆری نەدەما دەنگی بنووسێت: ئنجا پاش ئەوەی فاتە تێدەگەیشت بەمنگە منگەوە وەڵامی دەدایەوە:

– چەس بیمەسە مەیموون لەژێر دەسد؟ چەند دەس دیرم؟ چەند پا دیرم؟ ئەرا ژنیگ تر ناخوازید؟...

– هەی (کووس پرێمز) لەتوو زیاتر من کی دیرم؟،. بەو لەلام بنیش.

– ئۆی تووش وەی ڕەمەزانە!!.

– لە هویرد چی ئیمشەو عەیدە؟.

ئەمە لایەک بانی لای چەپی سەربانی ئێمە بەم هەرایە دەستی پێدەکرد... لای ڕاستیشمان، هاوسێکەمان هەلاجە کەڕەکە بوو، ددانەکانی پێشەوەی بەسیر دەچوو، لە ڕەمەزاندا بەڕۆژوو نەدەبوو، هەموو شەوێ عارەقی خۆی دەخواردەوە و ڕەنگە هەر بۆ مزگەوتیش نەچووبێ... کەسێک گەر ئیشێکی پێ بوایە ئەوا دەبوایە دەنگی بەرز بکردایەتەوە، تا نەختێ حاڵی دەکرد قیر سپی دەبوو... ناجیەی ژنیشی یەکێ بوو لەو



ئافرەتانەی کەوەک دەڵێن یەکێکیان بۆ شێواندنی شارێک کەمە دوانیشیان زۆرن... هەواڵی هەموو ژن و پیاوەکانی شار لە گیرفانیدا بوو. دەیزانی فلانە کەس کوڕی کێیە و کەی و لە کوێ لە دایک بووە و چەند خزمی هەیە و خزمەکانی چ ئیشێ دەکەن و چییان هەیە و، چەند مانگ جارێ یا ئەوان دێن بۆ سەردانی ئەمان و یا ئەمان بۆ سەردانی ئەوان دەچن. هەر غەریبەیەکیش گەر بهاتایەتە گەڕەگ، ئەوا ئێوارە دەمی (ناجیە) دەبووە ئێزگە و لەسەر سێ چوار شەپۆل هەواڵی ئەو غەریبەی بڵاو دەکردەوە. سەرباری ئەمەیش بەکەیفی خۆی و بەتەخمین مێژووی لەدایک بوون و ژن هێنان و خەتەنەکردنی بۆ دائەنا... ناجیە یەکێک بوو لەو ئافرەتانەی بەسات و ڕۆژ پەیوەندی لەگەڵ ئامەدا دەگۆڕا. ڕۆژی وا هەبوو دەچووە پاڵ ناحەزەکانی ئامە و یەکسەر ڕۆڵی سەرکردەیی وەردەگرت و خوێنی لە کەللەسەری ئامەدا دەخواردەوە و بەم کارەی کەسبی زۆربەی ئافرەتانی گەڕەکی دەکرد. ساتی واش هەبوو بەتەنیا بەرەیەکی دروست دەکرد و بەرگری لە ئامە دەکرد و خۆی وا دەنواند کە نوێنەری شەرعییەتی و ئامەیش نموونەی مرۆڤی مەزن و دۆستی هەژار و لێ قەوماوانە و نابێ کەس بەخراپی باسی بکات... توومەز ئامە لەم فاک و فیکە گەیشتبوو و دەیزانی ناجیە کە وادەکات مەبەستی چییە... بۆیە زۆرجار پێی دەوت من خۆم قسە ناکەم، تۆ بۆ خۆت کردووەتە خاوەنی ئەم کێشەیە؟!!.

مەبەستەکەی ناجیە ئاشکرا بوو... ئەویش ئەوە بوو کەئەو ژنە وا ڕاهاتبوو بەبێ هەرا و هوریا و فەرتەنە نەدەحەوایەوە، هەرکە دەچووە بەرەی دوژمنەکانی ئامە و خۆی لەگەڵیاندا دەگونجاند، کۆڵێک داخوازی تایبەتی بەسەریاندا دەسەپاند، ئەگەر یەکێک لەو ئافرەتانە بەوردی گوێی لە قسەکانی نەگرتایە و جارێک درۆ یا بوختانێکی لێ نەسەلماندایە، ئەوا ناجیە یەکسەر سەنگەرەکەی خۆی دەگۆڕی و دەیزانی هیچ چەکێک وەک ناوی ئامە کاریگەر نییە. جا ئەگەر بەسەر و باڵایاندا هەڵبدابایە ئەوەی دەگەیاند کە نیازی وایە هەر بەزیندوویەتی بیانخاتە چاڵ...... جا بۆئەوەی زیاتر ئەزیەتیان بدات لە خۆیەوە دەیوت:

– ئیمرۆ ئامەم بینی ئیشێکی خێری بەدەستەوە بوو!.

زۆربەی ئافرەتان لە خۆیان و مێردیان دەکەوتنە گومانەوە و لەم ئیشارەتەی ناجیە وا تێدەگەیشتن کە ئیشی خێر مانای ژن هێنان و ژن خواستن و بەشوودانە... هەموو دەیانزانی ئامە لەم کارانەدا دەستێکی درێژی هەیە... زۆربەی بێوەژنە جل شۆر و نۆک فرۆش و نانەواکانی بەشوو داوە بەتایبەتی بەو پیاوە بێکەسانەی کە ژنیان مردووە و مناڵی وردیان

لەپاش بەجێماوە...

ناجیە لەگەڵ ئەم هەڵەوەڕێ و بوختان کردنەیدا، زۆر شتی لەبیردەچووەوە... هەرکە جێگۆڕکێی دەکرد و لەناو ئافرەتاندا تەشیی دەڕێست و بەدەم بنێشت جوینەوە قسەی دەکرد گەر ناوێ بهاتایەتە ناو ئەوا لەبیری دەچووەوە کەیەکێک لەم ئافرەتانەی خزمی ئەوە، ئیتر لە پێشیدا باسی ڕەزیلی و بێ حەیایی و ئەگەر قسەکەیان لەدەم نەبڕیبا، ئەوا دەهاتە سەر ڕەوشت و بەخۆیەوە نەدەوەستا هی دایک و باوکیشی دەهێنایە ناوەوە. گەر ئافرەتێک لێی ڕاپەڕیبا ئەوا یەکسەر بێ سێ و دوو دەیوت:

– بوومە قوربان خودا... ئەیە چ قسەییگە، بیدەسە مەحامی بەڵاش خوو توو ئامە ڕەش نید لەسەر فەقیرەگان بایدە جواو!!. ئەی ئامە خەرگ وەسەرە ئیمە قەدری نیزانین وە ئیمام عەلی کەوشەگەی گشت ژن ئەی شارە تێرزد.

ئەم ڕستەیە سەرەتای شەڕێکی هەزار بارەکراوی ئێوارانی گەڕەکەکەمان بوو. هێشتا ئەم شەڕە لە چاو شەڕی لەگەڵ هەلاجە گەڕەکەی مێردیدا هەر هیچ نەبوو... بەتایبەتی کەپێی دەوت:

– هەی جرتگە هەی جڵ فڕ... دی بەوە ماڵ... تو قەدرد لەلای کی هەس؟... بەو کەمی حورمەت خۆد بگر و لە حوجرەگەی خۆد بنیش... هەی ئاو ڕووشن کەرە بەسە دی، حەیامان تکیا لەناو عاڵەم حەیا خۆی چەس قەترەییگ ئاوە... ئەگەر تکیا...؟!

حەوشەکەیان دوو ژووری تیادا هەبوو، ژووری یەکەم هی مێردەکەی بوو و ژووری دووەهەمیش هی خۆی و هەر سێ منداڵەکەی بوو کەبەناوی گۆرانی بێژەکانی (میسر) ناوی نابوون. (کەلسووم و ئەسمەهان و فەرید)!!.

هەلاجی مێردی کە لە ئیش – لە ماڵان – دەگەڕایەوە، دەچووە ژوورەکەی خۆی و پرێمزەکەی دائەگیرساند... بەدەم گۆرانی چڕینەوە هەندێ تەماتەی سوور دەکردەوە. ئێوارانیش ئاوڕشێنی سەربانی دەکردو نوێنەکەی خۆی سەردەخست و لەگەڵ بولبولەکەیدا لەسەربان بێدەنگ دەبوو و خەیار و تەماتەی بۆ بولبولەکەی پاک دەکرد و عارەقەکەی دادەنا و گوێی لە هەرا هەرا و قیژەی ناجیە نەدەبوو زۆرجار وا ڕێک دەکەوت لەشەڕێکی ناجیەدا پۆلیس دەهات و ناجیەیان دەبرد، مێردەکەی نەک خۆی نەدەکردە خاوەنی، بەڵکو نەیدەویست بزانێ چی بووە و لەسەر چییە و ژنەکەی چی بەسەر هاتووە. هاوسێکان



بەڕەڵڵایان دەکرد... هەندێ جاریش ئامە دەچووە لای (مەجەی قومسێر) و ناجیەی بەڕەڵڵا دەکرد، مەجە ئامەی بەدایکی خۆی دەزانی ئەوەندە ڕێزی لێ دەگرت و شەرمی لێ دەکرد ئەو هەر شتێکی بووتایە، مەجە ڕەتی نەدەکردەوە. ئەگەر جار جارێ لە مەسەلەیەکی گەورەدا، مەجە دەسەڵاتی نەبوایە ئەوا ئامە پێی دەوت:

– ئۆغلم مەجە سویتم حەرامو ئۆڵسن[1].

مەجە هەر گوێی لەمە بووایە خۆی دەچووە لای معاون و مودیر شورتە، تکای دەکرد تا ئامە ڕازی دەبوو.

دایکی مەجە بەسەر مەجەوە چووبوو. باوکیشی قاچاغچی بوو. کوڕەکەی دابوە ئامە، هەموو مانگێکیش پارەو جلوبەرگ و پێویستییەکانی بۆ جێبەجێ دەکرد. ئامەیش نەک وەک دایەن بەڵکو وەکو دایک بەخێوی دەکرد... مەجە گەورە بوو، باوکی مرد و ئەویش بووە پۆلیس و لەبەر زیرەکی خۆی زوو زوو تەرفیعی دەکرد، ببوو بەقۆمیسەر.

هەرکە ناجیە لە پۆلیس خانە دەهاتەوە، دەیکرد بەهەرا و لەگەڵ مێردەکەیدا هەتا بەیانی نەیدەبڕییەوە... خەڵکیش نەیان دەزانی مێردەکەی ئەوەندە کەڕە و گوێی لەو حەمکە هەرا و هوریایەی ناجیە نییە یان خۆی لێ کەڕ کردووە و نایەوێ بەدەمێدا بچێتەوە کەناجیە دەمی دەکردەوە دەیوت:

– هەی گەواد... هەی بی شەرەف... هەی حیز... توو ئاخر توو پیاوید؟ دایگە (قەحپە)ەگەد... خۆشکە (گاندەر)ەگەد... برا لوتییەگەد...

هەرئەوەندە دەما بیگەێنێتە ئادەم و حەوا... لە پاڵ جنێوداندا بەمێردەکەی، جنێوی ئەو تۆی بەو کەسانەش دەدا کەوا شکاتیان لێکردووە... ئیتر مەگەر هەر ناجیە خۆی بیزانیبایە چی دەوت!!

مامم گەلێ جار دەیویست هەڵسێتە پێ و بڵێ ناجیە، نیوە شەوە و هیلاکین و دەمانەوێ بخەوین کەچی ئامۆژنم نەیدەهێشت و بەمامی دەوت:

– هووس هووس، ئەوە باس فلانی کەد... بووس جاری بیلا بزانین چەیژد.

ئامۆژنم مەبەستی ئەوە بوو زیاتر خەبەر و هەواڵی نوێی دەسکەوێ. توومەز زۆربەی

(١) کوڕم مەجە شیرم حەرامت بێ.

پیاوەکان هەمان نیازی مامیان هەبووە و ژنەکانیشیان وەکو ئامۆژنم مێردەکانیان دەم کوت کردووە بۆ ئەوەی مەعلوماتی پتر بەدەست بێنن و پاشەڕۆژ بیخەنە کار.

***

ئێوارەی ڕۆژێکی بەهار، بەهاری ساڵێکی بەپیت و پڕ بەرەکەت و پڕ خێر و خۆشی، هێشتا هەتاو لەناو دارخورماکانی ئەو دیوی ئەڵوەنەوە تیشکەکانی لەناو ئاوەکەدا ڕەنگی دەدایەوە، ماسی گرەکان تۆڕەکانیان دەرنەهێنابوو، هێشتا مەلەکان بەرەو هێلانەکانیان نەگەڕابوونەوە و لەسەر ئەم دار و ئەو دار بوون، خەڵکێکی زۆر بەخاوو خێزانەوە... لە ڕۆخی ئەڵوەندا دانیشتبوون، سەماوەری زەرد و قۆری و مەنجەڵە یاپراخ و میوەیان ڕیزکردبوو... ژن بەجیا و پیاویش بەجیا هەڵپەڕکێیان دەکرد. دەهۆڵ و زوڕنای عەلە سنجاوی و دوومەڵەگەکەی سەعە دەوڵچی و گۆرانییەکانی خوداداد و خولە کەلۆر تێکەڵ ببوون، زەردەخەنە و پێکەنین لەنجە و گۆرانی چڕین لە سەردەمی گەورە بچووک و ژن و پیاودا بوو، زۆربەی زۆری دووکان دار و کاسب کاران دەستیان لە ئیش هەڵگرتبوو و دووکانەکانیان داخستبوو و لەم بەزم و ئاهەنگەدا بوون کە لە خانەقی پێی دەوترێ (چوار شەممەسوورە). ئاهەنگی ئەو چوار شەممە سورەیە هەرگیز لە یاد ناچێتەوە...

لە کاتێکدا ئەو خەڵکە ئەو ئاهەنگ و خۆشی و شادییە بوون لەپڕ کارەساتێکی دڵ تەزێن ڕوویدا.

پۆلیسە سوارەکان هەمیشە لە ئاهەنگی ئاوها لە هەموو چوار شەممە سوورەیەکدا ئامادە دەبوون و نەیاندەهێشت خەڵکەکە شەڕ بکەن و بەقسەی خۆش یا بەتێڵڵا ناوبژییان دەکرد.

ئەو ئێوارەیە (خوداداد و خولە) گۆرانی ئەوتۆیان دەووت و یەک بۆ یەکی دەسەندەوە و هەموو ئەو خەڵکەیان مەست کردبوو، بە جۆرێ شایێ و هەڵپەڕکێکەیان گەرم کردبوو منالّی دوو سێ سالّە شانی هەڵئەتەکان، پۆلیسە سوارەکانیش بەشداری هەڵپەڕکێیەکە بوون تەنانەت هەندێکیان سەرچۆپیشیان گرتبوو ناو بە ناویش لە خۆشیان تەقەیان بۆ هەوا دەکرد. لە گەرمەی ئەو زەماوەندە و شایلۆغانەدا لە پڕێکەوە هاوار و قیژە هەڵسا....

– ئەرێ واللە مەجە قومسێریان کوشت!!.

شایی تێک چوو، بووە قەڵەبالّغی و هەڵڵایەک سەگ خاوەنی خۆی نەدەناسییەوە، ئالە و سەر و بەرەدا ئامەی چەمەری وەکو فریشتە قووت بووەوە.



بەهەر جۆرێ بوو ڕێم بۆ خۆم کردەوە و سەیرم کرد ئامە سەری مەجەی ناوەتەوە سەر ڕانی و دەست بەڕوومەتیدا دەهێنێ....مەجە گوللەیەکی کاریگەری بەر سەری کەوتبوو هەر دەستبەجێ گیانی دەرچوو بوو و کەسیش نەیدەزانی ئەو گوللەیە لە دەست کێ دەرچووە. ئامە بەجۆرێ دەیلاواندەوە بەردی دەتاواندەوە...ئەوەندە خۆی کوشت و پرچی خۆی ڕنییەوە تا بوورایەوە....مەجەیان هێنایەوە و بردیان بۆ خەستەخانە و سبەینێ تەرمەکەیان دایە دەستی ئامەوە. کاتێ کە بۆ گۆڕستانیان دەبرد ئامە لەگەڵ زەلامەکاندا شانی دابووە بەر دارە مەیتەکە. هەر چەندە مەلای مزگەوت و پیاوە ڕیش سپییەکان لێی دەپاڕانەوە و دەیانوت جایز نێیە ئافرەت تەرمی پیاو هەڵگرێ بێ سوود بوو وەک نەیانتوانی نەهێڵن بێتە قەبرسان ئێمەی منالاّنیشیان بۆ دابین نەکراین. من کەوتبوومە دوای ئامە ئەویش فەرزی کردە سەر پیاوەکان کە خۆی دایدەگرێتەوە ناو قەبرەکەوە و کفنەکەی ڕوومەتی لادەدا. بێ سوود هەوڵیان دەدا کە ناجایزە و شەرع ڕێ نادات، بەڵام ئەوەی مەبەستی بوایە و قەناعەتی پێ بوایە هیچ کەسێ نەیدەتوانی ڕێی لێ بگرێ...هەموو شتێکی جێبەجێ کرد. ئەگەر چی زۆربەی خەڵکی شار کەوتبونە دوای تەرمەکەیەوە و دڵگیر بوون و بۆ ئەم جۆرە مردنەی مەجە غەمبار بوون بەڵام زۆربەی ئافرەتانی گەڕەک هەر لە دایکمەوە تا ناجیە بە مردنی مەجە دڵخۆش بوون، نەک لەبەر ئەوەی ڕقیان لە مەجە بوو...مەجە نەک کوڕێکی زۆر چاک بوو، بەڵکو خۆشەویستیش بوو. زۆربەی خەڵکەکە خۆشیان دەویست چونکە چاکەی لەگەڵدا دەکردن و بە هانایان دەهات.

هەتاکو قاچاغ چێیەکانیش ڕقیان لێ نەدەبۆوە، چونکی هەر قاچاغ چییەکی بگرتایە بە مەحکەمەی نەدەگەیاند، بەڵکو تەمێی دەکرد. ئافرەتان کە مەرگی مەجەیان پێ خۆش بوو لەبەر ئەوە بوو کە ئەو لە بەیندا چوو ئیتر مەزبەتەکەیان بۆ دەکرێ و ئامە شاربەدەر دەکرێ و کەسیش پشتگیریی ناکات.

***

– دایە، دایە.

– ...........

ـچەبی قسەی وەگەلد کەم ئەرا جواوم نێدەی؟

– چەدە؟

– ئیمڕو چیمە بازاڕ.

– ئێ.

– ئەو دوکان دارە ناوی چەس؟ ناوی نێزانم وەتە پیم سەعدە شیت.

– ئەرا؟

– نێزانم هەر لە خۆیەو.

– توو چە وەتیدە پی؟

– هیچ وەگەل دوێت هاوساگەمان چیم، یاروو تازە بارکردنەس. دایگی وەت بچن ڕوین بسینن.

– چەند جار وەتمەسە پیدان نەچن ئەرا بازاڕ؟

– ئێ خۆد ئەرا چید؟

– من ژنیگ گت گەورام، پیاو و نەعلەگەم، چەند جار لە گوشد گردمەس و وەتمەسە پید ئەگەر لە ماڵ دەربچید خۆد زانید!.

– ئێ چە بکەم؟ توو لە ماڵ نەوید، ئەویش دایگی هات و لاڵکیاوە پیم دایە گوناحن، غەریبن، بیلا ڕێگە نیشانیان بدەم چەبوود خوو کافرسانی نییە.

– ئەرا توو چەند جار بازاڕ دیدە تا نیشانیان بدەی؟

–...........

– بیژ.

–...........

– کە وەتە پید چە جواوی داید؟

– هیچ، سەرم خستمە خوار.

– ئەرا ترسیاید و سەرد خستیدە خوار چەکردیدە؟

–............

– ها؟.

–............



– بیژ.

–............

– بیژ نەترس خوو دار نەگردمەسە دەسم چە وەتە پید؟

–............

– نەترس ڕووڵە.

– وەتە پیم مەمگد گەورا بێیە.

– ها!.

–............

– کامە دوکاندار بی؟ تا بچم ئیسە حەیا و نامووسی بووەم لەناو بازاڕ؟

– خۆمان ناموسمان چد!.

– ئەرا دزی کردێمەس یا خیزی؟. جاریگ تر ئەگەر ئەیانە هاتن وەتنە پید بچینە بازاڕ بیژ دایگم قەبووڵ نێکەد.

– وەتمە پییان.

– ئێ دی ئەرا چید؟

– وەتن دایگد تلیاک کیشد ئەرا خۆی حەڵاڵە، ئەرا توو حەرامە بچیدە بازاڕ؟

– دوو ڕوژ نێود وەپای قەدەم شەڕیان هاتنە سە ئیرە، جاری من کەسیان نێناسم؟ دایگی وەت یا باوگی؟

– نە ء کوڕە گەوراگەیان!.

– ها...بژنەف جاریگ تر پاد لە وەردەم قاپی دەرنێچدە دەشت....فامستێ؟ ئیژمە پید ئەگەر ئەیانەش هاتن جواویان بدە. فامستێ؟.

– دوێکە شەو خەفتبیم دوینستم کوچگیگ لە بان خانییەگەیان فڕەدا وەی دیم. . خاس بی سەرم نەشکیا ئیمشەویش کەوچک چای خستە بان سەرم!!.

– توو چەکردی؟

– ترسیام و هاتم لە حەوش خەفتم!.

– دی لەسەر بان نەخەف. رووڵە...بەو لە حەوش جیگەبخە .

– حەوشەگەمان فرە بیجگ و گەرمە...ئەیە کەی حەوشە؟

– وەجیرو جەهەنم چارە چەس؟ ئەگەر شەویگ!! هیچ... لە خوار بخەف و بورِە وەی.

– پیرەکەیش.

– چەبی؟

– – کورِەی گەی وەرانوەرمان.

– ئێ.

– وە تیرکەمان کوچگیگ وەشاندە قاپییەگەمان، خاس بێ نەشکیا، منیش چیم بزانم کییە؟ دوینم چا و ئەرام هەڵتەکند وەدەس ئەرام ئیشارەت کەد و ئیژد.

– بەو.

– ها! باوگد لە ماڵ نەوی؟.

– بەلی....خەفتبی.

– ئەرا خەوەر داری نەکردید؟

– ترسیام وە خوتە خوت جەرگم بخۆد.

ئامەی هەستیار و شارەزا کە وەک دەروون شناسێ سەرنجی هەموو جووڵە و ڕەفتارێکی دەدا. دەیزانی هیچ جووڵەیەک لە خۆوە نییە و پاڵ پێوەنەرێکی هەیە و ئامانجی تایبەتیش لە پاش ئەو جـوڵەدایە هەیە..ئەو نەک هەر تەنیـا لە ڕووی ئاگـاداری و وردبینیـــەوە منداڵەکانی خۆی و دەوروبەری دەپاراست و بەس، بەڵکو ئەوەندە وریا و لەسەرەخۆ بوو، پاکانەی بەدڕەفتاری بۆ هەموو کەسێک دەهێنایەوە و دوا قسەیشی بەم شێوەیە کۆدەکردەوە هەمـوو شتێکی دەبەستەوە بە خێزان و گەڕەک و باوک و دایکەوە. هیچ کاتێک باوەڕی بەوە نەبوو کە بەدکارێک ئیشێکی چاک بکات، ئەگەر ئیشێکی چاکیش لە دەست بهاتایە ئەوە ئامە دەیوت:

– بزانە مـەبەسـتی چیـیــە....یا دەیەوێ ڕەدی ئیـعـتـیـبـار بۆخـۆی بکاتەوە یانیش بەرژەوەندییەکی نادیاری هەیە و خۆی دەیبینێ لە پێناویدا ئەمە دەکات.

کچەکانی ئامە دایکیان زۆر خۆش دەویست بەهاوڕێی خۆیانیان دەزانی و نەک دایکێ



کە دارکاری کچەکەی بکات ئەگەر ڕۆژێ بە دایکی بڵێ.

– دایە فلانە کوڕ چاوی لێ هەڵئەتەکانم..ئیشارەتی بۆ کردم.

دایکیشی بڵێت خەتای خۆتە و ئەم قسەیە بکاتە چەک و لە ڕووی کچەکەیدا لە ناخۆشییەکی بچووکدا بەکاری بێنێ. یا بە باوک و برای بڵێ:

– کچەکەتان لەڕێ دەرچووە.

ئامە منالەکانی فێری ڕاستگۆیی کردبوو، بۆیە بەبێ ترس و لەرز هەر شتێک ڕووی بدایە بەڕاست و ڕەوانی بۆیان دەگێڕایەوە... کچەکانیشی بەسەرنجی خەڵکەکە نێچیری چاک بوون...

هەژارن و هیچیان لەدەس نایەت و دووەمیش کچی ئامە تلیاک کێشن... بۆیە هەمیشە هەوڵی ئەوەی دەدا کە نەچنە بازاڕ. دەشت و دەر نەکەن..نەک لەبەر ئەوەی باوەڕی پێیان نەبوو... بەڵکو باوەڕی بەو خەڵکە نەبوو کە هەمیشە لە بارەیانەوە دەیانوت:

– گورگ ورسگن...خودا ناناسن....ئینجا وە فەقیریگ وەک ئێمە چوین ڕەحم کەن؟.

ئەگەر چی ئەو دەربەستی هەژارییەکەی خۆی نەدەهات و بەهیچ جۆرێک هەوڵی نەدەدا باری ژیانی خۆیان بگۆڕن، بەڵام جار جارێ خەمی بۆ هەژارییەکەی خۆی دەخوارد...ئەویش کاتێ کە هەتیوێ یا بێوەژنێکی کلۆڵی دەبینی و نەیدەتوانی یارمەتیان بدات، تفی لە هەژاری خۆی دەکرد...زۆر بە هێمنییەوە گوێی لە قسەکانی کچەکەی دەگرت کە ڕۆژێکیان ئامە زۆر نەخۆش بوو پێی وت:

– دایە.

– ها.

-چشتیگ تر هەس...ترسم بیژمەی و تنیش.

– بیژ.

– ئاخر.

– بیژەی رووڵە نەترس.

– نانە واگە نییە.

– ئێ.

– کوڕەگەی هات و لە قاپیماندا. منیش چیم و قاپییەگە بکەمەوە کە نانەگەی دایە دەسم...

– ئێ قوڕنجگ لە لید گرد؟

– نە و دەس دریژ کرد ئەرام، تواست دەسم بگرد... تواست قاپییەگە بکەمەو، وەدەس ڕاسی زوور لە قاپییەگە کرد تا بکریەدە و بادە ماڵ...

– ئێ تو و چە کردی؟

– وە زوور قاپییەگەمان وەسام و نانەگە لەلی سەندم.

– خاس کردید.

– ئا...ئم ئم...

– ها عافەریم ڕووڵە . دایگد وە قورباند بوود بەس نییە خودا قوەت دایە پید و ئەقڵیش...ئەو سەگ باوگە هەر خاس بی پاڵ وە قاپییەگە نەدا و بیاتادە ماڵ و دی...

– .........

– ئەرا خۆشکەگاند بانگ نەکردید؟ خوو گشدان قاپییەگە...

– ئاخر ترسیام...ئەو سەعاتە لاڵ بیم... لە پرووک چیم.

– لە پرووک چید؟ خاس حەق ئەی کردەوەیە لەلی دەرکەم. بەس کەی...خۆم زانم... کەی و چە بکەم؟

– وەت چەقڵە ئەرا تو و فرە جوانید؟ ترسیدە بان خۆد؟

– هاوار کرد؟

– ئا....

– مەحەلە گە ژنەفتن؟

– نە نیوەڕوو بی... بەس شرووب فرووشەگە لەورا بی... دویاخر شرووب فرووشەگە لە قاپیدا...تواست نانەگە بدەدە دەسم، بەس ترسیام بکەمەوەی نەک جاریگ تر باد.

– خاس کردید.



– پارە نەدامە پی. ئیسە ئیژدە دایگی پارە نەدانە پیم.

– گووش مەتکن. پارەگە خۆم دەمەی... دایگی دەروەن نێود... ژن خاسیگە... بەس کورەگەی بەیانی خۆم زانم چەکەمە پی.

– حەیامان نێچد؟

–.................

– ئێ بەیانی زبیلەگە چوین بڕشنم؟ زەبالەگەش.

– کەی؟.

– زەبالەگەش هەم....

-بیژ ڕووڵە ئەو سەگ باوگە چەکرد؟.

– پیرەکە زبیلەگە ڕشانبیمە ناو تەنەکەگە و لە وەردەم قاپی نابیمەی و زوی قاپییەگە وەسام.

– ئێ.

– دوێکە قاپییەگە کردەمە و تا تەنەکەگە بارمە ناو دوینم زبیلەگە هەڵ نەگردییە.

– ئێ ئیمڕوو چەکرد؟

– من زبیل ئیمڕۆش فڕە دابیمە ناوی. تومەز زبیلەگە فرە بییە و لە تەنەکەگە کەفتیسە زەوی و ڕشیایە.

– ئێ.

– دا لە قاپیو کردمەی. دوینم خۆی و کەناسەگە تەماشای یەکتری کەن.

– ئێ.

– هەم وەک کوڕەگەی نانەواگە بەس ئەیجارە قیژە دام، خۆشکەگەم هات...دەمم بەسان.

– ئەوان چەکردن؟.

– وە دروو دەس کردنە هاوار کردن:

– چەس ئەی زبیلە؟ ئەگەر...بەلەدیەی هات و ئیمە گرد؟ خو لە کار دەرمان کەن...خاوەن ماڵ و ملاڵین.

– ها....ئەیە گشتی لە دڵ خۆد شاردیدەسەو و نەووتیدە سەپیم .

–......ئەرا؟.

– توو نەوتید سڕدان قایم بوود؟

– ڕووڵە وەگەڵ عالەم سڕدان قایم بوود...بەس ئەرا من گشتی بیژن، نەشار نەوەی...چونکە ئیوە نیزانن من چوین لە حەقیان تێم.

– لە حەق چەند کەس باین؟

– بیژ.

– نە... ئەگەر خۆم بتوانم لە حەق ئەی مەحەلەیە گشتی تێم، بەس ئاخ و داخ غیرەتم قەبووڵ نیکەد...و ژدانم ڕێگە نێدەد... داخەگە هەر لە دڵ خۆم هەڵگرم.

– دایە بیژ من لە کوڕ نانەواگە ترسم لە کوڕەکەی وەرانوەرمان ترسم. لە کەناس و زەباڵە گەش ترسم....چە بکەم؟.

– نەترس.

– چوین؟

– بەیانی خۆم لە قاپی نیشم و نانەگە لە دەسی سینم و زبیلەگەش دەمە پیبیان.

– ئەی دوو بەیانی؟...ئەی سێ بەیانی؟ تووش هەر لە ماڵ نێنیشید.

– هش...هەقد لەمن نەوود، من خۆمزانم چوین لە دەرەقەتیان تێم...

– چەکەی؟...شکات کەیدە بان بەلەدییە وە بان زەبالەگان مودیر بەلەدییەش؟

– چە ؟ ئەوە چەکرد؟...

–.................

– بیژ...

– هأ هأ هأ هأ هأ.

– بیژ نەترس چەکرد؟

–.................

– ئیژم بیژ یەعنی بیژ.



– ئاخر یەکیگە دوانە هەزارە؟

– حەقد نەوود ئەوە چەوەت؟ چەکرد؟

–............

– ڕووڵە وەتمە پید نەترس ئەوە چەکرد؟ خوو چەکەمە پید؟ هیچ نێکەم... خووتە خووت نێکەم... ڕووڵە نەترس... دەی بیژەوەی... دەی.

– ............

– ئەی...؟.

– ها ها... بچوود شکات بکە بانیان لە لای خودا.

– هە...هیچ نێکەین...شکات لەلی نێکەم...خۆم چارەت کەم... بەس وە خۆشگەگاند هیچ نەیژ ها فامستی؟

– چوین ؟ ئەرا؟....توو نەوە تیدە پیمان گشدان پشت یەکتری بگرن؟!!.

– ها ئێ...قەی نێکەد، گووش مەتەکن...مەترسن لە چاو عەزاوەگان من عەزاو ئیوە هیچ نییە... ڕووڵە ئەی کارانە زوی چارە کرید. بەس کار لەیە گەورا تر هەس کە چارە نێکریەد.

– وەک چە...؟.

– وەک چە؟ وەک مردن؟.

– ئەرا حەز کەی ئیمە بمرین؟

– نە مردن!! کەس فکر نێکەد کە مردن هەس...ئەی عالەمە گشتی ئەگەر بان و فکر بکەن کە مردن هەس، هیچ کردەوەی خراو نێکەن..کردەوەی خراو و خاس چوین فەرقیان کەیەد؟ ڕەش لە چەرمی؟...شەو لە ڕوژ؟.

نێزانم ئیوە...گوناحیک کردم کە شوی کردم و ئیوە هاوردمە ئەی دونیایە...بزانستام شوی نەئەکردم.

– ئەرا دایە لە ئیسەوە تەحنە دەید لە لیمان؟.

– نەدایە نە...ئیوە لە زوان من نێفامن، سویچ خۆمە... ئا سویچ خۆمە. گچشتی سویچ خۆمە.

– ئەرا دایە چە کردیدە؟ سەرکی بڕیدە؟

– سەر؟ سەر کەس، ڕۆڵە من، سەر کەس نێورِم.

– بەس چەدە؟

– ئاخر ئەگەر بنیشم و قسە ئارادان بکەم قسەگانم خەڵاص نێون و منیش نێتوانم ئەو عەزاوانە کە خۆمەی ئیوە بخۆنەی ئەرا ڕۆژیگ لە ڕوژان لە من نەپرسین دایە ئەرا چە تلیاک کیشید؟

***

کونجەکەی ئامە هەر چەندە بچووک و پیس و پۆخڵ بوو، ڕەنگی هەموو دنیای دەدایەوە...لە بزە و خۆشی و پێکەنینی ڕاستی تا خەونی ئاڵوز و ئازار و فرمێسکی گەرم و ئەو پەڕی سۆز و خۆشەویستی تیادا بوون...ئەگەر بە چاوێکی خاوێنەوە سەیری هەر تفاقێکت بکردایە...ئەوا هەموو شتێکی ڕەنگی دەدایەوە بۆ نمونە:

سەرینێکی دە دوانزە ڕەنگ و هەر ڕەنگەی پارچە کراسە کۆنێکی و بەدەس پینە کراوە و کراوەتە بەرگە سەرین، لەو سەرینەدا سەدان دڵۆپە فرمێسکی گەرم و سەدان خەونی خۆش و ئاسوودە و هێمن، سەدان بزەی فێنک و خەمی جۆراو جۆر جێیان بۆ خۆیان کردبووەوە... هەروەها هەموو تفاقەکانیش بەم جۆرە بوون. کونجێکی نزم دەبوایە هەموو ڕۆژێ کچەکانی بەجام و سەتڵ چڵکاوی حەوشەکەیان دەردایە، سەربانەکەیان بێ ستارە بوو. دەرگای حەوش...چەند تەنەکەیەکی ژەنگاوی بوو درابوونە دەم یەکەوە، بەهەندێ تەختەی ڕزیووەوە جێگیر ببوو... لە دیوی ناوەوە بزمارێکی گەورە زنجیرێکی ژەنگاوی بەقەدەوە بوو و....

دەرگاکەیان پێ کلیل دەدا...ئەگەر جار جار ڕەشەبا هەڵیبکردایە...ئەوا ڕەشەباکە خۆی بەدەرگای ماڵی ئامە تاقی دەکردەوە و دەیشکاند بارانیش لە حەوشەکەیاندا گۆمی دەبەست...ئەگەر کەسێ لە بارانە ڕۆژێکدا بچوایەتە ماڵی ئامە و جزمەیشی لەپێ بووایە، ئەوا تا ئەژنۆی دەچەقییەوە ناو قوڕاوەکەوە... ئەمەیش یەکێ بوو لەو نهێنییانەی کەم کەس بۆی شی دەکرایەوە کە ئەو بۆچی هەمیشە پێی پەتییە....شەوانی زستان و هاوین حەوشەکەیان و بەر دەرگاکەیان مۆڵگەی چی سەگی خوێڕی ئەو ناوە بوو... مام ڕحمەتی مێردی لە سەردەمێکی زوودا کە بە پاس قەمەرە دەچوون بۆ حەج، جارێک چووبووە حەج و پێیان دەوت (حاجی بیسمیللا) بە جۆرێ باسی حەجی دەکرد هەموو خەڵکەکە کەوتبوونە



گومانەوە و باوەڕیان نەدەکرد کە ئەوەی بۆی چووە حەج بووە...

هەموو جارێ لە هەموو شوێنێکدا قسەی دەکرد... هەرگیز گوێی لە هیچ قسەیەک نەدەگرت. گرنگ ئەوە بوو خۆی قسە بکات، لە هەموو شوێنێکدا بەم شێوەیە باسی حەجی دەکرد.

– بەقوڕم گرت... یا خوا دوژمنیشم ڕێی نەکەوێتە حەج... خۆ ڕێگاکەی هەر نابڕێتەوە... سەحرایەکە بنی نییە... پەنجا ڕوپیەم خەرجکرد، کەشیدەیەکم کڕی. فرە دووعام بۆ ئەهل خانەقین کرد، وە تووڕەیییەوە زنجیری مەرقەدەکەم ڕاوەشاند وتم:

– یارسول الله... توام هەر دوو چاوی کوور بکەید... ڕسوای بکەید وە پەن دوونیا و قیامەت بکەیدەی.

ئەگەر یەکێ لێی بپرسیایە ئەم دووعایەت لە کێ دەکرد، یەکسەر دەیوت:

– خۆی زاند.

مەبەستی ئەوە بوو ڕەسولەڵلا خۆی دەزانێ.

بەردەوام دەبوو لەسەر قسەکەی و دەیوت:

– بیس فاتیحە ئارا باپیرم (باوە نویر) خۆنستم یەک ڕووپیە وە ڕووی خودا و مەولود پێغەمبەر (سەڵڵەڵلا عەلەیهی وەسەلەم)...کردە خیر.

سەیری دەوربەری خۆی دەکرد بە توڕەیییەوە دەیوت:

– ئەیە چوین زەمانیگە بزانم کەس نایژد (سەڵڵەڵلا عەلەیهی وەسەلەم) کافرن، خو بوسڵمانی هەر نەمایەس... ئەی کافرە بێ دینەگان... نە سویچ ئیوە نییە...گشتی سویچ عەلمۆدەگانە و ئیوە کافر بینە...

خەڵکەکەیش بەبزەوە دەیانوت:

– سەڵڵەڵلا عەلەیهی وەسەلەم.

حاجی بیسمیلا زۆر دڵی خۆش دەبوو... لەسەر یەک دەیوت: عومر دریژ بوون.... خودا ئیمان بدەدە پیدان..کوڕم ئەی عەلمۆدانە عەلامەت ئاخر زەمانە... گشتیان زووڵە شەیتانن... لە جەوەڵ (قاف) هاتنەس...گەڕەگ ڕەجمیان بکەن... لە حەج من ڕەجم شەیتان کردم دەک وەنەعلەت خودا بوود.

دیسانەوە ڕووی لە خەڵکەکە دەکرد و ئەم بێدەنگییەیانی بەدڵ نەدەبوو... خەڵکەکەیش تێ دەگەیشتن حاجی بیسمیللا چی ئەوێ، هەموویان بەیەک دەنگ دەیانوت:

– وەنەعلەت خودا بوود شەیتانی ڕەجیم.

سوپاسیانی دەکرد و دووبارە دوعای عەمر درێژیی بۆ دەکردن و بەردەوام دەبوو لە قسەکردن.

– جەوەڵ عەرەفات (دەک ڕوحم وە قوربانی بوود) (وای دەزانی عارەفات ناوی پێغەمبەرێکە) ئەوەنە بەرزە، ئەوەنە بەرزە، مەگەر هەر خوداو حەزرەت عارەفا بزانن... چەنی بەرزە...ئەو جەوەڵە مویارەکە (روحم وە قوربانی بوود). ئەگەر یەکێک لە گوێگرەکانی بوتایە (ئامین) ئەوا حاجی بیسمیللا بێنج دەقیقە دوعای بۆ دەکرد:

– عمر دریژ بید کوڕم... ئینشائەڵڵا جیگەد جەنەت النعیمە...خودا ئیماند بدەد... سەد ڕەحمەت لەو دایگ و باوگە...قەوریان پڕ بوود لە نوبر... ئینشائەڵڵا کوڕم لە شەڕ شەیتان خودا دوید بخەد... لەی عەلمۆدانە دویرد خەد... لە جەوەڵ عەرەفات چوین ئەرا سەر ئەو بیرەی حەزرەت ئیبراهیم لەو سەحرایە هەڵیکەندبییە....

دیسانەوە بێ دەنگی خەڵکەکەی بەدڵ نەدەبوو، خۆی لەسەر یەک دەیوت:

– حەزرەت ئیبراهیم (جەددم وە قورباند بوود).

دەموچاوی حاجی بیسمیللا دەگەشایەوە...

– ئێ... شەیتانی لە عین ڕەجم کردین... حەجەرل ئەسوەد ماچ کردین... نماز جومعە و جەماعەت کردین... هاتینەوە.

ڕەنگبێ گەورە و بچووک، ژن و منداڵی خانەقین هەموویان زیاتر لە سەدجار ئەم قسانەیان لە دەمی حاجی مێردی ئامە بیستبێ... گوێی لە قسەی کەس نەدەگرت. مەبەستی بوو بزانێ چی هەیە و چی نییە... دەستی بۆ هەرشتێ ببردایە یەکسەر بیسمیللایەکی دەخستەسەر، لە ڕۆژێکدا زیاتر لە هەزار بیسمیللا بەسەر دەمییەوە بوو... بۆیە ناویان نابوو حاجی بیسمیللا... خەڵکەکە دەیانوت:

– حاجی خوڕووف بییە... ئەوەی باسی دەکات حەج نییە... ئیمامێکە لە ئیمامەکانی ئەو خوارە.



حاجی لە ئامە زۆر دەترسا...لەهەر شوێنێک دانیشتبا، ئەگەر خەڵکەکە بێزار بوونایە ئەوا بەدرۆ دەیانوت:

– ئەرێ واللە ئامە هات.

حاجی بەستەزمان سەری لێ تێک دەچوو... گەلێ جار کڵاش یا چەرخ یا تەزبیحەکەی جێ دەهێشت و بەدزییەوە ڕای دەکرد. پاش یەک دوو سەعات بەدزە دز نزیک دەبووەوە، هەواڵی کڵاش یا تەزبیح و چەرخەکەی دەپرسی... ئەکەر ڕێک بکەوتایە حاجی و ئامە بەتەنیشتی یەکەوە بوەستابان ئەوا دوو شتی ئەوەندە جیاواز و دژ بەیەک دەردەچوون وەکو هەمو خەڵکی دەیانووت: ماشا اللە لە قودرەت خودا.

حاجی بیسمیللا لە قامیش باریک تر بوو، ئەوەندە درێژ بوو بۆ بۆ هەرماڵێ بچوایە، نیو مەتر سەری دادەگرتە خوارەوە هەتا لە دەرگاکەوە دەچووە ژوورەوە، ڕیشێکی تەنگی سپی وەکو بەفر خۆی بەزۆر بەڕوخسارە لاوازەکەیدا هەڵواسیبوو، دشداشەیەکی سپی پاک، دوو کەشیدەی پاکتر یەکێ بۆ سەری ئەوی تریش دەیبەستە پشتی... جوتێ کڵاش... گیرفانەکانی پڕ بوون لە تەباشیری سپی... کڵاشەکانی پێ بۆیاخ دەکردن، تەزبیحێکی درێژ وەکو ملوانکە بەملییەوە بوو... ئەوەندە پەڕووی سەوزی بەستبووە سەر دەستەکانی، ئەوەندەی تریش دووعا و نووشتە بە قۆڵییەوە بوو... هەمیشە چاوی بەکل دەڕشت. ددان لە دەمیدا نەمابوو. تاقمێکی ددان هەبوو بە موناسەبات دەیخستە دەمی هەمیشە دەیپێچایە چەند پەڕۆیەکەوە لە گیرفانەکانی دایدەنا، لە یەک کاتدا دوو سێ کاسبیی دەکرد: یەکێکیان سەرەکی بوو، ئەوانی تریش لە پاڵ ئیشەکەیەوە بوون: سەبەتەیەکی هەبوو هەمیشە کای سپیی تێدا دادەنا و هێلکەی دەخستە ناو سەبەتەکە بەهەموو کۆڵانەکاندا دەسوڕایەوە و هاواری دەکرد:

– خایە، خایە، خایە.

خەڵکەکە دەیانوت:

– هەموو شەوێ حاجی بەدەم خەوەوە دەڵێ:

– خایە، خایە، خایە.

ئەگەر یەکێ سێ هێلکەی بویستایە نەیدەهێشت دەست بخاتە ناو سەبەتەکەیەوە. خۆی بە ئەسپایی و بە بسم اللە... سێ هێلکە و سێ بیسمیللای دەدایە... ئەگەر ڕوبعێکی

بدابایە ئەوا کیسەی پارەگەی لە باخەڵی دەردەهێنا... دەیکردەوە و دەیوت: بیسمیللا. پارەکەی تێدا دادەنا و دەیوت بیسمیللا...چەنی وردەی بکەوتایەتەوە ئەوا دەیوت: دەسد بار بیسمیللا ئەیە... ئەی...بسـ...بسـ...بسـ...میـ...للا.

دوو کاسبییەکەی تریشی ئەوە بو ئێواران عارەبانەیەکی بچووکی هەبوو بە کۆڵانەکاندا دەسوڕایەوە چەقۆ و مەقەستی تیژ دەکرد و جار جاریش بەتایبەتی لە ڕەمەزاندا لەبەر چایخانەکان دوو سێ سینی پاقلاوەی دادەنا و بە (بسم الله) وە دەیفرۆشت، خەڵکەکە حاجییان خۆش دەویست . ئەمیش لە هەموویان زیاتر ئامەی خۆش دەویست و لێیشی دەترسا...لەم دوو سێ شتە زیاتر هیچی نەدەزانی:

هێلکە: چەقۆ، قەیچی، پاقلاوە، حەج و حەزرەتی ئیبراهیم و حەزرەتی عارەفات!!.

ماوەیەکی زۆر گەورە و بچووک دەیانبینی گاڵتەیان پێ دەکرد، چونکە ڕۆژێ بەدزییەوە چووبووە لای مەلای مزگەوت، نیو دیناری پێ دابوو کە فاتیحەی پێ ڕەوان بکات، مەلایش هەرچییەکی لەگەڵ کردبوو، بێ فایدە بوو، پێی وتبوو، هەموو ڕۆژێ سەد جار دووبارەی بکەوە... حاجی (بیسم الله) لەگەڵ هێلکە و بیسمیللایدا بە دەنگی بەرز و بەناڕەوانی فاتیحای دەخوێندەوە لە خەڵکەکە ئاشکرا بوو کە فاتیحا نازانێ خەڵکەکە پێیان دەوت.

– ها... حاجی لە حەج ئەرا باپیرد باوە نوبر چەند فاتیحا خۆنستی؟.

–............

– ها حاجی؟

***

ئامە و حاجی و سێ کچەکەی لەو کونجەدا بوون کە ژوورێکی گەورە بوو بە لێفەی کۆن کرابوو... دوو ژوور یەکێکیان حەمام و مەتبەخ بوو، زەخیرەشیان تێدا دادەنا، ئەوی تریش هەروەکو ئەم وابوو... تەنیا ئەوەندە جیاوازییان هەبوو یەکەمیان کەمتر بۆنی ڕۆن و پیاز و سابوون و کەمتر دەنگی پەرەمێز و تەقە تەقی قاپ و قاچاغی لێوە دەهات... کچەکانی ئامە ناویان سەعدییە... هەندێ خێڵ بوو نە لە ئامە دەچوو نە لە حاجی، گەنم ڕەنگ و باڵا بەرزبوو، تەمەنی بیست ساڵ دەبوو، زۆر پاک و تەمیز بوو جلی کوردی لەبەر دەکرد و فۆتە و چەرغەتیشی بەسەرییەوە دەبەست گەنجەکان دەیانوت:



– خۆزگە کچی ئامە تلیاک کێش نەدەبوو.

دووەم سوعادە... تەمەنی شانزە ساڵ بوو هەتا سێی سەرەتایی خوێندبوو، جوان بوو، سێهەمیان ناوی وەجیهە بوو... پێیان دەوت وەجەکە...لەیەک کاتدا لە ئامە و لە حاجی بیسمیللایش دەچوو... قەڵەو و ئەسمەر، دەم و لچ ئەستوری باڵابەرز، ئامە لە گەڵ حاجی بیسمیللا و سێ کچەکەیاندا ژیانی ئیمپراتۆریانەی هێمن و بێ گیروگرفت و ئاسوودەیان بەسەر دەبرد، ڕاستگۆیی و خۆشەویستی لەنێوانیاندا وەک شەماڵ باوەشێنی ماندووبوونیانی دەکرد و ئارەقی شەکەتییانی دەسڕییەوە، ئامە هەستی بەوە کردبوو کە هەرچی و پەرچی هەن بە دەوری سەعدییەی کچی دا دێن و دەچن، بەڵام هەر بە گومان بوو، دەیویست بەهەر جۆرێ بێ شتێ، قسەیەک بەدەست بێنێ بەڵام باشترین شتێ بەلای ئامەوە ئەوە بوو لە دەمی سەعدییەوە شتێ ببیستێ.

سەعدیە تەنیا بە ئیشارەت لە دایکی گەیاند کە چی بووە نەیویست پێی بڵێ:

– دایکە... مانگێ لەمەو بەر، کەس لە حەوشەکەدا نەبوو، دنیا زۆر گەرم بوو، جلم دەشۆرد. بەتەنیا بە ژێر کراسێکەوە لە تەنیشتی بۆرییەکەوە دانیشتبووم وردە وردە بەدەم ئیش کردنەوە گۆرانیم دەچڕی... لە پڕ دەرگای حەوشە کرایەوە، ڕەحیمە کەچەڵی نەوت فرۆش هاتە ژوورەوە. من زمانم بەسرا ئەویش چاوی چووە تەوقی سەری. تا چەند دەقیقەیەک هیچی نەووت و منیش هیچم پێ نەکرا... نەمزانی چۆن خۆم داپۆشم... نەم وێرا هیچ بڵێم... بەبێدەنگی لە جێگەکەی خۆمەوە سەرنجم دەدا و ئەویش نازانم چی لە سەرنجەکانی دادەباری، دەرگای حەوشەکە هەر کرابووەوە، ڕەحیمە کەچەڵ نزیکم بووەوە پرچەکەمی گرت ویستم هاوار بکەم نەمدەتوانی زمانم لە گۆ چووبوو. هەڵیسانمەسەرپێ، وا بزانم هەندێ قسەی کرد، نەمزانی چی دەڵێ، منیش هەندێ شتم وت، خۆیشم نەمزانی چی دەڵێم... دەستی گرتم و ڕایکێشامە بەر دەرگای حەوشەکە، دەرگاکەی بەست هەناسە برکێی بوو، لەپڕ وەکو دڕندەیەک پاڵی پێوە نام لەسەر پشت کەوتم، بەدەستەسڕەکەی توند دەمی بەست، هیچ هێزێ لە لەشمدا نەمابوو، هەر چەندە هەوڵی ئەوەم دەدا بەرگری بکەم هەموو ئەندامەکانی لەشم... زمانم تووشی ئیفلیجی هاتبوون، ژێرکراسەکەی بەرمی دڕاند خۆی خستە سەرم، لەتاو ئێش و ئازار زمانم کرایەوە و هاوارم کرد جارێکی تر قیژاندم، کەناسەکە بەشان دەرگاکەی کردەوە هاتە ژوورەوە ڕەحیمە کەچەڵ حەپەسابوو... دەترسا، کەناسەکە هیچی نەووت...بەدەستی چەپی هەڵی ساندمەوە، دەستی ڕاستی لە خوێنەکەم

وەردا و بەسەر و چاوی ڕەحیمە کەچەڵیدا هێنا... هەندێ شتیان وت... نازانم چاکم نەدەبیست و تێی نەدەگەیشتم..کەناسەکە بە ئەسپایی کراسێکی بۆ هاویشتم و وتی:

– دوێتم قەی ناکات.

ڕەحیمە کەچەڵی نەوت فرۆشی بە پاڵەپەستۆ دەرکردە دەرێ... پەڵە خوێنەکە لەسەری زەویەکەدا گۆڵی بەستبوو، هەر سەیرم دەکرد جلەکانم هەروا لەو ناو تەشتەکەدا مابوونەوە... حەپەسابووم... ئازارم زۆر بوو و لە پڕ وەجیهە هاتەوە... سەیری کردم زانی شتێ بووە، هەرچییەکی لێ دەپرسیم نەمدەزانی چی دەڵێ و کە وەڵامیشم دەدایەوە نەمدەزانی چی دەڵێم... هەر چۆنێک بوو خۆمم گرت... نەمویرا قسە بکەم... کەسیش بێجگە لە ڕەحیمە کەچەڵ و کەناسەکە بەو مەسەلەیەی نەدەزانی... پاش دوو ڕۆژی تر ڕەحیمە کەچەڵ پەیدا بوو... هەڕەشەی لێ دەکردم دەترسام... نەمدەزانی چی بکەم... ئیتر ڕۆژ بە ڕۆژ هاوڕێکانی دەهێنا و فرسەتیان دەدۆزیەوە هەرکە کەس لە ماڵ نەبوایە دەهاتنە ژوورەوە بەزۆر، بە هەڕەشە و وگوڕەشە ئەیانترساندم منیش ناچار... ئەی هاوار دایکە بچۆ بۆ لای خوا شکات بکە... مراقبی بەلەدییەکەش ڕەحیمە کەچەڵ هاوردی ووو.

سەعدیە یەک دوو جار ویستی بە دوورودرێژی ئەم باسە بۆ دایکی بکات... هەر نەیدەوێرا... تا بە ئیشارەت تێی گەیاند... ئەو ئێوارەیە پاش ئەوەی کە زۆر شتی بۆ ئامە گێڕایەوە، ئامە ڕەنگی زەرد هەڵگەڕا...نەخۆش کەوت، سەعدیە دڵی زۆر پێی سووتا. ئەو بڕیارەی کە هەموو ڕۆژێ دەیدا و دەیویست ئەنجامی بدات، بەڵام ترس ڕێی لێ دەگرت ئەو ڕۆژە لەبەردەم دایکە نەخۆشەکەیدا بڕیارەکەی ئەنجام دا بەوەی بە دزییەوە شووشەیەک نەوتی کردە سەری خۆی، چووە ناوەڕاستی حەوشەکە و شقارتەیەکی لە خۆی دا و گڕی گرت تا خەڵکەکە فریای کەوتن سەعدیە بووە خۆڵەمێش. ئامە ئەوەندە بە کوڵ و سۆز فرمێسکی بۆ دەڕشت هەر وەکو ئەوەی پاکانەیەک بۆ ژیانی خۆی نەمابێتەوە و بە دەوری ئەو خۆڵەمێشەدا دەسوڕایەوە و چاوەکانی وەکو دوو بلوێسکی سەربانی ماڵە هەژارێک لە ژێر بارانی زستاندا، ئاوها فرمێسک لە چاوانییەوە بە بێدەنگی دەهاتنە خوارێ، ئامە بە دڵنیاییەوە دەیزانی سەعدیەی کچی بۆ چی خۆی سوتاند. دەشیزانی دەبێ ڕۆژێ هەر خۆی بکوژێ، چونکە ئەو ڕۆژەی سەعدییە بە ئیشارەت زۆر شتی تێگەیاند، ئامە نەیتوانی بەرگری لەو ژان و ئازارەی دەروونی بکات و خۆی پێ نەگیرا و نەخۆش کەوت و ڕەنگە ئەسمەرەکەی وەکو لیمۆ زەرد هەڵگەڕا... نەک تەنیا سەعدیە بەڵکو سوعادە و



وەجیهە و حاجی بیسمیللایش ئەوەندە ئامەیان خۆش دەویست ئامادە بوون لەپێناو ساتێکی سەلامەتی و کامەرانی ئەودا خۆیان بەخت بکەن... ئامەیش ئەمەی زۆر چاک دەزانی بەڵام چی بکات... هەر ئەوەندەی لە دەست هات، دڵی کچەکەی بداتەوە و هەوڵ بدات نەهێڵێ خەفەت بخوات جا کێ هەبوو بەرامبەر کارەساتێکی ئاوهادا دڵی ئامە بداتەوە؟ ئەوا دڵیشی درایەوە بە چی ئەچێت و پاش چی؟!.

ئامە و ئەو هەموو کوێرەوەرێ و برسییەتی و دەربەدەرییەی لە پێناوی ئابڕوی خۆی و ماڵ و منداڵەکانیدا دەکێشا، کە ئابڕووکەشیان چوو ئیتر دڵدانەوەی چی... ئامە حەزی دەکرد بەهەر جۆرێ بێ بڕو بیانووی ئەوتۆ بدۆزێتەوە کە سەعدییە تێ ناگات لەبەر ئەو کارەساتە نەخۆشە، بۆیە بەدرۆ بەسەعدیەی دەوت:

– دۆیتم سەرمام بییە... خاس خۆم نەپوشیمە... قۆڵنج کردمە.

دەشیزانی سەعدییە باوەڕ بەم قسانەی ناکات و چاویشی بەڕووی دایکیدا هەڵنایەت... ئەوە بوو هیچی تر خۆی پی نەگیرا و بڕیارەکەی بەو جۆرە بەجێ هێنا... سەعدیە دەیزانی لە پاش مەرگی خۆی دایکی زیاتر عەزیەت دەخوا بەڵام بەوە دڵی خۆی دەدایەوە (خاس بی خۆ من چاووم لە لی نەوی) دەشێ بوترێ:

کوشتن لە پێناوی نەبینی ئازاری دایک و باوک بناغەی خۆ خۆشویستن و خۆپەرستییە، گرنگ نییە ئازارەکە هەیە یان نە. گرنگ ئەوەیە هەستی پێ نەکرێ هەر بۆیە سەعدیەیش ئەو سیفەتەی وەرگرت کە ئامە بەدەوری خۆڵەمێشەکەیدا دەسوڕایەوە و بەبێدەنگییەوە فرمێسکی دەڕشت و دەیوت:

– سەعدییە دۆیتم خۆ پەرست بید خۆ پەرس بید.

کەسێ لەو خەڵکەی کە هاتبوون ئاگرەکەی سەعدیە بکوژێننەوە لەم ڕەمزە تێ نەدەگەیشتن، بۆیە هەر یەکە لە ئاستی خۆیەوە چەند درۆیەکی دەخستە سەر ڕووداوەکە و دەیانوت:

– تواست کەل پەل بشورد و نەفت کردە ناو برێمزەگە نەفت کەفتە بان شەوییەگەی ئەرا ئەوە سوزیا... یەکێکی تر دەیوت:

– ووس بن.... ئیمانمان چد... دوێتەگەی گان ئەیا.

یەکێکی تر.

– خودا قەبولّ نێکەد دۆیت خاسیگ بی.

یەکێکی تر:

– تواستن وە زوور بدەنەی وەشوی!!.

– دۆیتە گەیان فرە برسی بی... نانیان نەوی ئامە هەر خەریک تلیاککیشان بی و دۆیتەگانی یەک لەیەک خراوترن....!!!

– نەوە ئیمام...ئامە ژن خاسیگە... دۆیتەگەیشی دۆیت خاسیگ بی.

– نەباوە ئیژن سەعدییە زگی پڕبی!.

– وەی وەی هەیوە شێرە... خو کافر بین.

– ئیژن ئامە خۆی...!!

– نەئیژن فیکارەی تلیاک بیبی.

– ئەرێ ئیوە ئەرا لە خودا نێترسن؟.

– خراو نەوەتیمنە عالەمەگە وەها ئیژد.

– عەیبە عەیب.

– ئیژن سەعدیە و کوڕەگەی فلانی دەسیان وەگەل یەک تێکەلّ بی شەو و ڕوژ عاشق بازی ئەکردن، سوار دیوارەگان ئەوین ئەیە چەس ئەی سورتگە ئەی هەرزەیە ئەی جلّفرە.

– استغفرا للە گوناحی وەمل.

– ئیژن سەعدیە بێبنەدی خودا زاند گوناحی نەوود، تف تف تف دبیلنەمان بەس بوخت وە دوێت عالّەم بکەین.

– سەعدیە.

– سەعدیە.

ئەم قسانە لەو کاتەدا لەبەر چاو و گوێی ئامەدا دەکرا، ئامە گوێی لە هەموو شتێک بوو... بەلاّم کەی وەختی ئەوەیە وەلاّمیان بداتەوە، هەندێ ئافرەتی خێرەومەند ئەو خۆلّەمێش و ئێسقانە سووتاوەیان کۆ کردەوە نایانە ناو هەندێ پەڕۆوە!!.

– چۆنی ببەن بۆ گۆڕستان بەچی کفنی ئەکەن؟!.



– بیلا ناو خودا بارین.

بەهەر جۆرێ بوو خستیانە ناو گوێنییەیەکەوە ئامە وە پێش زەلامەکان کەوت. لە تەنیشتی قەبرەکەی مجەی قۆمیسەردا چالێکیان بۆ هەلّکەند و بووە گۆڕی سەعدیە، مردنی کەسی عەزیەت نەدا. نە مەیت شۆر، نە کفن، نە تەنەشوور، نە تابووت و نە دەوانزە زەلام هەلّیبگرێ بۆ قەبرسانی ببات، مردنێکی سەیر... هەرچی ئازار و ژانی سەعدیە هەبوو لەگەلّ جەستەیدا بووە خۆلّەمێش...تا یەک دوو ڕۆژێ ئامە ئەوەندە نەخۆش بوو، کەس نەیدەبینی... ئەو ژنانەی کە ناحەزی بوون و بۆ تووڕە بوونی دەچوون بۆ تەعزییە دەگەڕانەوە و دەیانوت: (ئامە لە شەرمانا خۆی شاردووەتەوە). ئامەیش لەگەلّ بێ دەنگی خۆی و ئازارەکانیا لەناو نوێنی مەینەتیدا بەدەم نەخۆشییەوە وڕێنەی دەکرد...

– دوێتم لای خوداش شکات نێکەم.

***

ئامە پاش مەرگی سەعدیەی کچی گۆڕانێکی تەواو لە ژیانیدا ڕوویدا، لاواز و بێ هێز بوو. مالّەکەی ئەوەندەی تر پەرت و بلاّو بووەوە... حاجی بیسمیللای مێردیشی نەخۆش کەوت و بەچەند ڕۆژ جارێک لە مالّ نەدەچووە دەرێ، سوعادە و وەجیهە ماتەمینی دایگرتبوون و بەرگی ڕەشیان لەبەر کردبوو و نەیاندەوێرا لە مالّ بچنە دەرێ، خەلّکەکە تانەیان لێ دەدان و هەزار قسەی سووکیان بە گوێ دەدان، بۆیە لە مالّێ دەمانەوە و جار جارەش خزمەتی حاجیی باوکیان دەکرد.

ئامە مالّەکەی لێ ببوە جەهەنەم مەگەر شەوان بۆ خەوتن ڕووی لێ بکردایە... هەر کە دەچووە مالّەوە یەکسەر ئەو ساتەی دەهاتەوە بیر کە نەخۆش و بێ هێز بوو بەبەر چاوییەوە گڕ و کلّپەی سەعدیەی کچی دەبینی. ئەوا هەموو ئێوارانێ کە دەهاتەوە مالّ لە هەمان شوێن کە سەعدیە خۆی تیا سووتاندبوو دادەنیشت هەمان گڕ و کلّپەی دەبینی... بەلاّم لە دەروونی خۆیدا و هەر هەناوی خۆی دەسووتێنێ، بۆیە حەزی نەدەکرد بگەڕێتەوە بۆ مالّ... هەر بە کۆلاّنەکاندا دەسووڕایەوە، لەم مالّ بۆ ئەو مالّ و لەم دوکان بۆ ئەو دوکان....زیاتر تلیاکی دەکێشا، چاکتر مەست دەبوو، زۆرتر لە چلّپاوی کۆلاّنەکاندا دەکەوت ئەمجارە نەک منالاّن، بەلّکو ئەفەندی و پیاوە گەورەکانیش گالّتەیان پێ دەکرد، وەلاّمی هیچ کەسێکی نەدەدایەوە... گالّتەی بەوان و بەدنیا دەکرد. زۆربەی وەختی لەلای فەیمە کوێر دەبردە سەر و لەگەلّ ئەودا لە هەموو تەعزییەکاندا ئامادە دەبوو...

فەیمە کوێر بێوە ژنێکی جوان بوو، کچێکی جوانیشی هەبوو... مێردەکەی تەڵاقی دابوو... بەیانیان پاقلەی دەفرۆشت و لە تەعزیەدا دەگریا و بۆ مردووی خەڵکی دەیلاواندەوە. ئامەیش لەو ڕۆژەوەی سەعدیەی کچی سووتا لە هەموو تەعزییە یەکدا بەدەنگە زۆر ناسازەکەییەوە دەبووە یاریدەدەری فەیمە و کۆرسەکەی. پێوەندییەکی بەتینیان پەیدا بوو. (مەجە تورشیچی) بەمەی دەزانی دەیویست بەهەر جۆرێ بێ فەیمە بخوازێ...هیچ ڕێگایەکی بۆ نەبوو جگە لە ڕێی ئامەوە ئەم مەبەستەی بێنێتە دی...

(مەجە تورشیچی) کابرایەکی کەللە زل و ورگ ئەستوور و لوت پان و چوار شانە بوو، دشداشەیەکی قاوەیی و کڵاوێکی سپی و جووتێ نەعلی ئیسفەنجی و پشتوێنی لە ژێر ورگیدا بە توندی دەیبەست، لە هەر چوار وەرزەکەدا بەم شێوەیە دەبینرا...لە خانوویەکی بچکۆلەدا کە پڕ بوو لە کووپەی شین و سەوز، بەڕیز داینا بوون دەژیا....

ژنەکەی ناوی گورجی بوو کچە جوولەکە بوو و ئەم کردبووی بە ئیسلام...ئەویش وەکو ئەم قەڵەو بوو... هەندێ جار ئەگەر کراسێ سەوز یا شینی لەبەر بکردایە و کەسێک بچوایەتە ماڵیان بۆ توورشی کڕین. گوورجێیە لە بەینی کووپەکاندا ون دەبوو و بەزەحمەت لێیان جیا دەکرایەوە... بەیانیان ٢٠٠ – ٣٠٠ هێلکەی بۆ مەجەی مێردی دەکوڵاند و ئەمیش دەینایە سەر عارەبانە و ئەو بازاڕەی دەهێنایە زەلزەلە و، بە دەنگێکی زۆر بەرز هاواری دەکرد:

– خایە هۆ...خایە هۆ... هۆ خایە، هۆ خایە.

پاشان دەچووە بەر مەکتەبی کچان ئەوەندە ئاگای لە کات بوو ئەگەر فەڕاشەکە دوا کەوتبا لە زەنگ لێدان ئەوا لەسەر یەک هاواری دەکرد:

– خایە یومورتە. خایە . یومورتە.

ئیتر قوتابی و مامۆستا و فەڕاش و بەڕێوەبەر دەیانزانی کاتی زەنگە. ئێوارانیش هەر لەسەر هەمان عارەبانە ئەمجارەیان بە کۆڵانەکاندا دەسووڕایەوە و توورشی دەفرۆشت... لە دووریی دە مەترەوە لە تاریکە شەودا هەموو کەس بە بۆنی پیاز و بیبەرە و عارەق دەیزانی ئەوەی کە دێ مەجەیە... ئەوەندەی بۆنی پیاز و بیبەر بەهارات و بیبەر بەقەد جەستەیەوە لکابوو، هەرچی ئاوی ئەڵوەن هەبوو لێی نەدەکردەوە...خەڵکەکەیش قەوانێکیان بۆ دووبارە دەکردەوە... کەوتبووە گومانەوە نەیدەزانی ڕاستە یا درۆی لەگەڵ دەکەن. کە هەموو



بەیانێک هەر جارە و زەلامێ پێی دەوت:

– خاڵۆ.. بەیانیان خایە فروشید، ئیوارانیش تورشی... شەویش پارەگەی دەیدە عەرەق.

– وە توو چە ئەرا شەڕ فرۆشیدە پیم؟ ئەرا تێیدە خڕ دەورم؟ چەتواید لە لیم سەر نەیدە سەرم؟ خایە نێسینی قسە مەکە...هەی حیز و دز، هەی سورتگ واز لە لیم بارن!!.

– ها... ئەی دوێکە شەو لە مەیخانە تاماڵ هاورد نەد، فرە فوول سەر خۆش بیبید بەس بزان کی هاوردەدە ماڵ؟

– جارێک تر ئەگەر سەرخۆش بیم نەوەرەمە ماڵ.

– خۆ دوێکە شەو لەناو عاڵەم الله وەپەن بید.

– ئەرا؟

– دوێکە شەو ئەگەر من نەویا تام وەک شەو چوار شەممە لووتی یەگان. وە پەلەکیش کردن لەناو سیانە ئەوردنەدە ماڵ و عاڵەم حەشامەت بی و گشتیان وە پید خەنستن..ئەرا گورجییە قەڵەو بیژم دایگ مناڵگان نەوەتە پید؟ گوناحە دیارە نێو یرد وە گەڵد (ئف) بکەد خودا مەعینی بوود، چووین توو تەحەموول کردییە؟

– بیژە پیم چوین ئەو شەوە بردنە سەمە ماڵ؟

– هە...لوتییەگان وەفیک و هوڕ و چەپڵە ڕیزان خستنە دە بان زەوی هەر لە مایخانەوە تا ماڵ پەلەکیشد کردن و لەناو سیانەش جەمەدانی یەگەد گردن و بەسانەی وە هەردوو دەسەد... کڵاوەگەدیش دزین، نازانم لە کورە فڕەی دان وە چەپڵەڕیزان.... وە گوورانی چڕین (قز بوویانە دوێندەر مەنی... قز ئۆیانە دۆیندەر مەنی ساغ یانمدە یارە وار تەبیبە گۆندەر مەنی) و فیک و هۆڕ لەناو سیانە مەحەلە وە مەحەلە ئەکێشانەد و، هاوساگان گشتیان لەبانەوە تەماشاد ئەکردن و ئەخەنستنە پید...

– خاس ئەرا من وەفکرم نایەد؟ باوە بیلەمان دروو کەید... هە ئەی عاڵەمە گشتی قەشمەری وەخوداش کەن، ئەی زەمانە! بژنەف ئەی لاو ئەو لا مەکە. برسیدە بخۆ و دڵم کونا کونا مەکە و نەیەرەی فکرم... هەر کە تواستید خایە بخۆی...بەو لەفەگەی خۆد وە بەڵاش بووە، بەس تانە لە لیم مەدە... من دڵم فرە زامدارە تووش تێید و قسەگاند کەیدە خوا ئاخر خودا قەبووڵ نێکەد!.

– نێخۆم وور سی نیم.

– یەعنی قەشمەر بیم لەناو عالەم.

– ئەرا توو لە ئیمرووەوە قەشمەر بیدە؟.

ئیتر هەموو بەیانیەک زوو، (مەجە تورشیچی) زەلامێکی ئاوها دەهاتە گیانی، گەلێ جار دەبووە شەڕ و هەرایان... هەموو ڕۆژێ گوێی لەم قەوانە دەبوو لەو ڕۆژەوە فەیمە کوێر تەلاق درابوو، ئەم ئەوەندە دەربەستی کاسبییەکەی نەدەهات، بەو ناوانەدا دەسووڕایەوە کە تەعزیەیان لێیە... یا ڕاستتر بە دوای ئامە و فەیمەدا دەسوڕایەوە... هەرکە ئامەی دەبینی ئەمیش هەموو ڕۆژێ قەوانێکی دووبارە دەکردەوە و بە پاڕانەوەوە دەیوت:

– ئامە بوومە قورباند...فەیمە ئەرا ڕازی نێکەید شوی بکەدە پیم؟

ئامەیش هەمان قەوانی ڕۆژانەی بۆ دووبارە دەکردەوە و جار جارێکیش لێی تووڕە دەبوو...

– ئاخر مەجە توو وە چوار کوڕی عازەو دوێتە گەوراگەد دایدەسە شوی بڕێگ مالاڵی دیرید.

– ئامە... ئاخر توو خاس زانید فەیمە چ دەنگی دیرد... ئاخ! (لێوی خۆی دەگەست) دەنگی چەنی خۆشە ئەی ماڵ خراوە. ئەگەر بخوازمەی و گورانی ئەرام بچڕد....!! ئووف . ئف...!! منیش دی ئەرا قەشمەر بووم لەناو عالەم... ئەرا...؟ ئەرا؟ نایژیدە پیم؟ ئەو وەختە لە ماڵ نیشم و عەرەقەگەم خۆم وو... ئۆف... ئەویش بیلا گورانی ئارام بچڕد!!!.

– عمر نەمیند... هەی ئاخر شەر بیژ لە مەحەلەگە تیاتروخانە نەید... هە. والله براگەم... من ئەی کارە نێکەم خاس گووش لەمن بتەکن...ئەوەڵ جار من ماڵ کەس کاوڵ نێکەم ئەیە یەک... دوو خۆد چەند جار وە تیدە سەپی و، ئەویش سکترد کردییە...براگەم مەجە... گورجی دایگ مالاڵەگاندە... ژن خاسیگە، وەی عومرە هەی ئاخر شەڕ توو وە ژن خوازین چە؟ ئەرا نێزانید خۆی شوی یەگەی تەلاق دا، لە هویرد نەچد... خاوەن دۆیتە و عومەری نایە سەبان دۆیتەگەی.

– ئێ خۆم وە ئیوەتی کەم... ئامە توو خودا، ئەگەر نەچیدە لای و بیژبدە پی... عەرەق تەرک کەم... من وە عەنقەست قورنجگ لە ئەی و ئەو گرم... ئیژم ئێە بەشکەم لە ژنەگان حەسویدی بکەد و قەبوڵ بکەد شوی بکەدە پیم...



– خاس مەجە کوڕە... توو عاشقی کورەی بیدە؟.

– ئاخ ئامە، دەنگە خۆشەگەی ماڵم ویران کردییە.

– کەی دەنگی ژنەفتی؟.

– لە تەعزییە ئەلاواند... لە سویریش چەقوانە و هەڵهەڵە ئەدا لەلی و گورانی ئەچڕی... لە سویرەگەی... نازم... من لە ژنە گوڕەگەم چە فامستمە؟ خوو فەیمەش کورە! بەس دەنگی ئۆف دەنگی... دەنگی میندە دەنگ وحیدە خلیل ئۆف سوزیامە... بیمەسە ئەرای وە زوخاڵ.

– ئاخری... چەتوای هاتیدە سەلام؟.

– ئامە توو عاشقبازی نەکردیدەس تا ئیسە؟ تا ئیسە کەس خۆش نەتواستیدە؟

–..............

– ها ئەرا جواد نێدەی؟

– چە بیژم فکرم لەلاد نەوی.

– ئەی لە کوورە بی؟

– ها...؟ هیچ....نێود.

– چەدە وە گەل خۆد قسە گەید؟ شیت بیدە؟

– نە نێپوو ڕیەد.

– ئەرا مەگەر خودا نەوەتی یەس پیاو حەقی هەس چوار ژن بخوازد؟ چیمە لای مەلا شەوکەت، سەگ باوگە قاوم دا وەت:

– بچوو...بچوو... هەی عەرەق خۆر نزیکم نەکەفید! خۆد کەیدە موسڵمان... خۆد کەیدە هاوڵف عالەم؟

– مولا ئەرا چەیە؟... خۆی ئەگەر ڕازی نەوود...بیس مولا ئیقناعی نێکەد مەجە عەزیزەگەم نێپوڕیەد... فامستی؟.

– ئامە بوومە قورباند بپورنەی ئەرام و الله ئیسە کەفمە بان کالووشەگەد!.

– گیر ستن و میرستن فایدە نێکەد، ڕاستی و پاکی من دڵم سوزیەدە پید بەس من دڵم وەژنەگەدیش سوزیەد... ئاخر لە دەس من چەهەس؟.

– ئاخر چوین لەی عەزاوە بمینم لەناو عالەم قەشمەر بیمە؟!.

– ئوو هوو...عالەم... عالەم... چەبی عالەم؟...توو قەشمەر بیدە... من قەشمەر بیمە... ڕەمەزان قەشمەر بییە و... فلان قەشمەر بییە... بیژە پیم کی قەشمەر نەوییە؟ دەولەمەندەگان نەوون.. یاروو ژیر قنگیان پڕە لە پارە... یاروو سەرنگیاگەیان پڕە لە لیرە!!.

– ئامە وەختی نییە ئەی ئێوارەیە بچوە لای و بیژە پی مەجە لە قار توو عەرەق خۆد. وە ئەنقەست قورنجگ لە ژنەگان گرد.

– و الله نیچم... ڕاسە قار خۆم ئاراد...بەس نیچم...زوور وە پیم مەکە.

– لە دلد تید ئاوها بدوینیدەم؟؟.

– نە بەس چارە چەس؟ من مال کەس و یران نیکەم.

– ئەی خۆم ویران کردمە خاسە؟.

– ئا...

– ئیژد ئا...چوین لە دلدتید؟

– خۆد ویران بووید، ڕاست کەید، بەس مالەگەد ویران نیود...

– ئەی ئیسە ویران نەوییە؟.

– نە... ئەگەر بخوازیدەی ویران تر بوود.

– ئامە ڕوحم ویران بییە... هوشم ویران بییە...دلم ویران بییە... های خودا ئەی ژنە لە کوورە ئەرام ناردیدە سەو نایژیدە پیم؟

مەجە توورشیچی بە جۆرێ دەستی بەرزدەکردەوە و فرمیسکی گەرم بە چاوانیا دەهاتە خوارێ، بەردی دەکردە ئاو چاوەکانی سوور دەبوونەوە و بەدەست ئەیکیشا بەسەر ئەژنۆی خۆیدا و لەسەر یەک دەیوت:

– خودا...خودا....خودا...ئامە...ئەی ژنە غەزەوە، خودا ڕەوانەی کرد یەس ئەرام...

– ئەرا خودا هەر غەزەو ڕەوانە کەد؟ خودا ڕەحمەتیش ڕەوانەکەد!

– لە کوورە بزانم وارانیگ نیوارندە سەر دل و سەرم تاکو ئیسراحەت بکەم و دلم فینک بوود.



– ئیسراحەت...هە...مەجە ئیمە لە قەوریش ئیسراحەت نیکەیمن.

– چارە نییە... یەعنی لەو دونیایەش نیخوازمەی؟.

– نە.

– ئەرا؟.

– چونکە چیدە جەحەنم.

– یەعنی لەوراش وەرانوەرد گرم.

– نە، لەورا لەناو ئاگر سوزیەی...ئاگر عەشق ئەی دونیایە لە فکرد چد.

– روژیگ تیدە سەرم و چم تا لای(باوە گەزی) و خۆم فرە دەمە ناو ئەلوەن بیلا بخنکیەم. لەی عەزاوە قورتار بووم.

– چە؟ خۆد خەیدە ناو باوەگەزی؟.

– زانم ئیسە ئیژید هەم ناود کەفدە دەم عالەم و بوویدە جاجگ نەرمە!!. کورە بیلا بوومە حەلوا... بیلا بوومە توورشی... دوای ئەوە کە مرم و خۆم فرە دەمە ناو ئاو ئەلوەن، بیلا لە باوەگەزی (قوو لە یبانی) بخۆدەم... قویتم بدەد وە جیر و جەحەنم... ئیمسال مال (ک) ئەفەندی بیلا سەر دوو مانگاکە نەوڕن و بیلا نەخەنەی باوەگەزی... بیلا بەشی بکەنە بان فەقیرەگان!!

– وە گوورەی فکر توو بوود گەرەگ گشتمان خۆمان فرە بدەینە ناو ئەلوەن!!.

– ئێ چە بکەم؟ . هەتا مردن من ڕوژی بوتلیگ عەرەق خۆم ئەیە خاسە؟ ئەی حالە خاسە دلم بیسە کەواو؟!.

– بیلا بوودە تکەش.

– ها ئامە دیارە ورسگدە نان نەخواردیدە؟

– نە.

– ئامە ئەیە چەدە دلد فرە بی ڕەحمە چە هاتیسە بان سەرد فرە دالغە دەیدلەلی لەی ڕۆژیلە لە زوان من نیفامید و قەشمەری نیکەم چارەیگ ئەرام پەیا بکە!

– یەعنی ئیسە توایید بچمە لای و بیژمە پی؟

– خۆزگ، بوومە قوورباند ئامە... خۆم... مالم... مالالم... عەرەبانەگەم، کوپە تووورشییەگانم... مامرەگانم خایەگانم... ئا ڕوحم وە قوورباند بوود... دتوو... ئیسە بچوو بەشکەم ئەیە خوداس ئیسە ڕەحمیگ نایە ناو دڵی و قەبووڵ کرد شەرت بوود شەوی ئەراد بسینم.

– شەوی ئەرا چەمە ؟...بەس من زانم نێپوڕیەد... ها ئەها... ئەوە چیم... بنیشە خێر.

– خودا وەلد... پێغەمبەر وەلد... دین و ئیمام و خایە... خایە...!!!.

بە ئومێدەوە لەو ناوە ڕادەوەستا... دەستی لەسەر دڵی دائەنا... زمانی لە دەما نەدەما... نەیدەتوانی بڵێ:

– خایە... خایە.

هیچی پێ نەکرا و چاوەکانی دەبڕییەوە هەنگاوەکانی ئامە... وای دەزانی هەنگاوەکانی قولابە و لە دڵێدا گیر بووە، ووردە ووردە بە خۆی عارەبانەکەیەوە دەکەوتە دوای... لەو کاتەدا ئەگەر کەسێکی ناسیاوی بدیبایە، دەجار زیاتر لە بەر خۆیەوە دەیوت:

– خایە، خایە.

نەوەک زمانی بترازێ و هاوار بکات.

– فەیمە، فەیمە فەیمە.

ئەو جار کە خۆی ڕادەهێنا، بە نزمییەکەوە تەنیا جارێ دەیوت:

– خا...یە.

سەری شۆڕ دەکرد دە حەپەستا... وای دەزانی ئێستا هەموو دونیا گەورە و بچووکی گەڕەک دەزانن کە حەزی لە فەیمەیە و بۆ لای فەیمە هاتووە... هەنگاوەکانی جوان لەسەر ئەرزەکە نەدەوەستا... دەستی هێزی تێدا نەدەما... پاڵ بە عەرەبانەکەیەوە بنێ... هەرکەسێ مەجەی بەم شێوەیە بیدیبایە وای دەزانی هێشتا عارەقەکە بەری نەداوە و بە سەرخۆشیان دەزانی.

مەجە لە مەیخانەکاندا بە تەنیا دادەنیشت... کە عارەقەکەی تێدەکرد، یەکە پەرداخی هەڵدەگرت، دەیوت:

– ئەیە لە چاو دەنگە خۆشەگەی فەیمە.



پەرداغی دووەم و سێیەم بەم شێوەیە بوو.

– ئەیە لە چاو دوێتەگەی... (بوومە قوربان خۆی و دایگی).

– ئەیە لە چاو شەوییە چەرمییەگەی (بوومە قوربانی... هەزار جار خۆم و عەرەبانە و تورشی و خایە و گورجی کۆر و... هەزار جار...)...(بومە قورباند فەیمە... عەزیزەگەم... فەیمە... ڕوحە... ڕەوانەگەم...فەیمە خاتوون... بوومە قوربان کەوشە گەد گوی وە ڕوح باوگ مردییە پیسەگەد چوین دۆیتیگ ئەرا من خستییە) ؟ عەزیزەگەم خاس کردی تەڵاق سەندی.

مەجە هەمیشە کیسەیەکی نایلۆنی لەگەڵ خۆیدا هەڵدەگرت و پڕی دەکرد لە توورشی و دەیکردە مەزە... ئیتر هەموو شەوێ تا قاپە عارەقەکەی تەواو دەکرد (فەیمە) لەسەر زمانی نەدەکەوت... ئینجا کە هەڵدەستا بگەڕێتە ماڵەوە، بەدەم ڕۆیشتنەوە و بە تەنیا لەگەڵ فەیمەدا دەدوا، هەر کەسێ گوێی لێ ڕاگرتبا وای دەزانی فەیمەی لەگەڵ دایە... ئەوەندە وڕێنەی دەکرد و بەدەم لە تردانەوە دەدوا، وشەکان بە تەواوی لە دەمی نەدەهاتنە دەرێ...

(فە...یـ...مە...خاس...کا...م... سەگ باوگ عەزیەتد دەد... سەری بڕم وە چەقوو...وە قەور ئەی باوگە عەزیزەم... وە قەور ئەو دایگە جوانەمەرگەم وە قەور گشت ئیمامەگان کووشمەی... فەیمە شەوی توای وە بان... ئەی چاوە ڕاسەم... فەیمەکەوش توای وە... وە بان ئەی سەرە... فەیمە قەسر توای... فەیمە... پاس قەمەرە... توای... فەیمە جەننەت توای... وە بان ئەی دڵە عاشقەم... وە بان... وە بان... فەیمە توای... بوومە قورباند) . بەدەم فەیمە فەیمە وتنەوە شەلاتی و لۆتییەکان گاڵتەیان پی دەکرد و دەکەوت و لەناو ئەو قوڕ و چڵپاوەدا دەگەوزا... زۆر جاریش لە بەرەبەیاندا خۆی دەدی وا لەبەر ماڵی فەیمەدا کەوتووە... بەشەرمەوە هەڵدەسا... ئیتر هەر چ ڕق و تووڕەیی و نوشستی ئەو شەوەی هەبوو، بە گورجی ژنی دەڕشت، مەگەر هەر خوا بزانێ دەیکردە چ فەرتەنەیەک... پاش هەموو شەڕێکیش لە پەنایەکدا دادەنیشت و دەگریا... ئەگەر زۆر بگریایە، ئەوا بەم شێوەیە دەستی بە وڕێنە دەکرد.

(فەیمە... گوی وە قەور باوگد... گوی وە قەور باوگ خۆمیش، ئەرا شیتم کردید؟... خودا ئەی عەزاوە تاکەی؟... ئەی سەگ باوگ بکوژ...).

لە لایەکی تریشەوە ئامە دەچووە لای فەیمە... زۆر جاریش لەبەردەم بالووعەکە و لە

تەنیشت جل شۆردنەکەی دادەنیشت... یەکسەر فەیمە دەکەوتە پێش ئامەوە و پێی دەوت:

– زانم ئەرا چە هاتیدە؟ بیژە پی لەو دونیاش چاوم وە چاوی نێکەفد.

– دوێتە لەی کەلپەل شوردنە و باقلە فروشتنە قورتار بووید!!...دۆیتە چە بکەم منیش حایر مامەس لە بەین هەردوو گدان و زانم نێپورپەد بەس چە بکەم؟ ئەو تێدە لام و گیردو کەفدە بان دەس و پام و تووش کفر کەم لەلاد ئەگەر ناوی بارم... چەبکەم؟ چەبیژمە پی؟

– سکتری بکە.

– وەراست ئەرا شوی نێکە یدە پی؟

– ئای ئامە دڵم پڕە و سڕ و ترم نایژمە کەس قار دڵ خۆم وە لاوانەوە دەرکەم، دی فرە سەر نە نەوە سەرم. من لە کورە و ئەیە لە کورە؟ ئەرا لە ئیسەوە نەجاتم بیە لە قسەی عالەم تا...

– من زانم، بەس سەرم کەچەڵ کردییە . گشت ڕۆژیگ تێد و گیرد لە لام.

– گیرد و نێگیرد وە جیر و جەهەنەم. من خۆم باریگ ها لەسەر شانم... بیجگە لەوە کەل و پەل ماڵ فلان بەگ و حاجی فستان شورم...بارەگەم دە بارە و بیست هەزار بارە وە حەساو نێتیەد. ئەو ڕوژە چیمە بازاڕ حەیای بردم... ئەی سەگ باوگە... من نێزانم لە ژیر عەبا و پێچە چوین ناسییەم لەلای ڕەد بیم...... لە دویرەوە ژنەفتم قسە وە پیم وەشاند... عەرەبانەگەی هیشتە جی و نزیکم بی .

– چوین؟.

– لە دویرەوە لە خۆیەوە وە تە کەباب چییەگە:

– دڵم بێسە کەواو... بەو دڵم بفروش، ئەرا کەواو فروشید؟

– ئیسەش وەتە پیم.

– کەواو بوود و نێود وە جیر و جەهەنەم. بیژە پێ جاریگ تر لە بازاڕ نزیکم نەوود و ئوف ئاف نەکەد.

– دی چەوەتە پید؟

– وەختی نزیکم بی وەتە پیم بوومە قوربان دەنگەگەد...

تواستم کالوشەگەم بکەنم ئەرای و بنەمای ناو دەمی... دویاخر وەتم عەیبە حەیای خۆم



چد لەناو بازاڕ بیلا بچم سابوونەگەم بسینم.

– ئیسە چارە؟

– چارە؟... بچوو بیژە پی، چاوی نێکەفدە ناو چاوم ڕوویی نێکەفدە ڕویم... ها ئیسە چمە ماڵگەی و لەوەردەم ملاڵەگانی خەمەی ناو کوپەگانی... خەمەی ناو بەستووقەگەی توورشی شەڵغەم تا شەرابی بوود و لیفەگە خەمە بانی... لە جیاتی خۆی بخەدە ناو باوەگەزی و ئەڵوەن قولەبیانی بخۆدەی... من تێم و خەمەی ناو بە ستووقەگانی و لەناو سرکەگە بیلا بخنکیەد... ئەگەر یەکێک هات توورشی بسیند بیلا دەس دریژ بکەدە ناو بەستووقەگەی و لە قژبییەوە هەڵی بگرد... باوگ لە قنگی بخۆ چەکەد لە خڕ دەورم؟ باوگ لە قنگی بخۆد دی ئەرا دڵی بێسە کەواو؟. پیریش بییە... لە پاشا کوپریش جیگەی نێود... بیژە پی وەی خرووفە. وەی شەلاتییە وەی ئاخر شەڕە یاروو شەلاتییەگان شەوی تێرنەی ماڵ بێسە هاوڵف ملاڵ مەزدم... وە خۆبە و عەدلیاپلییە و لە چایخانە لەناو پیاوەگان نیشد... ئاخر مەجە هاوڵف کییە؟ . کی ڕوی دەدە پێ؟... ئاخر وە چەیەو ژن خوازد؟... وە عەرەبانەگەێ؟. لە کوورە نەدەم؟ مەگەر بنەدەمە ناو عەرەبانەگەی و گڕم بدەد لەناو شار قەیدی چەس؟... دیارە ئاخرم شەڕ بییە لەی ئاخر چاغمە، شوی بکەمە مەجە تورشیچی؟ هە! عالەم چە ئویشن؟... خوو گیسم برن. پەنم کەن... قەیدی چەس... تووش ئامە بیژمە پید عاجز نەوو: ئەرا توو دڵد کەم پڕ بییە لە قارو خەفەت ئاخر قارد کەمە؟ خوو سەد کەمە؟... وەها نیشید و گووش لەی عارەق خۆرە تەکنید؟.

– دۆیتە دڵم وە پێ سوزیەد، خاسیشی هەس لە وەردەم چاوم... ئاخر چە زەرە کردمە ئەگەر گوش لەلی بتەکنم... ئەرا دایە پیاوەتی نەمایە؟.

– وەی کارەش ئیژن پیاوەتی؟ وەڵڵا دیارە تووش خوڕووف بیدە!

– نێزانم کێف خۆدە.

تا ئامە لەگەڵ فەیمەدا لەم قسە و باسە دەبووەوە... مەجە توورشیچی کاتی لا دەبووە شتێکی سەیر... کات ئەوتۆی کاری دەکردە سەری، هەر ساتێکی بە ساڵێ بەسەر تێدەپەڕی... دڵی تەپە تەپی دەکرد ڕەنگی زەرد هەڵدەگەڕا... هێز لە ئەژنۆیدا نەدەما، دەمی ووشک دەبوو و بە دیار عارەبانەکەیەوە دەمەیی... چاوەڕێی ئامەی دەکرد بەڵکو بێ!!!

ئامە زۆر بە چاکی لە دەروونی مەجە گەیشتبوو، ئەگەر چی زۆر جار هەولّی ئەوەی دەدا بە زمانێکی پڕ لە تانە و توانج و سەرزەنشت لە گەلّیدا بدوێ و بە ئاگای بهێنێتەوە کە ئەم ئیشە نابێ و عەیبە، بەلاّم دلّیشی زۆر پێ دەسووتا. دەیزانی زۆر بە ڕاستی و دلّسۆزییەوە فەیمەی خۆشدەوێ هەموو هیوایەکی لە ژیاندا ئەوەیە قایل ببێ و شووی پێ بکات... ئەو داوە باریکەی مەجە بە ژیانەوە بەستبوو، بوونی فەیمە بوو.

فەیمەش نەک هەر حەزی لێ نەدەکرد و ڕقی لێ دەبوو، بەلّکو وای لێهاتبوو ڕقی لە هەموو مەجە ناوێ بوو، بێزی لە هەموو جۆرە تورشییەک دەکردەوە... ئامەیش لە نێوان ئەم ئاگر و ئاوەدا نەیدەزانی چی بکات... هەردووکیانی خۆش دەویست... بەلایەوە فەیمە و مەجە نموونەی مرۆڤی چەوساوە و کلّۆلّی بوون، ئەگەر چی کەم زانن یا هەر هیچ نازانن، بەلاّم دوو نمونەی خاوێن و بێ زەرەرن... خزمەتی هەموو کەسێ دەکەن، مەبەستیان لە ژیاندا زۆر خاوێنە. بە ڕەنجی شان و بە ئارەقی ناو چاوان نانی ڕۆژانەیان پەیدا دەکەن... بەلای ئامەوە خزمەت کردنی ئەو جۆرە کەسانە بەشێک بوو لە ئەرکەکانی و لە هەمان کاتیشدا دلّدانەوەیەکی تایبەتی بوو بۆ خۆی و هەندێ خەم و پەژارەی خۆی پێ لە بیر دەبردەوە هەر کە بیری لەوە بکردایەتەوە چۆن خزمەتی خەلّک بکات... ئەگەر چی لەوە بەر زۆر بەزەقییەوە وەلاّمی مەجەی دەدایەوە، کەچی ئەمجارە وەکو ئەوەی هەستی بەوە کردبێ گەر بە هێمنییەوە وەلاّمی نەداتەوە ئەوا گوناهێکی گەورە دەکات هەر هیچ نەبێ مەجە واتێدەگات بە چاوێکی سووکەوە سەیر دەکرێ... بۆیە تا دەگەیشتە لای لە دلّی خۆیدا دەیان وشەی نەرمی هەلّدەبژارد بۆ ئەوەی تێی گەیەنێ کە ئەمە (نەبووە و نابێ).!هەر کە دەگەیشتە ئاستی، پێش ئەوەی دەم بکاتەوە شتێ بلّێ دیار بوو ئەو لە ڕەنگ و ڕوو سیمایدا هەموو شتێ تێ دەگات، هەر کە دەمی دەکردەوە و ڕاستییەکەی پێ دەوت ئەو بە چۆکدا دەکەوت و بە بێدەنگیەوە فرمێسکی گەرم لە چاوانییەوە دەهاتە خوارێ. ئەم هەر چەنێ هەولّی ئەدا هەلّی بسێنێتەوە بێ سوود بوو. دوو سەرنج. سەرنجی بەزەیی ئامە و سەرنجی نا ئومێدی مەجە تێکەلّ بە یەکتری دەبوون، دەیانویست دەرباز بن و... کەچی تەنیا فەرهەنگی بێدەنگی توانی ئەو وشە یاخی و تووڕانە بگرێتە خۆی و جارێکی تر بەندیان بکات... مەجە هیچی لە دەم نەدەهاتە دەر نەیدەزانی چۆن دەتوانێ پالّ بە عارەبانەکەیەوە بنێ... بەهەر جۆر بوو خۆی دەگەیاندە مالّ، ئامەیش بەرەو پاش دەگەڕایەوە... ئەو ڕۆژە مەجە لەگەلّ هیچ کەسێکا قسەی نەکرد. وەکو هەموو ئێوارەیەک ڕووی لە مەیخانە کرد. دیسانەوە بە تەنیا لە کونجێکدا دانیشت. ئەمجارە لە چاوی کەس



پەرداغەکانی هەلّنەئەدا... لە هەموو ئێوارەیەک زیاتر هەستی بە هێمنی دەکرد... هەموو شتێکی بە ناسکی و جوانی دەدی. ئەوەندە ناسک و خاوێن ببوو، هەتا وای لێ هاتبوو گوێی لە چرپەی پەپوولەکانی مەیخانەکە بوو. وردە وردە عارەقەکەی تەواو کرد، بیری لە هیچ شتێ نەدەکردەوە. هەستی کرد ناتوانێ لە جێیەکەی خۆی هەلّسێ بەهەر جۆر بوو هەولّی ئەوەی دەدا لەتر نەدات. گەیشتە دەرەوە، هەوا فێنکەکەی دەرێ دەموچاوی شۆردەوە، وردە وردە بەرەو ئەلّوەن کەوتەڕێ لە کەناری ئەلّوەندا هەندێ وەستا، سەیری ئەو مانگەشەوەی کرد کە چۆن لەگەلّ شەپۆلی ئاوەکەدا دەلەرێتەوە... هەستی کرد دەنگێکی ڕەوان لە قوولاّیی ئاوەکەوە بانگی دەکات... دەنگێکی ئاشنا بوو بەگوێی . بۆیە لەسەرخۆ و لەسەر یەک چەند جارێ بەدەنگی بەرز وتێ:

– خاس تێم... خاس ها... ئیسە تێم.

بۆ دوا جار سەرێکی بۆ ئاسمان بەرز کردەوە بە سەرنجێکی تینوو هەموو ئەستێرەکانی هەلّمژی و هەناسەیەکی گەرمی پەنگاوی بەڕەلّلا کرد و خۆی فڕە دایە قولاّیی ئاوەکەوە.

ئەو شەوە نە گورجییەی ژنی لە خەو کرد و نە بووە مایەی ئەوەی وەکو هەموو شەوانی تر عارەق بە خۆڕایی بە لۆتییەکان ببەخشێ... سبەینێش کەس گوێی لە دەنگی خایە خایە، هۆ خایە و یومورتە نەبوو. وەکو هەموو ڕۆژانێکی ئاسایی ئەو ڕۆژە تێ پەڕی... ئێوارە ماسی گرەکان تەرمێکیان لە ڕوباری ئەلّوەندا دۆزییەوە هێنایانە دەر.

هەوالّ گەیشتە گەڕەک: (مەجە خنکاوە)... ئیتر دەمی خەلّکەکە بەر بوو...

***

ڕەمەزان خۆی و کەرە سپییەکەی ئەو چوار نیوە بەرمیلە بچکۆلانەی سەر پشتی کەرەکەی و ئەو گوریسە و سەتلّە ژەنگاوییە قوپاوەی لەگەلّ سەبەی کچی و پیرۆزی ژنی– لە کەلاوەیەکدا دەژیان – ژیانێ مەگەر هەر خۆیان بتوانن باسی هەزار یەکی دەردی سەری خۆیان بکەن!

ئەو کەلاوەیەی تێدا دەژیان تەنیا هی ئەوان نەبوو، لەلای چەپی ژوورەکەیان پوورە سولّتانە کوێری سوالّکەر، خێر خوازەکان لە تەختە و تەنەکە شکاو و حەسیر کولانەیەکیان بۆ دروستکردبوو، لەلای ڕاستی ژوورەکەشیان کولانەیەک لە چەشنی ئەوەکەی پوورە سولّتان قووت ببووەوە پیرێژنێکی تێدا دەژیا، تووشی نەخۆشی (گوولی) ببوو کەم کەس

دەیبینی، هاوین و زستان لە کولانەکەیدا بوو خەڵکی گەڕەک خێریان پی دەکرد.

ڕەمەزان هەندێ کەچەڵ بوو. لە باتی ئەوەی ناوی ڕەمەزان کەچەڵی لێ بنێن، بە پێی ئیشەکەی ناویان لێنابوو (ڕەمەزان بۆخچی) یانی ڕەمەزان گووڕێژ.

ڕەمەزان کەرە سپییەکەی لە پیرۆزی ژنی و سەبەی کچی زیاتر خۆش دەویست. هەموو ڕۆژێ لە گەڵ مەلا بانگداندا بەرمیلە بچکۆلانەکەی دەخستە سەرپشتی کەرەکەی و سەتڵ و گوریسەکەی لەسەر بەرمیلەکان دەبەست و بۆ کاسبی دەکەوتە ڕێ. بە حیسابی سەتڵ ئاودەسخانەکانی دەردەدا و ئەگەر تا نیوەڕۆ ئیشەکەی تەواو نەکردایە، ئەوا لەو ماڵەی کە ئیشی لێ دەکرد لە کۆنترین قاپی فافۆندا لەبەر دەرگای دەرەوەی ماڵەکەدا نانیان بۆ دادەنا . ڕەمەزان دەیزانی پاش نان خواردنەکەی دەبێ ئەو قاپەفافۆنە کۆنە فڕێ بدەن، بۆیە هەر کە لە نان خواردنەکە دەبوەوە خۆی قاپەکەی فڕێ دەدا... ئێواران پێش ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ کەلاوەکەی، دەچووە سەر ئەڵوەن و سەتڵ و بەرمیلەکانی دەشووشت. دەست و دەم و چاوی خۆیشی پاک دەکردەوە و دەگەڕایەوە. ئەگەر چی شەوان زوو دەخەوت بەڵام تا تاقەتی هەبوایە گۆرانی دەچڕی بەتایبەتی گۆرانی (کەوا لەسەر کەوایە... سوخمە لەسەر... ) دەنگیشی هەندێ خۆش بوو... هەموو خەڵکی شارەکەی دەناسی، بەڵام هاوڕێی کەس نەبوو، جگە لە کەرە سپییەکەی سەری لە کەس نەدەدا، جگە لە پوورە سوڵتانە و ئەو پیرێژنە گولەی کەلاوەکەیان نەبێ... ئەگەر چی هەندێ پیس و پۆخڵ و جل و بەرگەکەی شڕ و وڕ بوو، بەڵام ئەوەندە ڕووخۆش و قسە ڕێکوپێک بوو دوو ئەوەندەش چاپوک و بە گووڕ بوو... هەرکەسێ بمردایە ئەوا ڕەمەزان بەپاچ و بێڵەکەیەوە لەسەر قەبرسان حازر دەبوو، قەبری هەڵئەکەند قوڕی دەگرتەوە. دارە مەیتەکەی دەهێنایەوە بۆ مزگەوت... هەر ئیشێکی پێ بکرایە قسووری نەدەکرد، لە هەموو شتێکیش سەیرتر ئەوەندە دەس بڵاو و چاو تێر بوو هیچ کاتێ نەیدەهێشت پوورە سوڵتانی هاوسێی و پیرێژنەکەی تر چێشت لێ نێن، ڕۆژانی هەینی ئیشی نەدەکرد... دەیوت:

– جومعە و جەماعەت لە دەسم چد.

پاش نوێژ وەک ئەوەی شتێکی لێ گوم بووبێ، ئاوەها دەسوڕایەوە تا پیرەمێردێ یان پیرێژنێکی هەژار سواڵکەری دەدۆزییەوە و دەیبردە کەلاوەکەی خۆی و بەیەکەوە نانیان دەخوارد... ئەگەر چی زۆر حەزی بەدیدەنی ئامە ڕەش نەدەکرد. بەڵام گەر سوێندی بخواردایە دەیوت:



– وەپاکی ئامە قەسەم...

خەڵکەکە گوێیان ئەوەندە بە ڕەفتار و پیاوەتی ڕەمەزان نەدەدا... لە هەموو کاتێکدا هەر بە گوێدرێژێکیان دەزانی و هیچی تر... خۆ ڕەمەزان هەرگیز بە خەیاڵیدا نەدەهات سوپاس بکرێ، بەڵام دەبوایە خەڵکەکەش ئەو کردەوە باشانەی ئەویان لە بەرچاو بێ، نەخێر وایان دەزانی ئەو ئیشانەی کە هەر لە خۆیەوە ئەیانکات بە خێر بۆ خوایان ئەکات، بۆیە پێی ناوێ کەس منەتباری بێت، خۆ وەنەبێ ڕەمەزان لە سەرنجی ئەو خەڵکە نەگەیشتبێ... بەڵێ زۆر چاکی تێگەیشتبوو و زۆر شتی دەزانی بەڵام هەر بەو بێدەنگییەوە وەڵامی هەموو شتێکیانی دەدایەوە...

سەبەی کچی، قوتابی پۆلی سێی سەرەتایی بوو و بەیەکەوە لەسەر یەک تەختە دادەنیشتین... قوتابییانی پۆلەکەمان بە (سەبەی ڕەمەزان پۆخچی) ناویان دەبرد و هەموو ڕۆژێ سەبە لە داخان دەگریا... منیش دڵیم دەدایەوە پێم دەوت:

– سەبە توو خودا نەگیر ئاخر ئەرا گیرید؟ ئیسە جەرەس دەدە لی و چیمنە ماڵ... ئیمڕۆ گش وێلکانەگانم ئەراد تێرم و لە ژێر سایکی دار قەلەم تۆزەگە وازی کەیمن، بیلا ئەیانە گوی بخۆن بی ئەدەبن تەربیەت نەدریاسە پییان، بیلا بمرن دی منیش قسە وەگەلیان نێکەم... ئیمڕۆ هەردووگمان خەت خەتان کەیمن و ئاشە قوولی... من قەزانەگان شوورم، تو هیچ مەکە بەس مەگیبر... سەبە ئەرا گیرید؟... ئووی خودا... بچمە گژیان و بدەمە لییان خوو دەسم لە دەس دایگم وە قووەت ترە هەر شەپمە ییگ بکیشمە بان سەریان وڕ بوون.

ئەو سەردەمە دەوڵەت جل و بەرگی بە قوتابییە هەژارەکان دەدا... مامۆستا دەهاتە ژوورێ و دەیوت:

– کی نەدارەس بیلا دەس هەڵگرد.

سەبە دەستی بەرز نەدەکردەوە هەموو پۆلەکە دەیانقیژاند...

– سەبە ئەرا دەسد بەرز نێکەید؟ شەرم کەید باوگد پۆخچییە؟.

کە لە قوتابخانە دەگەڕاینەوە زۆربەی ئێواران دەچوومە کەلاوەکەی ماڵی سەبە بە لۆکە و پەڕۆ کۆن بووکە شووشەمان دروست دەکرد و یاریمان پێ دەکرد... ئەوەندە سەبەم خۆش دەویست ناتوانم باسی ئەو سۆزە خاوێنە بکەم کە ببووە پردێ، هیچ لافاوی قین و چینایەتی نەیدەتوانی بیڕوخێنێ. ڕۆژانی شەممە لە قوتابخانە وەکو عەسکەر بەریز ڕایان

دەگرتین. مامۆستایەک دەهات و سەیری دەست و نینۆک و سەر و یەخەی کراسەکانمانی دەکرد... ڕیز گەیشتە سەر من کە سەیری سەرمیان کرد مامۆستا قیژاندی و ژنە فەڕاشەکەی بانگ کرد:

– کافیە ئەو نەفتە بار.

شووشەیەک نەوتیان ڕژانە سەرمەوە... نەوت تکە تکە کەوتە سەر شان و ملم... ئینجا مامۆستاکە بە عەرەبی وتی:

– لیلی...

– نعم.

– بەوە ئەیرا... وەلای من.

بەلەرزەوە چوومە پێشەوە و بە لاڵە پەتییانە وتم:

– وەڵڵا ست من دوێکە سەرم شووردمەس دایگم پەلکەگانم چنی وەی قردێلەیە بەسارەیان.

تاپ تاپ تاپ...تیپ تیپ تیپ.

بەڕاستە دەیکێشا بە دەست و سەر و گوێلاکمدا و دەیوت:

– ئەی سپیەیە لە کوورەوە هاوردیەدە؟

– نازانم.

– زانم دایگد هەفتەی سێ جار شووردەد. مەعنای ئەی سپیەیە چەس؟.

–.........

هەموو قوتابییەکان دەیانزانی ئەم ئەسپێیانەی سەری من لە ڕێی (سەبە) وە هاتوون... ئەگەر بهاتایە ناوی سەبەم بهێنایە، ئەوا منیان لێ جیادەکردەوە... سەبە حاڵی لەمن باشتر نەبوو، ئەو هەمیشە کەزییە جوانەکانی بۆنی نەوتیان لێ دەهات و کە لە قوتابخانە گەڕامەوە بۆ ماڵ دەمزانی دایکم ئەم هەواڵەی پێ گەیشتووە و مامۆستا خەبەری بۆ ناردووە. بیرم لە فێڵێک دەکردەوە، بەڵام بۆنی نەوت هەموو بیرکردنەوەکەمی دەپساند... لە دوورەوە دایکم وتی:



– بوون نەفت تێدا!

نزیکم بوەوە... لووتی نزیکی کەزیەکانم بووەوە منیش وتم:

– ئا ئیمرۆ لە مەکتەب نەفت ڕشانە بان سەرم...

– ها... ئەرا؟

– موعەلیمەگەمان وەت سەرد پڕ بیبە لە سپیە.

– ها... ئەیە ئەوەنە چیدە لای سەبە... ئەرا؟... دوێت کیـیە؟ وەها لە خڕ دەوربید! دۆیت (نووری سەعیدە یا دۆیت عەبدولئیلاس). من هەفتەی سێ جار سەرد شوورم، حەیام بردی لە مەکتەبیش؟ ئیسە موعەلیمە ئیژد دایگی تەمەڵە هەر قنگ قەوی کەد... خزمەت دۆیتەگەی نێکەد... لەوراش ڕویم ڕەش کردیدە، بیدە سە هاوڵف کی؟ هاوڵف سەبە دی مڵاڵ قەحەتە؟ ئەرا ڕەشید بەگ کەم دۆیت دیرد؟ ئەرا ناویدە هاوڵفیان؟ چە لە سەبە قازانج کەی؟ سپیە! هە... بچوو ئەرا نێویدە دۆیت ڕەمەزان کەچەڵ؟؟... ئەرا؟ ئینجا خوو دایە سە سەبە... کی چارەی کەد کی ؟... عالەم ڕوژ وە ڕوژ تەرفیع کەد... دوێتەگەی من ڕۆژ وە ڕۆژ چدە دویاوە... بەختە ڕەشەگەی خۆمە... سوبچ بەختەگەمە.

–...............

– بوون ئەی نەفتە وەسی ڕورژ نێچد. ئیسە من چە بکەمە پید؟. وە چە سەرد بشووم؟؟ ئەرا دوێکە نەدیمەد؟... هەر کە سەرد شوورید (فرت) باڵ گردید و چیدە لای سەبە، وە شانەگەی سیرکەوان هن سەبە سەرد شانە کردید، جفتە جەیرانە لە ژێر خۆر فچە فچ کردن... خودا زاند ئەو شانەیە هن کیـیە؟... خاوەنەگەی مردییە و فرەی دانەسە بان سیرکەوان و تن و سەبە چن تێرنەی و سەردان وە پی شانەکەن... بیلا سەبە سەری وە پی شانە بکەد... بەس توو ئەرا؟ ئەو دوێت ڕەمەزان کەچەڵە و شانە نەیرن. توو ئەرا؟ شانەمان قەحەتە؟ لە تاووس چەند شانە سەندمەس؟... فایدە نێکەد . من وەگەل کی قسەکەم. دوای ئەی قسەیە (فر)ت چیدە لای سەبە. – جاری بچوو ئەرا دووکان... دوو قاڵب سابوون ڕەقی بار... بیلا سەرد بشوورم... دویاخر...دوای ئەوە کە سەرد پاک بوود خۆیدەی لە دەسم.

دەربەستی تێهەڵدان نەدەهاتم... نەدەترسام چونکە ئەوەندە لەسەر حەق و ناحەق لێیان دابووم پێستم خۆش ببوو. پاش هەموو تێهەڵدانێک (ئامە) باوەشی دەگرتم و

فرمێسکەکانمی دەسڕییەوە، ڕەنگە پێتان سەیر بێ ئەگەر بڵێم:

لە پێناوی ئەوەی خۆم لە باوەشی ئامەدا ببینم و دەستە زبرەکانی بەسە رو چاومدا بێنێ و فرمێسکەکانم بسڕێ و دەست بنێتە سەر سنگم و بە سۆزەوە قسەی نەرمم بۆ بکات لەبەر ئەمانە گەلێ جار لە هیچە لەماڵەوە گۆبەنێکم دەنایەوە و هەرایەکم بەرپا دەکرد، نەک بۆ هیچ شتێ تەنیا بۆ ئەوەی لێم بدەن و دەرم کەن و بمگرییێن، تا پاکانەیەکی بەتینم بە دەستەوە بێ هێمنی ببەخشێتە دەروونم... هیچ هێمنی و ئاسوودەییەک، هیچ زەردەخەنە و پێکەنینێ تامی ئەوەی نەبوو کە سەرم لەسەر سنگی ئامە دادەنا و ئەویش فرمێسکەکانمی دەسڕییەوە بە جۆرە وشەیەکی هێمن دڵی دەدامەوە و وشەکانی دەبوونە بەنج و خەوی لێ دەخستم و هەزار خەونی خۆشی ڕەنگاوڕەنگم دەبینی:

لەو خەوانەمدا ڕوباری ئەڵوەن دەبوو بە ڕووباری زێڕ و پوولەکەی ماسییەکان دەبوونە زیو و مەلە ئاوییەکان، بەزمانێ گۆرانییان بۆ ماسی و ڕووبار دەوت زۆر بە باشی لێی حاڵی دەبووم، تێی دەگەیشتم... منیش لەگەڵ ڕوحی ماسییەکاندا قسە و وازیم دەکرد و خۆم لەناو شەونمی سەوزەگیاکانی کەناری ئەڵوەندا دەتلاندەوە و شەونمەکانم دەرنییەوە و دەیان گەردانەم لێ دروست دەکردن. لەو خەونانەمدا جوانترین گەردانەم بۆ (سەبەی) هاوڕێم دەهۆندەوە... پێکەنینەکانم دەنگی دەدایەوە، ڕوبار و کەناری ڕوبار و چیمەن و مەل و ماسییەکان دەبوونە کۆرسی پێکەنینەکەم. لەپڕ هەموو جارێ لە خەونەکانمدا دەمبینی هەتاو دەبوو بە دوو بەشەوە، ئامە بە دوو باڵی سپی و بە بەرگێکی سپییەوە بەرەو لای من دەهات و هەر جارەی یەکێکی باڵداری لەگەڵ خۆیدا دەهێنا و ئەوانەی کە هەمیشە لەگەڵیا بوون (سەعە)ی کچی و (مەجەی) قومسێر بوو... لەو خەونانەمدا تەمەن و کات و شوێن و قەوارە و دۆخیان هەبوو... لە کۆتایی هەموو خەونێکمدا هەورێکی چڵکنی ڕەش دەیگرماند و بارانێکی بە خوڕی دەباراند... بەخەبەر دەهاتمەوە یەکسەر خۆمم دەبینی لە باوەشی ئامەدام. دایکم یا نەنکم بە جنێو و قسەی سووک و هەڕەشە بەردەبوونە ئامە. بەزۆر دەستمیان دەگرت ڕامیان دەکێشا و لە باوەشی ئامەیان دەردەهێنام.

دوو ڕووداوی سەیر لە یەک کات و شوێندا دەبوونە مایەی پۆپەی خۆشی و شادیم، ئازار و ئەزیەتیان دەدام: باوەشی ئامە و خەونەکانم و دەستە زبرەکەی و سنگە گەرمەکەی ئەو پەڕی شادییان پێ دەبەخشیم... هەر کە جیایان دەکردمەوە لە سنگی ئامە هەموو دنیام لە بەرچاو تاریک دەبوو... ئیتر ئازار و شێواوی و ژان ڕووی تێ دەکردم، هەرکە



دەیانگەیاندمە ماڵەوە... دەیانزانی ئەگەر لێم بدەن ئەوا هیچ هێزێ نییە ببێتە پەرژین و ڕێی ئامەم لێ بگرێ، بۆیە لێیان نەدەدام و بە قسە تێم بەردەبوون... منیش وەکو هەموو کاتێ فرمێسکە بێ ڕەنگەکانم دەکردە چەک و لە خواردن دەتۆرام و بەرەو لای (سەبە)ی هاوڕێم دەچووم. هەرگیز حەزم لەو نان و چێشتە نەبوو کە لە ماڵی خۆماندا بە دوو سێ جۆر لێ دەنرا و لەناو فەخفوریی بەلوور و بەلەم و لەسەر سینی دادەنرا . زۆر حەزم دەکرد نان و ماست یا تەماتەی سوورەوەکراو یا هێلکە و ڕۆن و ساوەر لە ماڵی سەبە یا لە ماڵی ئامە بخۆم... گەلێ جار هەر لە قاپە فافۆنە گێڕ و قوپاوەکەی (سەبە)دا نانم دەخوارد... ئای کە پێم خۆشبوو ڕەمەزانی باوکی سەبە هەر کە دەیبینیم لەگەڵ کچەکەی نان دەخۆم. دەستی بەسەرمدا دەهێنا و جۆرە پێکەنینێکی لە دەمێیەوە دەفڕی و یەکسەر لە دڵمدا هێلانەی دەکرد، ڕەمەزان دەیوت:

– دوێتم تووش وەک سەبەی دوێتمی.

تەنیا جارێ ڕەمەزان لێم تووڕە بوو ئەویش هەرچی زێڕە و خشڵی دایکم هەبوو هەموویم کردبووە دەست و ملمەوە... کە بەم شێوەیە بینیمی زۆر توڕە بوو، دەستی گرتم و بردمییە لای دایکم پێی وت:

– ئەرا ئەی ئاڵتوینە دانەسە دەس ئەی مڵاڵە؟... ئەگەر یەکیگ دزییەی؟

دایکم لە باتی سوپاسکردنی زۆر بە ساردییەوە وەڵامی دایەوە.

– عومر دریژ بووید.

ئیتر هیچی نەوت...

کەچی ڕۆژێکیان جانتاکەی گووم کردبوو حەوت پەنجایی و دوو پوولی پەنجا فلسی و وێنەی شەمسی خۆی تێدا بوو لە ڕێگای دائیرەی (جنسیە) لێی کەوتبوو... (گوڵچین)ی کچی پیاوێکی دەوڵەمەند دۆزیبوویەوە و بە وێنەکاندا دایکمی ناسیبووە و هاوردییەوە بۆ ماڵمان، دایکم تا مانگێ نەیدەبڕییەوە:

– ئەیە دۆیتە... شیرەگەی دایگد حەڵاڵد بوود... وە چاغ زادەس!!

کەچی ڕەمەزانی بەستەزمان لەبەر ئەوەی هەژار بوو... من و زێڕەکانی دایکمی دۆزیبووەوە دەستی لە وشەی عومر درێژ بووی بەولاوە، هیچی تری نەوت: دایکیشم وای دەزانی گەر پیاو هەژار بوو هەموو پیاوەتییەکانی بە پێی جل و بەرگ و پارە و ناو و

وەزیفەکەی دەپێورێ... یانی دەوڵەمەندێ گەر بایی دینارێ پیاوەتی بکات ئیتر حیسابەکەی وا دەکەوێتەوە.

١ دینار + خانووەکەی ٦٠٠٠ هەزار دینار + قەمەرەکەی بە ٢٠٠٠ هەزار دینار + ماڵ و شتەکانی ١٠٠٠٠ دە هەزار دینار = ١٨٠٠١ هەژدە هەزار و دینارێک.

ئەگەر هەژارێکیش بایی ٢٠٠٠٠ بیست هەزار دینار پیاوەتی کرد بەم شێوەیە حیسابی بۆ ئەگرنەوە:

٢٠٠٠٠ بیست هەزار دینار - ١٠٠٠٠ دەهەزار دینار بۆ خانوو- ٣٠٠٠ بۆ قەمەرە - ٥٠٠٠ پێنچ هەزار دینار بۆ ماڵ و شتی تر - ٢٠٠٠ دوو هەزار بۆ دیعایە تا خەڵکی دەیناسی ١٠- دە دینار بۆ جل و بەرگەکەی تا ببێتە پیاوی ناو پیاوان !! = هێشتا دە دیناریش قەرزار دەبێتەوە... هەی قوڕ بەسەر ئەوانەی وەکو دایکم بیر دەکەنەوە! جا نازانم لە هەموو شوێنێکدا دایکم ئاساکان زۆر ترن!! دنیا تەنیا خانەقین و گەڕەکەکەی ئێمە نییە!!.

با هەموو دنیا لەم بابەتەی تیابێ، ئەگینا بایەخی ئامە و ڕەمەزان و سەبە چییە تا دایکم و دایکم ئاساکان نەبێ... تا شەو نەبێ ڕۆژ چییە......

***

«مەلیحە» یەکێ لە ناوە کلۆڵەکانی گەڕەکەکەمان بوو... هەرکاتێ کەسێ بۆ هەر مەبەستێ ناوی کەسانی کلۆڵ و بەدبەخت و ئاوارەی گەڕەکەکەمانی هێنایە، ئەوا ناوی مەلیحە لە سەرەوەی لیستەکەدا دەهات...

ئەگەر چی زۆربەی زۆری گەڕەکەکەمان لە ئاستی کلۆڵی مەلیحەدا بوون بەڵام جیاوازیان تەنیا ئەمە بوو: مەلیحە تەمەنی دە بۆ یانزە ساڵان دەچوو، چاو و برۆیەکی قەیتانیی ڕەش، دەم و لووتێکی باریک، دو کەزی خورمایی، بەژن و باڵایەکی ڕێک و پێک... لە جوانیدا هەموو کچی دەوڵەمەندەکانی گەڕەک حەسوودییان پێ دەبرد، سەرەڕای ئەمە جل و بەرگە ساکار و کۆنەکەی بەریشی جوانیەکی زۆر تایبەتی دەخستە سەر جوانیی ئەو دەموچاوەی کە ڕەنگە ساڵی جارێک تەنیا بۆ ساتێک پێکەنین و زەردەخەنە نەیتوانیوە ئارامی تیا بگرێ... غەمباری و بێدەنگییەکەی چاوە خەواڵوەکانی و ووردە فرمێسکە قەتیسماوەکانی ماندوویەتی و سەرنجە تیژ و قووڵەکانی، دەموچاوی ئارایشت دەکرد و



جوانییەکەی خواوەندانە و بێ گەردیەکی فریشتانەی پێ دەبەخشی... هەموو خەڵکی گەڕەک دەیانزانی چ کلۆڵیکە و بەدەستی باوە ژنەکەیەوە تووشی چ دەردەسەرییەک هاتووە... بەڵام کەس ئەوەندەی (ئامە ڕەش) ئاگاداری برینەکانی ناخی مەلیحە نەبوو... نەک هەر دەیزانی و گوێی لێ دەبوو کە باوەژنەکەی مەلیحە دەینەڕاند بە سەریا و پێی دەوت:

- مەلیحە بچوو ئەی قوومatە بشوور... گیس بڕیای، وە پەن کریای، ئەرا قابەگان نەوردیدەسە بان ئەڵوەن؟ مەلیحە بێشکەگە بووە سەربان و بچوو شیر مانگا بار ئەرا ملاڵەگە.

جگە لەوەی چەند جارێ ئامە گوێی لەوە بوو باوەژنەکەی مەلیحە بە مەلیحەی دەوت:

- ئەگەر گەورا بید خوەم زانم چوین ڕسوا بووید؟ هەر لە ئیسەوە ڕسوا دکەم... ئەگەر ڕیسوا نەوید لەی دویا ڕوژە من ژن نیم و ناوم گوڵچین نێیە خاس ناسمەد، هە... هەر وەدایگەگەد هاتیدە! خوەم هەر لە حەقد تێم... د بچوو دی تەشتەگە هەڵگر و بخەرەی ژیر ترومپەگە...

کەچی ئامە ڕەش لەگەڵ ئەو جورئەت و بێ دەربەستییەی، نەیدەتوانی جارێک بە باوەژنەکەی مەلیحە بڵێ: کچێ خوا قەبوڵ ناکات ئەوەندە ئەزیەتی ئەو مناڵە کلۆڵە و بەستەزمانە مەدە.

چونکە دەیزانی گەر ئەم قسەیەی لە دەم بێتەدەرێ نەک تەنیا شەڕێکی گەورە گەڕەک ئەوروژێنێ... بەڵکو ئاگری ئەو شەڕە دەبێ لە جەرگی مەلیحەوە هەڵسێ و تا مەلیحە ماوە نەکوژێتەوە، بۆیە ئامە هەر بێ دەنگ دەبوو ناخی خۆی دەکردە گۆڕستان و خەم و پەژارەی ئەو کچە بەستەزمانەی تیا دەشاردەوە... تا ڕۆژێ بە ڕێکەوت بە بەر ماڵەکەیاندا تێپەڕی گوێی لێ بوو باوەژنەکەی مەلیحە دەیقیژاند:

- گیس بڕیای مەلیحە... هەی وە پەن کریای بەیانی ماڵ براگەم تێنە ئەیرا. وەتمە پید بچوو لە بازاڕ گووشت بسین... سەندید؟ نە لە فکرد چی... ئەرا ترسایید؟ قەساوەگان قورنجگ لەلید بگرن؟ ئەوەنە قورسید؟... چەند کوچگ هەس لە گیرفاند؟ دەی هەڵس دەی...هەی حیز... هەی قەحپە...حوجرگە گزی بدە... شامی سەندید؟ نە... نانەگە خستیدە ناو قەزانەگە؟ نە... وە پەن کریای مەگەر شارەوەدەر بکریەید پەڕو پیسەگەم شوردید؟ ئەرا

نەچیدە سەر ئەڵوەن؟ ها... بیژ ئەرا نەچید؟ ترسیای لە چایلغ بڕفننەد؟ هەڵس قەیچییەگە بار... بزان لە کوورەس؟ لەبن دوونیایش بوود هەر پەیای بکە ئەرام... چەوەسیایدە؟ ئەرا وە سیایدە تەماشام کەید؟ لە دایگە گاندەرەگەدیش کەمترم؟... ها... بیژ ئەرا وسکت بیدە؟ بیژ وە جوانیی خۆدە و ناز کەید وە بانم؟ دایگە گەدیش جوان بی بەس فایدەی چەپی؟... هە...

بۆ یەکەم جار ئامە لە تەمەنی خۆیدا هەستی بە ترسنۆکی و بێ دەسەڵاتی دەکرد، ترسنۆکییەک هەرچی ئازایەتی لەوە بەری نواندبوو لە ئاستیدا بووە سفر... ناچار بوو بۆ یەکەم جار بەترسەوە پەنا بباتە بەر تلیاک و جگەرەیەکی پڕ لە تلیاک داگیرسان... لەوە بەر ئەگەر دڵخۆشیەکی بۆ بڕەخسابایە ئەوجا پەنای بۆ تلیاک دەبرد بیری لەو دڵخۆشییە کاتییە دەکردەوە و دەیزانی ئەمە چارە نییە... بەقەد ئەوەیە بەنجێکی کاتییە... وورده وورده ڕێی خۆی گرتە بەر و مەلیحەی بە دەردەکانی خۆی سپارد کە وەک ئامێرێ لەژێر دەستی باوەژنەکەیدا بجووڵێتەوە و هەموو پێویستییەکانی بۆ بەجێ بهێنێ... هەستی بەماندووبوون و شەکەتی بکردایە ئەوا سووتەمەنی جەستە ئامێر ئاساکەی زیاتر وزەی پێ دەدا و چاکتر دەجووڵایەوە... سوتەمەنی ئەو جەستەی ئامێر ئاسایەی مەلیحەی تەنیا (تانە لێدان بوو) بە پێچەوانەی هەموو کەسێکی ئاسایی کە (تانە لێدان) پەکیان دەخات و بەرچاویان تاریک دەبێ... کەچی مەلیحە تانە دەیجوڵانەوە، تانە نانی دەرخوارد دەدا... تانە دەیخەواند... تانە خەونی پێ دەبینی... تانە... تانە... بەڵام هەندێ جار وەک بڵێیی لە ماناکانی ئەو تانانە تێ نەدەگەیشت پەنای دەبردە بەر باوکی، کە باوکیشی نەک تەنیا باوک نەبوو، بەڵکو هیچ ڕەفتارێکی لە ڕەفتاری جانەوەری دڕندە جیا نەدەکرایەوە، ئەم چیرۆکە ئاڵۆز و سەیر سەیرانەی دەربارەی دایکی دەگێڕدرانەوە دەبوونە مایەی تاقە پرسیارێ و بە ترسەوە لە باوکی دەپرسی: باوە... دایک... دایگم...چ.... چەهاتە پێ.؟

– مرد.

– ئەرا مرد؟.

– نەخۆش بی و خودا کوشتەی... گشتمان مرمین؟... ئەویش نەخۆش بی...

– بەس هاوساگامان ئیژد باوگد کوشتەی. ڕاسە؟.

– نە درووکەد.



– دایگ (لەیلا) ئیژد شوی کردیە و چێسە شاریگ تر.

– ئەویش درووکەد. و توو باوەڕ وە قسەی باوگد بکە و حەقد نەوود. وەتمە پید نەخۆش بی و مرد. یەعنی نەخۆش بی و مرد... خەڵاص فرە مەپرس.

– بەس دایگ عەدنان وەت پیاویگ تر خۆش تواست و باوگد وەپی زانست و تەڵاقی دا.

– من چ وەتمە پید؟ جارێگ تر ئەگەر پرسید سەرت برم.

لە هەموو شتێ سەیرتر ئەوە بوو مەلیحە دەیتوانی لەگەڵ باوکیدا بەمجۆرە پرسیارانە بدوێ... ئەگەرچی هەمیشە هەڕەشەی لێ دەکرد و پێی دەوت ئەگەر جارێکی تر بپرسی ئەوا سەری دەبڕێ... بەڵام هەر ئەوەندەی مەپرسە و بەس... کەچی هیچیشی لێ نەدەکرد... بەڵام جگە لەو جۆرە پرسیارانە... مەلیحە حەقی قسەکردنی نەبوو... دەمی بۆ هەر شتێ بکردایەتەوە بێجگە لەم پرسیارانە، ئەوا شەقا زللەیەکی باوکی بێدەنگی دەکرد... لەمەش سەیرتر ئەوە بوو باوەژنەکەیشی زۆر زۆر حەزی بەوە دەکرد مەلیحە ئەم پرسیارانە لە باوکی بپرسێت... بەزەردەخەنەوە سەیری گۆڕانکاریەکانی دەموچاوی مێردەکەی دەکرد کە چۆن لە ڕووی ئەم پرسیارانەدا ڕەنگێ دەهێنێ و ڕەنگێ دەبات و دەشڵەژێ... حەزی باوەژنەکەیشی بۆ ئەم پرسیارانە وای لێ کردبوو لەم ڕووەوە... تەنیا لەم ڕووەوە مەلیحە بە پشتی خۆی بزانێ بۆ ئەوەی برینی مێردەکەی بکولێنێتەوە و تانەی لێ بدات... دووریش نییە هۆی بێدەنگی باوکی مەلیحە لە ڕووی ئەم پرسیارانەیدا ئەو هەستەی پێ دابێ کە ژنەکەیشی پشتگیری مەلیحە بکات ئەگەر لێیی بدات و سەر کوێری کات... بەڵام مەلیحە دەرکی بەم هێڵە بەیەکا چووانەی نێوان باوکی و باوەژنەکەی نەدەکرد... ئەگەر ڕۆژێک لە بەجێهێنانی پێویستییەکانی باوەژنەکەی دوا کەوتبایە، ئەوا هەر ئەوەبوو کەوڵ نەدەکرا... ناچار دەبوو بە هاوار کردنەوە خۆی بخاتە کونجە حەسیرەکەی ئەو پیرێژنە قەڵەوەی تەنیشتی ماڵیانەوە کە هەموو کەسێ ناوی (میمی) یان لێ نابوو... پەنای دەبردە بەر پشتی و لەبەر کونجەکەیدا دەپاڕایەوە:

– میمی میمی بوومە قوورباند بیلا لە پشتدد خۆم بشارمەو تا باوەژنم نەدویندەم، کەفتێسە شوینم وەدار دەدە لێم، سەرم شکان، نێزانم لە کوورە خۆم بشارمەو بچمە کوورە؟.؟. مردم ڕوحم دەرچی...میمی لە توو زیاتر کەسم نییە... میمی میمی بوومە قورباند... پشتد پشتد... ها...هاخۆیە... قاپی یەگە وەسان!؟... دارەگە ها لە دەسی؟... توو

تور ڕوی بکە پی بیلا نەدویندەم... نەنە خوّد کەمی بەرز بکە تا شەوییەگەم نەدویند... تەماشام کەد؟... جواوم مەدە... میمی خوێن فرە لەسەرم تێدە خوار. چاوم نێد ویند... ترسم وە دەسم چاوم بسڕم...میمی وەسیایەس؟ تەماشای ئەی لا ئەو لاکەد... چییە ماڵ دایگ عەدنان؟.

– نە چییە ماڵ خوّدان.

میمی، ئەگەر بڵێم لە هەموو دونیادا شتێ نەبوو دڵی خۆش کات جگە لە مەلیحە، ئەوا وا دەزانم موبالەغەم نەکردووە، میمی هەمیشە تاقە کراسێکی کودەری لەبەردا بوو، پشتی کراسەکەی دڕیبوو، چونکە ئەوەندە مەلیحە لە پاڵیدا خۆی مات دەدا و دەگریا و سەر و چاوی تێ هەڵدەساوی... تەنانەت پشتی میمی جێ چنگەکانی مەلیحەی پێوە دیار بوو کە لە ترسا خۆی پێوە دەبەستەوە.

ئەم پیرێژنە تەمەنی لە شەست ساڵ زیاتر بوو... زۆر زۆر قەڵەو، ورگی لە پێشی خۆیەوە دەڕۆیشت، لە هاوین و زستاندا لەو کونجەیدا بوو کە بە دەستی خۆی دروستی کردبوو. زۆر بێ پەروا بوو. نەک تەنیا شەرمی نەدەکرد بەڵکو کەسی بە پیاو نەدەزانی! منالآنی گەڕەکی زۆر خۆش دەویست و منالآنیش ئەویان خۆش دەویست و ڕۆژانەکەیان لای ئەو خەرج دەکرد. منالآن و هەرزەکارەکان پێیان ڕادەبوارد و بەردی زلیان دەخستە سەر کەپرەکەی و لەکاتی نووستنیدا ئاغزە جگەرەیان دەخستە گوێی و کاغەزیان لوول دەدا و لە نێوان پەنجەکانی پێیدا دەیانسووتاند... ڕادەپەڕی و بەخەبەر دەهاتەوە، وەک ئەوەی هیچ شتێک نەبووبێ بێدەنگ دەبوو، دەربەس نەبوو گللەیشی لە کەس نەدەکرد، تڕ و قڕقێنە بەلایەوە یەک شت بوو منالە هەرزەکارەکان لێی کۆدەبوونەوە و دەیانوت:

– میمی ئەرا ئەوەنە قەڵەوید؟ قنگد قەڵەوە، گوشت حوشتر خواردیدە؟.

–...............

– میمی وەڕاسی ئەرا سەر نێوە سید؟ علموّدە بیدە؟ ئەرا قژد فرە جاوانە خستیدەسەی دەشت؟.

–...............

– ها ها ها... میمی ئەی کەپرە ئیژید قەسر مەلک فەیسەلە....تور خودا ئاڵشتی کەیدەووەپی؟



– نە وەدەس خۆم کردمە سەی وەختێک ئیوە گەورا بوون ڕووڵە ئەرا خوّدان قەسر بکەن، حەقدان چەس لەمن و کە پرەگەم؟

– دەروشی وە دڵخۆشی بەسەدی سەر نە نە سەرم وەخودا دڵم وە پیدان سوزیەد.

– ها ها ها ی تور دڵدوە ئیمە سوزیەد؟.

– ئا... ئیوە جاهڵ و جوانن... ئیسە جاری دونیا نەدیدەن، دونیا نەدیەدەش ئەی قسەیلە کەد.

– ئێ تور چەی؟ نەتڕیگید دەنگد باد و نە تسیگید بووند باد.

– ها ها ها... میمی تڕیگ بدە ئەرامان کەمێک دڵمان خۆش بکە... میمی ئەی زگە چەکەیدە پی بێسە دەوڵ؟.

منالەکان هەموو خواستەکانیانی بەجێ دەهێنا... ئەوەندە هەڵگژابوونە سەر جەستەیەوە لەبەر دەمیشەوە کراسەکەی دڕا بوو، ئەو خالە شینە کوتراوانەی سەر زگی و سنگی دەرکەوتبوو منالآنیش پێیان دەوت:

– میمی دیارە لە وەخت خۆی فری جوان بیدەو ئەی خالەیلە کووتانەسە سەر سینگد...

– هە... جوانی چەس؟ ڕوڵە وەکار نێتیەد...

– ها ها ها... دڵیشی خۆشە... دیارە فرە جوان بییە وەها باس خاڵەگانی کەد... بێسە فەیلەسوف. واللە باوە نەسیحەتیشمان کەد...

لە هاوینانیشدا خۆی تەڕ دەکرد و ئەمانیش لێیان دەپرسی:

– میمی ئەرا ئەوەنە خوّد تەڕ کەید؟ گەرمە؟.

– ڕوڵە ئەرا لە ئاو ئەڵوەن خۆم مەحرووم بکەم؟ بەیانی دوو بەیانی مرم و خەنەمە ناو چاڵ... حەسرەت کیشم ئەرا قەترەییگ ئاو.

لەناو هەموو منالّ و هەرزەکاراندا تەنیا مەلیحە گاڵتەی بە میمی نەدەکرد و بە جۆرێکی تر ڕەفتاری لەگەڵ دەکرد و ڕێزی لێ دەگرت، ئەشێ بەرژەوەندیشی لەم کاتەدا دەوری خۆی بۆ هەردوولا بینیبێ و هەمیشە میمی پەنای مەلیحە بوو و پێی دەوت:

– هەرکە تواست بدەدە لید بەو پشتم بگر و حەقد نەوود.

– میمی دویاخر زاند له پشتد خۆم شاردمه سەو.

بەم چەشنە میمی قەلآی مەلیحه بوو تا ئەو ڕۆژه شوومەی باوه ژنەکەی پێی وت:

– (دوێتم) مەلیحه پێخەفەگەمان حازر بکه، بەیانەی دوو بەیانی ماڵ براگەم تێنه خوازوەنید و دەینەده (حسێن) وه براگەم...

له راستیدا مەلیحه تێ نەدەگەیشت، له دوو شت نەگەیشت.

یەکەمیان: بۆ یەکەم جار له باوەژنەکەی وشەی (دوێتم) دەبیستێ.

دووەمیش: مەسەلەی خوازبێنی... هەر به ئەقڵه منالآنەکەی خۆیەوه بۆ ئەوەی له نهێنی ئەم دوو وشەیه بگات پەنای برده بەر میمی و پێی وت:

– میمی... میمی بوومه قورباند... میمی میمی... ئیمڕو ئیمڕو چه چه... باوەژنم وەته پیم (دوێتم) ئینجا وەته پیم بیخەفەگان دەر بکه سوود سوو ماڵ براگەم تێنه خوازوەنید... خوازوەنی یەعنی چه؟

– یەعنی شوی کەید.

– یەعنی چه میمی؟

– نازانم... ڕووڵه توو جاری ملاڵید ئەوانه گوێ وه ڕوح خاوەنیان توان بدەنەده حوسه قەچاغچی. ئەی کاره خوداش قەبووڵی نێکەد بەس دونیا نەوه حەز منەو نەوه حەز تنه ئەی سەگ باوگه وه عومر بابادە.

– ئاخر ئەرا کووره هەڕا بکەم خودا له کوورەس تا بچمه لای؟ توو جاری ئەرام پەیای بکه... له کووره خۆم بشارمەو؟ بچمه پشت تەنویرەگەمان یا بچمه ناو کولانەگه؟

– هه هه فەرقی نییه له دەسدگرن و خەنەده ناو تەنویر.

– چه میمی سوزننەم؟

– بەیانی دوو بەیانی کراسیگ چەرمی ئەراد تێرن و خنه له دەس و پاد گرن و بەنەدو چید.

– ئەرا کووره؟ ماڵ براگەی؟ ئەرا فره حەز له لی یان کردمه؟

وەختیگ چاوم وه حوسکه کەفد له سێوڵەگەی ترسم... له چاوه زەقەگانی... ئەوەنه پیسه



دگانه ڕەشەگانی ئیژید قیرن قیر چه بکەم؟ میمی عەزیزەگەم؟ جاریک هاته ماڵمان باوه ژنم و باوگم چیبینه میوانی... له قاپیدا و منیش وەبان ڕووی خۆم قاپییەگه کردمەو هاته ماڵ و تەماشای ئەی لاو ئەو لای کرد و وەت:

– باوگد چێسه کووره؟

منیش جواوی دام و وتم:

– خۆی و دایه چینه سه ئەرای میوانی.

دوینم چیبیه لای قاپییەگه و کلیلی دا و هاته لام، هەم خاسی بێ من لەلای پارچینەگه وەسیابیم، تواست بگردەم و دەس ئەرام دریژ بکەد، من زوی دەقڵه دام و نێزانم چوین ڕەسیمه بان و کەفته شوێنم، منیش هەم خاس بی دیوارەگەی بەین ماڵمان و ماڵ دایگ مچه فره نزم بی، زوی بازم دام و چیمه بانەگەیان.

– کەفته شوینـد؟

– ئا میمی.

– ئێ؟

– هەڕەشه له لیم کرد، منیش دام له قاپی و هاوار کردم و دایگ مچه نەهات قاپییەگه بکەده و منیش دەڵه کیگ دام و پام برپاو کەفتمه خوار.

– دەس و پاد نەشکیا؟

– له پرووک چیم... هاوار کردم وای دایه بوومه قورباند... له کوروەن؟

بڕه سنه دادم.

– ئێ...

– مچه...

– چەکرد؟

– کەفته شوێنم...تواست... تواست... وەتمه پێ چەتوای؟ مچەش وەته پیم:

– ساڵێگه، چاوەڕیی فرسەتیگ وەها کەم.

منیش هاوار کردم. خنکیام تواستم قیژه بدەم بەس مچه وەته پیم:

– ئەیە چەنیگە ئەی دەردە لە دلّم مایەس، ئا دایگەگەد، وە شەو لەی بانە ئەخەفتم و فکرم هەر لەلای بی، بەس هەر چەکردم نەکەفتە دەسم. مرازم ئیسە حاصلّ بی، ئەگەر قیژە بدەی ئیژمە باوگد خۆی هاتیە و ئەویش وەک کاوڕ سەرد بڕد.

ئینجا وت: مەمگد فرە جوانە... شەو و ڕۆژ فکر لەلیدکەم. منیش هەر هاوار ئەکردم.

– دایە... میمی. ؟...

مچەش ئەوت: هش حەیای خۆد چد هاوار نەکە وەمن چە؟

چاوەگانم کوور بین، هوش نەما لەسەرم لە دەرەقەتی نایەم خودا چە بکەم؟

هەر ئەوت: هاوار مەکە، دەنگد نا ڕەسد لای خوداش... ئەرا دایگد فرە لەتوو خاستر بی؟ خۆدیش وەک دایگدید وە ئەو نەڕەسیم بەس توو دی وەتوو ڕەسیم مرازەگەم حاصلّ بێ حەق خۆم لە دایگد نەسەندم.

ئینجا قیژەدام و تواست کوت کوتم بکەد، فرە لاڵکیامە پێ هەر وەتم:

– یەواش...نە و نەکەی مچە نەکەی، توو ئیمام عەباس، توو خدر زندە، توو باوە مەحمید، توو ئیمامەگان.

میمی، بومە قوورباند... کەس نەڕەسییە دادم، هەتا تووش نەژنەفتید نەرەسیدە دادم. ئەرا نەژنەفتید؟ دەم و چاوم کوت کوتکرد.

لە گێڕانەوەی ئەم ڕووداوەدا بۆ میمی ڕوخساری و لەشی وا گۆڕا و دەلەرزی هەر وەک ئەو ساتە کە لە ژوورەکەی (مچە)دا بێ، داوێن پیسی مچە ئابڕوی برد و لەناو حەزێکی چەند ساڵەیدا کلۆڵکرد... کە هاتە سەر دوا وشەی بە جۆرێ ڕاچەڵەکی هەر وەک ئەوەی لە ژێر دەستی مچەدا دەلەرزییەوە کە بێ بەزەییانە تەکانی لێ دەدا... لەگەڵ دوا وشەیدا هاوارێ لە دەمی دەرپەڕی هەتا میمیشی ڕاچەڵەکاند. میمیش زۆر بە هێمنییەوە گوێی لێ دەگرت و لەگەڵ قسەکانی بۆ چل ساڵ لە مەوبەری تەمەنی خۆی دەگەڕایەوە، هەناسە برکێی (مەلیحە) وەکو قولاب سەرنجی یادەکانی میمیی پەلکێش کردە ناو دوکانی فەتاحە ورگ زلی قەساب کە چەند چەقۆیەکی دەنایە بەر پشتوێنەکەیەوە و بڕنێکیشی بەزنجیرێکەوە هەڵواسیبوو، بە پشتوێنەکەیدا.

وشەکانی میمیی بردە دوکانەکەی فەتاحی قەساب کە هەزار درۆ و دەلەسەی بۆ کردبوو تا کێشایە ناو دوکانەکە و بردییە پشتی پەردەکەیەوە کاتێ کە بە هاوارێ لە قسەکانی



بووەوە میمیش، هەر هەمان هاواری ئێشی کچێنییەکەی لەگەڵ هاواری مەلیحەدا تێکەڵ کرد... دوو هاوار: یەکێکیان تەمەنی چل ساڵ دەبێت و یەکێکی تریان چل ڕۆژ کەمتر، بۆ یەک شت و یەک مەبەستی کراوە کەچی پاش ئەم ماوە کورت و درێژە یەکیان گرت و بوونە تاقە هاوڕێ...

دەشێ ڕۆژێ هەموو ئەو هاوارانەی ئافرەتانەی میمی و مەلیحە ئاساکان لە یەک کات و شوێندا ببێتە دەنگی مرۆڤایەتی و خواستی ئافرەت و لە ڕووی زوڵم بوەستێ. ویژدان و کەرامەت و شەرەفی مچە و فەتاح قەساب ئاساکان بلەرزێنێ و وەکو هەورە تریشقە لە ساتێ کەمتردا بیانکاتە خۆڵەمێش.

مەلیحە ئەمجار بە جۆرێکی تر و بە ئاوازێکی ترەوە لەگەڵ میمێدا کەوتە قسەکردن و باسی ئەوەی بۆ کرد کە پاش ئەو ڕۆژە نە بەشەو نە بە ڕۆژ ناتوانێ بخەوێ، هەتا هاتە سەر ئەوەی کە ڕەنگە تەنیا مچە بتوانێ پاش ئەم تاوانەی چاری بکات و بیخوازێت کەچی ئەوەندە بە کلۆڵییەوە بۆ میمی گێڕایەوە کە چۆن مچە دەرگای لێ دەگرت و پێی دەوت:

– جارێگ تر بایدە ئەی ماڵە هەردوو پاد بڕم. هەردوو چاود دەرکەم و بچوو و......وە هەر کورە چید بچوو.

– ئاخر نێزانم بچم ئەرا کوورە؟ نێزانم چە تێدە سەرم.

– بچوو چەبوود بیلا بوود... وە هەر کوورە چید بچوو حەیای خۆد چد. ئیسە عالەم ئیژن دوێت عازەو چوین چدە ماڵیگ کوڕ عازەو لەناوی بوود بچوو... بچوو.

میمی لەگەڵ ئەم قسانەی مەلیحەدا بەرەو هەمان دنیای دەست لە ڕوونان دەچوو و هەمان دەرکردنی فەتاحە قەسابی کەوتە یاد کە چل ساڵ بەر لە ئێستا میمی بەهەناسە سواریەوە بە فەتاحی قەسابی دەوت:

– ها فەتاح ئەرا کوورە بچم؟

– حەقم چەس.

– بچمە کورە؟

– هش... قسە نەکەی... من قەساوم، سەر مانگا بڕم... سەر بزن و کاوڕ بڕم و... گڕووژ سەر سەد مانگا و بزن بڕم... تووش بیخاوەنید... ها... ئیسە چەقووەگەم تیژ کەم و سەرد بڕم... ئەگەر قسە بکەید... من دەروەن نیوم وەختیگ سەر ئەیانە بڕم ئینجا سەر توو بڕم...

ئەگەر قسە بکەید خۆد زانید لای ماڵ و مناڵ و ژنەگەم خەسو و یرانم هیچ ئەی باسە نەکەید... ها... فامستی؟

– ئێ بچمە کوورە؟ ئەرا کوورە سەرم هەڵبگرم؟

– ئەرا گوورە سەرد هەڵگرید هەڵ بگر. بەس دی لەیەو دویا نزیکم نەوید... حەیام نەوەی لەناو قەساوەگان...

– چە بکەم ؟ ئەگەر منلاڵم بی؟ حەیام بردی بچمە کوورە؟

– مڵاڵد بوود نێود وە جیرِ و جەحەنەم... بچوو کەپریگ شوینیگ بدوینە و ئەرا خۆد و زوڵەگەد. بچوودی ئەگەر فرە قسە بکەید دی چەقۆگەم حازرکەم.

– ئاخر فەتاح بچمە کوورە؟

– هەڵسیام ئەراد، ئەیە چەقۆگەس، بەو بەوە نزیکم... بەو یاڵڵا... دەی... بەو مەچووە لای دیوارەگە خۆد نەشاریدەو... نە خۆد لە کوورە شاردید، لە دەسم دەرنێچید... بەو... بەو... بەو...

– نە... نە... نە... بوومە قوربانـد...چم...چم... چم سەر خۆم هەڵگرم و چەبوود بیلا بوود...چم... چم...بەس سەرم نەوڕ.

– نە. عینادی کەی... ئیللا گەرەگ سەرد وەی چەقووە تیژە بوورِم...

– نە... نە... نە... نـ. ە.

– هاوار نەکە... وە خۆدەو وەڕاسی وەتمە پید خوازمەد.

– نە نە... چەقووەگە دویر بخە لە ملم... چم... چم چە بوود بیلا بوود.

– قەسەم بخۆ.

– وە... وە... وەقەور دایگ و باوگم.

– گوی وە رووح دایگ و باوگد یارو توپینە و هیشتنە سەد و بیدە سە بەڵا وەبان سەرم. بیدە سەتەوق... ئیسە سەرد برِم و لە دەسد قورتار بووم.

– نە...نە... چمەو... بەسە، بەس. نە، خودا دیرم... دی متمانە وە کەسیش نێکەم چەبوود بیلا بوود... چە بوود، بیلا بوود. نا. نا...



میمی لەم کاتەدا هاوارێکی کرد کە سەرەڕای ئەوەی چل ساڵ بەسەر ئەو هاوارەدا تێپەڕیوە کە لە ترسی چەقۆکەی فەتاحی قەساب و حەیای خۆی کردی، مەلیحە لەم هاوار و بیکردنەوەی میمییە نەدەگەیشت و بە جۆرێکی تر لێکی دەدایەوە، بۆیە لەسەر یەک و بە پەلە وتی:

– میمی میمی... چەدە؟... چەدە هاوار کەید؟... تووش حەیام بەید... ئیسە عالەم ئیژن ئەیانە چەیانە گیرن و هاوار کەن.

– ئهی ئهی

– میمی... میمی... پشتم وەتوو قایم بی چەهاتە سەرد شیت بیدە؟.

– ئهی. ئهی.

– میمێ. میمی کەمی دەنگد نزم بگە... چەدە میمی؟ ها...! بەختە رِەشەگەی من تووش هاوردە جواو؟... تووش شیتکرد؟ چەدە میمی؟ های خودا بچمە کوورە؟

– دایگ میمی، باوگ میمی... کەسە یلەگەم... چیدە کوورە؟... چەیژن بیلا بیژن... ئیژن... های های...

– چوین میمی؟

– دایگ میمی... خۆم چارەد کەم بچیدە کوورە؟ بکەفیدە ژیر دەس گورگیگ تر، فایدەی نییە،، بچووە لای ئامە رِەش و بانگی بکە ئارام... بچوو بچرِەی ئەرام.

– چە بیژمە پی؟ حەیام چد.

– حەقد نەوود، بچوو بچرِەی... بیژە پی میمی توادەد.

– لە رِویم نێتیەد... شەرم کەم... عەیبم تێد... نێتوانم.

– بیژە میمی توا دەد عینادی مەکە.

مەلیحەی جوان و کلۆڵ شەرمی دەکرد بچێتەی لای ئامەی دایەنم. ناچار بوو بەمنی وت... من هیچ تێ نەگەیشتم مەبەستی چییە بەڵام بە ئەمانەتەوە قسەکەم گەیاندە ئامە (ئەویش هەر ئەوەندە بوو وتم: میمی بانگد کەد...توادەد... کاری وە پید هەس... گەرەگ لەوەر خاتر مەلیحە بچید...)

حاسەی دەیەمی ئامە کەوتە کار، یەکسەر زانی میمی بۆچی دەیەوێ بچێتە لای،

بەتایبەتی ئیشەکەیشی بۆ مەلیحەیە... ئامە هەردوو دەستی کێشا بەسەر یەکدا و هەر ئەوەندەی لە دەم هاتە دەری وتی:

– هەی مەلیحە بەدبەخت!... تووش؟... هەی ئاخر شەڕ.

بەهەر حاڵ ئامە توانی پێش ئەوەی مەلیحە بدەن بە شوو بەیەک دوو ڕۆژی (سا بەهەر جۆرێ بێ) چارەی مەلیحە بکات.

مەلیحە درا بە (حوسەین) و کەوتە بەر بەزەیی نینۆک و پەنجە و سمێڵە زلەکەی (حوسێن) و گوێزرایەوە بۆ ئەو بەر، ئەو بەریش بە مانایەکەوە (ئەوبەر بوو) ئەو یەک دوو دار خورما براوانەی کرابوون بە پرد زۆربەی دار خورماکانی پشت ((کۆردەرە)) یان بڕییەوە و لە تەنیشتی یەکتریدا ڕیزیان کردن و پردێکی قایمتریان دروست کرد ئیتر بە خواستی (حوسەین) نەک هەر تەنیا قاچاخچییەکان هات و چۆی ئەو بەریان دەکرد، تەنانەت مچەش دەچووە لای مەلیحە... بەڵام نە هاوار و نە چرنۆک گرتن... نە قیژە و نە پاڕانەوە... بەڵکو پارچە مەرمەڕێکی گیان لەبەر بەناوی مەلیحە... کە هەرگیز مەلیحەکەی جاران نەبوو لەویش نەدەچوو، ئارەزووی پیاوەکانی هەڵدەمژی و حوسەینیش نرخی ئازار و کڵۆڵی مەلیحەی لە گیرفانە پیسەکانی خۆی دەنا. هەر کاتێکیش کە مچە بەسەر پردەکەدا دەگەڕایەوە هەزار سەرزەنشت و تۆبەی دەکرد و گەلێ جار بەدەنگێکی بەرز بەتایبەتی ئەو کاتانەی حوسەین لە ماڵەکەی مەلیحەدا عارەقی بەدوو قیمەت پێ دەفرۆشتن و مچەش زۆری دەخواردەوە و لەسەر پردەکە دەینەڕاند.

– مچە سەگ باوگ... لە جیاتی ئەوە دارچین بکوتی بیدە دەلاک حەمام... ئەرا نەویدە شویی مەلیحە؟ لە باتی ئەوە کیسەی حەمام گردیدە دەس و پشت قەچاغ چییەکان ساوید، لە جیاتی ئەو پەشتەماڵەکە وە خۆد پیچیدەی... لە جیاتی... لە جیاتی... ئەرا مەلیحە نەخوازید؟

ئەم قسە بەیەکا چوو و سەرخۆشانەی مچە ڕەنگیشە خۆی لێی نەگەیشتبێ... بەڵام بە چاکی لە شتێ دەگەیشت و ئازارێکی گەورەی دەدا و دەبووە مۆتەکەی سەر سنگی... ئەویش ئەوە بوو کە مەلیحە بە هیچ جۆرێ هیچ قسەیەکی لەگەڵ نەدەکرد و هەر تەنیا بە (نەفەری) دەزانی و هیچی تر!!.

تەنیا میمی و ئامە... کە پردەکەی ئەو بەر کۆردەرە دەڕوخا و تا بەلەدییە پردێکی قایم



تری دروست دەکرد بۆ هاتوچۆ کردنی مەلیحە یادی مەلیحەیان دەکرد و سەد تف و هەزار لەعنەتیان لە حوسەین و مچە و بەلەدیە دەکرد دەیانوت:

– کۆپری کۆردەرە ئەی جارەش ڕمیا، نێزامم چوین پشت و گیان مەلیحە بەدبەخت نەڕمیا؟!

***

زستانێکی سەخت، با و بارانێکی بێ ئامان، وەک ئەوەی هەموو سەرمای ئەو وەرزە لەو شەوەدا کۆ بووبێتەوە کە دەرگا تەختەکەی ماڵی مچە نەیدەتوانی بەرگری ئەم با و بارانە بکات... جاری جارێ با و باران لە درزی دەرگاکەوە خۆی دەکرد بە ژووردا و هەندێ جار گڕی چرا کزەکەی دەکوژاندەوە، دەنگی ناڵەی پیرە مێردی وەک قامیشی وشک تێکەڵ بە هاژەی بایەکە دەبوو، مچە بەدیار باوکییەوە دانیشتبوو (سەرەڕای ئەوەی پانزە ساڵ زیاتر بوو ئەم ڕووداوە ڕووی دابوو کەچی تا ئەو کاتەش لە بیر و عەقڵی مچەدا نەخشی گرتبوو و هەمیشە لەبەر چاوی بوو... تەنانەت کە دەست درێژی کردە سەر مەلیحە وەسیەتەکەی باوکی لە مێشکیدا دەزرنگایەوە) وردە وردە فرمێسکی بێدەنگی تێکەڵ بە ناڵەکەی باوکی دەکرد و لە ئاستی ئەو دیمەنەدا دەسەوسان بە کڵۆڵییەوە دانیشتبوو، جگە لە گریان و خۆ خواردنەوە هیچی لە دەست نەدەهات و بەو پەڕی گوێ ڕایەڵییەوە گوێی بۆ قسەکانی باوکی هەڵدەخست.

– کوڕم وەسیەتەکەم لەبیر نەکەن، لە کەس مەترسە، دڵت هەر شتێکی ویست بیکە، بیکە و مەترسە... مەگری... مافی خۆت بەدەستی خۆت وەرگرە، هەرکەسێ تەعەدای لێ کردی قەبوولی مەکە... هەرچی دەبێ با ببێ. دڵت قایم بێ هیچ کەسێ شایستەی ڕەحم نییە... کافرن... کافرن... من خۆم دەزانم ئەگەر بکەویتە بەر دەستیان چیت بەسەر دەهێنن.

– نە... باوە نە قار مەخۆ، بوومە قورباند... وە جی نەهیڵەم، تەنیام.

کوڕم دەبێ بڕۆم، لەناو چەوانم نووسراوە... بەم دەرد و مەینەتییەوە دەچمە ناو قەبر... سینەم بوەتە قاسە و پڕە لە دەرد... کوڕم تۆ جارێ مەلاڵید ناتوانید لە سڕەگان قاسەی سینگم بفامید... خۆزگە ئێستا دەبوویتە ماسییەکی بچکۆلە و دەچوویتە ناو زەلکاوەکانی مێشکم تا بتزانیایە چی تیایە... چی بکەم؟... دەوڵەمەند نیم تا لە سەرە مەرگا دەست بۆ ژێر سەرینەکەم درێژ بکەن و کلیلی قاسەکە دەرکەن...قاسەکە کلیلەکەی لەو کلیلانە نییە،

جۆرێکی تره... تۆ جارێ منداڵی ئەزانم تێ ناگەیت.

گەلێ جار زمانی باوکی مچە تەتەڵەی دەکرد و هەندێ جاریش بۆ چەند ساتێک بێدەنگ دەبوو... باوکی مچە زۆر بێکەس بوو. خەڵکی خانەقین نەبوو... بێ دەرەتانی لە ناوچەی شارەزوورەوە هێنا بووی بۆ خانەقین.

ئەگەر چی هەموو ئیش و کاری ڕۆژانەی و نان پەیداکردنی لەگەڵ خانەقینییەکاندا بوو بەڵام زۆربەی زۆری تەمەنی لەناو باغەکاندا بەسەر دەبرد.

لەو شەوە ساردەدا هەر هەناسەی ساردی هەڵدەکێشا و هەندێ قسەی بێ سەروبەری دەکرد و ناوی ئەو تۆی لە زمان دەهاتە دەرێ کە هەرگیز مچە ئەو جۆرە باس و ناوانەی لە دەمی باوکێیەوە نەبیستبوو... بە تایبەتی کە بە پچڕ پچڕی دەیوت:

– ئا ئا... نا... نا... بە خوا بەخوا...

چاوەکانی باوکی مچە ئەبڵەق دەوەستان و سەیری بنمیچەکەی دەکرد و بێ ئەوەی چاو بتروکێنێ یا هەست بەبوونی بکات کە لە تەنیشتییەوە دانیشتووە... بەردەوام دەیوت:

– ئا. شیرین زۆر حەزی لێ دەکردم، هەردووکمان بڕیارمان دا سەری خۆمان هەڵگرین... ترس ترس کوشتی ئیتر سەری خۆمم هەڵگرت... ئا... هاتمە ئێرەوە... ئا وەتم بێکەسم هەر شوانی دەزانم... کەسم نییە.

مچە لەگەڵ ئەوەی منالێکی نەفام بوو، بەڵام لەو ئا و نایەی باوکی و لەم وڕێنانەی تێگەیشت کە باوکی ئاوارەیە و لە کاتی خۆیدا ژنێکی هەڵگرتووە و لە ڕێدا ژنەکەی مردووە، ئنجا هاتووەتە ئێرە... مچە ئەوەنە بەوردیەوە گوێی گرتبوو لە هەموو وشە بەیەکا چووەکانی باوکی ورد دەبووەوە:

ئیتر باوکی مچە... کوت و پڕ وەک بڵێی نهێنییەکی گەورەی درکاندبێ وە ئاگاهاتەوە و سەیرێکی مچەی کردو وتی:

– ڕۆڵە. ؟. دەستت بێنە و بیخەرە سەر سنگم... دەبێ زۆر شت بزانیت... زۆر زۆر... کوڕم من تەواو ئەوا دەمرم... لە بیرت نەچێ گەورە بوویت بە دەستی خۆت هەقی خۆت وەرگری... هەموویان پەلکێش بکە... پیاوەتییان لا نەماوە... لە خوا ناترسن... پیاو نابێ بگریت... گریان بۆ پیاو نەهاتووە... وەرە نزیکمەوە... قەیناکە لەبەردەم من بگریت نەکەی بترسیت.



مچە هەر دەگریا و ناو بەناو دەیوت:

– کی دشداشە ئەرام بسیند؟ کی بۆ دەمە باوە مەحمید ئەرا عەید؟.

– خوا کەریمە، ڕۆڵە مەگری، دەزانم لەم سەرینە پیسە و ئەم ژوورە بۆ گەنە بەولاوە هیچت بۆ بەجێ ناهێڵم. چاوم بووەتە ئاسمان و فرمێسک دەبارێنێتەوە سەر ئەم سەرینە تینووە. ڕۆڵە ئەمە چەند ساڵە ئەم سەرینە هەر ئازار و خەمم هەڵدەمژی و فرمێسک لە چاوم دەبارێنێتەوە سەر خۆیەوە کەچی تێر نابێ... کوڕم مەگری عەزابم مەدە، چاکتر چاوەکانم کوێر بوون، تۆ و ئەم دنیایە نابینم... ئاخ و داخ... زۆر چاکتر کەوا کوێر بووم، کوڕم ئەمشەو بە چاکی سەیرم کە، پێیەکانم زۆر پیسن... بوونەتە قامیش، بۆنی میز کاسی کردووم، کوڕم دوور کەوە لێم با بۆنی میز و بۆگەنیم کوێرت نەکات... نەنە وەرە لای دەستی ڕاستم ئەوەندە تەڵاشەداری تێ چەقیوە بۆتە دار... نەنە خۆت دوور گرە دەستم بووەتە دار و ئەزیەتت دەدات... باغەوان بووم ئا ڕۆڵە باغەوان بووم... ئەوەندە دانەویمەوە پشتم قەمبوور بوو... ئەوەندە چاوم شۆڕ کردەوە تا (ئۆخەی) چاوەکانیشم کوێر بوون، مچە کوڕم چاوەکانت بکەرەوە سەیری دونیا بکە. سەیری ئاسمان بکە بزانە چێی بەسەرمان هێناوە من بۆ ڕێگەی هەق دەچم...

– نە باوە نە نە نەمر...

– ئا ڕۆڵە کەس نامێنێت هەموومان ئەمە ڕێمانە... هەموو لەم دونیایەدا میوانین...بەڵام دەبێ بە دەستی خۆت مافی خۆت وەرگریت و بسەنیت... دەبینی ئێستا میز دەکەم بە خۆمدا... من وا نەبووم... کەسێ تر بووم... دوێنێ نەمتوانی پیاڵە چایەکە و پارچە نانەکە بۆ دەمی خۆم ببەم... مێروولە بەربوونەتە گیانم... گەنیوم ڕزام... نازانم ئەمە چ ڕۆحێکە... ڕەنگە تۆڵەی شیرین...

لەپڕ وەک ئەوەی ئاوی ساردی بەسەردا بکەن نیوەی ناوەکەی شیرینی قووتدا و بێدەنگ بوو و گوێی هەڵخست تا بزانێ کاردانەوەی ئەم ناوە لەلای مچە چۆن دەکەوێتەوە... وردە وردە سەرما و بارانەکە توندتر دەبوو، چەند جارێ دەرگا تەختەکەی دەگرت، مچەیش بەدیار باوکییەوە دادەنیشت تا باوکی وەک ئەوەی ڕایژەنن چەند جارێ لەرزێکی قورس دایدەگرت و لە جێی خۆیەوە هەڵبەز و دابەزی کرد و دەست و پێی دەهاویشت تا دوا وشەی دەمی بە نیوە چلێی دەربڕی و وتی:

– کو... ڕ...م... ڕ...ۆ...ڵە... م...م...م... چە...ئەو داسە... ها... هاوڕێی تە... تەمەنم... بوو... ئەوەتا... لە...لە... ژوور سەرمەوە...هە...هەڵواسراوە...تۆ تۆڵەی خۆت... تانەی خۆت... بەو... بەو... دەمە داسە...بـ شۆرەوە...

مچە وڕ بوو، تف لە دەمیا وشک بوو...سەرەڕای ئەو باران و سەرمایە تا دایگرت، هەستی دەکرد خەریکە بخنکێ... دەیزانی دایکی وا لە ماڵی باوکی مەلیحەیە... ئێستا دێتەوە، ئەم هەواڵە دەیگەشێنێتەوە، وەک بڵێی لە چنگی مۆتەکەیەکی قورس ڕزگار بێ... پێکەنین دەنیشێتە سەر لێوەکانی... دەزانێ دایکی حەز بەمردنی باوکی دەکات، ئەگەر چی لەوەتەی باوکی لەم سێ ساڵەدا لەناو جێ کەوتووە و ئیفلیج و کوێر بووە....دایکی هەتا دەربەستی قسەی خەڵکیش نایەت و گەلێ شەو هەر لە ماڵی باوکی مەلیحەدا دەمێنێتەوە.

مچە... دۆش داما... سەری دنیای لێ هاتە یەک، نەیزانی چی بکات، لە ترسانا قیژەیەکی گەلێ گەورەی لە دەم هاتە دەر... ژوورەکەی جێهێشت چووە دوای دایکیا وەک چاوەڕێی دەکرد دایکی شەپازللەیەکی پیادا... بەزەردە خەنەیەکەوە ووتێ:

– الحمد لله نەجاتمان بی....قورتار بیمن.

***

– مچە، ها ئەیە دوو عانە بچوو جغارە ئەرام بار، گشت جاری عینادی کەید و نێچید... فرە تەحەمولد کردمەس... بەس توو ئیمڕو ئەگەر نەچید شەقیگ وەپام دەم لەلید...تا ڕەسیدە مەیدان خاس...... یا بام وەک تەماتە بفلیقنمەد.

– نێچم.

– ئیژم...نا ناسیدەم... ئەگەر شەق بدەم دی کەون و کائینات لە ژێر پام دەرد نێکەد... یاڵڵا هەڵس گوی وە قەور باوگە قنگدەرەگەد عەجەلەمە و لە کار هاتمەو توام بچمە ماڵ کەمیگ ئسراحەت بکەم...

–.................

– مچە... ئەرا جواو نێدەی؟ تاقەتم نییە سەر بنەمە سەرد دویاخر وەک تەماتە گرمەدە دەسم و فلیقنمەد... فامستی؟

–.................



– مچە چەوە تید؟...ها؟........نێچید؟........نایژیدە پیم کی خاوەندە ؟... کەس؟. هە عینادی کەید؟. ئیسە ئەگەر بکوژمەد کی دیرید بادە جواو؟ کەس، عینادی مەکەو چاو قایمی مەکە، بەس چاود نەکەیدەو، بزان هەردوو چاوود دەرکەم، ها ئەیە دوو عانە گەس، بگر، ها بزان وەک سەگ باوگە قوپیایەگەی چاوی چەنی قایمە؟ بزان... تێردەی خوار؟ ئەرێ کوڕەگە توو ئەرا ئەوەنە چاود قایمە؟ گەوراو بیچگی نێزانید؟. کی فیکارەد بکەد؟ کەس باوگد؟ هە توپیاس... دایگد هە... هەر لەیراو لەوراس نێزانم چوبن پینە و پەڕوو کەدو دشداشەیگ ئەراد سیند؟ دەی بچوو جغارە ئەرام بسین... ئەی لاو ئەو لا نەکەید... ئەرا عەید نەعلیگ و دشداشەییگ خەت دار ئەراد سینم... یاڵڵا دی قەرز باوگد توایدنەعلیش حاصڵ کردید... هەی پا پەتی... ملد بشکن بکەفە ڕێ.

–...............

– دەی وەقەدەر دوو عانە، بزانە ئەگەر نەوەتامە پید ئەرا عەید دشداشە و نەعل ئەراد سینم هەی باوگ لە قنگ خواردی هەڵنەئە سیاید! نەعلەت لەو باوگە کە کوڕیگ چاو قایم وەک توو هاوردێسە دونیا... کوڕ قەحەت بی...؟ ئۆجاغی کور بیاتاد خاس تر نەوی؟ هە، دڵیشی خۆشە کوڕ هیشتێسە جی بوودە قایمقام...!! یاڵڵا بیلا ملد نەشکنم ئەرا تەماشام کەید؟

بەم شێوەیە، پاش مردنی باوکی مچە بەچەند ڕۆژێک (ڕەفەی) باوکی مەلیحەی هاوسێمان ئەم جۆرە جنێو قسەیەی بە مچە دەکرد. هەموو ڕۆژێ کە ڕەفە لە ئیش دەگەڕایەوە لە باتی ئەوەی بچێتەوە ماڵی خۆیان دەهاتە ماڵی مچە... مچە دەیزانی و نەدەیزانی بۆچی هەمو ڕۆژێک کە ڕەفە خۆی لە بازاڕ دەگەڕێتەوە جگەرە لەگەڵ خۆیدا ناهێنێ؟ گومانەکەی خۆی بەقەد جنێوەکانی ڕەفە وەک دوو ڕەگی ژەهراوی لە دڵیدا بەرەو خوار دەچوون و ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر دەچەسپان... سەرباری ئەمانەیش نەک تەنیا ژن و پیاوەکانی گەڕەک بەڵکو ئێستا بەحەوت ئاو شۆردراوەتەوە لەگەڵ سەردەمی کچێنیدا، نەک هەر تەنیا ئەمە بەڵکو بە تایەفە... دایکی مچە... نەنکی مچە میمکی مچە... هەر ئەمە پیشەیان بووە و بەم شێوەیە لەسەر ئەم هێڵە ڕۆیشتوون. گومان دەروونی مچەی کلۆر کردبوو... بەقسەی کەس باوەڕی نەدەکرد، چونکە هەموو ڕۆژێ ژنانی گەڕەک کە دەبوو بە شەڕیان قسەی وایان بەیەکتری دەوت هەرگیز لەو قسانە کەمتر نەبوون کە لە دەمی گەورە و بچووکی گەڕەکی لە بارەی ڕەوشتی دایکی دەبیست، مچە دەیزانی دایکی شەڕانییەو

بێ حەیایە، هیچ ئافرەتێ لە ڕوویدا ناتوانێت بکۆکێت... دایکی مچە کە هەردوو قۆڵـی لە عەباکەیەوە دەردەهێنا و لەپەکانی دەستی ڕاست و چەپ دەنایە سەر یەک و شاتە شاتی ئەوتۆی دەکرد، گەورە و بچووکی گەڕەک خۆیان لە زمانی دایکی مچە دەپاراست... بۆیە مچە کەمتر باوەڕی بە قسەی خەڵکی دەکرد و کەچی ڕۆژ بە ڕۆژیش شتی سەیری لە ڕەفە و دایکی دەبینی تا ڕۆژێ مچە دووعانەکەی لە ڕەفە وەرگرت وا خۆی نواند کە بۆ جگەرە کڕین دەڕوات و لە پەنایەکی حەوشەکەدا خۆی ماتدا، ڕەفە و دایکی دەرگای ژوورەکەیان گرت و مچە خۆی لە دەرگاکە نزیک کردەوە و لە کونی دەرگاکەوە سەیری ژوورەکەی کرد. زۆر شتی بینی و زۆری تریشی بیست... تێ گەیشت بۆچی هەموو شەوێ هەر سەر لە ئێوارە بەزۆر دایکی پێی دەڵێ بنوو و دەیخەوێنی و خۆیشی گوایە دەچێتە بەر دەرگا و لەگەڵ ژنەکاندا و لەسەر کۆڵانەکاندا دادەنیشتن... نەخێر تێگەیشت کەوا ڕەفەی باوکی مەلیحە چاوەڕێی دایکی مچە دەکات و بۆ کوێی دەبات و چۆن (کاسبی) پێوە دەکات... ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر شتی تری بۆ ئاشکرا دەبوو... مچە هەر ساڵێ لە تەمەنی زیاد کردبا بەقەد ژمارەی ڕۆژەکانی ئەو ساڵە ڕووداوی سەیر سەیری دەبینێ... پاش یەک دوو ساڵ ژنەکەی ڕەفە خۆی بەتەڵاقدان دا و سەری خۆی هەڵگرت و ڕۆیشت... پاش چەند ساڵێکی تر ماڵی مچە سەر لە بەیانی هەموو ڕۆژێ جمەی دەهات. یەک دوو ئافرەتی جوان خۆیان بەعاباوە دەپێچایەوە و دەهاتنە ژورێ و پاش چەند دەقیقەیەک ڕەفەیش پەیدا دەبوو لەبەر قسەی خەڵک خۆی دوا دەخست و دایکی و ئافرەتەکانی دی وەپێش ڕەفە دەکەوتن و ڕەفەیش بەدوایانەوە تا سواری عارەبانە دەبوون و دەڕۆیشتن.

مچە تا گەورە بوو هەموو ئیشێکی دەکرد، هەر لە شەکەرات فرۆشتنەوە تا شاگردی چایخانە و عارەبانەچییەتی و فیتەری... تا بووە ناتری حەمام و... قسەکانی سەرە مەرگی باوکی لە مێشکیدا سەمای دەکرد. پاش ئەوەی (ئەو کارەی بەسەر مەلیحەی کچی ڕەفەی هێنا) چووە قەبرسان و مژدەی بە قەبرەکەی باوکی دا و چەند جارێ بە دەنگی بەرز و لەسەر یەک دەیوت:

– ئا... باوە... بوومە قورباند... دی من بیمە پیاو. خەڵاص ئەیە یەک... بەس دایگم دایگم... عەجەلە مەکە... باوە ڕاست کەید پیاو حەق خۆی وەدەس بسیند... ڕەفە ئەوەتە پیم: وەک تەماتە فلیقنمەد... ئیمڕۆ منیش مەمگ دوێتەگەی فلیقانم...و...و حەق خۆم سەندم.....حەق خۆم سەندم.



مچە زۆر شتی لا ڕوون بووەوە، تەنیا شتێ نەبێ ئەویش چۆن ئەو باوکە بەستەزمانەی ئەو باوکە پیاوە و بەڕەحم و خواناسەی چۆن ڕازی بووە دایکی بخوازێت... هەمیشە مچە بەدوای ئەو نهێنییەدا دەگەڕا... کەچی نە دەیپرسی و نە لە ڕوویشی دەهات بڵێ فڵانە کەس دایکمە... ڕەنگە هیچ کەسێ ئەم نهێنییەی نەزانیبا ئەگەر ئامە بۆی ئاشکرا نەکردبا، کە پێی وت:

– مچە.؟. باوگد پیاو خاسیگ بی... فرە خاس بی... بێ کەس بی... دایگد فرە خەرا و نەوی بەڵام خودا ڕەفە کور بکەد. باوگد غەریب بی نەدیدە و نەناس. لە ماڵەگەی حەسەن ئاغا باغەوان بی... دایگدیش هەم لە ماڵ حەسەن ئاغا کارەکەر بی... حەسەن ئاغا....وەدایگد کرد... دویاخر وە زوور دانەی باوگد، باوگدیش غەریب بی فرە ئەترسیا... ئیسە نەوود... لە شورتە فرە ئەترسیا... حەسەن هەڕەشە لەلی کرد.

ئەو ڕۆژەی ئەم قسەیەی لە ئامە ڕەش بیست بڕیارێکی سەیری دا، هەسانێکی چاکی کڕی و هەموو ڕۆژێ داسەکەی باوکی تیژ دەکرد.

***

که مچە لەسەر قەبرەکەی باوکی گەڕایەوە بەدەم ڕێوە و لەبەر خۆیەوە دەیوت:

– ئا مەلیحە خاس کردم... دەسم خۆش بوود، چەبوود بیلا بوود، باوگم گشت ڕۆژێگ ملیۆن جار ڕائەچەڵەکی لەناو قەور. نیێزانم باوگم تاوانی چەبی؟ ئاخر من تاوانم چەبی؟ زوی یەتیم بیم... ئا دەسم خۆش بوود ئاباوە ئیمەشەو خاس بخەف... بیس ساڵە چاوەڕێی ئەی ڕۆژە کەید کوڕەگەد گەورا بوود و حەق خۆی وەدەس بسیند... لە فکردم نیێچد کە ئەو تیدە پیم... (ڕۆڵە حەق خۆد وە دەس خۆد بسین) ئا خۆزگە لە قەور دەربچید و بدوینیدەم، چوین حەق خۆم وەدەس سەندمەس... زانم ئیسە زانید بەس حەزکەم بدوینمەد... بدوینیدەم، خاس کردم دی چەبوود بیلا بوود، ئیمڕو ڕویم چەرمی بی هاتمە لاد، حەقم لە بن زەویش بوود سینمەی دی داخ ناو دڵم دەرکەم... مرازم حاصڵ بی... ئیسە مەلیحە چدە لای باوگی... چەکەدە پی هەی تڕ وەجیڕ و جەهەنمە...دوای ئیسە دی خاس بوودە گەواد وە بان دوێتەگەی... چوین لە ناحەق وەمن ئەووت باوگە گەوا دەگەد پدەر سەگە ڕۆژی ژنیگ خوازد... ئەیجارە منیش حەق خۆم لە دایگم سینم... نە... گوناحە گەورام کردییە... شیر دایە سەپیم... گووناحە حەرامە عەزیەتی بدەم! ئەرا حەرامە؟ ئەرا هەر من عەزاو دونیاو قیامەت بخۆم؟ نە... خودا چوین قەبووڵ کەد؟! ئەرا عەزاو ئەیانە نەدەم و

حەق خۆم نەسینم؟.وە یەگ دەفە حەقسەندن خۆشە نەک توزە توز. توزی وە کار چەتێد؟... حەق خۆم لە ڕەفە سەندم بیلا حەق لەو دایگە سەگ باوگەشم بسینم... باوە نێزانم: چەبکەمە پی... وە چەقوو سەری بوڕم و خوینەگەی تێکەڵاو خوێنەگەی (بن) مەلیحە بکەم. ئا هەر دوو خوینەگە بوونە جووگە ییگ و لە بەلوعە چنە ناو ئاو کۆردەرە، کی زاند؟

کەس... بەس ئەگەر پرسین دایگد ها لە کورە؟- چە بیژم؟ چە هاتە پی؟ ئنجا ئیژن... ئینجا تەحنە دەن لە لیم و ئیژن....

- دایگییشی سەر خۆی بزان ئەرا کورە هەڵ گردییە؟ ئاخ باوە نێزانم چە بگەم؟ نێزانم بەس گەرەک خوین هەر دووگیان بچدە ناو یەگ جوگە... بیلا خوینەگەی مەلیحە وشکەو بوود... نە... وە حەبل. وە حەبلەگە بخنکمەی، وەک گیسک لە ملی بگرم و پەلەکیشی بکەم و بۆمەی ئەرا پاشا کوپری... ئا باوە لەناو عالەم لەوەر چەویان پەلەکیشی کەم... بیلا بیژن، چەیژن؟ لە فکرم چد؟... سەگ باوگ دالە خیز ئەچیدە لای ڕەفە و ئەنیشتید و فچە فچ ئەکردید؟ ئەویش گووش ئەراد ئەتەکاند، ئەی فچە فچە فچەیلە لە هویرم نێچن! ئاگرەکەی حەمام نەتوانست ئەی فچە فچە لە فکرم بسوزند، نە، هەر چەند دارو زبیل و قاقەز و حەسیر و سەعاف لەناو کویرەی حەمام سوزیا، بەس ئەی فچە فچەی تو جاری لەناو سەرم نەسوزیایەس... نە جاری مایە و نە سوزیایەس!!... ئیمشەو سوزنمەد ئا کەمەدە دار خەمەدە ناو کویرەگە و تەماشاد کەم... بزام چوین سوزیەید... لە قار تن جغارەش سینم... قەسەم خواردبیم تا مردن جغارە نەکیشم، بەس شەرت و ئەهد بوود وە بان دەس حەزرەت عەباس ئەی قەسەمە بشکنم تا گیاند سوزیەد... شەوییە کۆنەگەد بوودە پەتە سوو، بوون پەتەسوو نەکەم دلم ئسراحەت نێکەد... ئا سوزنمەد... سوزنمەی... لە فکرم چی سەگ باوگ وە لە قە ئەداید لە لیم و ئەو تید:

- بچوو ئەرا مامەد ڕەئووف جغارە بسین.

گەرەگ دەمد بۆسم چوین دەم مەلیحە وەسانم و وەها هاتە سەری تواست بخنکیەد بەس دەم توو قایم وەسم، خەمەدە ناو گونیەگەو خەمەدە بان شتانم نەنە شان چە؟ پەلە کیشدکەم... کی زاند توید لەناو گونیەگە؟ وە خۆیانەوە دارە ئەگەر تەحنەش دانە لیم و وەتن:

- ها مچە دیارە تاقەتد نەمایە، گونیە وەبان شان خۆد هەڵگرید؟



- تاقەتم نەمایە، تاقەتم فرەس ئەرا پەلەکیشکردن فرەس توانم پیاو و ژن و مڵاڵ ئەی عالەمە گشتی هەڵگرمە بان شان بەس من حەز لە پەلەکیشکردن کەم!!.

***

لەم سەر بۆ ئەو سەری ڕێی گەڕانەوەی مچە لە گۆڕستانەوە بۆ ماڵ لە نێوانی دوو شتی دژ بەیەکدا ون ببوو، ئەوانەیش بە پێی بۆ چوون و هەڵویستی خۆی دەبوایە ئەو دەنگەی ناخی، کە شەو و ڕۆژ داوای حەق سەندنەوەی لێ دەکرد و وەسیەتەکەی باوکی بەجێ بهێنێ و تانە و لەکە لەسەر شانی خۆی لابدات، دەبی بە خۆی بلێ مچە دەسد خۆشبوود- دووەمیشیان ئەو پەشیمانیە نادیار و بێ دەنگەی ناخی کە چۆن پاش کارەکەی لەگەڵ مەلیحەدا هەزاران دەرزی چەقییە وژدانێیەوە، هەستی دەکرد تۆڵەی وەرنەگرتووە بەڵکو کارێکی ئەوەندە ناپەسەندو بێ ڕەوشتانەی لەگەڵ کەسێکدا کردووە کە بە هیچ جۆرێک لە پاکی و بێ کەسی و بێ دەرەتانی خۆی جیا نابێتەوە... حەزی نەدەکرد تەنیا بە بیرکردنەوەی بێدەنگ، بەڵکو لە خەونیشدا خۆی لەگەڵ مەلیحەدا بەراورد بکات بەڵام حەز شتێکە و ژانی ویژدانیش شتێکی ترە...

هەر ئەمەش بوو وایکرد لەسەرتاسەری ڕێی گەڕانەوەدا دوو دڵ بێ لە کوشتنی دایکی بەتایبەتی کە بیری لە کەرەسەکانی کوشتن دەکردەوە. لە ناخدا مەبەستی ئەوە بوو دەس لەم جۆرە بیرکردنەوەیە هەڵگرێ نەوەک پەشیمان بێتەوە چونکە تەنیا پەشیمان بوونەوەی ئەوەی بۆ دەچەسپان کە تاوانبارە... ئەوی ڕاستی بێت مچە حەزی دەکرد بە تاوانکردنی قەناعەت بە خۆی بێنێ کە یاخییە لە هەمو ڕەوشتە چەسپیوەکانی ناو ئەو کۆمەڵەی تێیدا دەژی... بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا لە پەشیمان بوونەوە دەترسا... لەدوا سەرنجەکانی باوکی نەوەک پێی بلێ:

- هەی بێ غیرەت پیاو نید.

لە بەجێ نەهێنانی وەسیەتەکەی باوکی وەک لە ڕەفتارەکەی لەگەڵ مەلیحەدا پەشیمانبووەوە... تارمایی مەلیحە لەبەر چاوی لانەدەچوو، ئەگەر لە بیرکردنەوەی خۆیدا نەیدەتوانی سەرو سیمای مەلیحە بەوردی بێنێتە بەر چاوی خۆی، بەڵام دەنگێکی تر لە ناخدا دەیهەژاند و بەرەوانی ڕووی لە گیانی مچە دەکرد و دەیوت:

- تۆ مەلیحە کووشتەی دەستی دوو کەسی سەرەکی و هەزاران کەسی لاوەکین...

تۆ کوشتەی دەستی دایکی خۆتی و هەموو شتێکیت لا ئاشکرایە و تا ماویت ئەم لەکەیە بەناو چەوانتەوە دەمێنێتەوە نەک خوێنەکەی مەلیحە... بەڵکو هەموو فرمێسکی شەوانی کلۆڵێت ئەم لەکەیە ناشواتەوە... مەلیحەیش کوشتەی دەستی باوکی خۆیەتی، هەموو شتێک دەربارەی باوکی خۆی دەزانێ و باوکی خاڵێکی ڕەشە و چارەنووسی ئەوی ڕەش کردووە... تۆ و مەلیحە نموونەی دوو کەسی زۆر کلۆڵن... لە کلۆڵیدا چمکی سیامین... تۆ حەقی خۆتت نەسەندووەتەوە و ڕوحی باوکت شاد نەکردوە، بەڵکو ئازارێکی گەورە تر و قورستر لەو چەند مەترە خۆڵ و بەردەی سەر سنگی باوکتت خستە سەر ڕوحە ئازارەکەی... چیت کرد مچە؟... حەیف... کەی ئەمە حەق وەرگرتن و تۆڵە سەندنە... ئەمە برینێکە هەرگیزاو هەرگیز ساڕێژ بوونی نییە و نابێ... ئەمە لەکەیەکی ئەوەندە ڕەشە هەرچی ئاوی ئەڵوەن هەیە خاوێنی ناکاتەوە... مەلیحەت چەند لەکەدار کرد خۆتت ملیۆن جار ئەوەندە... چیت کرد مچە؟ حەیف مەلیحەی پەری... ناسک و جوان... مرۆڤ چیت پێی کرد مچە؟

ئەم دەنگەی ناخی ئەگەر چی وەکو دەرزیی ژەهراوی دەچەقێیە دڵ و دەروونی کەچی وەک جۆرێ لە تۆڵە وەرگرتنەوە لە خۆی بڕیاری کوشتنی دایکی خۆی لەلای چاکتر جێگیر دەبوو... وەک ئەوەی بە خۆی بڵێت، ئەگەر گوناهی مەلیحەم بۆ نەشۆرێتەوە... جا ئەم گوناهە چییە؟

کەچی هەر ڕاڕایی و دوو دڵی دەبووە مۆتەکە و دەکەوتە سەرسنگی و حەسانەوە و خەوی لێ حەرام کردبوو، پێش ئەوەی لە گۆڕستانەکەوە بگاتە بەر دەرگای ماڵ ئەو ساتانە لەبەر چاویدا سەمای دەکرد کە مەلیحە بەهەموو هێزێکی خۆیەوە دەپاڕایەوە و داوای بەزەیی دەکرد و فرمێسکەکانی وەک ئەوەی تەمەنی ئەو ساتە بۆ جارێکی تر دووبارە بووبێتەوە مەلیحە هاوارەکەی کرد... لەم کاتەدا مچە خۆی پێ نەگیرا، هاوارێکی کرد گەلێ لە هاوارەکەی مەلیحە بەرزتر بوو، بە توندی بە هەردوو دەسی گوێیەکانی خۆی گرت و لە ترسی کاس بوون و لە ترسی گەلێ شت کە نەیدەویست یا هەر نەیدەتوانی تێ بگات خۆی کرد بە ژووردا و زیاتر بڕیارەکەی لە مێشکدا چەسپی.

***

مچە هەر لەگەڵ دەرگاکەی کردەوە پێی نایە ژوورەوە، بەلایەوە ئاسایی بوو کە دایکی لە ماڵ نەبێ، یەکسەر وەکو کەسێک کە کارێکی زۆر قورسی کردبێ و پێویستیەکی زۆری بە



حەسانەوە هەبێ ئاوها بەبێ ئەوەی خۆی بگۆڕێ و پێڵاوەکانی لە پێی داکەنێ، خۆی خستە ناو نوێنەکەیەوە، زۆری لە خۆی دەکرد و چاوەکانی خۆی بە توندی دەنووقاند بۆ ئەوەی خەوی لێ بکەوێ، کەچی هەموو جارێ دەنگی هاوارەکەی مەلیحە لەناو جێ ڕایدەپەڕاند و هەڵدەسایەوە سەر پێ و ئارەقێکی سارد بە ناوچەوانیدا دەهاتە خوارێ... ویستی بەهەر جۆرێ بێ وێنەی مەلیحە لەبەر چاوی لابەرێ بەوەی قسەکانی ئەم بەرە بەیانە بێنێتەوە بیری کە لە حەمامدا پشتی زەلامەکانی دەشۆرد... تاڕادەیەک توانی هەندێ شت وە بیر بێنێتەوە و تارمایی مەلیحە لەبەر چاوی لا بەرێ:

((مچە...قەورەگەی باوگد، کەمی پشتم خاس بشوور چرک لەناوی خەفتییە، چرک سەد ساڵە... مچە بەیانی ژن خوازم خاس بشوورەم...

– ها مچە ئەیە دوو عانە...))

بەرە بەیانی ئەمرۆ مچە لە حەمامدا زۆر پەست بوو بەتایبەتی کە بیری لە پارە دەکردەوە و کاتێ بەخشیشیان پێ دەدا.

((– ئای خودا عانەی بخەرە ژێر دەسم... بوارنەی وە بان سەرم وەک واران... نە... نێچم عەرەق وە پی نێخۆم... ژن ناخوازم چونکە کەس نییە ژن بدە دە پیم... تەلەف کون نێوم نە، پارەگە گشتی بوارنە بان سەرم... تا ئەو عانەیەش بخەمە ناو کویرەی حەمام... پارە ئەرا چەمە؟...وە کار چەتێد؟!! بیست ساڵ جگەرم سوزا نییە چوین نێسوزنمەی؟

لەم یەک دوو وشەیە هیچی تر نەیتوانی بە بواری مێشکە ماندووەکەیدا تێ پەڕێ... هەڵسایە سەرپێ لە داس و هەسانەکە نزیک بووەوە، ئەوەندە داسەکەی بە هەسانەکەدا هێنا چەند جارێ بەو دەمەداسە هەندێ تووکی سەر دەستی خۆی تاشی و بێدەنگ و جووڵە کەوتە چاوەڕوانیکردنی دایکی، هەموو شتێکی تەمەنی وەک ئەوەی مێژووی ژیانی خۆی ئاخنیبێتە ژوورەکەیەوە بە وردێ و بەڕەوانی بەبەر چاویدا هات و چۆی دەکرد. بێ دەربەستی دایکی... بۆڵە بۆڵی وەستاکانی، حەزی بە قوتابخانە و حەسرەتی بۆ خوێندن بەتایبەتی ئەو کاتانەی نۆکی کولاوی لەبەر دەرگای قوتابخانەکەدا بە قوتابیان دەفرۆشت... ئەو کچە جوانەی کە پەنجافلسی دا پێی و زەمبیلەکەی هەتا بەر دەرگای ماڵەکەی هەڵگرتبوو، ئەو کۆڵانەی ماڵی ئەو کچە جوانەی پەنجا فلسەکەی دابوو پێی، جۆگەلەی کۆڵانەکە، ڕەنگی دەرگاکانی، ژمارەی پەنجەرەکانی، ماڵی سەر کۆڵانەکە هەموو دارتەلەکانی کۆڵانەکە، ناوی منالانی کۆڵانەکە، گلۆپ... دار بەرد، هەتا مریشک و

چۆلەکە و حەسحەسەکانی ئەو کۆلانە، ئەو سێ ساڵە هاتوچۆی بۆ ئەو کۆڵانە هەموو ڕووداوەکان جوان تر و ڕەوان تر لە یادیدا دووبارە دەبوونەوە بەتایبەتی نیوەڕۆی ئەو ڕۆژە گەرمەی کە مچە حەماڵی دەکرد و لەبەر سێبەری پاساری دوکانێکدا پاڵی دابووە و چاوی بریبووە دەستی خەڵکەکە تا بزانێ کێ شتی قورسی پێیە تا فریای بکەوێ و بە چەند عانەیەک بۆی بباتەوە ماڵێ کە لە پڕ دەنگێکی ناسک و بە تورکمانی هاتە گوێی...

– ئۆغلانەکە.(١)

مچە ڕاپەڕی بەلای دەنگەکەیدا ئاوڕی دایەوە...کچێکی جوان... هەر لە تەمەنی خۆی و نەختێ زیاتر بە زەردەخەنەوە دووبارەی کردەوە.

– گۆزەل ئۆغلان.(٢)

بۆ یەکەم جار لە هەموو تەمەنیدا لە نەدیو و نەناسێک دەبیسێت (کوڕە جوانەکە)، مچە لە خۆشیدا زمانی بەسترا، دەنگی تێکچوو، شەرم سەرتاپای پێچایەوە و بەرەو دنیای کلۆڵی خۆی و ئەو قسە سارد و سووکانەی کە هەموو ڕۆژێ دەیان جار دەیبیسێ بردی، لە پڕ دەنگە ناسکەکەی کچکە وە ئاگای هێنایەوە...

– ئەبوو قەو شەری ئێو مزە ئەپار .

مچە لە دڵی خۆیدا وتی «ئەم زەمبیلە نەک بۆ ماڵتان... بۆ ئاسمان... بۆ ئەو پەڕی دنیا... بۆ جەهەنەم بۆ هەر کوێیەکت بوێ دەیبەم» دووبارە زەردەخەنەی کچەکە تاسانییەوە... هانی خۆی دا و گوڕ و جۆشی هێنایە خۆی و تەکانی زەمبیلەکەی دا و هەڵیگرت و کەوتە دوای کچەوە، ئەگەر چی ماڵیان هەندێ دوور بوو زەمبیلەکەش قورس بوو، کەچی حەزی دەکرد ماڵیان لە ئەو پەڕی دنیا بێت و بەهەزار ساڵ پێی نەگەن، گەیشتە بەر دەرگای ماڵی کچەکە... زەمبیلەکەی دانا، واقی وڕما، قسەی بۆ نەدەهات... زمانی تەتەڵەی دەکرد کە کچەکە پێی وت:

– ئادوو نادی؟(٣)

(١) کوڕەکە.

(٢) کوڕە جوانەکە.

(٣) ناوت چییە.



زۆر حەزی دەکرد بڵێ: ئادم مستەفادی...(١)

کەچی وەک ئەوەی شەرمی بەخۆیدا بێتەوە، چۆن ئەبێ ئەم درۆیە بکات، ئەگەر لە (جنسیە) ناوی مستەفایە، بەڵام هەموو خەڵکی هەر بە مچەی دەزانن، بۆیە یەک دووجار بە هێمنییەوە و بە دەنگێکی تاساو و نەبیستراو وتی: مسـ... مسـ.

کەچی وتی: مچە.

پێی سەیر بوو، وای زانی کچەکە لە ناوەکەیەوە دەزانی کوڕی کێیە و دایکی چی دەکات... کەچی کچەکە پێی وت:

– ئادوو ئێزوو کیمن گۆزەل دی.(٢)

مچە وایزانی گاڵتەی پێدەکات. کەس تا ئێستا پێی نەوتووە جوانیت کەچی ئێستا کچێ پێی دەڵێ ناوەکەیشت وەکو خۆت جوانە... ڕەنگی زەرد هەڵگەڕا، بەڵام زەردەخەنەیەکی کچەکە هێزێکی سەیری بەچاوەکانی بەخشی، ڕوخساری گەشایەوە بەتایبەتی کە کچەکە دەستی درێژ کرد و پەنجا فلسی دایە دەستی و چووە ژوورێ و دەرگاکەی داخست... ئیتر تا سێ ساڵ لە وەخت و ناوەختدا هاتوچۆی ئەو کۆڵانەی دەکرد، بەرەبەیانان دەنگی کەڵەشێرەکانی دەناسی... حەس حەس و سەرخۆشەکانی ئەو گەڕەکەی دەناسی، ڕەمەزانان یەکە یەکە حاجی و خێرەومەندەکانی دەناسی، جەژنان دشداشەی تازە و پێڵاوی تازەی منداڵەکانی هەموو دەناسێ... ناوی گەورە و بچووکی گەڕەکەکەی لە موختار چاکتر دەزانی... ناو و نازناو و عەشیرەت و ئیش و کار و خۆش و ناخۆشی ئەو گەڕەکە لە مێشکی مچەدا بەشێکی تەواوی داگیر کردبوو... پەنجا فلسی کچەکە بە دەستییەوە مەیی...تا ئەو سێ ساڵە هەر لە گیرفانی دابوو... ئەگەر چەند ڕۆژێ لە دوورەوە یا لە نزیکەوە ئەو کچەی نەدیبا ئەوا بۆنی پەنجا فلسەکەی دەکرد و چەند جارێ ماچی دەکرد و شەوان دەیخستە ژێر سەرینەکەی، ئەگەر چی سەرەتا و کۆتایی پەیوەندی ڕوحی مچە لەگەڵ ئەو کچەدا هەر ئەو یەک دوو قسەیەی ئەو نیوەڕۆ گەرمە بوو کە مچە زەمبیلەکەی بۆ هەڵگرتبوو کەچی مچە هەموو ڕۆژێ، هەموو شەوێ دەیوت:

– بەس بدوینمەی ئێژمە پی خۆشت توام.

(٤) ناوم مستەفایە.

(٥) ناوت وەکو خۆت جوانە.

هەر خۆیشی وەڵامی ئەم قسەیەی خۆی دەدایەوە، ڕەنگە بایی کتێبێ بەناوی کچەوە وەڵامی بۆ ئەم پرسیارەی لە مێشکی هەڵدەوەشاندەوە و پاکانەی بۆ ئەو و بۆ خۆی دەهێنایەوە بۆیە گەلێ جار بەدەنگی بەرز بیری دەکردەوە، بەڕێوە خەوی دەبینی، لە هیچە زەردەخەنە و پێکەنین دایدەگرت و هەروەها گەلێ جاریش پەستی و ماتەمینی دەنیشنە سەر ڕوخساری... ئێستا مچە ئەمانە هەمووی بە بەری چاویدا بەهەمان قەوارە و تام و بۆنەوە دووبارە دەبێتەوە... کاتێ کە پێڵاوی بۆیاغ دەکرد، زۆری ڕق لە پۆستاڵی عەسکەر و پۆلیس دەبۆوە... نەیدەوێرا بڵێ بە یەک فلس بۆیاغیان ناکەم... هەر لەبەر پێڵاوەکانیان نەفرەتی لە عەسکەر و پۆلیس دەکرد! دایکیشی وەک جاران هەموو ئێوارەیەک لە پێشی هەموو قسەیەکەوە هەواڵی گیرفانی دەپرسی... (ئای هاوار ئەو ڕۆژەی کەمی دەست کەوتایە) دەبوایە گەڕەک هەموو ببێتە ناوبژیکەر و لەژێر دەستی دایکی ڕزگاری بکەن... ڕاهاتووی ئازار بوو... خۆی ئازار بوو...

هەر لەم جۆرە خەیاڵانەی خۆیدا بوو لە دەرگای حەوشە درا... داوی خەیاڵی پسا... دووبارە لە دەرگا درایەوە لەبەر خۆیەوە و لەم دیوی دەرگاوە وتی:

– هە... هەم تووی؟

– چەدە ڕووڵە؟

– چەمە ه ها...چەمبود؟ هیچ.

کە دایکی مچە هاتە ژوورێ و یەکسەر وتی:

– چەدە بزانم پڕووکیایدەس؟

– لە کوورە بید؟ بییژ لە کوورە بید؟

– حەقد چەس لە من؟ ژن پیریگم ڕەسیمەسە ئەی عومرە عەیب و شوورەیی تازە تازە موحاکەمە وە گەلم کەید؟ ئەرا ئەی عەیامە گشتی موحاکەمە وە گەلم نەئەکردید؟ ئیسە تازە موحاکەمە وەگەلم کەید؟

– بیژ لە کوورە بید؟ سەرد برم، ئیسە کوت کوتد کەم وەک.

– وەک چە؟.

–........

– چەدە سەگ باوگ؟! ئاخرد وەک باوگد بوود میز و گوی کەیدە ژیر خۆد چاود زەق



مەکە وە بانم دویاخر وەک باوگد کوور بووێ:

– نە... نە... وەک باوگم کوور نێوم نە...

– بزان بزان... چاوەگانی وەها زەق کردییە ئیژید تواد بخۆدەم، دەی بچووە ئەولا ، گوی وە ڕوح باوگە گەوادەگەد... باوگە گوڕ وەگوڕەگەد یاروو.... نادوینید کلیل قاسەگەی ئەرام وەجی هیشتییە چەتوای مەحکەمە مەحکەمە کاری وەگەلم کەید؟.

لەم کاتەدا گوێی مچە و چاوانی مچە شتی تریان دەبینی و شتی تریان دەبیست.

(قالە کوور چاوی نێدویندو مچەش خەفتییە نێزاند...

– یەڵڵاتو جاهڵ جوانید چوین دریایدە ئەی سەگ باوگە؟.

– قسمەت و نسیب ژنەگەد جاهڵ جوان بی چوین هیشتەدەجی؟...

– بیلا وەل بوود چاوە جوانەگەد نێدەم وە دونیا... هەزار وەک ئەوە... دی ژن نێخوازم... ژن ئەرا چەمە، شوی یە گەدیش کوورە...کوڕەگەد بیچگە من خۆم ئێوەتتان کەم گووش مەتەکەن، کاروبار ئەرا کەس مەکە... ئەی دەسە جوانەد بیلا هەر وە جوانی خۆی بمیند.

– بەس کوڕەگەم سوود سووگەورا بوود ئیسە مڵاڵە خۆم باز دەم و تێمە ئیرا بەس ئەگەر گەورابی و زانست؟ تووش چید ژن خوازید... ها...؟

– نە ... لە ئیسەوە فکر چەکەید؟... چووزانین چەتێدە سەرمان و تا ئەو ڕۆژە کوڕەگەد گەورا بوود. دەسەگەد بخەژیر سەرم... حەرام نییە ئەو کوورە وەدەسە وشکەگەی ئەی دەسە جوانەیلە گرد؟... چوین نزیکی ئەوید؟

بووەدە قورباند... خوشم بوومە قورباند... پاد ئیژید خیار ئاوییە.

– زوو زوی یاڵڵادی... ئەگەر مچە لە خەو هەڵسیا گیرد و ئیژد دایە ئەو کوورەش هاوار کەد: (فاتە کەڕ بیدە کوڕەگە گیرد) حەیام بەن لەی بان خانییە عاڵەم گشتی وە خەوەر تێن.

– هش کەس نێدویندەمان.

– خاس کوللەگە قایم کردیدە؟.

– ئا... هش...بەسە ئەرا ئەوەنە ترسید؟ چەبی ئەی مچەیە وە خودا وە خودا ئەگەر بکەفدە دەسم سەری برم... خوێنی خۆم وە ختەگەلە لیمان حەرام کردییە...گوی کردێسە ناو

ئەی شەوانە.

– گوش بتەکن، ئەوە دەنگ مچەس توادەم.

– نێمرد، تینگی بوود نێود وە جیر و جەحەنم).

مچە کاتێ ئەم قسانەی دایکی خۆی و باوکی مەلیحەی کەوتەوە یاد بەر چاوی تاریک بوو، دایکی مـچەش چووبووە ژوورەکەی، مـچە بێ ئاگا و بێ جـوولە بوو، وەختێ خۆی بینییەوە بەسەر چۆکا لە ناوەڕاستی حەوشەکەدا کەوتووە، وە ئاگا هاتەوە یەکسەر بەرەو ژوورەکەی هەنگاوی نا... یەکسەر دایکی مچە وتی:

– بیژ چەدە؟ توایت ئیسەش خەو حەرامم بکەی؟.

– ئیژم بەو نزیکم بکەف.

– مچە کوڕم وەخت شەقە نییە واز بار لە لیم.

توڕە بوون گەیشتبووە پۆپەی ژانەکانی مچە. دەموچاوی گرژ ببوو بەرچاوی تاریک و ڕۆشن دەبووەوە، یەکسەر هاواری کرد:

– توایت ئەرا کورە بچید؟

– وە کوورە چم ئیسە هاتم... چەدە؟ چەتوایت؟ مەلاڵید؟ شیر توایت دەس و پام وە حەبل بە سید؟ چەم مایە؟.

– هاوار نەکە وەخودا وە حەبلە گەی باوگم خنکنمەد.

ئەگەر چی دایکی وا دەزانی مچە نیازی ئەمەی نییە، بەڵام مچە مەبەستی بوو زیاتر ئاگاداری بکاتەوە کەچیی مەبەستە... تا هێزی تیا بوو داسەکەی لە ملی دایکی گیرکرد و سەری لە لەشی جیاکردەوە.

– وە خۆدەو شەقەکەم ها؟ سەگ باوگ دڵم جاری ئسراحەت نەکردییە خۆد لەو دنیا زانید ئەرا وەها کردمە پید بیلا بیلا ڕەفە بڕەسدە دادد دڵ باوگم خواردید، ها؟... وە زوور ئاو ئەهاوردیدە لای نەوەک میز بکەدە ژێر خۆی، پای باوگم و قژی ئەگردید و قایم ئەکوتایدەی وەبان زەوی و ئەوتیدە پیی:

– بەس دی بیژ فاتە، نەچڕەم، بیژ تۆبە هاوار نێکەم نایژم فاتە ئاو بار... فاتە نان بار.

بانگ ڕەفە بکە، ئەرا نێچڕیدەی بیژ بەو لەدەس مچە و باوگ مچە قورتارم بکە... بیلا



بزانم چوین ڕەفە تێد لە دەس مچە خەلاصد کەد... بیلا باد... ئەگەر پیاوە ئیسە تێد...تا خاس بدویندەد، بزانم دی نزیکد بوود؟...

مچە بەبێ ئەوەی هەست بە تاوان بکات یا بشڵەژێ وردە وردە و لەسەر خۆی مشەما کۆنەکەی ژێر پشتی باوکی هێناو دایکی پێچایەوە و بە چەند سەتڵە ئاوێ خوێنەکەی خستە ناو بەلووعەکەوە و ئەو ناوەی بە گسک شۆردەوە و داسەکەی باوکی چەند جارێ ماچکرد و پاک شۆردییەوە و لە هەمان شوێنی خۆیدا هەڵیواسی... هاتەوە سەر مشەماکە...

– خانم... خوین توو و خوین مەلیحە ئەرا کۆردەرە...دی چەبوود بیلا بوود.

لاشەی دایکی خستە نێو گوێنییەکی گەورە و لەناو تاریکی کۆڵانەکەدا وەکو تارمایی بەرەو ناخی تاریکییەکی خەستتر بەبێ ئاوڕدانەوە و هەست بە قورسی سەنگەکەی بکا هەنگاوی لەسەرەخۆی دەچەقاندە سەر زەوی کۆڵانەکان تا گەیشتە قەبرسان و لەسەر گۆڕەکەی باوکی وەستا:

– باوە ئەیە خۆیە هاوردمەی ئەراد... هەق خۆم وەدەس خۆم سەندم... خاس تەماشای بکە تا چاڵێگ ئەرای بکەنم... من دی حەقم نەما. لەو دنیا ئەرا خۆدان چەتوان بکەن، و گۆڕەوی دڵ خۆدان بکەن...دی دڵم ئسراحەت کرد، چاڵەگە کەنم و خەمەی ناوی و دی چەبوود بیلا بوود.

***

کاتێک کە مچە بە گوڕ چاڵی هەڵدەکەند لە پڕ سەری بەرزکردەوە تارماییەکی بەسەر سەری خۆیەوە بینی، لە پێشا گەلێ ترسا... پاشان وردە وردە هێز هاتەوە بەری، گوێی لێ بوو دەنگێ بە ئاستەم وتی:

– مچە ئەیە چەدە وە گەل کی قسەکەید؟

– ها ئامە تووید؟ چە هاوردیسەدە ئیرا وەی شەوە؟.

– هیچ دڵم تەنگ بی و هاتمە ئیرا.

– دروو مەکە...بزان کی زوڵ فڕەدایە و توو هاوردیدەسەی لەیرا شوین گومی بکەید.

– نەڕووڵە ئەرا لە خۆدەو بوخت کەید؟

– بوخت؟ هە! ئامە وەکی قەشمەری کەید؟

– کێف خۆده.

– ئیژم ئامە... سوالیگ لەلید کەم... بەس وەڕاسی جواوم بدە.

– بیژ.

– ئامە توو فرە چشت زانید من کوڕ باوگ خۆم بیم یا کوڕ یەکیک ترم؟

– وی مچە شیت بیدە؟

– ئامە زانم سڕد قایمە بدەن لە سەرد سڕیگ دوای هەزار ساڵ نێخەیدە دەشت! بەس بیژە پیم بیلا یەگ جار سڕد قایم نەوود... وە گەل من بیژ من کوڕ باوگ خۆمم یان کوڕ یەکیگ ترم؟

– کوڕ باوگ خۆدێ.

– نە دروو کەید، باوگم پیر بێو دایگم جاهڵ بێ... چووین کوڕ باوگ خۆمم؟

– وەتمە پید کوڕ باوگ خۆدید... ئەرا توواید بترسنیدەم نەوەک ئەی کارە ئاشکرا بکەم؟– نە نیتر سنمەد... بەس توام بزانم وەڕاسی بیژ، هەر چەند ڕاس و دروو لای توو وەک یەکتر بینەسەیەک و تێکەڵ خوێند بینەدی نێتوێنی واز لە پینەکردن باری، بەس یەکجار وە ڕاسقەمین بیژ مچە توو زووڵید.

– زووڵ نید کی ئەی قسەکرد؟ کی وەتە پید؟

– نایژم توو ڕاسی یەگەی ئارام بیژ؟

– ئاخر بیلا بزانم کی وەتە پید؟

– خۆم زانم.

– نە لە کی ژنەفتیدە؟.

– لەکەس .

– ئەگەر وەتن زوڵید باوەڕ وەکەس نەکەید بەس وەمن... وەمن باوڕ بکە توو زووڵ نید یانی زووڵ نید دی بوەڕەوەی.

– بەسە ئەرا دایگم قەبوڵکرد شوی وە باوگم بکەدو باوگمیش پیربێ؟

– وەزوو دانەی پێ.



– ئەرا؟

– توواید ئیمشەو لە پاشا کوپری بمینین؟

– دیارە وە تەماید لەیرا بخەفین!.

– ئا... دی لە چە بترسم؟ بەس بیژ.

– گەرەک بچمە ماڵ... دۆیتە گانم چاوەڕیم کەن.

– هەڕا مەکە وەختی پرسم لەلید بیژ ئایا نە و.

– نە و.

– باوەڕ وە پید نێکەم.

– کێف خۆدە ئەگەر توواید سەرم بوڕید وەک دایگد، سەرم بوڕ. نەترسیامەس، گ سەعاتێگ سەرم ئەرا بڕین حازرە، لە هەڕەشەی کەس نێترسم... ئەگەر توای وە هەڕەشە بترسنیدەم من نێترسم بەو بووڕەی... بەس توو کوڕ باوگ خۆدید... بەسە دی...

– سەرتوو وەک ئەی قەورسانەس، دڵیشد قەورسان سڕو تڕ ئەی شارەس لە تن زیاتر بێجگە لە تن کەس نیە ڕاسییەگە بیژدە پیم منیش هەر توام ڕاسییەگە بزانم دویاخر چەکەم ئەرا خۆم توو حەقد نەوود...چەبوودە پیم ئەگەر ڕاسییەگە بیژید دی تەواو چەبوود بیلا بوود.

– ئەیە ڕاسێیەگەس یاروو خستمەی ناومشتد... باوەڕ کەید کێف خۆدە باوەڕ نێکەید هەم کێف خۆدە... سەریشم بڕید هەم کێف خۆدە.

– سەرد نێوڕم... موستەحەقیش ئەرا سەر بڕین... بەس سەر توو نێوڕم...ئەگەر پرسید ئەرا؟ نێزانم هەر بمین ئەرا پەڕو پینە کردن، دەروەن مەیە، حەقم وەپید نییە بەس بیژە پیم کوڕ باوگ خۆمم یا کوڕ پیاویگ ترم تا بزانم کییە؟... بچمە لای بدوینمەی و تفیگ وە چارەی بکەم.

– سەر ئەویش بووڕ ها...

– ئا...

– مچە چە ژنەفتیدە؟

– ها ئامە... بیژمە پید... ئا بیلا بادە هوبرم... دایگم وەرج لەوە شوی بکەدە باوگم دۆیت

بی یا من بیم و باوگم هاوردەی؟

– مچە چە ژنەفتیدە؟

– ژنەفتم وە تن: ڕەحمەت لە باوگی چوین ئەی ژنە ستر کرد؟ خوازی یەی و هاوردەی و کوڕەگەی ئیوەت کرد!! ئیژید باوگییە توو خودا ئەگەر یەکیگ بدویندەیان ئیژد ئەیە باوە پیرە یەسی!؟ نە فرە پیاو خاسیگ بی ڕەحمەت لە شیر ئەو دایگە کە هاوردێسەی... بیژ ئامە هوسکوت مەو گچشتی دی تەواو... ئارا وسکتید؟... بەس یەگ چشت توام بزانم زوڵم یا کوڕ باوگ خۆمم؟ باوگە ڕاسقەمینەگەم ها لە کوورە و چە هاتە پێ؟ ئەرا دایگم وە جیهیشت و چی؟

– توایت بکەفیدە شوین ئەو؟ ئەویش بکوژید؟.

– ها!...نە ... جاری نێزانم بەس توام ڕاسییەگە وە من بیژید عەجەلەمە لە کام شاریگە؟ چ کارەس؟ ئەگەر مردییە لە کام قەور سانیگە؟

–...............

– ها بزانم وسکت بید سەر قسەگە وەتیدو کلکەگەی بڕید... بیژ ئەگەر لە هەر شاریگ بی چمە لای و...

– کوژیدەی؟!.

– نێزانم ئەگەر مردییە ناو نیشان قەورەگەی بدە پیم.

– چەکەیدوە بان قەورەگەی؟

– گوی کەمە بانی... توو حەقد نەود بەس بیژ کییە مایە؟ مردییە؟

– مردییە.

– ئەی قەورەگەی هالە کوورە؟

– نێزانم...

– دەوڵەمەن بی یا فەقیر؟.

– فەقیر.

***



مچە پاش ئەوەی لە نیمچە گۆڕێکدا دایکی شاردەوە، ئەمجا بەوردییەوە پرسیارەکانی لە ئامە دووبارە دەکردەوە.

– ئامە بیژ من دی لە کەس نێترسم.

– ئەرا سەر دایگد بڕید؟.

–...............

ئامە بەنێو سەرنجە توڕەکانی مچەدا بەرەو سی ساڵ لەمەوبەری تەمەنی خۆی گەڕایەوە بەتایبەتی ئەو کاتە دایکی مچە هاتبووە لای و داوای یارمەتی لێ کرد و بۆی گێڕایەوە کە:

– ئامە چەبکەم؟ وە فکرد تێد چورادە سالاّن بیم... لە ماڵ حەسەن ئاغا چ پەتپەتییگ هاتە سەرم، باوگ و دایگم مردن، کەفتمە ژێر دەست کابرا ئەویش، ئەویش پیاوی بی، درامە شوی وەیە تا توومەتە گە نەیەدە بانی بەس شەوان وەدزی یاوە ئاشکەرا ئەهاتە لام... کابراش ناویرد قسە بکەد...دی خۆد زانید ئاغاس کی ویرد وە گەلی گفت بکەد.

– ئەی مچە کوڕ کییە؟

– کوڕ کییە؟ هن کامیانە؟ نێزانم... ئەرا خۆم زانم تا توو بزانید؟

پاش لەم نەختە بێ دەنگییە وەک ئەوەی مچە بیێتە بەر چاوی خۆیەوە کە چی کردووە بە ئامەی وت:

– ئەرا سەری نەوڕم؟ فەرق بەین من و توو چەس؟ هەر ئەرای پینەکردن خاسید؟ منیش شەرەف خۆم وە کوشتن دایگم پینە کردم.

–.................

– بیژ. ئەرا وسکتید؟ ئەرا قسە نێکەید؟

–...............

– ها... من بیژمە پید... فەرقەگە بەس لە عومرە...توو مناڵ زندە چاڵکردید، منیش گەورا...دایگم...

–...............

– ئامە وەخت خۆی کە ملاڵ بیم ئەرا زندە چاڵ نەکردیدەم و ئەرا هیشتیدەم لەی دونیا پیسە تا ئەی کردەوەیلە گشتی بانە سەرم؟.

–..................

– تەقیم. ئەرا نایەیدە جواو؟ ئیسە گ چشتی خەڵاص بیو چی.

مچە ئەوەندە بە پەلە سەری گۆڕەکەی پۆشی، ئاگای لەوە نەبوو، کە ئامە ڕەش هەر لەگەڵ یەکەم پاچ وەشاندنیدا لە دووری مەترێکەوە و لە پاڵ کێلێکدا سەرنجی دەدات... لەم ماوەیەدا تا مچە گۆڕەکەی هەڵکەند هەزار جۆر بیرکردنەوە بە مێشکی ئامەدا تێدەپەڕی... هەر وای دەزانی مچە ئێستا ئەم تاوانەی کردووە و گوێی لە دەنگی پاڕانەوەی دایکی مچەیە بۆیە لەبەر خۆیەوە چەند جارێ دووبارەی دەکردەوە و دەیوت:

– ڕووڵە ئەرا دایگ خۆد کوشتید؟

ئێستا ئامە لە ڕووی مچەدا وەستاوە و مچە لێ ناپاڕێتەوە وەکو دایکی مچە کە دامێنی ئامەی گرتبوو چەند جارێ پێی دەوت:

– ئامە ئەی سرە ئیژمە پید بخەرەی ناو چال و داوانەگەد بار بیلا وە تونی بگرمەی... خۆم زانم سرد فرە قایمە ئەرا کەس نایژیدەی... گللەیی لە لیم نەکە... ئاغا . حەسەن ئاغا وەزووری... خۆد زانید ئەو ساڵە شوومە کە لافاوەگە ئاوایی و ماڵەگەمان ڕمان. دایگ و باوگم... نازانم لافاو بردەیانە کورە... خستەیانە کوورە... گووڕ و کفن وە چاو خۆیان نەدوینستن... نازانم باوگم چوین لە دایگم جیابی ئاو سیروان کی وەوەردەم لافاوەگەی نەخست. ؟. ئاوایی یەگە گشتی وە قاب و قەجاغ و ماڵ و ملاڵ لافاو بردەیان منیش نازانم کی بی خودا ناردەی ئەرام لە پەلم گرد و دەرم کرد لەناو ئاوەگە خۆزگە دەسم نەگردیادە و پەلم نەگردیاد، منیش ئەی پەت پەتییە نەدوینستام و هیچ نە ئەهاتە سەرم:... ئەمردم وەک دایگ و باوگم و خەڵاص ئەویم... بەس چە بکەم خودا لە تیولم ئەی ڕۆژە ڕەشەیلە نویسانبی وە خێر خودا هاوردنەمە ماڵ (حەسەن ئاغا) دەستیگم بێ مانگا ئەدوشی و دەستیگم بی تەپاڵە لە وەردەم خۆر وشک ئەکردم، دەستیگم بی تەویلە پاک ئەکردم و گزی ئەدامە ژیر ئەسپ و کاوڕ و مانگا... بێجگە لەوە کە ئاغا و ژنەگانی وەتڕ و فیزیان گشت ڕۆژێ ملاڵیان ئەوی ئەیە وە عینادی ئەوە ئەگەر ئەیە کوڕ بهاورداد ئەویش لە عینادی ئەیە زگی پڕ ئەکرد... تا بەشکەم کوڕیگ تری بوود... بەو قومات ئەیە بشوور و



شیر مانگا بدووش و ئەی ژنە هاوار کەدو شەپمە کیشدە بان سەرم و ئەوەگەی تر لە گیسم گردو پەلەکیشم کەد... چوین قومات کوڕەگەی ئەوەکە شوردمەس... من هەر لە بەیانی یەوە تا نیمە شەو بایەس کار بکردام...پام شەق شەق بیبی... بچووە بان ئاو تەنەکەگە پڕ بکە لە ئاو و بارەی... خۆریش هەر ئەدا وە بان سەرم وەناو هەروددو چاوم، شانەگانم بینە پارچینە قات قات تەنەکە ئەنامە بانیان ئای... ئەی شانانە دوینید. تەماشا بکە گشتی کوت کوت بینە... وە خودا خوین لەلییان ئەتکیا وە پەتە سوو وە پارچە ئەوە سانمەی زمسانیش حوجرەگەی لای تەویلە نابین ئەرام چونکە شەوان لەورا ئەخەفتم، واران ئەواری خووڕەی ئەهات و هەر ئەلەرزیام و لە سەردی گیانم گشتی وشک ئەوی نەتوانستم جویلە بکەم... خۆیانیش ئاغا ژنەگان هەر یەکیگیان لە وەردەم مەقەڵە ییگ نیشتی یەو قنگ قەوی کە دو دەس و پای خۆی گەرم کەد... ئاخر بە خێرن!! گەرەگ من چای دیشلەمە ئەرا ئەو ژنە بڕشنم و شەکەر ئەرا ئەیەکە بشکنم و ئەی ملاڵە گیردو بچوو لەناو هەلووگ لایە لایە ئەرای بکە... دەسیگم حەبل هەلووگە گە ئەکیشاو دەسیگ ترم دیشلەمە ئەرا ئەوەکەی ئەشکان... وە خودا وە داود کەو سوار... سینی... قوری، توو بیژ چەند قووری .ئاخر وە خێرەگان هەر یەکی گیان قووری ییگ داشت، پیاڵە... زوخاڵ گشتی وەبان سەرم هەڵیان ئەگردم و گەرەگ وەی نیوە شەوە بچیاتام و بشوردامەی و قاتیگ تر خانمەگان چای توان... ئەیە گشتی بێجگە لە ئاغا ئەفەندی... کەلە چوار دەوری سەد گورگ و سەگ و پیاو و نیم پیاو لووتی بی... گەرەگ ئەرا ئەیانەش گشت ڕۆژێک ئاش بووەم و قابەگان بارم و بۆمەی بان ئاو بشوورمەیانەوی، ئەی قسەیلە بنیات نایەد. سەرد هاوردمە ژان... ئەگەر بنیشم و باس بکەم وە باسکردن نایەد... چەبیژم؟... ئای لەو شەوە شوومە کە ئاغا ئەرا بەیانی تواست بچدە ڕاو... منیش لە کەلاوەگەی لای تەویلەگە خەفتبیم... ژنەفتم دەنگیگ هات و وەت:

– فاتە... فاتە...

ڕاچلەکیام... دەرچیم بزانم چەتواد... ئاغا وەت:

– فاتە بچوو فانووسەگە ئەرام بار تا تەماشای ئەسپەگە بکەم...منیش وەتمەپی:

– ئاغا فانووس لەیرا نییە.

ئەویش وەت:

– ئەی چوین وە تاریکی لەیرا خەفید؟

–..............

منیش جواوی نەیام...؟ ئینجا پرسی لە لیم و وەت:

– ها...ئێ...ئەسپە چەرمی یەگەم لە کورەس؟...بیژ...فانوسیش نەوود هەر وە دەس و پا ناسیدەیان بەو وە گەلم تەماشای بکەیمن... بەیانی وە گەل ئاغا فلان و فلان و فلان گشتمان چیمن ئەرا ڕاو گەرەگ سەعات چوار ئەی ئەسپە حازر بوود ئەرام.

ئامە بوومە قورباند وە بان ڕویی خۆم وە تم وەگ باوگمە قاپیەگە کردمەو چیمنە ناو تەویلە، ئاغا شخارتەگەی گیرفانی دەرکرد و یەک یەک تەماشای ئەسپەگان کرد، دوینست ئەسپە چەرمی یەگەی وە سیایە دەسدریژ کرد ئەرایو تەماشای دوو چاوی کرد و وەت: ئا... ئەیە خاسە ئەرا بەیانی.

منیش وە بان ڕویی خۆم وە سیامەس و تەماشای کەم عەجبایەتیم تێد چوین وە شخارتە یەکە یەکە تەماشای ئەسپەگان کەد... دویاخر وەت:

– فاتە بچوو فانووسەگە ئەرام بار... تا وە خاسی تەماشای گشتیان بکەم وە شخارتە فایدە نێکەد چاوم خاس نێدویند.

ئامە بوومە قورباند... منیش چیم فانووسەگە پڕ کردم لە نەفت و هاوردمەی ئەرای... کە دامەی دەسی دوینم یەک یەک نزیکی ئەسپەگانی کرد و وەت:

– حاڵ حازر ئەی پەنج ئەسپە خاسن ئەرا ڕاو... بەیانی ئاغاگان تێن و چیمن ئەرا ڕاو... بەس ئیسە توو گەرەگ بکەفیدە شوینم و بچین ئەرای کادانەگە... تا کا ئەرایان حازر بکەید.

منیش وە بان ڕویی خۆم فانووسەگە هەڵگردم و کەفتمە شوینی... دونیا فرە تاریک بی... وە دورو خۆی دویر خست... منیش وە خۆمەو چییە حوجرەگەی خۆیان لای ژنە گەوراگەی... دڵم ڕەحەت بی وەتم:

– ئووخەی هەم خاس بی نەچییە کادانەگە... ئەگەر بچیاتاد نە ئەکەفتمە شوینی و ئەوەتم:

– ئاغا شەفەق کا دەمە پیان.



ئامە بیلا ئەراد تەواوی بکەم... کە چیمە ناو کادانەگە هەیتا هەیت داوانەگەم پڕ ئەکردم لە کا و ئەخستمەی ناو تەشتەگە فانووسەگەش لەلام بی... ئامە دوینم سایکییگ وەک جنۆکە لە بان کادانەگە پان بیەس. ترسیام دڵم کوتیا... دویاخر وەتم بەشکەم مەجەس وەی نیوە شەوە هاتییە بزاند من چەکەم لەیرا... سەرم هەڵگردم... دوینم ئاغاس– دڵد دی چەتواد؟؟ وە سیایە لە پشتم... ئەو وەختە دی فرە ترسیام لەلی و وەتم:

– ئاغا توو زەحمەت مەکیش... بچوو بخەف. خۆم ئیسە ئەی تەشتە پڕ کەم و خەمەی وەر ئەسپەگان... فکرد نەمیند ئەرافرە زەحمەتە ؟... بچووە ماڵ... دونیا سەردە _دویاخر خودا نەکەد نەخۆش بکەفیدو ڕاو لە دەسد چد بچوو بخەف خۆم کارەگە کەم...

ئامە چاود نەدوید... گوشد کەڕ بوود... تا هەردوو دەسم دریژکردم ئەرا کاگەو تواستم مشتم پڕ بکەم و بخەمەی ناو تەشتەگە... وای ئامە چاود نەدویند... لە پشتەو لە هەردوو دەسم گرد و وەقایمی خستەمە بان کاگە و وەت:

– ڕاو چە؟ تەڕەماش چە؟ نێزانید ئەرا وەی نیوە شەوەهاتمە سە قنگ دەورد... هەی باوگەی لە قنگ ئایەم نەفام بخۆد!.

ئامە دی دڵد چەتواد؟... وە ترسەو وەتم:

– ئاغا چەکەید؟ چەتواید بکەید؟ ئاخر توو وەک باوگمی... وەک برامی... قیڕانە بانم:

– باوگ چە؟ برای چە؟

منیش پرسیم:

– ئاخر ئاغا وەتەمای چەید؟ چەتواید بکەید؟

سەگ باوگە چییە ناو چاوم وەت:

– خاس فامید چەتوام بکەم... خاس زانید.

خوو دی هووش لەسەرم نەما هەر ئەلاڵکیامە پی و ئەوەتم:

– ئاغا چەکەی؟... من وەک دۆیتدم... ئاغا بوومە قورباند... قۆندەرەگەد ماچ کەم... تامردن گشت ملاڵەیڵد ئیوەت کەم. هەر لەیرا مینم... خزمەتتان کەم... ئاغا... ڕەحمەت لە باوگد. هەزار ڕەحمەت لە دایگد توو خودا توو ئیمام عەباس... توو عەلەم دار...توو خدر زندە...توو قورعان... توو عاسمان... ئاغا نەکەی...توو خاتر حەزرەت زەینەب... حەزرەت

فاتمه... حەسەن و حسێن ئیمام عەلی... ئاغا نەکەید...دایە... باوە... هانە کوورە؟...بڕەسنە دادم... ئیمام عەباس خدر زندە بڕەسنەدام باوە مەحمید... عەلەم دار خۆد و عەلەمەگەد... ئا...غا... نە...نەکەی...نە ...نە ....نە نەنە بچووە دویا...خنکیام نەکەید ئاغا....خودا ماڵد ئاوەدان بکەد... واز لە لیم بار . حەیام نەوەید...بومە قوورباند... قۆندەرەگەد ماچ کەم... قۆندەرەگەی ژنەگاند... رەنجبەرەگاند... میوانەگاند... سەگەگاند... بەس. بەس... واز لە لیم بار... ئامە... ئاغاوەتید قورقووشم خستیدە سە ناو گوشی و نێژنەفد خۆی کەڕ کرد... کەس لە فکری نەوی... لەهەوە سەگەی زیاتر... وە هەڕەشە کوشتەم هەر ئەوت:

– هش فزە نەکەید... هاوار نەکەید... سوزنمەد لەیرا...

ئامە: بوومە قوورباند... خوو لە من خاس تر زانید ئاغا فرە زووردارە منیش وەی شەوە شوومە خەریک بی لەناو کادانەگە بخنکییەم...هیچ لەدەسم نەهات... ئاخر چە بکردیام؟ وە زوان فایدەی نەوی... لە قەییگ دامە ئەی لاو ئەولاو وەپاگانم . کاگە کەفتە بان کەل و پەل و دەم و چاوی... ئەی بیعارە دەروەن نەهات... نەوەت چوین ئاغا ییگم لەبەردەم ئەیە خۆم قەشمەر کردمە... دوێتە ئەرا دەربەن هات؟... نە... وەک گورگ ورسی... نا!! فرە گیرستم بەس کەس نەڕەسییە دادم. دویاخر لە قەییگ دامە ئەولا. دوینم فانووسەگە کەفتە زەوی و کادانەگە ڕووشن بیو ئاگر گرد و زوی قالە هاتە ناو!!!.

***

ئامە ئەوەندە بەناخی یادەکانی خۆیدا چووە بووەوە و ئەوەندە بەزەیی بە فاتەی دایکی مچەدا دەهاتەوە، خۆی پێ نەگیرا و بەبێ دەنگەیەوە فرمێسک لە چاوانییەوە دەهاتە خوارێ... چونکە زۆر بە دڵنیاییەوە دەیزانی (فاتە) کڵۆڵ و بێ کەس بووە و لە ماڵی حەسەن ئاغادا هەزار پەت پەتییان بەسەردا هێناوە... یادەکانی ئامە ئەوەندە سەخت و قورس بوون هۆشی پێ نەهێشتبوو.لە پڕ بەدەنگی مچە ڕاچەڵەکی کە مچە پێی وت:

– ئامە... دەس توو و دەس من هەر دووگیان تێکەڵاو خوینن!!. تێکەڵاوی خوێن و خوڵن... من دایگم کوشتم و نامەی ناو چاڵ... تووش زووڵیگ خستیدە ناو چاڵ... توو مڵاڵیگ کوشتید منیش گەوراییگ کوشتم... ڕوح هەر ڕوحە فەرق نەیرد... ئەگەر گەورا ئەگەر بویچگ عار هەر عارە... توو عار ئەو دوێتە وە خۆڵ پوشید وە دەس خۆد... منیش عار دایگم وەی دەسە پووشیم... من دی نێترسم... کی دیرم تا بترسم لەلێ؟ لە کی بترسم؟.



ئەم قسانەی مچە ئامەی لە دنیای کوێرەوەری فاتەوە گواستەوە بۆ دنیای ڕەش و بەدبەختی باوکی مچە کە پێش مردنی دەردە دڵی خۆی بۆ ئامە دەگێڕایەوە:

– ئامە... دەبینی ئێستا ئیفلیج و کوێر و زەلیل بوومە.... ئەم ژنەم... ئامە ئەم ژنەم... خۆ تۆ ئەزانی بەدڵی خۆم نەمخوازتووە... من شارەزووریم و ڕامکردووە وا لێرە نیشتەجێ بووم... بوومە شوان... گاوان... پاشان کردمیانە باغەوان... ئامە من شەو و ڕۆژم لەناو باغەکەدا دەمبردە سەر... گەلێ شەوانیش لە خانە باغەکاندا دەخەوتم... ئامە... ئای. ئامە... ئاغای لە خوا نەترس هەر بەزەیی لە دڵیا نەبوو... نەی دەوت بەم زستانە سەرمای دەبێ... جانەوەر دەیخوا... ڕەنگە مەبەستی نەبوو بێت بیرم لێ بکاتەوە... خۆ لە سەرێکیشەوە حەقی بوو... ئەوەندە ئیشی زۆر بوو کێی وەبیردەکەوتەوە. سەری لێ تێک چوو بوو... پێنج ژن... دە دوانزە کارەکەری جوان... میوان و قاچاغ چی و قومسێر و قایمقام... مەحکەمە و مەحکەمە کاری و ژن خواستن... حەقی بوو کەسی لەبیر نەبێ... ئەوەندە ماندوو دەبووم خەوبینینیش ڕوی تێم نەدەکرد، تەواو شەکەت و بێ تاقەت دەبووم... باغێکی پان و بەرین... ئامە دەبوایە بژار و چیلکە کۆکردنەوە و دێراو دروستکردن و ئاودانی باغەکە بە تەنیا من بمکردایە... ئامە دەبوایە ئەو ڕۆژانەی ئاغا میوانی بهاتایە و دەعوەتی قایمقام و ئاغاکانی تری بکردایە... ئیتر ئەو ڕۆژە وەک ئاو ڕوشن کەرە بێم و برۆم هەر ئەم سەر و ئەو سەریان دەکرد... ئامە ئیتر چیت بۆ باس کەم و سەرت بێنمە ژان... ئەمە هەمووی لەبەر... لەبەر پاروویێ نان و سڕەکەم دەپۆشێت... نەم دەوێرا هیچ بڵێم یا سەری خۆم بۆ شارێکی تر هەڵگرم... ئامە شەوێک فریا نەکەوتم بگەڕێمەوە بۆ (خانە باغ) زۆر هیلاک بووم و لە چێشتخانە خەوتم... بینیم فاتە هات و فانووسەکەی داگیرسان ئیتر خەو نەچووە چاوم... فاتە لەبیری چوو قاپی چێشتخانەکە ببەستێت ویستم جگەرەیەک دابگرسێنم گوێم لە هاوارێ بوو، لەناو کادانەکەدا بەرز بووەوە و منیش بە پەلە چوومە ناو کادانەکە... ئامە... چاود نەدویند... بینیم ئاغا خەریکە بەنە خوێنەکەی دەبەستێت و فاتەش دەگریی، ئاغا منی بینی، فاتەی بەزۆر دەرکردە دەرێ بەپێ لەقە جێ گەوزەکەیانی تێکدا... حەپەسام... ئامە حەپەسام... بەیەک دوو دەقیقە ژێر دەس و ڕەنجبەرە و پیاوەکانی ئاغا، ئاگرەکەیان کوژاندەوە ئیتر ئەو شەوە کەس بەکەسەوە نەبوو کەسیش نەیپرسی چۆن کادانەکە سوتا...

من زانیم ژنەکانی زانییان... بۆ... یا چۆن سووتا... بەڵام قسەیان نەکرد نەوەک حەیایان

بچێت... ئامە... گوایە ئاغا ژن و ئاغا لە ئاسمانەوە هاتوونەتە خوار... هەڵە ناکەن... ئاغا خوایە ئەگەر بڵێ (کون فە یەکون) ئامە سەرت نەیەشێنم... پاش ئەو شەوە شوومە دوای ئەوەی کادانەکە سووتا و کچێنێییەکەی فاتە پڕا... خەڵکەکە بەرەو کار و کاسبی خۆیان ڕۆشتن و ژنەکانی ئاغاش دەمی خۆیان کلیل دا و... تەماشای یەکتریان دەکرد و بەچاو قسەیان لەگەڵ یەکتر دەکرد... منیش لە دوورەوە لە زۆر شت حاڵی بووم و زۆر شتی سەیرم دەبینی... بەڵام ئامە ناوێرم هیچ شتێک بڵێم... چوار ژنەکەی ئاغا لە جەنگێکی بێدەنگی هەمیشەییدا بوون... هیچیان حەزی لەوانی تریان نەدەکرد و لە ئاستیانا لووتی بۆ ئاسمان بەرز دەکردەوە... ئاغاش بە درۆ و دەلەسە لەگەڵ هەر چواریاندا ڕەفتاری دەکرد، ڕۆژێک گوێم لێ بوو ئاغا بە ژنە گەورەکەی وت: توو گەورای گشتیان و دایگ کورەگانی توو ئەصڵیت ئەیانە چەن؟ گشتیان خزمەچین لە ژێر دەسد هەروەها گوێم لێ دەبوو بە ژنە دووەمەکەی دەوت: ئەگەر خاس بیاتاد توو نە ئەخوازیمە بانی پیر بییەس وەکار چەتێد؟ خوڕف بییەو، چەوەت گووش مەتکن... دوو چاود نادەمە دونیا...

ئامە... هەروەها دەچووە لای ژنی سێهەمی و دەیوت:

– ئەوانە لە کوورە و توو لە کورە؟ من پشت وەتوو بەسیمە لە گشتیان عاقڵ ترید... خاس کەید گووش نێتەکنید و گفت ناکەیدو وە گلیان ووسکتید... ئا... عافەریم... وسکد بوون ئەرای ژن خاسە... ژن گەرەگ قورس بودو هو سکوت بودو گران بود... ئا ئەوانە بی حەیان، حەیاو حورمەتیان نییە... توو... ئەقڵ توو گچشتی تێر زد وەی دونیایە تێرزد... توو چەیژید؟ نا دوینید وە ختیگ کردەوەییگ بادە سەرم تێمە لادو وە قسەی توو کەم و وە قسەی ئەوان نێکەم و چە هەس وچە نییە (چک و فک) ئەراد ئیژمەی ودەرد دڵ خۆم ئەراد ئیژم... ئەوان قاسەی پارەگەم توان بەس توو بیدەسە قاسەی گشت سڕوترم... کوڕەگانم خوێڕین... پشتم نەوەسامەسە پییان بەس پشت وەتوو وە سامەس هەر چەند قاقەزو سەنەدو پارە هەس لە ژێر سەرنگیاگەدە... خۆد تەنیا زانید قاسەگەم ها لە کوورەو چەنیگ سەرمایە دیرم... دوای ئەوە وەختێگ مرم توو لە جیاتی من دەس بنە بانی...... ئەوانە چەن!!.

ئامە پێت سەیر نەبێت کە دەچووە لای ژنە بچکۆلەکەی کە تازە خواستبووی و کچە ڕەنجبەرێکی خۆی بوو و بە زۆر و بە پارە بە دەستی هێنابوو... وا بزانم پەنجا دیناری دابووە باوکی کچە... بەو دواییە هەر دەچووە لای ژنە بچکۆلانەکەی، تا لەویش تێر بوو،



ئیتر... ئێ ئامە چیت بۆ باس بکەم... نازانم ئامە.نازانم چیت بۆ باس بکەم؟ ئەگەر چی حەز دەکەم خۆم خاوەنی نهێنییەکانی خۆم بم، بەڵام هەست دەکەم شتێک هانم دەدات هەندێ ڕاستییت بۆ بدرکێنم، ئامە من بێ کەسم... خەڵکی ئەم ناوچەیە نیم... شارەزووریم و... کارێکم لە دەست قەوماوە و هاتوومەتە ئێرە... ئامە تۆ گشت کەسێکی...خوشکمی... دایکمی... کچمی... شەوێکیان ئامە زۆر ترسام... لە خانە باغەکە خەوتبووم، نیوەی شەو لە دەرگا درا... زۆر ترسام وام زانی پۆلیسە... هیچ دەنگم نەکرد...دووبارە... سێ بارە... بەتوندی لە دەرگادرایەوە، دەنگێ بەرز بووەوە: (نەترس قاپییەگە بکەرەو). منیش کە زانیم ئاغایە و پۆلیس نییە دەرگاکەم کردەوە و... ئاغا پەشۆکا بوو... بێ ئەمسەر و ئەو سەر وتی:

– زانید کوشتن توو وەک کوشتن سەگە.

حەپەسام... ئاغا دەستی بردە ژێر پشتوێنەکەیەوە، دەمانچەکەی دەرهێنا و وتێ:

منیش وتم: بەڵێ ئاغا.

وتی: بەیانی دوو بەیانی حاکم میوانی کەم و مولاّو قایمقام و پیاوە گەوراگان، گەرەگ باغەگە پاک بکەیدو کەلپەلد ئاڵشت بکەید چونکە مارەی فاتە ئەراد برم... من وە حاکم و قایمقام و عالەمەگە ئیژم ڕەنجەبەرەگان وەک کوڕ خۆمن خۆم ژن ئەرایان خوازم... سویر ئەراد کەم وە عمر خۆد چشتیگ وەها وەچاو خۆد نەدیدە.

نەموێرا هیچ بڵێم... دەمانچەکەی نزیکم کردەوە، بێ بیرکردنەوە وتم:

– ئاغا ئەمر دەکەی.

ئامە، ناو باغم پاک کردەوە... ئەسکە مبیل و کەرەویتە و مێز و کلۆپی سەیار ئەو ناوەم کرد بە بەهەشت، ڕەنجبەرەکان هاتن و سەیریان دەکردم و تێنەدەگەیشتن کە چۆن ئاغا بەم جۆرە ژنم بۆدەخوازێت، هەندێ ڕەنجبەری ئاقڵ تێگەیشتبوون مەسەلە چییە، لابەلا تەماشایەکیان دەکردم... ئەوەی تێنەدەگەیشت چاوی لێم زەق دەکردەوە، بە دەستی بوایە خوێنمی دەخوارد و پێی دەوتم:

– دی چەتواید بیدە سەکوڕە گەوراگەی ئاغا... بزانین بەیانی دوو بەیانی ئەرا کوڕەگەی وەها کەد؟!

ئامە، یەکێ لە ڕەنجبەرکان دەیوت:

– بەس خۆم لەی کـارە سەرم دەرچد... بەس چە بیـژم ئاخ و داخ منیش زوانم نییـە قسـە بکەم.

یەکێکی تریان دەیوت:

– دی چەتوای وە بەلاش ژنیش ئەراد خـوازریا؟! ئێـمە گـەرەگ چەند سـەد دینار خـەرج بکەین ئەمجا ژنیگ کەفدە دەسمان یا نێکەفد...

ئامە ئیتر لە بەینی خۆیاندا هەر لەم قسانەیان دەکرد هەر یەکە و شتێکی دەوت منیش ورد و باریک گوێم لە هەمووی دەبوو.

– بەس خودا زاند ئەیە بن و بنچینەی چەس.

– نە قالە کورِ خاسیگە، کاروبار باغە گەوراگەی ئاغا وەرِی خەد.

– نەنە... سـرِیگ هەس لەناو ئەی باسە... چەنی فکر کەم و سـەرم ئەی لاو ئەو لا بەم و تێرم...سەرم لەلی دەرنێچد.

– بەس من وەی سرِە زانم... زانم و نایژم... زانم و نایژم... زانم و...

– ئەرا نایژید؟... بیژ بیژ... ئیمە سەر لە لیمان شیـویاس... بیژ ئەرائیـمەل ئەرا وەها ژن نەخـوازێ؟ ئەرای ئیـمەل ئەرا رِۆژیگ فکر نەکرد بیژد کـورِم ئێـوە ژندان هەس نییـە مـاڵ وملاڵدان هەس نییە؟ ئاخر بیژ...

– زانم و نایژم.

– ئامە ئیتر ئەو رِۆژە پێش ئەوەی ئاغا و میـوانەکانی بێن رِەنجبەرەکان لەناو خۆیاندا هەر سەرگەرمی دەمەتەقێ بوون، یەکێکیان دەیوت:

– ئەگەر چیمنە لای ئاغا وە تیمەنە پی... هەر ئیژدید بەس من سەرم لەی کارە دەرچدو زانم و نایژم...

– ئەگەر پیاون ویرن نزیک ئاغا بوون، بفەرموون بچن بیژنەپی...

– ئەهوو... خـو دی گـشـتـمـان وەک سـەگ لەلـی ترسـیـمن بەس چە بکەین مـاڵ و مـلاڵ دیرین... چوین ئیوەتیـان بکەین ئەگەر کار نەکەین ئەرای؟ بچین لەلای کی شکات بکەین قـایمقـام؟ هە، گ رِۆژێ مـیـوان ئاغـاس مـەعـاون؟ هە... گـشت رِۆژیـگ مـیـوان ئاغـاس... بەلەدییە؟ هە... شەود رِۆژ هەر ئاغا گلۆب و ئاوکیشد... بچین شکات لەلای کی بکەین؟



– بکوژینەی.

– ها...

– کی وە ئێوە تمان کەد؟

– خۆمان زەوییەگە لەناو خۆمان بەشکەین.

– ئنجا حکومەت کەی رِیگە دەد؟ گشـتمـان گریەین و حەپس کریەین و ماڵ و ملاڵمان لەورسگی مرن... ملاڵەگانیشمان وەک خۆمان بەدبەخت و ئاخر شەرِ بوون.

– کـەمـیـگ ئەقـڵـدان بارن وەسـەر خـۆدان ئەرا دڵدان هەڵنێگرد قـالە ژن خـوازد چەس؟ دوای دوو رِۆژ دەوڵو زورِنا تێـرن ئیـمـەش بامەیە و برنج و ئاش و شامی و کاڵک و وەفر کەفدە ژێر دەسمـان... وە خێر قالە سێ رِۆژ ئیـمە کار نێکەین و خۆمان و ماڵو ملاڵمان دەسمان گەفدە ناو رِوین...

– چەند کاورِ سەر برِیەد؟... ساڵیگە گوشت نەخواردمەس لەو عەیدە نەوود.

– کوورە مامریش خۆین.

– وەڵڵا ئێمە بەدبەختین، سەر مامر و کاورِ ئەرا حاکم و قایمقام و ئاغاگان بوورِیەد... ئاخر شەرِەگان ئیـمە سووقـانەگەش نێکەفدە دەسمـان... ئاغـا بەس ئەوە زاند هاوار بکەدە بان سەرمان و بیژد:

– بان ئەی سووقانەیلە بخەنە وەردەم سەگەگان.

– وەڵڵا باوە رِاس کەی، دەم خۆش سەگەگان قەدر و حورمەتیان لەلای ئاغا ئەفەندی لە ئیمە زیاترە... ئەویش ئەرا رِا و خۆێ...

– زانی ئەرا؟ نەک ئەرا سەگ وەفا دیرد... بەشکەم کاری وەسەگەگان کەفد وە گەل خۆی بەدەیانە رِاو...

– بەسە دی... بیلا بورِیمنەوەی، چەبوود بیلا بوود فاتە دریەدە قالە نێدریەد وەئیمە چە... حەز کەید باغە گەوراگەش وەناو قالە بنویسندەو وەئیمە چە!.

– بەس لە هویردان نەچد بەس منزانم ئەرا ئاغا فـاتەدا وە قـالەو وەی جوورە سویر ئەرای کەد.

– حەمە بژنەف... ئیسـە گشـتمـان... ئەگەر جاریک تر ئەی قسـەیە دووبارە بکەید وە بێڵ

و قولّنگە کەفینە گیاندوو کوت کوتد کەین و زوانیشەد بڕین و بەینەدە وەردەم ئاغاو ئیژینە پی (ئاغە حەمە بوخت وە پید گەد).

ئامە، سەرم لەوە سووڕ نەمابوو کە ئەم گشت قسەی ڕەنجبەرەکان و سەرنجەکانیان هەموو هەر ڕووبەڕووی منەو جۆرێکی لەتانە. لەبەر ئەوە بێدەسەلاّت بووم وناچار بووم نەمئەتوانی هیچ شتێک بلّێم... من کە قەبولّم کردبێت فاتە بخوازم، دەبوایە قەبولّی ئەو سەرنج و تانە و توانجانەشم بکردایە... بەلاّم زۆر دەربەستی ئەوە دەهاتم کە ڕەنجبەرەکان هەموو شتێکیان دەزانی و وریا بوون... دەیانزانی ئاغا هیچ نییە ئەگەر ئەمان نەبن... باوەڕیان بە خۆیان هەبوو، لەناو یەکدا پشتگیری یەکتریان دەکرد و بۆ یەک دەسووتان و یارمەتی یەکتریان دەدا... هەتا ئەو ڕۆژە کە گوایە مارەی فاتە لە من دەبڕن، یەکێک لە ڕەنجبەرەکان وتی: با ئاغا بکوژین و زەوییەکانی لەسەر خۆمان دابەش بکەین.

دەیانزانی ئاغا ڕەنجی ئەمانە دەخوات و خۆی هیچ نییە و لەسەر شانی ئەوان و بە ئارەقی ناوچەوانیان ئارەزووەکانی خۆی بەجێ دێنێت جا ئامەڕەش، سەیر ئەوە بوو لەگەلّ ئەوەی کە ئەو هەموو شتەیان دەزانی و زۆریش لە ناخەوە ڕقیان لە ئاغا دەبوو، کەچی هیچیان نەدەکرد، لە هەموو ئەمانە سەیر تر هەر کە ئاغا دەرکەوتبا هەموویان ڕەنگیان زەرد هەلّدەگەڕا و هیچیان پێ نەدەوترا جگە لە (ئاغا ئەمر کەید...بەلی ئاغا... وەبان چاو ئاغا... گچشتی لە ئۆغردە).

ئامە بە بێ دەنگی سەری داخستبوو ورتەی لێوە نەدەهات.

مچە لەم بێ دەنگییەی ئامە ڕەش سەرسام ببوو ئامەیش هەر حەپەسابوو، بەبێ ئەوەی سەیری یەکتری بکەن یا قسەیەکیان لە دەم بێتە دەر یەکتریان جێ هێشت.

مچە بەدەست و پێ خوێناوییەکەی و چاوە زەقەکانی بە تووڕەیی و پەشۆکاوییەوە بەو شەوە زەنگە ڕێی کونجەکەی خۆیانی گرتە بەر...

ئامەش خۆێ و یادەکانی لەگەلّ فاتەی دایکی مچە و قالەی باوکیدا ڕووی کردە باریکە ڕێگاکەی کە بەسەد تاسە و هەلّئەنگووتن دەیگەیاندە مالّەکەیەوە.

***

ڕەنگە هیچ شەوێک تەمەنی تاریکی و بێ دەنگی لە ژیانی ئامەدا ئەوەندەی ئەم شەوە درێژ نەبووبێ، نەتاریکی کۆتایی دەهات و نە دەنگێک دەبووە مایەی ئەوەی بێ دەنگیی



ئەم شەوە سامناکەی نەختێ بڕەوێنێتەوە... لە سەرەتادا هیچ شتێکی تایبەت و دیاری کراو بە مێشکیدا تێ نەدەپەڕی، هەموو شتێک بە بچڕ بچڕی و تێکەلّی بە بەر چاویدا ڕادەبوورد.

لەپاش نەختێک حەسانەوە و ئارام گرتن کەوتە بیکردنەوە و ئەم ڕووداوانەی وەک فیلمی سینەما هاتنەوە بەر چاو...

فاتە بێ دەسەلاّتە و ڕەنگی تێکچووە و دەپاڕێتەوە و بریندارە.

مچە بە پەلە گۆڕ هەلّدەکەنێ و بۆلّە بۆلّیەتی و دەمی کەف دەچەڕێنێ و فاتە لە کادانەکەدا لە حەسەن ئاغا دەپاڕێتەوە، بەسەر دەست و پێیدا کەوتووە، پەڕۆی منالاّنی هەر چوار ژنەکەی ئاغا دەشوات و بە کولّ بۆ کلۆلّی خۆی دەگریێت، بۆلّە بۆلّ بەسەر قالەی مێردیدا دەکات و ئاواتە خوازی مەرگی مێردەکەیەتی... فاتە دارچین بۆ مچەی کوڕی دەکوتێ تا ئیشی ناترییەکەی پێ جێبەجێ بکات... مچە لە ڕوی تانە و توانجی منالاّندا سەری داخستووە و بێدەنگە... فاتە جارێکی تر دەگرێ و دەستی پاڕانەوە بۆ ئاسمان بەرز دەکاتەوە... حەسەن ئاغا بەنە خوێنەکەی دەبەستێ.... هەزار وێنەی تێکەلّ و پێکەلّی تر. ئامە خەوی لێ زڕا بوو... هەرچی ئەم لاو ئەولای دەکرد خەوی لێکەوێ بێ سوود بوو، هەولّی دەدا بیری بچەقێنێتە شتێکەوە تا ئەمانەی لە بیر بچێتەوە... هەر بێ سوود بوو... پەنای بردە بەر تلیاک... هەر لەگەلّ یەک دوو مژدا تەمەنی گەڕایەوە بۆ ئەو ڕۆژەی کە قالە باسی لەدایکبوونی مچەی بۆ کرد... سەیر بوو... تلیاک ئەو کارەی بینیبوو ئامە هەر وەک ئەوەی ئەمشەو گوێی لەو قسانەی قالە بێ جار جارێ وەک بلّێی قسەی پێ دەبڕێ و پرسی پێ دەکات ئاوها لە بێدەنگییەوە بۆ پرسیار دەچوو...

(ئامە... چیت بۆ باسکەم... پاش ئەوەی فاتەیان بۆم گواستەوە لە خانە باغەکەدا ژوورێکی جوانیان بۆم دروستکرد!! ژوور هە. ئامە..ژوور..لە ڕاستیدا خان بوو... ئامە خان... هە... هەموو شەوێ قاچاغ چییەکان قالّی و سنووقە چایان دەهێنا و دەبرد و لەوێدا ماملّەت و حیسابی خۆیان دەکرد... زۆربەی شەوەکان ئاغا بە کلاّشەوە دەهاتە خانە باخ... بەشەو لەگەلّ قاچاغ چییەکان کلاّش و بە ڕۆژیش لەگەلّ قایمقام و ڕەئیس بەلەدییە پێلاّوی لە پێ دەکرد... شەو هەتا بەیانی حەرەسی فاتە بووم... زۆر هیلاک دەبووم... ڕۆژێکیان ئاغا وتی:

– منالّەکان بێ فاتە ئیدارە ناکەن...

هەر لە ماڵە گەورەکەی خۆی لە حەوشەکەدا ژوورێکیان بۆم خاڵی کرد، هەندێ شەو ژنە گەورەکەی ئاغا وای دەزانی لەلای ژنە بچکۆلەکەیەتی لە ڕاستیدا لەلای هیچیان نەبوو... ئاغا دەهاتە ژوورەکەی ئێمە، ئیشێکی بۆمن دەدۆزییەوە و بەلایەکدا دەیناردم و... نەم دەزانی چی بکەم... ڕوو لە کوێ بکەم؟ نەمدەتوانی بەرەو شارەزوور بگەڕێمەوە... دەیانکوشتم... لە دەستی ئاغاش ڕزگارم نەدەبو، پیاوەکانی... پۆلیسەکان... قایمقام و قاچاغ چییەکان، لەمانە سەیرتر فاتە حەزی لە ئاغا کردبوو... ئەگەر دوو سێ ڕۆژ جارێک دیار نەبوایە منی دەنارده دوای... دەمویست قسە بکەم، کەچی بە ئاغای وتبوو گوایە بە قسەم ناکات... ئاغا گەلێ جار لەناو باغدا دەیبەستمەوە بە قەد دارێکەوە و دارکاری دەکردم... هەمووی لەسەر ئەوەی بە قسەی فاتەم نەکردووە بە بیانووویەکەوە نەچووم بەدوایدا. فاتە زگی پڕ بوو... لە شەوێکی باراندا ژان گرتی... لەلایەکەوە حەزم دەکرد بمرێ و منیش لەم دەرد و ئازارە ڕزگارم بێ و لەلایەکی تریشەوە دڵم پێی دەسووتا... بەبێکەس و نەفام و قوڕ بەسەرم دەزانی و هەروام دەزانی دیوی دووهەمی خۆمە... منیش پێش ئەوەی بێمە خانەقین ئەوەندەم خراپە کردبوو... ئەوەندە گوناهبار بووم هەموو کەسێکم بە قوڕ بەسەر دەزانی و لە هەموو کەسێک دەبووردم... ئەو شەوە فاتە هەر دەتلایەوە و هەر دەیقیژاند... ئاغا بەخەبەر بووەوە و لەبەر چاوی ژنەکانیدا دەینەڕاند...

– قالە سەگ باوگ ئەیە چەس؟...بیژە پی بیلا دەنگی نەژنەفم ئەرا ژن ئەگەر ژان بگرد عالەم خەو حەرام کەد؟ کپی بکە زاڵە تەرەک بیم... وەڵڵا فاتە زاید ژان گردێسەی مڵاڵی بوودو نێود وە جیرو جەحەنم... دەمی بگر، کەڕ بین...وەی نیوە شەوە ئاوایی یەگە هاوردە خەوەر؟!

ئامە... ئاغا بە جۆرێ دەینەڕاند لە ترساندا دەلەرزیم... ناچار بووم دەستم نایە سەر دەمی فاتە و ئەویش بەقەپ دەستەکانمی بریندار کرد... باران تا دەهات بەتاو دایدەکرد... فاتەش... نازانم چی بڵێم وەکو ورچی بریندار دەینالآند... هەر کە مچە لە دایک بوو فاتە هاوارێکی کرد هەرچی ماڵ و مناڵی ئاغا هەبوو وایان زانی ئاگر بەربووەتە ماڵەکەمان، مچەیش هەر لەیەکەم ساتی لە دایکبوونییەوە بە دەنگی زۆر بەرز دەگریا... بەیانی گریان و ئێوارە گریان و شەو گریان ئیسراحەتی ماڵی ئاغای تێک دابوو... ئاغا ناچار بوو دەرمان بکات و جارێکی تر بۆ خانە باغ و ناو قاچاغ چییەکانمان بنێرێتەوە... دڵم خۆشبوو، لە دڵی خۆمدا وتم ئیتر ڕزگارمان بوو کەچی هەر پاش مانگێ کەمتر ژنە ناوەنجییەکەی ئاغا



مناڵی بوو... ئێمەیان گەڕانەوە بۆ ماڵی ئاغا... دەبوایە فاتە شیر بە مناڵەکەی ئاغاش بدات... نازانم لەو کاتەدا چاوم هیچی دەبینی یان نە، ئێستا سەد شوکور چاوم کوێر بووە و هیچ نابینم... ئامە، شتێک کە هەرگیز لە بیرم ناچێتەوە... مچە تەمەنی لە ساڵ زیاتر بوو نیوەڕۆیەک فاتە خواردنی بۆ هەموویان دادەنا و منیش بۆیانم دەبرد و لەسەر سفرەدا ڕێکم دەخست... مچە دەگریا... دایکی دەستی گیرا بوو... لەپڕ مچە بۆ یەکەم جار وتی:

– باوە...

من و ئاغا. هەردوکمان ڕاچەڵەکین و سەرنجەکانی هەردووکمان لە ڕوخسارە بێگوناهەکەیدا کۆبووەوە... ئامە... مەگەر شمشێرەکەی ئیمامی عەلی بتوانێ یەکێ لە سەرنجەکانی من و ئاغا لە ڕوخساری مچەدا جیا بکاتەوە... ئەو کەسانە کە لەوێ بوون هەموو تێگەیشتن بەڵام کێ دەتوانێ فزە بکات؟...

پەلاماری مچەم دا و ئەوەندە بە توندیەوە گوشیمە سنگمەوە هێنامە دەرێ... باوەڕت هەبێ هیچ کاتێ ڕۆژێ لە تەمەنمدا ئەوەندەی ئەو ڕۆژە نەگریاوم... مچەش دەگریا... بەڵی مچە بۆ شیر دەگریا، بەڵام من مەگەر خوا هەر بە گەورەیی خۆی بزانێ چەند بە کوڵ و بۆچی دەگریام!

وام دەزانی هەرچی کلۆڵی دنیا هەیە هەمووی دراوە بە کۆڵی مندا... ئەوەندە دڵم بە خۆم دەسووتا... هەموو هەناوم بوو بە پەڵاس- ی ڕەش... پاش ئەمە بەچەند مانگێ فاتە لەبەر چاوی ئاغا کەوت، هەر کە مچە بۆ یەکەم جار وتی (باوە) ئیتر لەو ڕۆژەوە من کەوتنێ کەوتم هیچ شتێکم پێ نەدەکرا..ئاغایش دەری کردین...

(ئامە... ئەرا قسە نێکەید؟...بیژ من کوڕ باوگ خۆمم یا زوڵم؟) هە... جاری باوگ خۆی و دایگ خۆی نەزانستن کوڕ حەسەن ئاغاس یاکی زاند؟... قەروسان پڕە لە مڵاڵ وە حەساو نێتیەن...بیمە سە قەور کەن... قەور کەنەگان ناسنەم هەم خاسە ناوم نادەنە بەلەدییەو وشار وەدەرم بکەن... چە بکەم؟ زمسان بوود...تاو وسان بوود... بەفر بوارد نەوارد من هەر گەرەگ بامە بان قەور... خو نەوێمە سە فریشتە چوزانم مچە ئەفەندی کوڕ کامیانید مچەدی چەتواید دایگ خۆد کوشتید؟ من عومرم ئەوەنە وەگەل مردێییەگان بردمە سە سەر ئەوەنە وەگەل زینگەکان نەوردمەسە سەر تاوانەگان خەدە فکرم... باوگد لەشی مردبی و بەس سەری کار ئەکرد... سەری پڕبی لە ژان...دەروینی ئاگر ئەگرد وەک ئاگر کادانەگە، ئەو ئاگرە لە کادانەگەدا قژ سەری چەرمی کرد... ئەو دوێکەڵە یاروو لە کادانەگە دەرچی بییە

پەردەییگ ڕەش و چاوەگانی پووشێو کووری کرد...مچە تواد بکوژدەم وە خوەیەو ئیسە ناوی دەمە شورتە... هە... ئەرا ئەی دوونیایە فرە خۆش تواستمە؟ سەرم بێسە قەروسان... مچە گەر بزاند یەگ هەفتە وەرج لە ئەوە لەو قەورسانە چ پەت پەتی ییگ هاتە سەرم، چە بیژم بیژم کی خستمە ناو چاڵ؟ ئەگەر زوانم بیاتادە تەنە شوور ڕۆژی ملیۆن کەس وە ئاو چاوم ئەشووردم و ڕەوانەی مەعیدەی خۆم ئەکردم بەس چارە! خۆزگە سەرم بیاتادە جەننەت دونیا ییگ خۆشی تر بدوینستان بەس ئاخ و داخ نە ئاو چاوم زمزەمەو نەسەرم جەننەتە و نەزوانم تەنە شوورە چەبکەم؟...

ئامە، ئەم شەو بەهیچ جۆرێ خەو ناچێتە چاوییەوە هەر ساتەو بە جۆرێ بیر دەکاتەوە و هەر ساتەو جۆرە وێنەیەکی سەیر بە بەر چاویدا تێپەڕێ. قسە و ڕەنگی قالە لە لایەک، مچە و قسەکانی دایکێ و حەسەن ئاغا و ڕەنجبەرەکان ئەمانە هەمووی کەرەسەی خەو زڕاندنی ئامە بوون... هەر ئەم دیو و ئەو دیوی دەکرد بێ سوود بوو... ئەو شەوە نەخەوت بەرە بەیان پاش ئەوەی کە حاجی بیسمیللای مێردی بۆ نوێژی بەیانی هەڵسان هەندێ خەو بە ئاستەم چووە چاوەکانییەوە.

×××××

ئامە پێش ئەوەی مچە لە گۆڕستان بەو شێوەیە ببینێ بەچەن شەوێک تووشی گێچەڵێکی زۆر سەیر هاتبوو، کاتێ کە سەر لە ئێوارە زۆڵێکی بە لوتفییەی کچی مام سەمینی گۆڕ هەڵکەن فڕێ دابوو و زۆڵەکەی نابووە ژێر عاباکەیەوە بۆ پاشا کۆپری بردبوو بەرەو ڕووی مام سەمین هاتبوو... مام سەمین بە گومان بوو لەوەی کە ئامە بێ نهێنی نییە، چەند شەو جارێک بە تاریکی دێتە قەبرسانەوە و لەوە دەترسا ئامە فێری گۆڕ هەڵکەندن ببێ و ببێتە بەش خۆریان، هەر کە ڕوو بە ڕووی مام سەمین بوو، زمانی لەدەم نەما... حەپەسا... مام سەمینیش لەوەتە ئامەی دەناسێ هیچ کاتێ وای نەدیبوو... ئامەی هەمیشە هەر بەسەربەستی و بێ پەروایی دیبوو... هەرگیز شەرمی لە هیچ کەسێ نەدەکرد... تەنانەت ڕێزی پیاوە گەورەکانی زۆر دەگرت و هیچ بایەخێکیشی بە خەڵکی لەوچە و هەرچی پەرچی نەدەدا... خاوەن زمانێکی شیرین و قسە خۆش و هەمیشە لێو بەزەردەخەنە بوو... هەمیشە وەکو فریشتە دەچووە هانای هەموو بێ نەوا و بێ دەرەتانێ... بینا سیبایان نە.... گرنگ بەلای ئامەوە ئەوە بوو کە کارێ بکات خۆی و ویژدانی خۆی پێ ڕازی بکات. مام سەمین دەیزانی ئامە سڕ پۆش و بێ پەروایە هەر شتێک بکات بۆ



هەرکەسێ چاوەڕێی پاداشتی لێ ناکات، هیچ کاتێ گلەیی لە ژیان و باری ژیانی خۆی ناکات و بەدەم هەژاری و دەستکورتییەوە نانالێنێ، هەمیشە هەر قایلە و هەر سەربەرزە.

مام سەمین نەک هەر خۆی بەڵکو هەموو پیاوێکی پیاو... هەموو هەژارە دڵپاکەکان، هەموو لێ قەوماوەکان ئامەیان بەم شێوەیە ناسیبوو و لە ناخەوە حەزیان دەکرد خۆشیان وەک ئەو بتوانن بە جورئەت و بێ دەرەبەست بن... مام سەمین ئەو شەوە ئامەی بەو شێوەیە بینێ... پڕ بەدڵ حەزی دەکرد لێی نزیک ببێتەوە و هەوڵی ئەوەی لەگەڵ بدات یارمەتیەکی بدات، کەچی هەر کە ئەم هەنگاوێ لێی نزیک بێتەوە و هەوڵی ئەوەی لەگەڵ بدات یارمەتییەکی بدات، ئەو سێ هەنگاو بەرەو دواوە دەگەڕایەوە مام سەمین سەری سوڕما، تەکانی دەدایە بەر خۆی بۆ ئەوەی بزانێ چییەتی و بۆ وا پەشۆکاوە، ئەویش پاشەوپاش بەرە و دواوە بەرە و ماڵدەکشایەوەو چەند جارێ پێی لە کێلی قەبرەکان هەڵئەنگووت و بە پشتا دەکەوت و بە توندی مناڵە زۆڵەکەی لە ژێر عەباکەدا دەگووشی تا لە دەستی بەر نەبێتەوە... هەر کە مام سەمین بە زەردەخەنە و بە نەرمییەوە بەرەو ڕوودەهاتە پێشەوە ئەویش بەمۆنی و بەبێ دەنگییەوە بەرەو دواوە هەنگاوی دەنا... لەو شەوە تاریکەدا ئەگەر چی نێوانیمام سەمین و ئامە لە چەند مەترێ زیاتر نەبوو... کەچی دوو جۆر سەرنجی بێدەنگ و دوو جۆر ڕوخساری سەیر، فەرهەنگێ وشە و ڕستە و نهێنییان دادەباراندە سەر ئەو گۆڕستانە هێمن و بێدەنگە. ئەم بە نیازی یارمەتیدان و بە زەردەخەنەوە هەنگاوی دەنا ئەویش لە ترسی ئاشکرا بوون بەمۆنێ و گرژییەوە دەکشایەوە... سۆز لە سەرنجەکانی ئەم دائەباری و ڕق لە سەرنجەکانی ئەو دائەباری، ترسی ئامە و سۆزی مام سەمین و چەند سەر قەبرێکی مات و بێ دەنگ و ئاسمانێکی بێ مانگ و ئەستێرە ببوونە (بەختی لوتفیەی کچی مام سەمین)... زۆڵ شاردنەوە کەی بێ بەختییەکی ئەوتۆی تیا بوو وەک ئەو بێ بەختییەی کە کوڕە هاوسێکەیان بە زۆر لە شەوێکی ئاوها تاریکدا پەلاماری لوتفیەی دابوو، بە هەڕەشە و گوڕەشەوە خۆی فێری لوتفیە کردبوو... مام سەمین بەهێمنییەوە بۆ ئامە دەچوو، ئامەش بەترس و ڕقەوە بەرەو دواوە دەکشا... تا لە سنووری قەبرسانەکە چوونە دەرێ، ئەم بۆچوون و کشانەوەیە هەر بەردەوام بوون... بەڵام هەرکە لە قەبرسانەکە دوور کەوتنەوە مام سەمین بە هیمنییەوە بە قسەی خۆش دەیویست تێی بگەیەنێ کەچی بێ سوود. ئامە بە خۆی و زۆڵەکەی ژێر عەباکەیەوە بە تاو و بەڕاکردن خۆی گەیاندە کونجەکەی خۆیەوە، هەرکە گەیشتە جێ لە ترسی ئەوە نەوەک کەسێکی تری بەسەردا بێ و ئیشەکەی لێ ئاشکرا ببێ بێ ئەوەی پشوویەک بدات و تۆزێک

بحەسێتەوە هەر یەکسەر و زۆر بە پەلە لە حەوشەی کونجەکەدا گۆڕێکی چکۆلانەی بۆ زۆڵەکەی لوتفیە هەڵکەند و تێیدا شاردیەوە.

***

سەعات شەشی بەیانی بوو دەنگێگ لە ڕادیۆی بەغداوە وەک مژدەیەکی گەورە شاری گەشاندەوە، زۆربەی ئەوانەی کە لە زمانی عەرەبی تێدەگەیشتن کەوتبوونە نێوان ئەو کەسانەی کە عەرەبی نازانن، بەیاننامەی شۆڕشی چواردەی تەمووزیان دەکردە کوردی و تورکومانی و مانای بەیاننامەکەیان بۆ لێکدەدانەوە. نەمزانی لە بارەی چییەوە دەدوێن، تەنیا دایکم نەبێ کە خێرا پێی وتم:

– عنقلابە.

بەرەو کونجەگەی ئامە ڕامکرد بۆ ئەوەی وشەی (عنقلاب)، ئەم وشە تازەیەم تێ بگەیەنێت ماناکەی چییە... بە قایمی لە دەرگاکەی ئامەم دا و کچەکەی وتی: دایە لە ماڵ نییە، عنقلابە، چێسە دەشت، ئیژت موزاهەرەس، مەعنای چەس موزاهەرە؟ بچووە بازاڕ و بەوە دویا.

بەرەو بازاڕ و مەیدان ڕامکرد وامزانی وەکو جاران بە ئاسانی دەگەمە ئامە، کەچی لە نێو شەپۆلی خەڵکیدا ون بووم، خەریک بوو بخنکێم هەر پرسیارم دەکرد... چەس عنقلابە یەعنی چە؟ چەدانە؟ کەس وەڵامی نەدامەوە هەر خەڵک بوو و بەدوای یەکدیدا ڕێیان دەکرد و دەیان وت:

– بیلا بڕە سیمنە موزاهەرەگە.

دەشێ یەکەم هۆی ئەو خۆ پیشاندانە گەورەیەی خانەقی ئەو هەمکە زوڵم و زۆرە بووبێ کە ببوە کۆت و دەم و زمانی خەڵکەکەی بەستبووەوە، بەراستی ڕۆژی هەژار و ئاوارە و لێقەوماو و بەشخووراوان بوو، زۆر کەس تێنەدەگەیشت شۆڕش یانی چی، هەر یەکەو بە جۆرێک لێکی دەدایەوە بەڵام کە بینیان ئامەڕەش کەوتووەتە پێش خۆپیشاندانە گەورەکەی شارەوە و بژی و بڕوخێی کردبووە دروشم، هەموو هەژار و ڕەش ڕووتەکان پێویستیان بەوەوە نەما کەسێک مانای شۆڕشیان تێبگەیەنێت تەنیا بینینی ئامە هەرچی ئەو شتانەی کە تێی نەدەگەیشتن هەموو بۆیان ئاشکرا بوو و زانییان شۆڕش یانی نەمانی زوڵم و زۆر و سەرکەوتنی هەژاران و ڕوخاندنی زاڵم و خوێن مژان.



ئەوی ڕاستی بێت لەبەر سەر کوێری و هەژاری و نەخوێندەواری خەڵکەکە ئەو دروشمانەی کە خۆپیشاندەرەکان بەرزیان کردبوو بە باشی تێنەدەگەیشتن بە تایبەتی ئەم دروشمانە: (پیرۆز بێ حیلفی بەغدا ڕوخا) (ئیستعمار و کلکەکانی گۆڕ بە گۆڕ کران).

ئەگەر چی ئامە لە مانا حەرفیەکانی ئەم دروشمانە تێنەدەگەیشت، بەڵام مانا گشتییەکانی بە ئاسانی و ڕەوانی بۆ خەڵکەکە باس دەکرد و کۆڕی بۆ ژنان و پیاوان دەبەست، هەرچی هەژار هەبوون لە دەوری کۆدەبوونەوە و پرسیاریان لێ دەکرد ئامە بە تەنیا خۆی دەبووە هەموو ئێستگەکانی دنیا و بەسەر هەشت مەوجدا هەواڵی سەرکەوتنی شۆڕشی بڵاودەکردەوە و مژدەی بە هەژاران دەدا کە ئەمڕۆ ڕۆژی خۆشییانە و دەبێ بەهەر جۆر بێ بیپارێزن و ڕێ بەو کەسانە نەدرێ کە دووبەرەکی دەخەنە نێوان میللەتەوە... ئامە زۆر بەگەرمییەوە داوای خۆشەویستی و یەکگرتنی خەڵکی شاری دەکرد و بە هەموو توانایەکییەوە مەبەست و ئامانجی شۆڕشی بە کوردی تورکمانی ڕوون دەکردەوە، ئیتر ئامە بووە مایکرۆفۆنی شار و بە پێی توانا و لێوەشاوەیی خۆی وشەکانی ئیمپریالیەت، حیلف، سۆشیالیستی، شی دەکردنەوە و هانی خەلکەکەی دەدا بە هەمو هێزێکیانەوە پشتگیری ئەو شۆڕشە بکەن، هەمیشە دەیوت شۆڕش هی ئێوەیە و بۆ ئێوەیە، خوێن، ماڵ و سامانی لە پێناویدا دانێن... بیپارێزن ڕۆژی شەرەف و کەرامەتی هەژارانە، ڕقی خەڵکە سادەکەی دادەمرکانەوە و ڕێی هەڵەشەیی لێدەگرتن و باوەڕی بە کوشتن و تانە و توانج تێگرتن نەبوو، ڕۆژانێ بوو خەڵکەیان تێدا وا گەرم ببوو بۆ ڕشتنی داخی دڵیان داوای ئیعدامی فلان و فیسارییان دەکرد کەچی ئامە زۆر سالارانە داوای لێبوردنی بۆ هەموو خەتابارێ دەکرد و... دەیوت لەمەو دوا... هەتا حیسابی بۆ بکرێ هەموومان خەتابار بووین... بێدەنگیمان خەتا بووە... نەزانینمان خەتا بووە... قایل بوون و ملکەچیمان خەتا بووە... بە خەڵکەکەی دەسەلماند کە نابێ بە هۆی ئەم خەتایانە سزا بدرێن... ئامە بووە موستەشاری هەژاران و دەنگی ڕاستەقینەیان، هەمیشە بەناو خەڵکەکەدا دەگەڕێ و مانای شۆڕشی بۆ لێکدەدانەوە و ئەگەر چی ژنان گاڵتەیان پێ دەکرد، ئەوی ڕاستی بێت بەغیلیان پێ دەبرد، کە چۆن بەکراسێکی ڕەش و فۆتەیەکی ڕەشەوە... بە دەم و چاوێکی ڕەشتر و جەستەیەکی نارێکەوە بوەتە پێشەوایەکی میللی ئەو ئافرەتانەی کە گاڵتەیان پێ دەکرد لە ڕیزەکانی پێشەوەی خەڵکدا ئەوەستان و گوێیان لە قسەکانی ڕادەگرت... هەمیشەیش هەر پشتیوانی هەژار و لێقەوماوان بوو و بە هەژاری خۆیەوە ئەوەی لە توانای هەبایە لە یارمەتی دانیان درێغی نەدەکرد.

هەچ هەرا و ناکۆکیەک ڕووی دابا خۆی دەخستە بەینەوە و دەبووە کۆتری ئاشتی و هەموو لایەکی بە یەکەوە ئاشت ئەکردنەوە و ئیتر خۆشی و زەردەخەنە شوێنی ڕق و کینە و تووڕەیی دەگرتەوە و هەموو لایەک ئەکەوتنە ماچکردنی یەکتری.

ئامە بە خوڕەوشتی باش و ڕەفتارە میهرەبانییەکەی بۆ خۆی لە شارەکەدا ببوە شاژنێک وە لەبەر ئەوەی کە سەر بە هیچ کۆمەڵ و دەستەیەکی ڕامیاری نەبوو، خەڵک خۆشی دەویست، ناحەزەکانی بەرە بەرە بوونە دۆست و لایەنگری...

ئامە ڕەش هەروەکو پێشوو لە کونجەکەیدا مایەوە و هەمان کراسە ڕەش و فۆتە ڕەشەکەی بەسەرەوە بوو، ببوو بە یەک پارچەی چالاکی و هەر نەدەسرەوت... لەهەر شوێنێک هەرا و پێک هەڵپـژانێک ڕووی بدابایە بە خێرایی خۆی دەگەیاندێ و دەکەوتە ناوبژی و ئامۆژگاریکردن و کۆتایی بەهەراکە دەهێنا... بەو ڕەفتارە بەرزەی زۆر کەسی لە ئازاردان بگرە لە کوشتنیش ڕزگار کرد بە تایبەتی حەسەن ئاغا و هەندێکی تری وەکو ئەو ئەوەندە خراپەکاریان کردبوو ڕەنجبەرەکانی خۆیان و خەڵکی کە ئازاریان بەدەستییانەوە چەشتبوو بە پەتەوە دەچوونە گیانیان ئەگەر ئامە فریایان نەکەوتبا ئەوا دەیانخنکاندن و بە نێو کوچە و کۆڵانەکاندا ڕایان دەکێشا... نەک هەر ئەوەندە بەڵکو دابینکردنی خۆیان و ماڵ و منداڵە دەربەدەرەکراوەکانیشیان کە زەوی و زار و دێهاتەکانیان چۆڵ کردبوو و خزابوونە ناو شار و خەڵک خانووی بەکرێ نەدەدانێ، گرتبووە ئەستۆ و مشووری دەخواردن و خانووی بۆ پەیدا دەکردن، وا هەڵکەوت ماڵی حەسەن ئاغا هاتە گەڕەکەکەی ئامە و بوونە دراوسێی، ئەگەر چی حەسەن ئاغا تەمەنی هەر پەنجاساڵێک دەبوو، بەڵام پاش چەند مانگێک لە پەل و پۆ کەوت و تووشی نەخۆشی ئیفلیجی هات و لەنێو جێگەدا کەوت، خۆێ و هەر چوار ژنەکەی و سێ کچەکە و هەردوو کوڕە گەورەکەی لە حەوشەیەکدا دەژیان و نزیکەی سەد مەترێ لە ماڵی ئامەوە دوور بوون...

ئەو خۆشی و سەربەستییە چەند مانگێکی خایاند... لە پاشان بەرە بەرە تا دەهات سارد دەبۆوە و تین و تەوژمی کز دەبوو... ئەو خێر و خۆشی و بەختەوەرییەی جووتیار و کرێکار و سەرجەمی زەحمەتکێشان لە شۆڕشیان ڕەچاو دەکرد و بە هیوای بوون هیچ نیشانەیەکی بەدی هاتنیان دەرنەکەوت، بەڵکو لە جیاتی ئەوە ڕۆژگار بەرەو ناڕەحەتی دەچوو کەمە کەمەش خەریک بوو زەبروزەنگ سەری هەڵدەدایەوە و... ئامە ڕەش لەو سەردەمانەدا پیری زیاتر لێ بەدیار دەکەوت... حاجی بیسمیللای مێردیشی ئەمری بەجێهێنا... ئیتر ئامە



کەمتر دەردەکەوت... جار جارێ دەبینرا، بەڵام ئەوەندە بەمەستی بەرێگەدا دەڕۆیشت لەتری دەدا، تومەز ئەوی بێچارەش لە وەڕسی ڕوی کردووەتە هەمان بەزمی تلیاک کێشانەکەی جاری جارانی!!!.

ڕۆژێک لە پڕ زەینەبی ژنی حەسەن ئاغا خۆی ئەکا بە ماڵی ئامەدا و ئەکەوێت بەسەر دەست و پێیدا و ئەڵێ:

– ئامە بوومە قورباند... زانید وەخت خۆی عالەم قەدرو حورمەتمان ئەگردن و هەزار نۆکەر لە ژێر دەسمان کار ئەکردن و پەکمان ئەرا هیچ چشتیگ نەئەکەفت... چە بتواستایت لە عاسمان ئەهاتە خوار و فکر لەی ڕۆژە ڕەشانە نەئەکرین کە ڕۆژیک تێد ڕەنجبەرەگانمان بان و شاروەدەرمان بکەن و زەوی و باغ و بۆسان حکومەت لە دەسمان بسینن ئەو وەختە هەر فکر لە زگ خۆمان کەین و فکر لەی ڕۆژە ڕەشانە نەئەکردین... دی گوزەشت...

– زوی سڕەگەد دەربکە نەترس.

– نێورم ترسم شەرم کەم. زانید ئاغا ئیفلیج بیەس و لە ماڵ کەفتییە .

– زگد پڕە؟

– ها... ئا... وەی وەی ڕووی ڕەشییەی خۆم نێزانم چە بیژم ئەی کارە نێو تریەد ئاخر سەر ئەرا کوورە هەڵبگرم؟ زانم وەک عالەم نید و زانید لەی ڕوژە ڕەشەین.

– چەتوای وە بان چاو کارەگەد وەڕیخەم.

– بەس توام خۆم بکوژم... ترسم دوای ئەوەش بمرم حەیام بچد، هەر یەکیگمان کەفتینە سەلاییگ. ورسی مانە... ڕۆژ وە ڕۆژ مردن وە چاو خۆمان دوینین... ژنەگانی یەکیگیان کوڕەگانی گەورا بینە و توانن کار بکەن. ئووی ئامە لەرز کەفتە گیانم... ئەگەر ملاڵەگان نەویاتان خۆم ئەکوشتم... زانید کی زگم پڕکرد وە زوور؟

– نە، نێتوام بزانم....

– نە ئامە، هەر ئەرا ئەوە سەرد چەرمی بوود؟

– هوە، سەرم ئەیە بیس ساڵە هەر لە خۆیەو چەرمی بییە، چە بکەم؟

– نێزانم چوین خۆم گردمەس. وەها هاتێسە پیم بترسم بلەرزم و ملاڵەگە لە بارم بچد. هەوەگانم ڕسوامکەن و دەوڵم کوتن.

– ئیسه توايد فرەی بدەید یا بەیانی دوو بەیانی...؟ کێف خۆده کەی توايد من حازرم حەز کەید ئیسه حازرم چونکه کەس له ماڵمان نییه وه دەس دۆیتەگەم خەوەر ئەرایان نیرم و تا لای ملاڵەگاند نیشدکارەگەم تەواو بوود.

– نه نه نه ئامه نه...

– ئەرا ؟

– دۆیتەگەد لەورا وه پەن بوود.

– ئەرا خۆ نێخونەی ؟ له دۆیتەگانی زیاتر کی هەس؟

– کوڕەگان حەسەن ئاغا.

– لەی وەختە چەکەن له ماڵ؟ پیاو نین بچنه دەشت؟. بچنه چایخانه ئەرا ئیسەش وه خۆیانه تەخت و بەختەگەی جارانیان مایه و جیان له عالەم ؟ هە، ئەو باوگه مرد.

– ئا... له عالەم جیان.

– چوین؟

– چونکه حەمید کوڕه گەوراگەی حەسەن ئاغا نیوه شەو هاته حوجرەگەم.

– ها ؟ چەیژید زەینەو ؟ کەس له ماڵ نەوی؟

– نه ، خۆشکەگانی لەبان وەل من و ملاڵەگانم خەفن... دایگیان چێسه لای کوڕه بیچکەگەی... ژنەگەی تری نێزانم... مایەسه بان کێف خۆی، وه سەرخۆی تێد و چد، ئەی لاو ئەولا کەد کەس لەلی نێپرسد چیده کورەو چەکەید، ملاڵی له حەسەن ئاغا نەوی و میراتیش ئەرای نێمیند دی چەبکەد لەلای؟ ئەرا خۆی جرت و فرت کەد وه کێف خۆی مایه.

– ئەی دۆیتەگاند؟ کەسیان وه گەلد نەوین؟

– نه... له بان خەفتبین... هاتمه خوار ئاو ئەرایان بۆم...چیمه حوجره له تەلاجه تەختەگه کەمی وەفر مابی... تواستم بگرمەی دەس و وەل ئاو بۆمەی ئەرا بان خانی، تا چیمه ناو حوجرەگه و قەپاغ تەلاجەگه هەڵگردم و سەرم خستمه ناوی، دیتم یەکێگ له پشتمەوه گردەم و دەس خسته بان دەمم.

– هاوار نەکەید نەوەک حەیاو نامووسد بچد... ها؟!.



– هاوار چه ئامه ، گیسم بورن که وەها برپا ، پشتم گرد دی له پرووک چیم وه خۆمەو جنۆکەی عەدەبه... هەر ئەوەت:

– من دی هیچ گەوادیگ دوێت نادەده پیم... دوێت هەرچێی و پەرچی نێخوازم... ئاغاگان نەمان...دی تەواو پارەشم نییه بچمه ئەی لاو ئەولا...

– دی وەزوور بگیر کار خۆی کرد. له هووش خۆم چییم.

هەر چۆنێ بێت ئامه– خۆی ئاسایێ چی پێویست بوو بۆ زەینەبی ئەنجامدا.

***

زەینەب لەگەڵ بارێ ژان و شڵەژاوی و شەرمەزاری گەڕایەوە بۆ ماڵەوە هەرچییەکی دەکرد خۆی پێ نەدەگیرا، وای دەزانی هەر چۆنێ بجوڵێتەوە هەستی پێ دەکەن که شتێکی کردووە، تووشی هیستریا هات و له خۆیەوە بەربووە گیانی کچەکانی، به چەپۆک تێیان بەربوو و حەسەن ئاغا هاواری کرد وتی:

– زەینەو ئەی دوێتەیله چەیانه ئەرا گیرن؟.

– ئیمڕو پەنج شەمەس ئێوارەس، توام بچمه قەورسان، توام سەریگ له قەور باوگ و دایگم بدەم وەخت خۆی خێر ئەرایانم ئەکردم و پارەمان بی و ئەرایان ئەچی ئیسه هیچمان نییه ئەرایان بنیرین توام بچمه پاشا کۆپری.

– ئەی دوێتەگان؟

– توان بان وەگەلم ئەرا قەورسان... منیش له دڵم نێتیەد بۆمەیان توان وەچاو قامیی خۆیان بکەفنه شوینم ناچارم کردن بدەم له لییان.

– وەگەل کی چید؟.

– ها . وەگەل هاو ساگان.

– وه تەنیا نەچید.

– نه ... تەوقید؟ له قەورسان چەهەس؟.

– فره چشت هەس، بیلا یەکیگ له کوڕەگان بچن وەگەلد.

– وەتم وەگەل هاوساگان چم.

زەینەب عاباکەی کێشایە سەری و دەرگاکەی لە پشت خۆیەوە گرت و بە پەلە کەوتە ڕێ، ئەوەندە بە پەلە بوو وایدەزانی ئێستا هەموو خەڵکەکە کەوتوونەتە دوای، لە ژێر پەچەکەیەوە هەر وەکو شێت سەیری ئەم لاو ئەولای دەکرد و چاوی ببوە کامێرایەک و لە کونەکانی پەچەکەوە سەیری ئەم و ئەوی دەکرد و هەستی دەکرد شار لە ژێر پێیدا دەسووڕێتەوە... زوو زوو دەستی درێژ دەکردە نێو لنگی خۆی ترسی ئەوەی هەبوو خوێن داچۆڕێتە نێو کالووشەکەی، هەستی دەکرد ئەڵوەن لەنێو مناڵدانیدا پەنگی خواردووەتەوە، زوو زوویش دەستی بۆ پەڕۆکەی نێولنگی خۆی دەبرد و چاکی دەکردەوە و دەیکردە پەرژین... ترسی ئەوەی هەبوو پەڕۆکە نەتوانێ بەرگری لافاوی خوێنەکەی بکات، لەبەر پەشۆکاوی نەیدەزانی پەڕۆ پەرژینەکە گەر لەبەر لافاوی خوێندا خۆی نەگرت ئەوا بە چ جۆرێ ئەو لافاوە ڕاگرێ کە نیازی داگیر کردنی شاری هەیە. ئیتر زەینەب لەنێو پەلەکردن و دەست درێژ کردن بۆ ناولنگی خۆیدا شڵەژابوو... زیاتر شڵەژانەکەی هەڵدەچوو کە زوو زوو ئاوڕی دەدایەوە دواوە تا بزانێ شوێن هەنگاوەکانی خوێناوییە یان نە و... شێت ئاسا ڕایدەکرد... دەیویست خۆی هێدی بکاتەوە کە ئاغا ژنە هێشتا خەڵکەکە بەهەمان ڕێزەوە سەیری دەکەن و دەبێ لەسەرەخۆ بڕوات... نەیزانی چۆن گەیشتە قەبرستان و کەوتە سەر کێڵی قەبرەکەی دایکی:

– دایە... دایە... ئامە ڕەسییە دادم. تووش بڕەسە دادم نازانم چە بکەم؟ خۆزگ ئیسە لەلاد بیاتام... وەخت خۆی نان و شامی و گوشت ئەراد ئەناردم... ئیسە ڕویم ڕەشە... خۆم و... هاتمە سە لاد... هیچم نیە بدەمە پید... بەوە جواو،، بڕە سەدادم لە حەسەن ئاغا و کوڕەگەی نەجاتم بدە... ئەرا هیشتید باوگم بدەدەمە حەسەن ئاغا؟ ئەرا؟ .

زەینەب وەکو شێت سەری خۆی دەکێشا بە کێڵی قەبرەکەی دایکی و هەستی دەکرد مردووەکان زیندوو بوونەتەوە و هەموویان بەم کارەیان زانیوە و پەنجەی تاوانباریی بۆ درێژ دەکەن، بەتف و نەفرەتی توڕەییێیەوە لێی نزیک دەبنەوە و ئاگری دۆزەخیان پێیە و پێش مەرگی دەیانەوێ ئاگرەکەی تێ بەر بدەن و بەزیندوویەتی بیسوتێنن. هەستی دەکرد لە چاوی مردووەکان بەتایبەتی مناڵە مردووە بێ گوناهەکان ئاگر دەردەپەڕێ و وورده وورده گەرمی ئاگرەکە بە لەشیدا سەر دەکەوێ... زەینەب سەری لێ تێکچوو بوو، هەناسەی سوار بوو بوو، تف لە دەمیدا وشک بوو بوو، چاوەکانی ئەبڵەق وەستا بوون، هێز لە لەشیدا نەما بوو، ئەژنۆکانی کەوتبوونە لەرزین، ئارەقی سارد بەناوچەوانیدا دەهاتە خوارێ،



ڕەنگی مردووی لێ نیشتبوو، وورده وورده بەر چاوی تاریک دەبوو... دنیا لەبەر چاویدا ڕەش هەڵگەڕابوو، دڵی تێکچوو بوو حەزی دەکرد هەرچی ژان و ئازارو شەرمەزاری هەیە بە هێڵنجێ هەڵبێنێتەوە، وەکو بت لە جێیەکەی خۆی وەستابوو لە پڕ دەنگێ ڕایچڵەکان...

– لەیرا نامەی ناو قەور... کوڕیش بی... توو دوێتت فرەس...

ئەم دەنگەی ئامە وەک دەنگی خواوەندانە هێزی پێ بەخشی، بەر چاوی ڕۆشن بووەوە، وەک ئەوەی تازە لە دایک بووبێ هەستی بە خاوێنی و بێ گوناهی خۆی دەکرد، لە پڕهاتەوە سەر خۆی، عەبا و پەچە و کالووشەکەی فڕێدا و سەرپۆش و بۆیەمەکەی کردەوە وەکو شێت ڕایدەکرد، بەسەر ئەم کێڵ و ئەو کێڵدا دەکەوت. سنگی ڕووت کردبوو و شینی دەگێڕا و بە کوڵ دەگریا... هەرچی فرمێسکی پەنگاوەی هەبوو هەموو هاتنە خوارێ و هەر دڵۆپەیەک ڕۆمانێ لە کێشە و ئاوارەیی و بەدبەختی تیادا بوو... نەیدەزانی بۆ دەگری؟ بۆ لە خۆی دەدا؟ بۆ دایکی؟ . بۆ کوڕەکەی؟ کە پانزە ساڵ بە تەما بوو کوڕێکی ببێ؟ بۆ ڕۆژی ڕەشی خۆی؟

دەنگێ لە قەبری ئامۆزاگەی (عەلی) دەهات:

– خوازمەد ئەگەر زانستمە سەرم دانامەس.

زەینەب ئاگای لە کات و شوێن نەبوو، دەروێش ئاسا لە بازنەی یادەکانیدا بەرەو بیست ساڵی تەمەنی لەمەوبەری گەڕایەوە کە چۆن بۆ دوا جار لەگەڵ (عەلی)ی ئامۆزای لە ڕۆخی چەمەکەی دامێنی دێیەکەیاندا بۆ دوا جار ژوانیان کرد و ئیتر نەیبینیەوە.

(عەلی و زەینەب چەند یادگارییەکیان کردە خۆراکی خوڕەی چەمەکە و بە هێمنییەوە هەر یەکیان بەرەو ماڵی خۆی گەڕایەوە... ئەو شەوە زەینەب هەتا بەرەبەیان خەوی لێ نەکەوت، هەزاران هیوای ڕەنگاوڕەنگی لەسەر یەکتر هەڵدەچنی و نەخشەی دوا ڕۆژی بۆ داهاتووی لەگەڵ عەلی ئامۆزایدا دەستنیشان دەکرد).

کەچی بەرەبەیان بەدەنگی چەند تەقەیەک دڵی داخورپا و هاوارێکی سەیر لە دەمی دەرپەڕی و بەسەروپێی ڕووتەوە هاتە دەرێ.

(ئێستا نازانێ بۆ... یا چۆن خۆی لەبەر ماڵی عەلیدا بینییەوە، لەبەر ماڵی عەلیدا حەپەسا، بووە قیژە... خەڵکەکە کۆبوونەوە ئیتر زەینەب مێشکی بووە دۆڵێکی قووڵ و دەنگی ئەو تەق و هۆڕە لە مێشکی دەزرنگایەوە، بناغەی هیواکانی هەڵدەتەکاند لە

حەیبەتا بەسەر دەمدا کەوت و لە خۆ چوو).

جار جارێ ورێنەی دەکرد و جار جارێکیش دەپاڕایەوە، ئەوەندە بە کوڵ دەگریا تا بێ ئیرادە ئامەیشی هێنایە گریان و دامێنی کراسەکەی ئامەی گرتبوو پڕ بەدەم هاواری دەکرد و دەیوت:

– بیژ ئامە لە لیم نەشارەو.

– چە بیژم زەینەو؟

– ئامە بیژ... ئامە بوومە قورباند گچشتی گوزەشت دی لە لیم نەشارەو...

– خاس زەینەو... وەخت خۆی کە (حەسەن ئاغا) مامەد کردە قەچاغچی و پیاوی خۆی و ناردەی ئەی لاو ئەو لا...

– ئێ ئامە بومە قورباند بیژ.

– ئامۆژند فرە جوان بی حەسەن ئاغا چاوی نابییە بانی...

– ئێ.

– هویچ... باسەگە دویر و دریژە نێتوانم باسی ئەراد بکەم.

– ئێ زانم فامستم نیوە شەو حەسەن چێییە لای ئامۆژنم.

ئامە ئەوەندە لەگەڵ یادەکانیدا تێکەڵ ببوو، موو بە مووی باسەکان لە مێشکیدا سەمایان دەکرد، ئەو ڕۆژەی کە ئامۆژنی زەینەب منالەکەی بوو بە ئامەی وت: کوڕەگەم ناوی عەلییە.

زەینەب هەموو شتێکی بۆ دەرکەوت، زانی عەلی کوڕیە حن ئاغایە نەک کوڕی مامی، بەڵام ئەم نهێنییە تەمەن درێژە نەبووە ئەوەی گەردێ بکەوێتە دڵییەوە، بەڵکو زیاتر لە جاران زیاتر لەو ڕۆژانەی کە (عەلی) باوک و دایک و خۆشەویست و هاوڕێ و پشتی بوو...

زیاتر لە خەونەکانی... زیاتر لە هەموو شتێ سۆزی بەرەو (عەلی) هەڵچوو و زوو زوو بەزمان کێڵی قەبرەکەی (عەلی) دەلێستەوە و فرمێسکی گەرم و هەناسەی سارد و سەیر گەماڕووی دابوو.

حەسەن ئاغا لە کاتی خۆیدا حەزی لە زەینەب کردبوو، دەیزانی (عەلی)ی کوڕیشی



زەینەبی خۆش دەوێ و کۆسپە لە ڕێیدا... زەینەب ببوە مایەی شەونخوونی حەسەن ئاغا، ئەمیش ئامادە بوو سەری هەموو دونیا ببرێ لە پێناوی بە دەست هێنانی زەینەبدا... بڕیاری دا یەکێ لە پیاوەکانی بنێرێ عەلەی بکوژێ... ئەویش بەم شێوەیە بوو...

جارێکیان نووری – کە پیاوی حەسەن ئاغا بوو– چاوی پێوە بوو کە حەسەن ئاغا لە نوێنی دایکی عەلی دایە...حەسن ئاغا هەستی کرد کە نووری ئەم نهێنییە دەزانێ بۆ ئەوەی ئاشکرای نەکات بەرتیلی پێدەدا: لە هەموو ڕاوێکدا لە هەموو دەعوەتێکدا نووری یەکەم پیاوی بوو، جانتای پارەکەی حەسەن ئاغا بەدەستی نوورییەوە بوو... کەچی هەر دەترسا ڕۆژێ نووری ئەم نهێنیەی ئاشکرا بکات...

حەسەن ئاغا بە دووربین بینی عەلی و زەینەب لە ڕۆخی چەمەکەدا تێکەڵبوون و یەکتری دەگەوزێنن... ڕقی گەیشتە ئەو پەڕی پلەی تۆڵە سەندنەوە... سەد دینار و دەمانچەیەکی دایە نووری کە بەرە بەیان (عەلی) بکوژێ...

نووریش پشتی بە حەسەن ئاغا قایم بوو، دەیزانی بە ئیشارەتێ قایمقام و مودیر شورتە دەلەرزێنێت، بۆیە بێ هیچ موعارەزەیەک عەلیی کوشت، ئیتر حەسەن ئاغا بەم کارەی بەبەردێک دوو چۆلەکەی کوشت. زوو نوریی گرت و نەیهێشت فزە بکات و لەبەر چاوی خەڵکەکەدا چەند گوللەیەکی نایە ناوچەوانییەوە و دڵی زەینەبیشی بەم کارە ڕازی کرد، کە گوایە تۆڵەی بۆ وەرگرتووەتەوە، حەسەن ئاغا لە عەلی و نوری ڕزگاری بوو، تەنیا ئامە بەم نهێنییە دەزانێ. چۆن بەوە دەزانێ ئەمە نهێنێک بوو، ئامە نەیدەویست تەنانەت بۆ خۆیشی بیگێڕێتەوە...

زەینەب و ئامە قەبرستانەکەیان جێ هێشت و لەسەر دووڕێیانەکەدا جیابوونەوە... جیابوونەویەکی یەکجاری بوو، ئامە بۆ کونجەکەی و زەینەبیش بەرەو چارەنووسی نادیاری خۆی ڕێی گرتە بەر.

لە بەرەبەیانی ئەو شەوەدا قیژە لە ماڵی حەسەن ئاغا هەڵسا و هەموو خەڵکی گەڕەگ زانییان زەینەب خۆی خنکاندووە.

***

حەسەن ئاغا کە سەرنجی ئامەی دەدا نەیدەوێرا لەبەر ئەو جووتە چاوانەی خۆی ڕاگرێ، زۆر جار خۆی ئامادە دەکرد بچێتە لای ئامە و هەرچێیەکی بووە و کردوویەتی بۆی

بگێڕێتەوە و ئەو کردەوە بەدانەی کە لە ژمارە نایەت هەمووی بۆ باس بکات و پێی بڵێ:

(ئەوەنە کردەوەی خراو خراو کردمەس ئەوەنە عالەم کوشتمە، وەباس کردن نایەن).
کەچی هەر کە چاوی بە ئامە دەکەوت ئەژنۆی دەشکاو زمانی دەبەسرا و هیچی بۆ نەدەهات ناچار دەبوو لە ڕووی سەرنجە پڕ ماناکانی ئامەدا چاوەکانی شۆڕکاتە خوارەوە... ئامەیش وەک بڵێی دەروونی حەسەن ئاغای دەخوێندەوە لەم حاڵەتەدا پێی دەوت:

– ئیە گوزەشت... چەبوود بیلا بود... گووش مەتەکن... قسمەت و نسیب وە دەس خۆد نەوی تاوان باوگد بی... باوگد وەخراوی ئیوەتد کرد... و... تووش مڵاڵ بیدو هەرزەکار بید... کەس نەوی لە ڕەشمەد بگردئا ڕەشمەد بکیشد... دی وەگوورەی دڵ خۆد... دڵد چە ئەتواست کارەکەد ئەکردی...

حەسەن ئاغا هەر کە گوێی لەم قسانەی ئامە بوو ڕەنگی دەکرایەوە و هەناسەیەکی ساردی هەڵدەکێشا و بە هەردوو لەپ ڕوخساری خۆی دەشاردەوە و شەرمی دەکرد ئامە فرمێسکەکانی ببینێت و بە دەنگێکی نەرم و تێکەڵ بە ئاخ و هەڵکێشان و پچڕ پچڕ دەیوت:

– ئاخر ئامە چوین بچەمە لای خودا چەبیژمە پی؟ چاوەگانیشم کوور بینە ئەیە گشتی گوناح ئەوانەس... حەق ئەوانەس خودا سیندەی لە لیم... جاری فرە مایەس....

ئامە نەیدەهێشت حەسەن ئاغا قسەکانی تەواو بکات، بە دەنگێکی پڕ لە ڕاستی و سۆزەوە و بە سەرنجێکی پر لە دڵنەوایی بەخشین بێ ئەوەی بیەڵێ حەسەن ئاغا هەست بەوە بکات کە ئامە بەزەیی پیا دێتەوە پێی دەوت:

– گووش مەتکن خودا کەریمە....

– ئاخ ئامە چەنی گوناح بارم... چەنی عالەم دامەس وەکوشت!! چەند ژن خراو کردمە! چەند ف٩٣١ماڵ ویران کردمە؟!... چەن...؟!!

– گووش مەتکن کردی نەکردی... گوزەشت.

ئەوی ڕاستی بێت حەسەن ئاغا مەبەستی ئەوە نەبوو ئامە دڵی بداتەوە و دڵنەوایی پێ ببەخشێ بەڵکو بە پێچەوانەوە حەزی دەکرد ئامە سەرزەنشتی بکات و پەنجەی تاوانی بۆ ڕاکێشێت و هەموو بەدکارییەکانی بخاتەوە یاد تا زیاتر بێز لە خۆی بکاتەوە، حەزی دەکرد ئامە یەکە یەکە تاوانەکانی دەستنیشان بکات، ئەم حەزەیش تەنیا لەبەر ئەوە بوو کە لە



ڕاستگۆترین کەسێکەوە سەرزەنشت بکرێ نەک لە لایەن کەسانێکەوە کە ئەم ڕۆژەیان بەهەل زانیوە و ساتێ لە دەست نادەن نەک تانە و توانجی تێگرن بەڵکو هانی منداڵە وردکەیشی لێ دەدەن... بۆیە دەیویست ئەم شتانە لە ئامەوە ببیستێ نەک لە قادر و فتح الله و عادل ئەفەندی و ئەوانی تر کە ئێستا لە پێش خەڵکەوە دەڕۆن و (با– و– بژی– و – با – و – بڕوخێ و باو بڕوخێ)یان دەکرد کە لەوە بەریش هەموو شتێکیان بۆ حەسەن ئاغا دەکرد هەتا گەوادیش.

وەک بڵێی ئامە هەستی بەو حەزەی حەسەن ئاغا کردبێ و بۆ ئەوەی زیاتر بە خۆیدا بچێتەوە و فرمێسکی پەشیمانی و هەناسە ساردەکانی هەندێ لە گوناحەکانی بیشۆنەوە... بۆیە لەسەر یەک دڵی دەدایەوە و چەند جارێکیش دەیوت:

– گووش مەتکن کردی نەکردی گوزەشت.

ئەم قسانەی ئامە لە باتی ئەوەی سۆزی حەسەن ئاغا بجووڵێنێتەوە کەچی قەتماغەی برینە کۆنەکانی هەڵدەدایەوە، هەموو وشەیەکی دەبووە خوێ و دەیکولاندەوە... بۆیە پاش ئەوەی ئامەی جێدەهێشت ڕقی دەروونی دەکوڵاو تووڕە بوون بەرچاوی دەگرت و لە هەموو شتێ بێ ئومێد دەبوو و بڕیاری دەدا تاوانێکی ئەوتۆ بکات هەرچی تاوانی لەمەوبەری هەیە ڕامالێ ئەویش ئەوە بوو بیری لە کوشتنی ئامە دەکردەوە... جاران کە کەسێکی دەکوشت بە دەسەڵات و دەوڵەمەند بوو هەرچەند دەقیقەیێک ویژدانی ئەزیەتی دەدا و لە بیری دەچووەوە و خەریکی پارە و قاچاغچیەتی و دەعوەت و دەعوەت کاری دەبوو ڕەنگیشە گەلێ جار هەر لەبەر حەزێکی ساتی خۆی لەبەر هیچ نا، تەنیا حەز، خەڵکی ئەزیەت دەدا، دادەمرکایەوە بەوەی خەڵکەکەی ئەبینی لەبەر دەستیا زەلیلن و دەپاڕێنەوە و جار جارێکیش پێڵاوەکانی ماچ دەکەن... بەڵام بیرکردنەوەی لە بڕیاری ئەم دوا تاوانەی جۆرێکی تر بوو... ئێستا نە دەسەڵاتی هەیە و نە پارە... نە کەسێکیش بە پیاوی دەزانێ، هەتا ژنەکانی و منداڵەکانی لێی بێزارن، یادە ڕەشەکانی دەرونیان هەڵکۆڵیەوە بۆ ئەوەی ئەو تروسکاییەی لە ناخیا ماوەتەوە ئەویش خامۆش کات... تروسکایەکەش ئەوە بوو کە هەندێ جار پاکانەی بۆ خۆی دەهێنایەوە کە گوایە مرۆڤە و خۆ مرۆڤیش خراپەی هەر لێ ڕوودەدا... پاشان خۆ هەر ئەو بەتەنیا خەتابار نییە بەڵکو نیواو نیوی مرۆڤەکان خەتابارن، هەر کە خۆی لەگەڵ فیرعەون و هیتلەر و مۆسۆلۆنیی و جەنگیزخان تەیمور لەنگ بەراورد دەکرد زیاتر تروسکاییەکەی دەروونی دەگەشایەوە... بەڵام تەنیا قسە نەرمەکانی ئامە ئەو

تروسکایەشی نەدەهێشت، بۆیە کوشتنی ئامە ببوە دوا مەبەستی... ئەویش نەک هەر لەبەر ئەوەی ڕقی لە ئامەیە و خۆشی ناوێ بەڵکو بۆ ئەوەی ئیتر هیچ بەزەییێکی بە خۆیدا نەیەتەوە ئەم بڕیارەی دابوو.

***

ئێوارەیەکی درەنگ، هەمو ڕیشۆڵە و چۆلەکەکانی سەردار، قەڵەم تۆزەکانی سەر شۆستەی شەقامە گەورەکەی شار بە جریوە جریوێکی بە سۆز، ماڵئاواییان لە هەتاو دەکرد کە وردە وردە ڕەنگە خوێناوییەکەی لە ئاسۆدا تاریک دەبوو... خەڵکە هەریەکەو بە جۆرێ لەناو دنیای خەیاڵی خۆیدا بەلایەکا دەچوو، کرێکارەکان زۆربەیان دەستەسڕی گەورەیان لە نان و سەموون پڕ کردبوو، بەرەو لای ماڵ و منداڵەکانیان دەچوون، ناوە ناوە هۆڕنی ئوتوومبیلێک سەری بە هەندێکیان بەرز دەکردەوە و ناوەڕاستی شەقامەکەیان جێدەهێشت و دەچوونە سەر شۆستەکانەوە، حەسەن ئاغا لە ئەوبەری شەقامەکەدا وەکو تارماییەک وردە وردە دەجوولایەوە، بە قورسیەوە هەنگاوی دەنا و لەژێر هەرداره قەلەم تۆزێکدا بۆ چەند ساتێ دەوەستا و گوێی هەڵدەخست و جریوە جریوی مەلەکان هەندێ هێمنی و ئارامییان پێ دەبەخشی و گەلێ جاریش سەنگی جەستەی دەخستە سەر گۆچانەکەی دەستی و لە تێڕامانێکی سەیردا خۆی ون دەکرد، گەلێ جاریش چاوە کزەکانی ئەبڕییە بۆشاییەوە تا ماوەیەک نەیدەتروکاند، ئەوەی حەسەن ئاغای بەم چەشنە بدیبا بێگومان دەیوت:

– بخۆرەی ئاخر شەڕ وەها شەل و شیت بیدە.

ئەو ئێوارەیە حەسەن ئاغا وای دەزانی هەموو ئەو کەسانەی بە شەقامەکەدا تێدەپەڕن، هەریەکەیان لیستەیەکی پێیەو تاوانەکانی حەسەن ئاغای تیا تۆمار کراون، بۆیە ئەوەندە بە نەرمییەوە هەنگاوی دەنا تا زیاتر خەڵک بیبینێ و زیاتر هەست بە تاوانەکانی خۆی بکات، هەتا لە شەقامەکەوە گەیشتە کونجەکەی ئامە، دوا بڕیارەکەی لە مێشکیدا چەسپی و هیچ ڕێیەکی بۆ پاشگەزبوونەوە نەهێشتەوە، هەر کە لە دەرگای ماڵی ئامەوە خۆی کردە ژورێ بە دەنگێکی بەرز بانگی کرد.

– ئامە.

– ها، بەلی.

– نەییژ بەلی... بیژ قوزەڵقورت... ئینشائەڵڵا کوور بید، بمرید.



– ئەرا؟ ئاغا... من دوعای شەڕ ئەرا کەس نیێکەم، خودا قەبوڵ نیێکەد.

– خودا قەبوڵ کەد و زیاتریش. کار وە پید دیرم، بزام جورعەت دیرید کارەگەم جی وەجی بکەی؟

– چەس ئاغا خێرە؟

– ئەگەر ئەی کارە ئەرام کردید بوودە کوپری و بە دەدە جەننەت.

– جەننەت!! هە! جەننەت هالە کوورە؟ وە دەس کی کەفد؟ دونیا خۆی قیامەتە.

–...............

– فەرموو.

– نیێویرم بیژمەی، بەس توو قەسەم بخۆ ئەرام جی وەجی بکەیدەی تا.

– ئاغا خاس زانید من وە هەوانتە قەسەم نیێخوم هەر خۆم قەسەم نیێخۆم خاس شارەزای تەبیعەتمید. ئێە چەتواید؟ دوێتەگاند ئیوەت بکەم؟ وە بان چاو، حەوشەگەد پاک بگەم؟ وە بان دیدەگانم... من خۆم گچشتی ئەراد کەم وە ڕج لەوە توو داوا بکەید.

– بە. بەس . بەس ئامە بەس، هەی هاوار هەی هاوار.

– ئاغا چەدە ئیمەشەو وەک جاران نید.

– ئیمشەو من پووقە کەم ئەگەر...

– ئەگەر چە؟

حەسەن ئاغا هەرچییەکی کرد نەیتوانی مەبەستەکەی خۆی بۆ ئامە بدرکێنێ و نەیدەزانی بە چ شێوەیەک تێی بگەیەنێت کە هاتووە بیکوژێ. بەڵام چ کوشتنێ؟ نەک ئەو کوشتنەی کە ڕق و تووڕەیی دەبێتە چەک بەڵکو دەیوست خۆشەویستی و سۆزی خۆی بکات بە چەک و ئامە بکوژێ و ئامە پێبکەنێ و قاقای پێکەنینەکەی لە مێشکیدا دەنگ بداتەوە و ئەمیش بە خوێنەکەی ئامە دەست و پێ و سەر و چاوی خۆی سواخ بدات و بکەوێتە ناو شارەوە و پڕ بەدەم هاوار بکات: (من ئامە کوشتم...! من تاوانبارم.! ئەیە ئەوەڵ و ئاخر تاوانەگانمە بان وەدار وەکوچگ وەتف ڕەجمم بکەن).

ئامە ئەوەندە بەنەرمییەوە قسەی لەگەڵدا دەکرد، حەسەن ئاغا نەیدەتوانی هیچ بڵێ و نەیشیئەزانی چۆن سەیری چاوەکانی ئامە بکات ئەوەندە پەشۆکا بوو زمانی تەتەڵەی

دەکرد. لەلایەکەوە ناحەقی نەبوو، چونکە هەر لە ئێوارەوە کە بە شەقامە گەورەکەدا تێدەپەڕی لەناو دنیای خەیاڵیدا ون ببوو و جووتە چاوە زەردە خەواڵووەکانی مەریەمی ژن برای ببوە دوو پشکۆ و ئاگری دۆزەخیان لێ دەردەپەڕی، لە شەقامەکەیدا کە سەنگی خۆی دەخستە سەر گۆچانەکەی و سەیری بۆشایی دەکرد، ڕووداوەکانی پانزە ساڵ لەمەبەر بە وردییەوە بەبەر چاویا تێدەپەڕین، بە تایبەتی ئەو ئێوارەیەی کە چووە خوازبێنی مریەمی ئامۆزای خۆی بۆ سەعید ئاغای برای کە تەمەنی بیست ساڵان بوو، گەنجێکی ڕوح سووک و خاوەن دڵێکی بەسۆز بوو، عاشقێکی بێگەردی مەریەمی ئامۆزای بوو کە لە دێیەکەی ئەوبەریاندا باغ و بێستان و ماڵ و ماڵاتێکی زۆریان هەبوو... ئەو ئێوارەیە حەسەن ئاغا دڵی زۆر خۆشبوو کە ئەوڕەحمانی مامی بە دڵخۆشیەوە مەریەمی کچی پێشکەش بە سەعید ئاغا کرد... حەسەن ئاغا کە سەعیدی بینی ئەوەندە دڵخۆشە ئەمیش لە خۆشیا دەگەشایەوە، بۆ یەکەمجار لە هەموو تەمەنیا بێ ڕیا و مەبەست هەرچی هەژارەکانی ئەو دەور و بەرە هەبوو هەموویان کەوتنە بەر خێر و خێراتی حەسەن ئاغاوە... کاتێ کە مەریەمیان بۆ سەعید ئاغا گواستەوە حەوت شەو و حەوت ڕۆژ شاییان بۆ گێڕا... بەڵام هەر پاش مانگێ شەوێکیان حەسەن ئاغا بە جێبەکەیەوە کە لە شار گەڕایەوە بۆ دێ، دەعوەتی قایمقام بوو، زۆر سەرخۆش بوو، بە خۆیدا دەهاتەوە، لە گەلێ شت ببووەوە، درەنگ گەیشتەوە ماڵەکەی و چووە ژوورە تایبەتییەکەی خۆیەوە، هەوڵیدا بخەوێ، خەوی لێ نەکەوت، هەتا بەرەبەیان هەر گێنگلی دەدا، وێنەی مەریەمی لەبەر چاو لانەدەچوو، وا ڕێکەوت ئەو شەوە سەعیدی برای لە ماڵ نەبوو دەیزانی سەعید لە ماڵ نییە، چووە سەر جێیەکەی مەریەم، زۆری لێکرد، دەمی بەست و ئابڕوی برد پاشان گەڕایەوە و لە ژوورەکەی خۆیدا خەوت.

سەعات هەشتی بەیانی بەدەنگی گریانی خەڵکەکە بە خەبەر هات.

وەک شێت هەڵسایە سەر پێ، پێیان وت مەریەم خۆی کوشتووە، خۆی گەیاندە ژوورەکەی مەریەم، بینی خەڵکی لەسەر تەرمەکەیدا وەستابوون و دەگریان، دەستی ڕاستی مەریەم توند چەقۆیەکی گوشی بوو و لەسەر سنگی خۆیدا بوو و خوێنەکەی ئەو ناوەی سوور کردبوو... حەسەن ئاغا بەرچاوی تاریک بوو، بۆ یەکەمجار لە تەمەنیا ترس ڕێی بەناو دڵی برد، ڕەنگی تێکچوو، هەر بەدەوری خۆیدا دەسوڕایەوە... هەتا چەند مانگێ پاش خۆکوشتنی مەریەم حەسەن ئاغا وڕ و کاس بوو... بەڵام لە پاش ئەوە ئیتر لە بیری



چووەوە ئینجا زیاتر خەڵکەکەی ئەزیەت دەدا و زۆری پێ خۆش دەبوو دەوروبەری خۆی بە زەلیلی ببینێ...

حەسەن ئاغا هەتا گەیشتە کونجەکەی ئامە ئەم وێنانە بە بەرچاویا تێدەپەڕین، وەها گێژی کردبوون حەزی دەکرد ئەم نهێنیەش بۆ ئامە ئاشکرا بکات و بەوپەڕی ڕاستگۆییەوە بڵێ من ئابڕوی مەریەمم برد و پاش چەند مانگێکیش لە ترسی ئەوەی ئەم نهێنییە ئاشکرا نەبێ سەعیدی براشم دەرمان خوارد کرد و کوشتم... حەسەن ئاغا بەرامبەر بە ئامە دانیشتبوو زۆری لە خۆی دەکرد پێش ئەوەی بڕیارەکەی بەجێ بێنێ ئەم نهێنیانەی بۆ ئامە ئاشکرا بکات، بەڵام نەیتوانی، پاش نەختێک دانیشتن داوای ئاوێنەی لە ئامە کرد... نەخشەی وا کێشابوو کە پاشی ئەوەی پڕ بەدڵ سەیری خۆی بکات و بە جوانی هەموو تاوانەکانی خۆی ببینێ... زۆر سەیری ڕوخساری خۆی کرد و بێدەنگ بوو، ئامەیش هەروەها بێدەنگی دایگرتبوو.

حەسەن ئاغا ئاوێنەکەی شکاند، ئامە هیچی لێ نەپرسی و حەسەن ئاغاش هەر بێدەنگ بوو، پارچەیەکی گەورەی لە ئاوێنە شکاوەکە گرتە دەست بە مەبەستی ئەوەوە هێرش بەرێتە سەر ئامە و سەری بەو پارچە ئاوێنە شکاوە ببڕێت بەڵام نەیتوانی لە جێیەکەی خۆیەوە هەڵسێ، جارێکی تر لە پارچە ئاوێنە شکاوەکەدا سەیرێکی خۆی کردەوە و پارچە ئاوێنەکەی چەقاندە سەر دڵی خۆیەوە.

هاوارێکی نزم لە دەمیەوە هاتە دەر، خوێنی سەر سنگی حەسەن ئاغا کونجەکەی ئامەی پیس کرد... ئامە ویستی فریای کەوێ بەڵام بێ سوود بوو، کار لە کار ترازا بوو...لە دەقیقەیەکی کەمتردا حەسەن ئاغا گیانی دەرچوو...ئامە سەری لێ تێکچوو، نەیزانی چی بکات، کێ باوەڕی پێدەکات کە حەسەن ئاغا خۆی خۆی کوشتووە؟ بە دەور تەرمەکەیدا وەکو شێت هەر دەسوڕایەوە.

***

– میمی توو باوگم کوشتید.

–..................

ئامە نەک هەر تەنیا بێدەنگ بوو بەڵکو هیچ شتێکیشی نەدەبیست، ئەوەتا لە پۆلیسخانەدا کچەکانی حەسەن ئاغا پەنجەی بۆ درێژ دەکەن...

هەرچی پرسیارێکی مەئموور مەرکەز لێی دەکرد ئەم لە بەرامبەریدا بێدەنگ بوو، تەنانەت وەڵامی پرسیارەکانیشی نەدەدایەوە.

- ناود چەس؟
- ...............
- عومرد؟
- ...............
- خەڵک کوورەی؟
- ...............
- حەسەن ئاغا کوشتید یان نە؟
- ...............
- وەچە کوشتیدەی؟
- ...............
- ئەگەر قسە نەکەی مەعنای ئەوەس کە وەدەس خۆد کوشتیدە سەی.
- ...............

مەئموور مەرکەزەکە نەیدەزانی بە چ زمانێک و بە چ جۆرێک ئامە بێنێتە قسە، ئەم هەواڵە لە یەک دوو سەعات کەمتر هەموو شاری وروژاند، گەورە و بچووک تووشی سەر سوڕمان هاتبوون...

- ئامە ڕەش حەسەن ئاغا کوشتیە.

هەندێ ژن و ژاڵ ئەوەیان دەسەلماند کە ئامە زۆر لە مێژە ئەمەی لەلای خەڵکیدا وتووە کە دەبێ ڕۆژێ حەسەن ئاغا هەر بکوژێ... هەندێ ئافرەتی تریش بەرپەرچی ئەم بوختانەیان دەدایەوە و بەرگریان لە ئامە دەکرد، زۆربەی حاجییەکان باوەڕیان وا بوو کە ئامە ئەم کردەوەیەی کردووە، هەندێکیان لەسەر یەک دەیانوت: لاحول وەلا قوەتە ئیللا بیللا.

ئەم هەواڵە لە هەموو ڕوداوەکانی لەمەوبەر شاری کاریگەر تر کردبوو، لە چایخانە و کۆڵان و بازاڕ، لە ماڵان هەتا لە مزگەوت و قوتابخانە و نەخۆشخانەکانیشدا لەم دەم بۆ



ئەو دەم ئەم هەواڵە بازی دەدا، وەکو ئەوەی درمێکی ساری کەوتبێتە ناو خەڵکەوە ئاوها بەم هەواڵە وروژابوون.

ناهەقیان نەبوو. یەک دوو ڕۆژێ تا پرسەکەی تەواو بوو باس هەر باسی ئەو ڕووداوە بوو و هەرکەسە بە جۆرێ لێکی دەدایەوە... زۆری نەخایاند باسێکی تازە سەری هەڵدا کە گوایە (ئەمین هیتلەر)ی حەس حەس لە چایخانەکەی (الله وێردی) دا بۆ ئەو سێ چوار زەلامەی خەڵکی قۆرەتوو باسی کردووە کە ئەمرۆ هەر سەر لە بەیانی (مچە) چووەتە بەر دەستی معاون بهجت و وتوویەتی:

- من وە دەس خۆم حەسەن ئاغا لە ماڵەگەی ئامە ڕەش کوشتم.

لە پێشا معاون باوەڕی پێ نەکردووە بەڵام مچە هەر لەسەر قسەکەی خۆی سوور بووە، (میتی) کە لە پشتی ئەو سێ چوار کەسەی خەڵکی قۆرەتوودا دادەنیشێ و دۆمینە دەکا گوێی لەم قسانەی ئەمین هیتلەر دەبێ... دۆمینەکەی جێ دەهێڵێ و دەکەوێتە ناو شارەوە و ئەم قسەیە بڵاودەکاتەوە...

خەڵک زۆری لا سەیر بوو کە یەکێکی وەکو مچە دەتوانێ یەکێکی وەکو حەسەن ئاغا بکوژێ، پاشان مچە و حەسەن ئاغا پەیوەندییەکی دیارییان بەیەکەوە نەبوو و کەس بەیەکەوە نەیدیبوون. سەرەڕای ئەو ڕاستییانەش حەسەن ئاغا لە ماڵی ئامەدا کوژرابوو... کەسێکیش ئەو ئێوارەیە مچەی لەو گەڕەکەدا نەدیبوو... لە سەرەتادا وایان زانی مچە شێت بووە، هەندێ کەسیش دەیوت: نە باوە شیت چە، خەرگ وەبان سەر حەسەن ئاغا...

دیارە بۆ ئەوە دەڵێ من حەسەن ئاغام کوشتووە تا بیبەنە حەپسخانە ئیتر لەوێ نان و جێی خەوتنی دەست دەکەوێ، بە هەر جۆرێ بێ حەپسخانە بۆ ئەو باشترە لەوەی هەمیشە لەسەر جادەکان بسووڕێتەوە و هەر ڕۆژە و ئیشێک بکات، هەر هیچ نەبێ بەبێ ئیشکردن نان دەخوا و جێی خەوتنی دەست دەکەوێ.

لە لایەکی ترەوە هەندێ لە خەڵکەکە بە تایبەتی ئەوانەی لە کاتی خۆیدا چڵکاوخۆری حەسەن ئاغا بوون و لە ماڵەکەیدا نۆکەری و ڕەنجبەرییان دەکرد باوەڕیان وابوو کە مچە ڕاست دەکات و دەیانوت: مچە گەورا بییە و زاند حەسەن ئاغا چەنی تەعەدا لە دایگی ئەکرد، دی هەق خۆی و دایگی لەلی سەند. هەندێکی تری خەڵکەکە لە نێوانی باوەڕ و گوماندا بوون، هەر ساتەو بە جۆرێک دەگۆڕان و ڕای خۆیان دەردەبڕی.

له كاتێ كه هەواڵــی كوژرانی حەسەن ئاغا گەیشته مچه، مچه نەیدەزانی چی بكات، باوەڕی بە قسه جۆراوجۆرەكانی خەڵكەكە نەدەهێنا نەیدەزانی چی بكات، ناوبەناو بەدەنگی بەرز دەیوت: نه نه ئامه ڕەش حەسەن ئاغا نەكوشتیه. ئامه پیاو كوژ نییه.

ئەم هەواڵه گێژی كرد، بەر چاوی تاریک بوو له هیچ شوێنێكدا ئۆقرەی نەدەگرت. نەیدەزانی به چ كۆڵانێكدا دەڕوات و مەبەستی چییه، لەم هاتوچۆ كردنه، بەدەم ڕۆیشتنەوه وڕێنەی دەكرد ئەو ساته سامناكەی دەهاتەوه پێش چاو كه له گۆڕستانەكەدا دایكی خۆی دەنایه چاڵ و ئامەی بینی و گفتوگۆی له گەڵدا دەكرد به تایبەتی ئەم وشەیەی هەر له گوێیدا دەزرنگایەوه.

(ئامه بیژ من كوڕ كیم؟ باوگم كییه؟ بیژ............ نەشارەوەێ!.)

مچه ئەگەرچی سەرتاسەری ئەو ڕۆژه نانی نەخواردبوو و زۆری برسی بوو ئەم هەواڵه نانی لەبەر چاو خستبوو، دڵی تێكدەچوو. ورده ورده هەنگاوەكانی بەرەو ماڵی مەلیحه برد... له پێشدا مەبەستی نەبوو بچێته لای مەلیحه كه له پڕ خۆی لەلای مەلیحەدا بینی، وەئاگا هاتەوه، لێی نزیک بووەوه... ئەگەر چی لەمەوبەر مەلیحه وەكو نەفەر سەیری مچەی دەكرد كەچی ئەمجاره نەخێر... زمانی یاخی بوو... قایل نەبوو خۆی بۆ ڕووت كاتەوه... مەلیحه بەرامبەری دانیشت وەک ئەوەی نهێنییەكی پێ بێ به ترسەوه بیدركێنێ به مچەی وت:

– ئامه حەسەن ئاغا كوشت، عالەم وەها ئیژن.

مچه بێدەنگ بوو، مەلیحه دووبارەی كردەوه، بۆ یەكەمجار مەلیحه هەستی بەوه كرد كه مچەیش وەكو خۆی كلۆڵه، ئەگەر چی مچه یەكەم كەس بووه بەرەو ئەم كار و دەرگایەی ناردووه بەڵام دەبێ هەردووكیان هەست بەو گەورەیی و ڕوحه پاک و خاوێنەی ئامه بكەن.

مچه چاوەڕێی ئەوەی دەكرد مەلیحه سەرزەنشتی بكات و بێدەنگی ئەم ماوەیەی بتەقێنێته سەرییەوه... مچه حەزی دەكرد جنێویشی بداتێ و پێی بڵێ گەواد، تەرەس، هەرچی خراپه پێی بڵێ، ئازاری هەره گەورەی مچه بێدەنگییەكەی مەلیحه بوو، ئەمڕۆ مەلیحه بێدەنگ نییه... مچه بێ دەنگه و چاوەڕوانه...چاوەڕوانی سەرزەنشت و تف و جنێو دەكات، كەچی مەلیحه به هێمنییەوه له گەڵیا دەدوێت.

– مچه... ئەگەر تووش نەویاتا ید من هەر بەخته ڕەشەگەم ئه هاوردمه بان ئەی كاره...



خەتای توو نەوی... خەتای باوه ژنم بێی... خۆشم ترسنۆک بیم و ئەی كاره قەبوڵ كردم ئەگەر خاس بیاتام خۆم ئەكوشتم بەس چەبكەم بێدەسەڵات و ترسنۆكم... بیمه سه گوناه هەڵگر... قەچاغچی و داڵه و خۆر تێن و بار گوناهیان خەنه بان شانم... گشت ڕۆژێک گشت شەویگ... عالەم وه نۆره وەسن ئەرام... هەر دەقەییگم مردنیگه . ڕۆژی هەزار جار مرم و زینگەو بووم... مچه سویچ توو نەوی ئەوها له چارەم نویسریاس، خودا له چارەم نویسانێسەی... ئامه نەهیشت خۆم بكوژم... خۆشم ترسنۆک بیم... بێدەسەڵات بیم گشت ڕۆژی ئەهات و گوش له لیم ئەتەكان و سەبووری ئەدایه پیم... مچه نه... هەر خەتای توو نەوی... خەتای خۆم بی... بەدبەخت بیم... چاره ڕەش بیم... نەگبەت بیم... ئاخر شەڕبیم...خەرگ چیبیه بان سەرم... ئی ئهی...ئهی بەدبه... ئهی خت بیم... هەر ئهی له... له ئەوەڵ ڕۆژەو ئهی... ئای دایه... نازانم گوناهم ئهی چەبی وەها ڕەسیمه ئەی حاڵه... ئەی جەوره بكیشم؟...مچه تووش وەک من كەم بەدبەخت نەوید... خودا زاندكی ئیژد لەمن بەدبەخت و نەگبەت ترنید... بەس توو پیاوید توانید قسه بكەید... من نێتوانم قسەش بكەم... ئەگەر قسەش كردم چه له دەسم تێد؟ شكات لەلای كی بكەم؟ كێ؟ لەلای خوداش شكات كردم. ئا هەر مەلایكەت مایه نەپەڕده ئەی بەر... مچه كی توايد بەس بپرس حاجیەگان؟ هه! مومەڵاگان؟ فەقیەگان؟...ئەو چشته من زانمەی توو نێزانیدەی.

مەلیحه دەیویست بڵێ ئەم كاره قوتابخانەیەكی سەیره و مرۆڤ فێری زۆر شت دەكات و له ماوەیەكی كەمدا هەموو دەمامک له ڕووەكان ئاشكرا دەكات و ڕوخساره ڕاستەقینەكان دەبینێ... كەچی مچه حەزی بەم قسانه نەبوو، چونكه خۆی به جۆرێكی تر له نێو ئەم بەدكارییەدا دەتلایەوه و هەزار دەمامک له ڕووی ئاشكرا بووه... قسەكانی بەدڵ نەبوو، نەک لەبەر ئەوەی مەلیحه له شتێک دەدوێ و ئەم دەیزانێ... بەڵكو حەزی له جۆره باسێكی تر بوو ئەویش پەیوەندی به دەروونی خۆیەوه هەبوو ڕاستتر حەزی له تف و سەرزەنشت بوو، وایدەزانی گەر ئەو لەكانەی ناو چەوانی تفی مەلیحەیان بەر نەكەوێ سپی نابنەوه. خۆی زۆر به لەكەدار و گوناهبار دەزانی...

هێزێكی سەیر، له وزەی هەردووكیان بەدەر بوو، له یەكتری نزیكیان كردەوه، مچه لەنێو بێدەنگیدا مات ببوو... مەلیحەش له نێو زۆر وتن و فرمێسک هەڵڕژتنا ئۆقرەی لێ هەڵگیرا بوو، له یەكتری نزیک بوونەوه، بۆ یەكەمجار مچه هەستی بەوه كرد كه مرۆڤه و ژیان خۆشه چونكه یەكەم جاره مەلیحه بەنەفەری نازانێ!

مچە ئەم هەلەی لە دەست نەدا، بۆ ئەوەی ڕەگی مرۆڤایەتی خۆی چاکتر بچەسپێنێ چڕپاندییە گوێی مەلیحە...

– گووش مەتەکن، نەترس، هەر چوینیگ بوود قورتارد کەم و خواز مەد سەر هەڵگرین ئەرا شاریگ تر چی من و... لەی جەهەنەمە قورتار بووین... دویر فرە دویر کەفیمن... باوەڕ بکە وەقەورەگەی...

قسەکەی بۆ نەدەهات نەیدەزانی بە قەبری کێ سوێند بخوات قسەکەی بۆ تەواو نەکرا، کە مەلیحە پێی وت:

– ئەزیەت خۆد مەدە، وە ئاگر من خۆد مەسوزن تازە تازە... من بیمە سە خۆڵەکوی... دی گوزەشت فایدەی نییە.

بۆ چەند چرکەیەک هەردووکیان بێدەنگ بوون حەزیشیان دەکرد درێژە بە قسەکانیان بدەن و بێدەنگ نەبن، لەپڕ مەلیحە وتی:

– توو باوەڕ کەید ئامە ڕەش حەسەن ئاغا کوشتیە؟

–..............

– من باوەڕ نێکەم.

–..............

– قەچاغچێ و حاجێ و ئەفەندییەگان ئیژن:

حسەن ئاغا دەسی لە کەس نەئەپاراست، هەر چشتێگ بکەفتادە ژێر دەسی هەر ژنیگ لە ماڵەگەی بیاتاد دی....

مەلیحە هیچ مەبەستێکی نەبوو، ئەگەرچی دەیزانی دایکی مچە لە ماڵی حەسەن ئاغادابووە و حەسەن ئاغایش قسووریی لێ نەکردووە، بەڵام لەم قسە کردنەی ئێستایدا مەبەستی نەبوو مچە بریندار بکات، مەلیحە هەستی بە تێکچوونی مچە دەکرد، هەوڵی دەدا باسەکە بە قسە و باسێکی تر بگۆڕێ کەچی وەکو شتێک کە خۆی پێ نەگیرێ هەر لەسەر هەمان گفتوگۆ ڕۆیی و درێژەی پێ دا و وتی:

– حەسەن ئاغا سەگ باوگ سەد مڵاڵ زیاتر دیرد... مڵاڵەگانیشی نێزانن کوڕ کێن، ئەوەنە بێ ڕەحم بی دەروەن هیچ چشتیگ نەئەهات...



هەر کە مەلیحە ئەم قسەیەی تەواو کرد مچە جارێکی تر وێنەی ئامە و گۆڕستان و ئەو شەوەی دایکی خۆی لە چاڵ دەنا بە بەرچاویا تێپەڕی و قسەکەی خۆی لە گوێدا دەزرنگایەوە کە چەند جارێ بە ئامەی دەوت:

(ئامە بیژ کوڕ باوگ خۆمم یان نە؟).

مچە هەڵسایە سەر پێ... بەڵام بەبێ خواحافیزی مەلیحەی جێ هێشت و گەڕایەوە و ئەو شەوە هەتا بەیانی خەوی لێ نەکەوت و هەر ئەم دیو و ئەو دیوی دەکرد و بەیانی زوو خۆی گەیاندە پۆلیسخانە و لەبەردەم معاون بەهجەت وتی: – من حەسەن ئاغا کوشتم.

***

هەر لە بەیانی زووەوە هەتا ئێوارە هەر پرسیاری جۆر بە جۆریان لە مچە دەکرد، مچەیش قسەکانی خۆی نەدەگۆڕی و سوور بوو لەسەر ئەوەی کە حەسەن ئاغای کوشتووە و دوا داواشی ئەوە بوو ئامە ڕەش ببینێ و داوای لێبوردنی لێ بکات، چونکە چەند ڕۆژێکە بە تاوانی ئەممەوە حەپس کراوە و پاشان هەر چییەکی لێدەکەن ئەوا کەیفی خۆیانە.

دەمەو ئێوارە بردیانە لای ئامە... لێی نزیک ببووەوە و بەدەم گریانەوە کەوت بەسەر دەست و پێیدا وەک ئەوەی بەڕاستی حەسەن ئاغای کوشتبێ ئاوها ڕەفتاری دەکرد بە ئامەی وت:

– ئەرا کوشتیدی... من بکوشتامەی خاستر بی؟ هەق ئەی عالەمە لەلی بسەندام... ئاخر ئەرا؟ ئەرا؟.

ئامە هەتا ئەم قسەیەی نەبیستبوو هەر بێدەنگ بوو، ئەم قسەیە کلیکی زمانی کردەوە و بە مچەی وت:

– نەکوڕم... چووین بوود کوڕ باوگ خۆی بکوژد؟ هەر چەبوود هەر باوگیە.

هێشتا ئامە قسەکانی خۆی بە چاکی تەواو نەکردبوو. مچە وەکو پڵنگێکی بریندار هێرشی بردە سەر ئامە و هەردوو دەستی لە ملی گیرکرد و وردە وردە دەستی دادەگرت و دەیوت:

– ئامە بیژ... ئامە... من کوڕ باوگ خۆمم یا....! ئامە بیژ...

ئەوی ڕاستی بێت مچە مەبەستی ئەوە نەبوو ئامە ئەزیەت بدات، بەڵکو دەیویست ڕێی قسەکەی ئامە بگرێ و نەیەڵێ بگەڕێتەوە بۆ دەروونی وردە وردە بە توندی دەستی

دادەگرت و لەسەر یەک دەیوت:

– ئامە بیژ من کوڕ باگ خۆمم؟

ئەگەر چی یاساوڵەکان بە قۆناغە تفەنگ و بە تێلا لە مچەیان دەدا، مچە هەستی بە ئازار نەدەکرد و هەستی بە بوونیشیان نەدەکرد و زیاتر دەستی دادەگرت و لە سێ چوار دەقیقە کەمتر ئامەی خنکاند وەکو مەڕمەڕێکی ڕەشی سارد لەبەر دەستیا سارد بووەوە...

دەستی کێشایەوە، کە بینی ئامە گیانی تیا نەماوە و مردووە، هەستی کرد هێزێکی زۆر سەیر لە پەنجەی پێیەوە هەڵدەکشێتە تەوقی سەری و دڕندانە هێرشی بردە سەر یاساوڵێ و تفەنگەکەی لە دەستی سەند و هێنایە سەر پێ و گوللەیەکی نایە چەوانی خۆیەوە و بە پشتا کەوت و پەڵە خوێنێکی سوور و گەرمی خۆی پژاندە سەر تەرمەکەی ئامەوە.

ڕێککەوت نەبوو کە سەری مچە لەسەر سنگە ڕەشەکەی ئامەدا دوا ئارامی گرتبو و هەرچی خەم و پەژارە و ئاوارەیی هەبوو لە ڕێی خوێنەکەی سەریەوە دەتکایە سەر سنگی ئامە و کراسە شڕەکەی ئامەیش خوێنەکەی دەمژی.

***

ئای ئامە

ئەم وێنەیە کە نازانم کەی و چۆن و لە چ کاتێکدا گیراوە، وا دەستم بە دەستی تۆوەیە و پەلکێشم دەکەیت... بۆ ئەم ئێوارەیە بەر دەستم کەوت؟.

ئەم گشت یاد و یاداشتانەت وەبیر هێنامەوە... بریا هەروەکو هەموو شەوانی بێئارامیم وەکو هەموو شەوانی فرمێسکاویم پەنام دەبردە بەر حەبەکانم و ڕێم لە یاد و سەختی ژیان و دنیای دەمامکدار دەگرت... بەڵام نازانم بۆ و چۆن بوو، بۆچی دەگەڕام وا ئەم وێنەیەم لە نێو کتێبەکانمدا دۆزییەوە.

بشێ تەنیا وێنەیەک، وێنەیەکی تەمەن نادیار، دنیایەکی خامۆش و فەرامۆشکراو زیندوو بکاتەوە؟...

ئەوا ئامە

ئامەی دایەن و مرۆڤ

نموونەی مرۆڤی کلۆڵ



ئەم وێنەیە

ئەم یادگارە دەدڕێنم

بمبوورە هەی پیرۆزتر لە دایک

هەرکە وێنەکەم دڕاند و فڕێم دایە دەرەوە، ئەو شەوە هەر چییەکم کرد نەمتوانی بخەوم، هەڵسامەوە و دانیشتم و گڵۆپی ژوورەکەم هەڵکرد و دەستم دایە قەڵەمەکەم و هەرچەندم کرد جگە لەم چەند دێڕە زیاترم پێ نەنووسرا.

ئامە

ئامە مردی

بۆ دوا جار چاوەکانت لەیەک نا و ماڵئاواییت کرد.

ئەو جووتە چاوانەی

هەمیشە ئارامگای مناڵانی زۆڵ و ئاوارە و بێوە ژنان و

دەربەدەر و کلۆڵان بوون...

ئەو چاوانەی

بێ ئارام و بێ ئۆقرە بوون.

ئەو چاوانەی

فرمێسکەکانی بووبوونە دەرمان و تەنیا

برینی هەژارانی سارێژ دەکرد

ئارام و دڵنەوایی پێ دەبەخشین

هێز و توانای باوەڕ بەخۆهێنان و سەرکەوتنیانی پێ دەبەخشین

بەڵێ ئامە

فرمێسکەکانی تۆ

دەرمانێکی ئەفسوناوی بوون

***

دڵت

ئەو دڵە بە سۆز و نەترسەت

بەهەشتی کەساسانی شار بوو

هەرچی خەم و پەژارەییبیان هەبوو

تۆ کردبوونت بە تۆ و لە کێڵگەکانی

بەهەشتی دڵدا دەتڕواندن

بەهەشتی دڵت

هەزاران هەزار داری خەمی تیا ڕوابوو

کە بەری خەندەی دوارۆژێکی ئاسودەیان گرتبوو

دڵت بەهەشتی هەژاران بوو

ئاوارە و دەربەدەر

بێوەژن و کچی خەڵەتاو

پەری و فریشتەی ئەو بەهەشتە دڵـی تۆ بوون ئامە

ئامە دەتویست

خوێنی دڵت بکەی بەو ئاوە ئەفسووناوییەی

تاوانی تاوانباران بشواتەوە

گوناهی گوناهباران ڕاست کاتەوە

هەموو دز و درۆزن و جەردە و قاچاغچی

هەموو فێڵباز و خوێن مژ و ئاغا و دەرەبەگەکانیش

بەو خوێنە پیرۆزەی دڵت ڕێگەی ڕاست بگرن و لە خراپەکارییان دوور بخەیتەوە.

تا بەهەشتەکەی دڵت پیس نەکەن

جێگات بۆ هەموو کەسێ کردبووەوە



ئای ئامە... ئای بەهەشتی گەڕۆک و ئاوارە

ئەی هەمیشە خەمخواری مرۆڤی بێچارە

***

سەرت

نەک بەقەد گۆڕستانەکەی پاشا کۆپری

نەک بەقەد گۆڕستانە پیرۆزەکەی نەجەف

نەک بەقەد هەموو گۆڕستانەکانی جیهان

نهێنی چیرۆکی نەنووسراوەی تەمەنی ژیان

ژیانی مرۆڤ

مرۆڤی چەوساوە و هەژار

هەژاری بێ دەرەتان... لەناو ئەو سەرەی تۆدا

ئارامیان گرتبوو

ئەی ئامەی سەر گۆڕستان

ئەی گۆڕستانی گەڕۆک و ئاوارە

سەرت

نەزرگای خۆت بوو

سەرت

ئیمام و پیر و پیاوچاکان بوو

سەرت

دۆزەخی هەمیشەیی گیانی وێڵت بوو

ئامە سەرت

لەگەڵ ئەوەی گۆڕستان بوو

هەرچی نزای مرۆڤ هەبوو

هەرچی نوێژی بڕواداران هەبوو
ئا لەوێوە
بۆ بارەگای یەزدان ئەچوو

***

نەخوێنەوار و کەم دوو بوویت
کەسێ فێری نەکردبوویت
ڕەوشت چییە؟!
باوەڕ چییە؟!
کەسێ فێری نەکردبوویت
مرۆڤ چییە؟
خۆت تەنها خۆت
خۆتت فێرکرد
لەنێو درۆ و فێڵبازیدا
ڕاستیت ناسی، خۆتت فێر کرد کە ڕاستگۆ بی
لەنێو ڕیا و سەد ڕوویییدا
یەک ڕوو بیت و خۆت بۆ دەرکەوت
خۆت هان دەدا
خۆتت فێر کرد کەیەک ڕووبن
لەنێو دڵپیسی و درۆ و کینەدا
لەنێو ڕق و توڕەبوون و ئیرەییدا
دڵپاکی و هیمنی و چاوتێری و خاوێنیت وەدەس هێنا
لەنێو ترس و لەرزی بێکەساندا
لە کڕنۆشبردنی هەژاراندا



لەنێو پاڕانەوە و بێ دەسەڵاتی کلۆڵاندا
هێز و سەربەرزیت وەدەس هێنا
ئەمانەت کردە پیتەکانی کتێبێکی
پیرۆزی نەنووسراوەی تێکۆشانت
خەڵکت فێرکرد
سەربەرز بژین
خەڵکت فێرکرد
بۆ سەربەستی خۆبەخت کەن
ئەی ئامە ڕەش
ئەی مرۆڤی ڕاستگۆ و یەک ڕوو
ئەی چاوتێری خاوێن و دڵپاک
ئەی سەربەرز
ئەی سەربەست
ئەی ئامە ڕەشی دایەن
ئەی مامۆستای نەخوێنەوار
ئەی تێکۆشەر
هیچ کەمتر نیت
لە ڕاهیبەیەکی دەربەردەر
هیچ کەمتر نیت
لەو کەسانەی کە وەکو پێغەمبەر
نامەی خۆیان
بەمرۆڤی کلۆڵ و دڕەندە ئەگەیاند
ئەی ئامە

ئەی دایەن

پێغەمبەران نامەی خوایان پێ بوو بۆ ژیان

تۆیش نامەی مرۆڤت پێ بوو بۆ یەزدان

ئەی مامۆستای نەخوێندەوار

دایکی هەژار

شەو و ڕۆژت سۆز و بزەت

هێز و توانات

خەم و خۆشیت، پرسە و شادیت

هی خۆت نەبوو

موڵکی هەموو هەژاران بوو

هەر برسییەک

هەر بێ چارە و کوێرەوەر و ئاوارەیەک

گەر بە ئاستەم نووزەییێکی لە دەم هاتبا

هەرکەسێ با

هەژار، برسی... دەوڵەمەند، تێر

تاکو ئاغا و دەرەبەگیش

ئەو نووزەیە

لە دەروونی تۆدا جێگیر ئەبوو

ئەی مامۆستای نەخوێندەوار

***

دەستەکانت

ئای پیرۆز بوون

دەستەکانت خوێناوی بوون!!



دەستەکانت قوڕاوی بوون!!

زۆر جار خوێنی منداڵدانی ئافرەتێ... بێوە ژنێ

کچۆڵەیەکی خەڵەتاو

دەبووە خەنە و بزەی شادی دەخستە

سەر لێوانتەوە

ئا ئەو خوێنەی بووە خەنە

مەرگی کەسێ... دووان... سیان... بگرە زۆرتریشی

پێ دەپاراست

خەنەی خوێنی دەستت

ئابڕو و نهێنی بوو

بەڵێ ئەی مامۆستای نەخوێندەوار

ئابڕو و نهێنی بوو

دەستەکانت خوێناوی بوون

دەستەکانت قوڕاوی بوون بەشەو...

نەخێر ئەم دێڕانەش بێ سوودن و ئەوەندەی تر برینم ئەکولێننەوە، چیت بۆ بنووسم... ئامە گەورەتری لە نووسین.

پێش ئەوەی ئەم چەند دێڕەش وەکو وێنەکەی ئامە پارچە پارچە بکەم، زوو ڕووم لە شوشەی حەبی تریپ تیزۆل کرد ئەگەر شەوانی بەر لە ئەمشەو حەب و نیوێکم قوت دەدا ئەوا با ئەمشەو دوو حەب ئامادە بکەم بە ئەسپایی وردە وردە ئەو چەند دێڕەیشم دڕاند و پارچە کاغەزەکانم فڕێ دایە سەر پارچە وێنەکەی ئامە و گڵۆپەکانم کوژاندەوە و بەرەو جیهانی خەون چاوەکانم لە یەک نا بەڵکو سنگە ڕەشەکەی ئامە وەک چۆن لە مناڵیمدا فرمێسکەکانی هەڵدەمژی ئەمجارە خەم و پەژارەییم هەڵمژێ و دەستە زبرەکانی بە میهرەوە بهێنێتەوە بەسەرما...

١٩٧٩ - ١٩٨٠